# پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی

# لە ڕێکخراوەکانی کورددا

**نووسینی**
**مالمیسانژ**

**لە تورکییەوە وەرگێڕانی**
**زریان ڕۆژهەڵاتی**

**پێداچوونەوەی**
**سدیق ساڵح**

**بنکەی ژین**
**سلێمانی** 2007

920,5
ب 973 بتلیسی، کەمال فەوزی
مالمیسانژ/ پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوەکانی کورددا. وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەلاتی.- سلێمانی: بنکەی ژین، 2007.
235ل: 14,5×21 سم، پاشکۆ.
1-بتلیسی، کەمال فەوزی- ژیاننامە 2- ناونیشان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

## سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: 73
ناوی کتێب: پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوەکانی کورددا
دانەر: مالمیسانژ
وەرگێڕ: زریان ڕۆژهەلاتی
تایپ: سیروان خەلیل
مۆنتاج: لاس
ڕووبەرگ: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: 1000
نرخ: 3000 دینار
ژمارەی سپاردن: 935ی ساڵی 2007
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە: Malmisanij, Bitlisi Kemal Fevzi ve kurt orgutleri icindeki yeri, Birici Baski, Stokholm, Ocak 1993.

لە بڵاوکراوەکانی
بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی 105، کۆڵانی 5، خانووی 23
تۆرماڵ: 3129102 ئاسیا: 07701565864 یا 07701464833 سانا: 1128309
E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com سنووقی پۆست: 14

# ناوەڕۆك

پێشەکی ...

1) **منداڵیو گەنجێتیەکەی کەمال فەوزی**

- **جەمعییەتی موحیبانی کوردستانو کەمال فەوزی**
- **کەمال فەوزی لە جەمعییەتی تەلەبەی (خوێندکار)ی هێڤیدا**

2) **کتێبەکانی کەمال فەوزی**

3) **کەمال فەوزی لەدوای یەکەم جەنگی جیهانی**

4) **کارو چالاکیەکانی کەمال فەوزی لە "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"دا**

- **لە گۆڤاری "ژین"دا ...**
- **لاو ڕەشید یاخود ڕەشیدی لاو؟**
- **لە گۆڤاری "کوردستان"دا ...**
- **هەڵوێستی کەمال فەوزی بەرامبەر بە دووکەرتبوونی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"**
- **لە "جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد"دا.**
- **لە ڕۆژنامەی "ژین"دا.**
- **لە "فیرقەی میللەتی کورد"دا...**
- **لە "فیرقەی دیموکراتی کورد"دا**
- **پەیوەندیی کەمال فەوزی لەگەڵ "جەمعییەتی ئیستیقلالی کورد"دا.**

5) **موحاکەمەکردنی کەمال فەوزی بەهۆی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانەوە**

- **کاتێك ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دەستی پێکرد**
- **موحاکەمەکردنی کەمال فەوزی**
- **ناشیت حەقی (ئوڵوغ) کێیە؟**
- **کەمال فەوزی موحاکەمە کرا**

9
11
17
18
22
53
58
59
61
63
65
65
66
67
67
68
72
72
75
77
79
80
81
84
85
85
93

– ئیددیعانامه (داوانامەی داواکاری دادگا)و بڕیارەکان

– نووسینەکەی جەعفەر تەیار پاشا فەرماندەی لقی حەوتەمی سوپا

– نووسینەکەی والیی شەوقی

– نووسینەکەی سولەیمان سەبری بەگ.

– نووسینەکەی موشیر فەوزی (چاکماك) پاشا

– کێشەی ماندات (ئینتیداب)

– داکۆکیلەخۆکردن

– دواین داکۆکیلەخۆکردن

– مەحکەمەکانی ئیستیقلال‌و بارودۆخی دڵتەزێنی ڕاگەیاندنی تورکیا

– ئەو کەسانەی کە هەر لەو مانگەدا بە تاوانی کۆمۆنیست بوون سزا دران

– ئەوانەی وا کەمال فەوزی‌یان موحاکەمە کرد

**6) دواین قسەکانی لەکاتی لەسێدارەداندا**

– بڕیاری لەسێدارەدان

– لەسێدارەدانەکەی

– دواین وتەکانی کەمال فەوزی

**7) بابەت‌و نووسراوەکانی کەمال فەوزی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا**

أ– بابەتێك لە گۆڤاری "کوردستان"دا

ب– نووسینێك لە ڕۆژنامەی "ژین"دا

ت– بابەت‌و شیعرەکانی لە گۆڤاری "ژین"دا

• **پاشکۆکان**

1– سێ شیعری سەیید عەبدولقادر

2– هەندێك لە ئیفادەکانی دادگاکانی ئیستیقلالی شەرق

3– زمانی خەڵکی ماردین کوردییە یان عەرەبی؟

• ئەو سەرچاوانەی وا سوودیان لێ‌وەرگیراوە

106
113
120
130
133
138
139
143
146
147
147
150
154
193
195
203
215
219

دلــۆ بێــژە کـەمال فەوزی تو کانی؟
تو دلخوەش بە ب وان ڕۆژێن جوانی
دزانـــم کـو دویێ وەخـتێ تــو ڕابی
وەلاتـــێ مــە ژ خوینڕێژان جدا کی

(جگەرخوین)

## پێشەکی

کەمال فەوزی، تا بەر لە ساڵی 1925، یەکێك بووە لەو کەسایەتیە ناودارو ڕۆشنبیرانەی کورد کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە بزاڤی نیشتمانیی کورددا، هەر لەبەر ئەوەش شایستەی ئەوەیە ژیان‌و ڕەهەندی جیاجیای بۆچوونەکانی بۆ هەموان ئاشکرا بکرێن‌و بزانرێن.

هەبوونی زانیاری دەربارەی ژیان‌و بۆچوونەکانی کەمال فەوزی لەلایەن نەوەی نوێ‌و وەچەکانی داهاتووی کۆمەڵگای کوردەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك لە لایەنە نادیارەکانی پرۆسەی هۆشیاریی نەتەوەییی ئەو سەردەمەشیان بۆ ڕوون ببێتەوە. بێگومان ئەرکی ناساندنی کەسایەتیەکانی ناو جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد لەو سەردەمەدا بە نەوەی نوێی کۆمەڵگای کوردو دیاریکردنی لایەنە خراپ‌و باشەکانی کەسایەتیەکانیان‌و بیرهێنانەوەیان بەشێوەیەکی ڕێزدارانە، ئەرکی سەرشانی ئێمەمانانە، چونکە کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگ لە مێژوەکەماندا هەیە هەندێك لایەن دەیانەوێ بیانشارنەوەو دایانپۆشن. پێویستە پەردە لەسەر ئەو ڕاستیانە هەڵبگیرێ‌و ئاشکرا بکرێن. پێویستە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەشماندا، بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕووداوەکان شی بکەینەوەو ئەوەمان لەبیر نەچێ کە چەندە بابەتیانە ئەو ڕووداوانە ڕوون بکەینەوە، بە هەمان ئەندازە ئەو ڕووداوانە دەکەینە باسێکی هەمیشەیی.

سەرەڕای کەمبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کەمال فەوزی، هەوڵی ئەوەم داوە بە گوێرەی توانای

خۆم ئەو کەسایەتیە بناسێنم. باوەڕیشم بەوە هەیە کە بەیانی دووبەیانی بەڵگەی زیاتر دەربارەی ژیانی کەمال فەوزی ئاشکرا دەکرێ‌و شتی باشتریش لەو ڕووەوە دەنووسرێ.

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوودم لێوەرگرتوون، دوو کتێبی خودی کەمال فەوزی‌و هەندێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "وقت"(Vakit)ن کە لە مانگەکانی (نیسان، مایس، حوزەیران)دا بڵاو کراونەتەوەو هەمووشیان بە پیتی عەرەبی (تورکی) نووسراون.

ئەو کتێبەم بە پیتی لاتینی داناوەو بە پارستنی واتاکانیان هەندێك لە هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامەی "وەقت"م بە شێوەیەکی سادەو ڕەوانتر نووسیوە. تا ئەو جێگایەی ئاگادار بم، جگە لە هەندێك ڕوونکردنەوە لە چەند کتێب‌و گۆڤاردا، تائێستا بەشێوەیەکی تایبەت هیچ شتێك دەربارەی کەمال فەوزی نەنووسراوە.

کەمال فەوزی، یەکێکە لە سەرکردە ناودارەکانی جووڵانەوەی مودێرنی نیشتمانیی کوردو ساڵی 1925 لە شاری دیاربەکر لەسێدارە دراوە، پێویستە لەلایەن نەوەو وەچەی نوێی کۆمەڵگای کوردەوە بناسرێ‌و فەراموش نەکرێ. هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە هۆی ئەوەی کە کەمال فەوزی بەشێوەیەکی باشتر بناسرێ.

مانگی 12/ 1992

مالمیسانژ

## 1. منداڵی و گەنجێتیەکەی

گومان لەوەدا نییە کە قۆناغی منداڵی و کۆمەڵگاو شوێنی ژیانی هەر کەسایەتییەك لەو قۆناغەدا، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ژیان و چۆنیەتی شێوەگرتنی کەسایەتیی هەر تاکێکدا هەیە. ئەم کتێبە کە سەبارەت بە ژیان و بۆچوونەکانی کەمال فەوزی ئامادە کراوە، کەموکوڕییەکی گرنگی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە زانیاریی زۆری دەربارەی منداڵیی کەمال فەوزی لەناودا نییە.

کەمال فەوزی لە بنەماڵەیەکی ڕێزدارو بەناوبانگی قەزای هیزان لە بتلیس لەدایك بووە[1]. خۆی لەخۆیدا بە "کەمال فەوزیی هیزانزادە" دەناسرێ و بۆ خۆیشی لەژێر هەندێك لە نووسینەکانیدا ئەو ناوەی داناوە (خزمە نزیکەکانی کەمال فەوزی، دوای دەرکەوتنی یاسای پاشناو لە تورکیا، پاشناوی "هیزان"یان گۆڕیوە). وەکوو ئەوەی کە بۆ خۆیشی ساڵی 1925 لە مەحکەمەی ئیستیقلالدا باسی کردووە، ناوەکەی لە (گەڕەکی تاش)ی شاری بتلیس تۆمار کراوەو ناوی باوکیشی ڕەشیدە.

کەمال فەوزی ساڵی 1307 لەدایك بووە[2]، کە بەرامبەر بە 1891–1892ی زاینە. لەلایەکی دیکەشەوە، ناجی قوتلای بە پشتبەستن بە زانیاریەکانی م. وەیسی هیزاڵ، باسی ئەوەی کردووە کە کەمال فەوزی ساڵی

[1] زناز سلۆپی، دۆزا کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی ستەور، بەیرووت (؟)، 1969، ل98–99.
[2] ڕۆژنامەی "وقت"، 12ی مایسی1925، ل2.

1884 یاخود 1883 لەدایك بووە[3]، [4]. باوكی كەمال فەوزی ماوەیەكی درێژ داواكاری گشتی بوو لە دادگا[5]. بەڵام هیچ زانیارییەك دەربارەی دایكی كە ناوی "حوسنییە" بووە، لەبەر دەستدا نییە[6].

بەداخەوە زانیارییەكی ئەوتۆشمان لەبەردەستدا نییە دەربارەی ساڵانی سەرەتای منداڵێتی و خوێندنی كەمال فەوزی، ئەوەش لایەنێكی كەمی بابەتەكەیە. كوردیێ بتلیسی "خەلیل خەیاڵی"[7] لە بابەتێكدا بەناوی (دانیشتوانی كوردستان توركن؟)ـەوە كە لە ژمارەی شەشی گۆڤاری "ژین"دا بڵاو كراوەتەوە، باسی ئەوەی كردووە كە حوسێن فەوزی ئەفەندیی باپیری كەمال فەوزی یەكەم قوتابخانەی تایبەتی بۆ فێركردنی زمانی توركی لە شاری بتلیس داناوە. لەمەشەوە، ئەوە دەردەكەوێ كە بنەماڵەكەی كەمال فەوزی لەو سەردەمەدا بنەماڵەیەكی ناودارو گەورە بووە لە شاری بتلیس.

كەمال فەوزی خوشكێك و دوو برای هەبوەو بۆ خۆیشی ژیانی هاوسەریی پێك نەهێنابوو[8]. هەندێك لە شیعرەكانی كەمال فەوزی، ئەگەر كەمیش بێ، چەند زانیارییەك سەبارەت بە ژیانی منداڵیی خۆی دەخاتە ڕوو.

---

[3] ناجی قوتڵای، ئیتیحادو تەرەقی و كوردەكان، چاپی سێیەم، دەزگای بڵاوكردنەوەی بەیبوون، ئەنقەرە، 1992، ل289.

[4] لە بەڵگەكانی ساڵی 1973ی شاری بتلیسدا باسی ئەوە دەكرێ كە كەمال فەوزی لە ساڵی 1884 لەدایك بووە– (ساڵنامەی شاری بتلیس 1973، ئەنقەرە، 1973، ل166).

[5] ناجی قوتڵای، سەرچاوەی پێشوو، ل289.

[6] ئەم ناوە لە كتێبەكەی ناجی قوتڵایدا بە هەڵە وەكوو نوسنییە نووسراوە، بڕوانە: ناجی قوتڵای، سەرچاوەی پێشوو، ل289.

[7] مالمیسانژ، سەعیدی نوورسی و كێشەی كورد، چاپ و پەخشی دۆز، ئەستەنبوڵ، 1991، ل113–97.

[8] ناجی قوتڵای، سەرچاوەی پێشوو، ل289.

یەکێك لەو شیعرانە، شیعرێکە ساڵی1330 (1914-1915) نووسیویەتی، لێرەدا وەك نموونە دەیهێنمەوە؛

**بۆ دایکم**

ئەی ژنە پڕ مەینەتە جگەر سووتاوەکە،
ئەی ئەوەی وا بە دەردی جودایی‌یەوە دەناڵێنی
ماوەیەکی درێژە لەبەر دەردی هیجران پەکت کەوتووەو دەناڵێنی
ئازارو مەینەتەکانت لەبیر بەرەوەو
دڵی خۆت تەنگ مەکەو نیگەران مەبە!
ئەو تەمەنەی کە بەبێ تۆ تێپەڕم کردووە،
ئازارێکی زۆری داومو وەك ستەمێکی
فەرامۆش‌نەکراوی لێ هاتووە!
تا ئەوکاتەی پێ‌دەکەنم، وێنەکەم دەبێتە گوڵێك بۆ تۆ،
ئیدی فرمێسك مەڕێژە
کاتێ بیری من دەکەیتەوە، با ئەژنۆت نەشکێتەوەو
خۆت مەخە سەر زەوی
سەر دامەنەوێنە بۆ هەر خەمو ئازارێك، حەیفە ماتەمین مەبە
ئەی دایکە پڕ ئازارە، بێوەژنە هەتیوەکەم!
1330 (1914-1915)

وەك لە شیعرەکەدا دیار دەبێ، کەمال فەوزی بە ئازاری دووری‌و غەریبییەوە ویستوویەتی هەستەکانی خۆی بەرامبەر بە دایکی دەرببڕێ؛ ئەوەش دیار دەبێ کە باوکی لەوساڵەدا نەماوەو دایکی شووی نەکردوەتەوە.

له شیعرێکی دیکەدا کە ساڵی 1912 لە شاری سەلانیك نووسیویەتی، باسی دەورانی منداڵیی خۆی کردووەو لە شوێنێکی دوور لە وڵاتی خۆیدا ئەو ڕۆژانەی بەیاد هێناوەتەوە. بەشێك لە شیعرەکەی بەمجۆرەیە:

**ڕۆژانی منداڵی**

ساڵە شێتەکان بە بای ژەهراوییەوە
گەنجێکی ئاوارەیان گەورە کرد کە بە دەردی دوورییەوە دەناڵێنێ
هەموو ڕۆژێك بە دوای تراویلکەی ئومێدێکی بێزماندا دەگەڕێم
هەموو ڕۆژێك پارچەیەك لە ژیانم کەم بوەوە
تەمەنی سیانزە ساڵیم وەکوو ڕووناکیی بەرەبەیان خەندانە
تەمەنی سیانزە ساڵیم وەکوو ئەستێرەی گەلاوێژ خۆشحاڵە
بەڵام لەدوای دە ساڵ ماتەم دایگرتووەو زوڵمی لێکراوە
ئێستا بیر لە دە ساڵ بەر لە ئێستا دەکەمەوە
ماڵێك پڕبوو لە خۆشیو شادیو هیوای نوێی لێ کەم نەدەبوەوە
دایکمو باوکمو منیش دەبووین بە چرایەك بۆ ئایندە
لە شەوێکی پڕ لە ئەستێرەدا کە ئاسمان پێدەکەنێ
لە باوەشی دایکمدا سەیری نهێنیەکانی ئەو ڕووناکیانەم دەکرد
دایکم گوتی: ڕۆڵە، کوڕم، زووبە
بەرەو ئایندەکان بڕۆ،
ڕاکەو ببە بە ئەستێرەیەکی درەخشان بۆ نەتەوەکەت
چیایەکی پڕ لە بەفر، دۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو
پاشماوەی وشکبوونی دارەکان (متك) گوڵەکانیان حەشار دابوو
تەمەنی گەنجیم بەهۆی تەمومژی جۆراوجۆرەوە سیس بوو
ئەوەش ناڵەی دڵە پڕ ئازارەکەم زیاتر دەکات

هێشتا خەیاڵی ئاسوودەی ئەو شوێنە خۆشانە
کاکێشانی ئارەزوەکانی ناو زەینم، کە وەك گوڵێك سیس بووە،
فراوانتر دەکات
چونکە ئەمڕۆ هەموو ڕۆژو شەوەکانی تەمەنە خراپەکەم
بە ناڵەناڵێکی بەسۆزەوە کەوتوونەتە گریان
ئەی ئەو ڕۆژانەی کە مایەی خۆشحاڵی و هیوای بوونی منن
داخۆ کام ئارەزووم لە داهاتوودا دێتە دیو داهاتووم چۆن دەبێ؟
من دەگریم و دڵە ناخۆشەکەشم شیوەن دەکات"
وەرە بڵێ بزانم کێ لەو چیایانەدا دەتوانێ ئاسوودە بێ؟!

لەم شیعرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کەمال فەوزی تا تەمەنی سیانزە ساڵی لە کوردستان لەگەڵ باوك و دایکیدا ژیاوەو لە وڵاتێکی دیکە هەستەکانی خۆی دەربارەی کوردستان و شوێنی لەدایکبوونی دەربڕیوە. کەمال فەوزی لێرەدا لەوە دوواوە کە باوك و دایکی وەکوو چرایەکی ڕووناکیبەخش بۆ ئاینده تێیان ڕوانیوەو دایکیشی داوای لێ کردووە ببێتە ڕێپیشاندەرێك بۆ خەڵکی نەتەوەکەی. دوای ئەوەی تابلۆیەکی شوێنی لەدایکبوونی، یانی بتلیس، لە شیعرەکەیدا پیشان داوە، ئەوەشی خستوەتە ڕوو کە هێشتا خەیاڵی ئەو شوێنە ئاسوودەیە ئارەزوەکانی دەڕازێنێتەوە. دواتریش پرسیویە: داهاتوەکەی چۆن دەبێ؟ کام ئارەزووی دێتە دی؟

ئەگەر وا دابنرێ کەمال فەوزی ماوەی دە ساڵ بەر لە نووسینی ئەو شیعرە کە ساڵی 1912یە، لە شاری بتلیس بووە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کەمال فەوزی ساڵی 1902 لە شاری بتلیس بووە. ڕێیشی تێدەچێ هەر ئەوساڵە بەهۆی خوێندنەوە لەوێ دوور کەوتبێتەوە. ئەوەش دەزانرێ کە لە قوتابخانە

عەسـەکەریەکانی پانگـاڵتیو مەکتـەبی حەربییـەی ئەسـتەنبووڵ دەرسـی خوێندووە. لەخوار هەندێك لە شیعرەکانیدا کە دواتر باسیان دەکەین، ناوی پانگاڵتی، مەکتەبی حەربییە نووسراوە. وەك خۆی ئاماژەی پێکردووە، ئەو شـــیعرانە ســـاڵانی 1326 (1910-1911)، 1327 (1911-1912) نووسـراون. بەوپێیـە کـە سـاڵی 1912 وەك ئەفسەری عوسمـانی بەشـداریی شـەڕەکانی باڵقـانی کـردووە، پێدەچـێ تـا ئەوسـاڵە لـە مەکتـەبی حەربییـە دەرسی خوێندبێ.

نـاجی قـوتڵای لەوبارەیـەوە زانیارییـەکی درکانـدووە کـە بـە شـێوەیەکی زارەکـی پێیـان گوتـووە: ((کـەمال فـەوزی پـاش تـەواوکردنی مەکتـەبی حەربییەی ئەرزنجان، بوو بە ئەفسەرو بەشداریی لـە شـەڕەکانی باڵقانـدا کـرد، هـەر لـەو شەڕەشـدا قاچـی برینـدار بـوو و سـەقەت کـەوت، لەبـەر ئـەوەش خانەنـشین کـرا))[9]. بەشێك لـە زانیاریـەکانی نـاجی قـوتڵای دەربـارەی کـەمال فـەوزی ڕاسـتن، بـەڵام بـۆ ئـەوە دەچـم ئـەو زانیارییـەی وا دەڵـێ لـە مەکتـەبی حەربییـەی ئـەرزنجان بووبێتـە ئەفسەر هەڵـە بـێ، چونکە بـەپێی شـیعرەکانی کـەمال فـەوزی خـۆی ئـەوە دەردەکـەوێ کـە لانـی کـەم دوای سـاڵی 1326 (1910-1911) لـە مەکتـەبی حەربییـەی ئەسـتەنبووڵ دەرسـی خوێنـدووە. لێرەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە پێشتر لە مەکتەبی حەربییەی ئەرزنجان دەرسی خوێنـدبێ، دواتـر هاتبێتـە ئەسـتەنبووڵو لـەوێ دەرسـەکەی درێـژە پێدابـێ. جێـی وەبـیر هێنانەوەیـە کـە کـەمال فـەوزی لـەخوار هـەموو شـیعرەکانیەوە شوێنی نووسینی ئەو شیعرانەی نووسیوە، بەڵام لەو دوو کتێبە شیعرەدا کە من خوێندوومەتەوە، تەنیا یەك جاریش ناوی ئەرزنجان نەنووسراوە.

---

[9] ناجی قوتڵای، سەرچاوەی پێشوو، ل892.

دیاره ئەوەش دەزانرێ کە ئەو کاتانەی وا لە مەکتەبی حەربییەی ئەستەنبووڵ دەرسی خوێندووە، لەگەڵ ژمارەیەك خوێندکارو ڕۆشنبیری کورددا چەند ڕێکخراوێکیان دامەزراندووە کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- لە 1908/9/19دا "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد" دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە ڕۆژنامەیەکیشی بەناوی "ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد"ەوە دەردەکرد.

2- ساڵی 1910 "جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد" دامەزرا.

3- ساڵی 1912 "جەمعییەتی موحیبانی کوردستان" دامەزرا. هەندێك سەرچاوە دەڵێن ئەو کۆمەڵەیە ساڵی 1911 دامەزراوە[10]، هەروەها باسی ئەوەش دەکرێ کە ناوی ڕێکخراوەکە جەمعییەتی موحیبانی کوردستان بووە[11].

4- لە 1912/7/27 دا "هێڤی تەلەبە جەمعییەتی" دامەزرا.

### * جەمعییەتی موحیبانی کوردستان و کەمال فەوزی

گارۆ ساسونی پێی وایە کەمال فەوزی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە بووە کە بە ناوی ڕێکخراوی دۆستایەتیی کوردەوە باسی کردووە[12]، بەڵام دیار نییە

---

[10] عیسمەت پارماکسز ئوغڵوو، کوردە تورکەکان و تورکمانەکان لە مێژوودا، بڵاوکراوەکانی ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی کەلتووری تورك، ئەنقەرە 1983، ل72.

[11] عبدالرحمن علاءالدین النقشبندي، خطوط عریضة عن حیاة المرحوم الدکتور محمد نوري الدرسیمي، "کاروان"، هەولێر، ژمارە 37، ساڵی چوارەم- تشرینی یەکەمی 1985، ل120-122.

[12] گارۆ ساسونی، جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کوردو پەیوەندیی کوردو ئەرمەن لە سەدەی 15ەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ، وەرگێڕەکان" بەدرۆس زارتاریان و مەمۆ یەتکین، دەزگای چاپ و پەخشی ئۆرفەئوس، ستهۆکۆڵم، 1986، ل75.

مەبەستی لەو ڕێکخراوە کام ڕێکخراوی کوردییە. ئەگەر مەبەستیشی جەمعییەتی موحیبانی کوردستان بێ، تا ئەو جێگایەی کە باسی کردووەو م. نووری دێرسیمی لێی دوواوە، ئەو ڕێکخراوە لەلایەن مەلا خدری دێرسیمی[13] و میرئالآی خەلیل بەگی دێرسیمییەوە دامەزراوە[14]. لەو بارەیەشەوە وەك بەڕێوەبەرێك یاخود یەكێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی ئەو ڕێکخراوە باسی کەمال فەوزیی نەکردووە.

## * جەمعییەتی هێڤیی قوتابیانی کوردو کەمال فەوزی

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە زنار سلۆپی هێناونیەتەوە، کەمال فەوزیو براکەی کە ناوی زیا وەهبی بووە[15]، وەك خوێندکارانی کوردی دیکە ئەندامی جەمعییەتی هێڤیی قوتابیان بوون[16]. زنار سلۆپی لەوبارەیەوە وەهای نووسیوە:

---

[13] د.م. نووری دێرسیمی، دێرسیم لە مێژووی کوردستاندا، چاپخانەی ئانی، حەڵەب، 1925، ل28.

[14] د.م نووری دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، دەزگای چاپو بەخشی ڕۆژانوو، ستۆکهۆڵم 1986، ل28.

[15] زیا وەهبی برا بچووکی کەمال فەوزی بووەو مەکتەبی بەرزی تبییە (پزیشکی)ی لە ئەستەنبووڵ تەواو کردووەو لە نەخۆشخانەی دەوڵەتی گوموشخانە کاری پزیشکیی کردووە. شارەزایان باسی ئەوە دەکەن کە دوای لەسێدارەدانی براکەی، عەقڵی خۆی لەدەست داوەو شێت بووە (ناجی قوتلای، سەرچاوەی پێشوو، ل289).

لە لایەکی ترەوە، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە "وەیسی هیزاڵ"ی برازای هێناونیەوە، زیا لەساڵی 1968 یان 1969دا کۆچی دوایی کردووە. بەگوێرەی ئەو شتانەش کە زنار سلۆپی باسی کردوون، زیا ساڵی 1912 بەشداریی لە کۆبوونەوەکانی جەمعییەتی هێڤیی قوتابیاندا کردووە لە ئەستەنبووڵ (زنارسلۆپی، سەرچاوەی پێشوو، ل36–37).

[16] زنارسلۆپی، س. پ، ل28.

((شوکری محەمەد بەگ، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی جەمعییەتی هێڤیی قوتابیانەوە، خوێندکارەکانی هان دابوو بۆ ئەوەی خانوویەکی گەورە لە شازادەباشی بەکرێ بگرن، تا کۆبوونەوەکانیانی تێدا ئەنجام بدەن. لە کۆنگرەیەکیشدا کە ساڵی 1913 لەو شوێنە بەڕێوە چوو، کەسانی وەك فەوزی بەگی پیرنجچیزادە (نوێنەری دیاربەکر لە ئەنجومەنی نوێنەران)، پیرنجیزادە زولفۆ بەگ محەمەد بەگ (نوێنەری شاری گەنج)، خەلیل بەگی بەدرخانی، د. شوکری محەمەد بەگ ئامادە بوون. مەمدووح سەلیم بەگ وەکوو کاتیبی عموومیی هێڤی تەلەبە جەمعییەتی لە وتارێکدا لەو کۆنگرەیەدا ڕەخنەی لەوە گرتبوو کە بۆچی سەرکردەو پیاوە گەورەکانی کورد زۆر گرنگی بە کێشە نەتەوەییەکان نادەن. کەمال فەوزی بەگیش لە وتارێکی دووروودرێژدا ڕەخنەی توندی لە پیاوە گەورەکانی کورد گرتووەو پشتگیریی لە قسەکانی مەمدووح سەلیم بەگ کردووە. زیا وەهبی بەگیش هەر لەو کۆنگرەیەدا (مەمو زین)ەکەی "ئەحمەدی خانی"ی خوێندوەتەوە کە پەسنی کوردانی داوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا، فەوزی بەگ لە وتارێکدا ڕەخنەکانی مەمدووح سەلیم بەگی ڕەت کردوەتەوەو وتوویەتی پێویستە گەنجەکان خۆ لە کاری گەورەپیاوان هەڵنەقورتێنن و بە دەرسەکانی خۆیانەوە خەریك بن. هەروەها وتوویە: قەسیدەی مەمو زینەکەی ئەحمەدی خانی کە لەلایەن زیا وەهبییەوە خوێنراوەتەوە، واتای بانگکردنی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی دەگەیەنێ))[17].

هێڤی تەڵەبە جەمعییەتی ساڵی 1913 گۆڤاری "ڕۆژی کورد"و "یەکبوون"و لە ساڵی 1913-1914 دا گۆڤاری "هەتاوی کورد"ی

---

[17] زنار سلۆپی، هـ. س. پ، ل36-37.

**دەرکـردووە. زنـار سـلۆپی لـە ڕوونکردنەوەیەکـدا دەربـارەی "ڕۆژی کـورد"، باسـی کـەمال فەوزیـشی کـردووە، ((هێڤـی هەسـتە نەتەوەییـەکانی کـوردی زینـدوو دەکـردەوەو داوای ئـەوەی دەکـرد کـە کـار بـۆ پەرەپێـدانی کـەلتووری کورد بکرێ. ساڵی 1913 گۆڤاری "ڕۆژی کورد"ی دەرکرد کە عەبدولکەریم بەگی سلێمانیەیی بەرێوەبەری بەرپرسی بوو. ئەو گۆڤارە ناوەکەشی کوردی بـوو و بەشـی کـوردیو بەشـی تورکیـشی هـەبوو. کەسـانی وەك ئیـسماعیل حـەقی بـەگ (پرۆفیـسۆری دارولفنـوونی حقـووقی ئەساسـییە)و د. عەبـدوڵڵا جـەودەت بـەگی خـاوەنی ئیمتیـازی گۆڤـاری "ئیجتیهـاد"، مەمـدووح سـەلیم بـەگی وانلـی، مەصـڵووبی بتلیـسی (لەسـێدارەدراوی بتلیـسی) یووسـف زیـا بەگ، مەصڵووب (لەسێدارەدراو) کەمال فەوزی بەگو چەندین گەنجی دیکە لەو بەشەدا بابەتیان دەنووسی))[18].**

**((کەمال فەوزی یەکێك لەو گەنجە وڵاتپارێزو خوێن گەرمانە بوو کە نەتـەوەی کـورد بـە دەگمـەن پێیـان دەگەیـەنێ. خـەڵکی هیزانـەو لـە شـاری بتلـیس لـە بنەماڵەیـەکی نـاوداردا لـەدایكو گـەورە بـووە. مەکتـەبی حەربییـەی تـەواو کردووەو بۆتـە ئەفسەر (زابت). کەسێکی خـاوەن قەڵـەم بـوو، لـە گۆڤارەکـانی "ژیـــن"و "ڕۆژی کـــورد"دا بـــە بابەتـــە گـــەرموگوڕەکانی خۆیـــەوە دەبـــوە نیشاندەری هەستو ئارەزوە نەتەوەییەکانی کورد))[19]. ئەم ڕوونکردنەوەیە لە کتێبی (حەرەکەتی خەڵکی قۆچگیری)شدا هەیە؛**

**((لە بەشی تورکیی گۆڤاری "ڕۆژی کورد"دا کەسانی وەك ئیسماعیل حەقی بەگ (پرۆفیسۆری دارولفنوونی حقووقی ئەساسییە)و د. عەبدوڵڵا جەودەت**

---

[18] زنارسلۆپی، هـ. س. پ، ل34.

[19] زنار سلۆپی، هـ. س. پ، ل99.

بەگی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "ئیجتیهاد"و مەمدووح سەلیم بەگی وانلی‌و یووسف زیا بەگ‌و کەمال فەوزی...))[20].

بەڵام لە سێ ژمارەی یەکەمی "ڕۆژی کورد"دا چاوم بە ناوی کەمال فەوزی نەکەوتووە. لەو سێ ژمارەیەدا کە من سەیرم کردوون، لەو کەسانەی کە زنار سلۆپی باسی کردوون، تەنیا ناوی سولەیمانیەلی عەبدولکەریم (ژمارە: 1، 2، 3) بابان زادە ئیسماعیل حەقی (ژمارە: 2، 3)و عەبدوڵڵا جەودەت (ژمارە: 1، 2) هەیە. جێی وەبیرهێنانەوەشە کە تەنیا 4 ژمارە لەو گۆڤارە دەرچووە. م. شوکری هانی ئوغڵوو پێی‌وایە بابەتێك بەناوی "نارەزاییەیە توندە ئەتنییەکان"ـەوە کە کەسێك بەناوی کورتکراوی (H. K ه. ك)ـەوە لە ژمارەی سێیەمی گۆڤاری "هەتاوی کورد"دا 29ی کانوونی یەکەمی 329 (1914/11/1) بڵاو کراوەتەوە، هی [(H) هیزان زادە (K)کەمال] یاخود کەمال فەوزییە[21].

بەڵام دوای لێکۆڵینەوە لە کتێب‌و شیعرەکانی کەمال فەوزی، زەحمەتە بڵێین کەمال فەوزی ئەو ساڵانە لە ڕێکخراوێکی کوردیدا کاری کردووە، یاخود وتاری لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو کردوەتەوە، تەنانەت ئەستەمە بگوترێ ئەو سەردەمە هۆشیارییەکی نەتەوەییشی هەبوە، چونکە ئەوساڵانەو بگرە ساڵەکانی دوای ئەوەش خاوەن بیرو بۆچوونێکی زۆر جیاوازتر بووەو لە شیعرو کتێبەکانی ئەو سەردەمەیدا تەنیا یەکجاریش باسی کورد یاخود کوردستانی نەکردووە. بەڕای من، کەمال فەوزی دوای یەکەم جەنگی جیهانی‌و دوای شەڕی مۆندرۆس (موتارەکە)، یانی لە دوای

[20] ڕەنگە ئەم زانیارییە لە زنار سلۆپی وەرگیرابێ، بڕوانە: جووڵانەوەی خەڵکی قۆچگیری، چاپ‌و پەخشی کۆماڵ، ئەنقەرە، 1976، ل34.

[21] د. م. شوکری هانی ئوغڵوو، قۆناغی عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی، بڵاوکردنەوەی ئوچداڵ، ئەستەنبووڵ، 1981، ل318.

ساڵی 1918ەوە، کەسایەتییەکی سیاسیی پەیدا کردووەو بەشێوەیەکی چالاك لە ڕێکخراوە کوردیەکاندا جێگای گرتووەو لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا بابەتی نووسیوە. دیارە تا کاتی یەکەم جەنگی جیهانی لە تەمەنی منداڵییەوە ڕۆیشتوەتە ناو مەکتەبەکانی حەربییەو لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی عوسمانیچێتی و تورکایەتی- ئیسلامیی ئیدارەی ئیتیحادو تەرەقیدا بووە. بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونەکان و زانینی وردەکاریەکانی تەمەنی گەنجێتیی کەمال فەوزی، لێکۆڵینەوە لە دوو کتێبەکەی ئەو کەسایەتیە سیاسییەی کورد سوودێکی زۆری هەیە.

## 2. کتێبەکانی کەمال فەوزی

مەمدووح سەلیم و زنار سلۆپی تەئکید دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە کەمال فەوزی خاوەنی قەڵەمێکی بەهێزو توانا بووەو لەو ڕووەشەوە تاریفێکی زۆریان کردووە[22].

دوو کتێبی شیعری "کەمال فەوزی"مان لەبەر دەستدایە کە ناوەکانیان بەم جۆرەن:

ئـ- دەنگێك لە سوپاوە (ئوردوودەن بیرسەس)، چاپخانەی قادر، ئەستەنبووڵ، 1333 (1917)، 32 لاپەڕە.

ب- گوڵەکانی ئازار (ئەلەم چیچەکلەری)، چاپخانەی نەجمی ئیستیقبال، ئەستەنبووڵ، 1335 (1919)،96 لاپەڕە.

جێی ئاماژەپێکردنە کە ئەو چاپخانەی نەجمی ئیستیقبالەی وا لێرە باسی کرا، هی کوردێکی وڵاتپارێزی "حەمزەی موکسی" ناو بووە کە لەنێو بزاڤی نەتەوەییی کورددا ڕۆڵێکی چالاکی هەبوە. لەسەر بەرگی کتێبی ئەلەم چیچکلەری باسی کتێبێکی دیکەی کەمال فەوزی بە ناونیشانی "خەڵات بۆ

---

[22] مەمدووح سەلیم بەگ، "هاوار! ئیمداد"، گۆڤاری "ژین"، ژمارە 9؛ زنار سلۆپی، س. پ، ل99.

سوپای قارەمان"ـەوە کراوە. سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەو کتێبەی کەمال فەوزی نامیلکەیەکە بەشێوەی پەخشان نووسراوەو وا دەردەکەوێ ئەو نامیلکەیە یەکەم بەرهەمی کەمال فەوزی بووبێ کە لەچاپ دراوە. هەروەها لە نووسینەکانی سەر بەرگی کتێبی "ئەلەم چیچکلەری"دا ئەوە دەردەکەوێ کە ساڵی 1919 کەمال فەوزی دوو کتێبی دیکەشی ئامادەی چاپ بوون کە ئەمانەن:

1- خۆشەویستییەکی نەمر (شیعری تورکی)،

2- وڵاتی بەفراوی (کۆمەڵە شیعرێکە بەپێی کێشی عورووز نووسراوە).

دیارە هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو دوو کتێبە لەچاپ دراون یان نا، بەڵام وەکوو ئاشکرایە چوار کتێب لە کتێبەکانی کەمال فەوزی کتێبی شیعرن.

**ئ- دەنگێك لە سوپاوە**

ئەم کتێبە قەوارەیەکی بچووکی هەیەو بەگشتی دوانزە مەنزوومە (هەڵبەست)ی تێدایە، کە شوێنو کاتی نووسینیان لەخوار هەموویانەوە دیاری کراون:

1- لەژێر ئاڵادا (بایراق ئاڵتندا)- کانوونی یەکەمی 1329 (1913)

2- سوپای عوسمانی (عوسمانلی ئوردووسو)- تشرینی یەکەمی 1330 (1914)

3- دەنگی گیانبەختکەر (غازینن سەداسی)- کانوونی یەکەمی 1330 (1914)

4- بۆ ئەو نیشتمانەی وا دەگری (ئاغلایان یوردا)- 4ی کانوونی یەکەمی 1331 (1916)

5- دواین لێدان (سۆن داربە)- 27ی حوزەیرانی 1332 (1916)

6- بەرامبەر بە وێنەی داغستانلی فازڵ پاشا- 26ی تشرینی یەکەمی 1332 (1916)
7- لە ڕێگاکانی یانیادا[23]- 18ی کانوونی یەکەمی 1328 (1912)
8- یانیا- 28ی کانوونی یەکەمی 1328 (1912).
9- دوعای گیانبەختکەر- 28ی کانوونی یەکەمی 1333 (1918)
10- خەونی سەرکەوتن- 8ی شوباتی 1330 (1915)
11- ناڵەناڵێك بەر لە بەهار- شوباتی (1914) 1329.
12- بۆ منداڵانی شەهیدان- 23ی مارتی 1329 (1917).

زۆربەی هەڵبەستەکانی ناو ئەم کتێبە لەسەر کێشی هیجا و هەندێکیشیان وەك دوعای گیانبەختکەر بە وەزنێکی ئازاد نووسراون. ئەم شیعرانە لەنێوان ساڵەکانی 1912-1918دا، یانی لە سەردەمی شەڕەکانی باڵقان و یەکەم جەنگی جیهانیدا نووسراون. پێویستە باس لەوەش بکرێ کە شیعرەکانی کەمال فەوزی لەم کتێبەو لە کتێبی (ئەلەم چیچکلەری)دا لە ڕووی ئەدەبییەوە زۆر سەرکەوتوو نین. بەڵام ئەم شیعرانە تەنانەت ئەگەر لاساییکردنەوەیەکی شاعیرە تورکەکانی سەردەمی خۆیشیان بێ، وەکوو سەرچاوەیەکی گرنگ زانیاریی بەسوودمان دەربارەی ژیان و حاڵەتی دەروونی و قۆناغی گەنجێتیی کەمال فەوزی پێ دەدەن.

لە شیعرەکانی ناو کتێبی (ئەلەم چیچکلەری)دا وا دەردەکەوێ ناوبراو تا ساڵی 1912 لە مەکتەبەکانی حەربییەی عوسمانیدا پەروەردە کراوەو وەك یەنیچەرییەك [سەربازی تایبەتی سەردەمی عوسمانییەکان] فێری ئەوە کراوە خەڵکەکەی خۆی لەیاد بەرێ و لە کەلتوورو داب و نەریتەکەی دوور

[23] جێگایەکە لە یۆنانستانی ئەمڕۆ.

بکەویتەوەو نامۆ بیّ. مرۆڤ کاتیّ ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات یەکێك لە شیعرەکانی نەتەوەپەرستە تورکەکان دەخوێنێتەوە کە زۆرجار بە وشەی وەك "ساکاریا"، "سەربازەکانی ئاڵتای"، "فاتیح"، "ئاتا (باوك)"، "ئالآی رازێنراو بە مانگو ئەستێرە"و ... دەست پیّدەکەن، زیاتریشیان ناوەرۆکێکی ئەوتۆیان نییەو تەنیا لایەنی حەماسەتەکەیان بەهێزەو سوودێکی وا نابەخشن.

شیعرەکانی کەمال فەوزی کە بە کاریگەریی سیستەمی پەروەردەی عەسکەریی تورك نووسراون، نموونەی وەك "خوێنی ئارتوغرول"، "کوڕی تورك"، "ئوغوز خان"، "خۆری محەمەد"ی تێدا بەرچاو دەکەون، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەریدەخەن کارتێکراوی ئایدۆلۆژیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بووە. لێرەدا چەند برگەیەکی یەکەم هەڵبەستی ئەو کتێبە دەهێنمەوە (خاڵبەندیەکانم بەگوێرەی دەقی کتێبەکە داناوە).

**لەژێر ئالآدا**

**ئەم ئالآیە وەك مانگ رووناکەو رەنگەکەشی وەك سوورایی سپێدەیە؛**
**ئەوەی وا بەسەریەوە دەشەکێتەوە، خوێنی ئارتوغروڵە!**
**دەڵێی فریشتەیەکی باڵدارە لەسەر بورجێکی بەرز پیّدەکەنیّ**
**ئالآی گەورەو پیرۆز، نیشانەی هەبوونو شانوشکۆی ولآتی خۆشەویستە!**
**کوڕی تورکم، قەت رووی خۆم لەم ئالآیە وەرناگێڕم؛**
**کینەو نەفرەتی برووسکە ئاسای ئوغوز خان لە دڵمدایە؛**
**دینی محەمەد وەك خۆر وایەو لە ویژدانی مندایە؛**
**رۆڵەیەکی بەهیممەتو رووسپیی نیشتمانەکەمم!**

هەموو کات پزیسکی ئاگری کینەو نەفرەتم بڵاودەکەمەوە؛
بەیانی بە چاوی خۆت ئاگرو دووکەڵو بارووتو خوێن لە دەشتو
مەیدانو کوێستانەکانی دوژمنمدا دەبینی، تێکەڵ دەبن
هیممەت دەکەم بۆ ئەوەی تۆ لەناو بەرم، باشتر وایە بڕوا بەمە بکەی،
ئەی مۆسکۆڤ.

کانوونی یەکەمی 1329 (1913)

لە شیعرەکانی کەمال فەوزییەوە ئەوە دەردەکەوێ کە دیدگای تورکچێتی (نەتەوەپەرستیی تورك)– ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە لەنێو گەنجاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو کراوەتەوەو لە مێشکی ئەفسەرەکانی سوپاشدا خەیاڵی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەرفراوانی دروست کردووە، لەژێر چنگی تورکەکاندا بێ.

ئەو ساڵانە، ساڵانی شەڕ بوونو کەمال فەوزیش بەتەواوەتی کەوتوەتە بەر کاریگەریی ئەو چەمکە "تورکچی– ئیسلامی"یە کە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوو؛ مێشکی پڕ بووە لە خەیاڵی جەنگو سەرکەوتنو داگیرکردن بەناوی تورکانی عوسمانییەوە. گومانیش لەوەدا نییە کە مرۆڤ لە قوتابخانەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیدا لەم شتانە زیاتر فێری هیچ شتێکی دیکە نابێ:

((... سەرتاسەری قەفقاسیا با پڕبێ لە خوێن!
ئەگەر لە بەردەمتدا کڕنۆش بەرێو ترسیشت لێی نەما
تەنانەت ئەگەر لە تۆش بپاڕێتەوە، دیسان گوێی لێ مەگرە
لێی بدەو لەناوی بەرە، با نابووت بێ)).

(ئەمە بڕگەیەك بوو لە هەڵبەستی دواین لێدان

"لێدان‌و زەبری کۆتایی")

((... فەلسەفەی ئەم سەردەمە کاری خوێناوییە
دەستی ئاسن دەتوانێ پێنج کیشوەرت بۆ بگۆڕێ.
بەڕێ کەوە ئەی تورك با تەنگ بە دوژمن هەڵبچنین،
وڵاتەکەی بچکۆلانە بکەینەوە
با گوڵستانەکانیان ببنە مەزارستان‌و نابووت بن))

(لە هەڵبەستی دەنگی گیانبەختکەر)

((گەورە دەبین‌و فێری ئەوە دەبین بە شمشێرەکانی دەستمانەوە هێرش بکەین...))

(لە هەڵبەستی بۆ منداڵانی شەهیدان)

((... پێویستە سوپای هەق شاری پەترسبورگ بگرێ
پێویستە ئیسلامەتییەك لە ئاسیادا بمێنێتەوە
پێویستە ناعەدالەتی‌و گلەو گازندە نەمێنن
پێویستە مرۆڤایەتی ڕێگای ڕاست بگرێتە بەر))

(لە هەڵبەستی دوعای گیانبەختکەر)

بە پێچەوانەی ئەوانەی وا کەمال فەوزی باسی کردوون، سوپای عوسمانی لە شەڕی بەڵقاندا شکستی هێنا، بەڵام لەو شەڕەدا کە شەڕێکی ناهەق بووە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێتاوان کوژراون‌و ژمارەیەکیش لە گوندو شارەکان وێران بوون‌و کاول کراون. لە لاپەڕەکانی تردا باسی ئەوە دەکەین کە کەمال فەوزی دواتر نەفرەتێکی زۆری بەرامبەر بە تەمەنی

گەنجێتیی خۆی هەبوە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی تێدا هەبوە کەوا نموونەکانیمان لە سەرەوە بۆ هێنانەوە.

لایەنە خراپەکانی شەڕیش لە شیعرەکانی کەمال فەوزیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریگەرییان ڕەچاو کراوە:

((... لە ڕۆمەڵیەوە دەنگی بایەقوش دێت ...))

(لە هەڵبەستی ناڵەناڵێك بەر لە بەهار)

((... بە تەنیا زۆر گەڕاوم ...

زۆر تەرمی مەلوولم بینیوە کە ڕووت بوون و زیانیان پێگەیشتبوو

لەو جێگایانەدا دەنگی بوونەوەرەکان مردبوو

هەمیشە پڕ بوو لە تەرمی خوێناویی شەهیدان و دەنگی گریان))

(لە هەڵبەستی خەونی سەرکەوتن)

بە لەبەرچاوگرتنی جۆری پەروەردەو فێرکردنی چەمکی نەژادپەرستی و شۆڤینێتی لە قوتابخانەکانی ئەمڕۆی تورکیادا، تێگەیشتن لە کاریگەریی چەمکە نەژادپەرستەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیش لەسەر گەنجێکی وەك کەمال فەوزی زۆر ئاسان دەبێ. شایانی ئاماژەپێکردنە کە سوپای عوسمانی بەشێکی تایبەتی هەبوە بە ناوی "یەنی چەری"یەوە کە سەربازەکانی لە پێکهاتە جیاوازەکانی ناو وڵاتی عوسمانی بوون و هەمووشیان فێری ئەوە کراون خزمەتی حکوومەتی عوسمانی بکەن.

بەڵام نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە بەڵقانەکان وڵاتانی خۆیانیان ڕزگار کردو ئەفسانەی داگیرکەری و فەتحی عوسمانییەکانیان تێك شکاند. کەمال فەوزی شیعرێکی کۆنی هەیە بەناوی "ڕێگاکانی یانیا"وە، لەو شیعرەوە ئەوە دەردەکەوێ کە کەمال فەوزی ئاگای لە ڕاستیی

ڕووداوەکـانی دەوروبــەری نــەبوەو بــە ڕۆحــی "مەحمــەد چــیك" (یـاخود سـەربازێکی تورکـەوە) کـە لـە ڕێگـای پاراسـتنی وڵاتەکەیـدا جـەنگی کـردووە، ئەو شیعرەی نووسیوە" کاتێکیش بە فیشەکی خـەڵکی بـەڵقان برینـدار بـووە، هاواری کردووە: ((ئای دایکە گیان! ئایشە))و وەك منداڵێك داویەتە گریان.

**ڕێگاکانی یانیا**

**لەسەر ڕێگایەکی خوێناوی کەوتبوومە ناو خەیاڵ؛**
**بەرەو هەندێك چیای سەرسەوز دەڕۆیشتم کە زۆر دوور بوون**
**شەو بوو، مانگ دیار نەمابوو،**
**هەورێکی زۆر هەموو دەشتەکەی داگرتبوو**
**ئەو جێگایانەی کە هەتیو کەوتبوون،**
**حاڵەتێکی سەیریان بەسەردا هاتبوو!**
**دەستێکی ڕەش لە ئاسمانەکانەوە تاریکاییی داباراند؛**
**بایەك هەڵی کردبوو، ڕوومەتی هەتیوەکەی نەوازش دەکرد؛**
**لە بانەکانەوە هەست بە هەزاران دەردی جودایی دەکرا،**
**دارستانەکان پڕ بوون لە ئازار، خەمو مەینەت ئاسۆکانی داگرتبوو!**
**سێبەرە سەوزەکانی هەموولایەك دیار نەمان، کوژانەوە**
**بێهۆشی هەموو ئاسمانی داگرتو چاوەکان بریقەیان دایەوە**
**کاکێشانەکان سەرتاسەری ئاسمانیان داگرت**
**منیش گەشتیارێکی سەیری ئەم شەوە ئەستێرەدارە بووم**
**بێخەبەر لە هەمووشتێك کەوتبوومە ناو خەونی ڕەشی تەمەنمەوە**
**ڕێم دەکرد، دەنگێکم بیست، لە دارستانەوە دەهات**
**سەیرم کرد هەڵۆیەك کەوتوەتە سەر زەوی!**

**ناڵەناڵەکانی جەرگی دەسووتاندم؛**
**مەخابن، سەد مەخابن کەس نەبوو دەنگی هاوارەکەی ببیستیٚ!**
**کیٚ خویٚنی ئەم "محەمەد چیکە"(سەربازن) بیٚچارەیەی ڕشتبوو؛**
**ئەم کەوتنە شایستەی شان‌وشکۆی ئەو پڵنگە نەبوو!**
**زۆرجار بریندار بووە... فیشەکی دۆستێکی خاین،**
**کەوتبوو لەسەر زەوی، دەینالاند، ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژی بوو!**
**چەکەکەیم هەڵگرت‌و وتم هەستە ڕۆڵە، هەستە؛**
**هاوڕێکانت ڕۆیشتن، نابیٚ تۆ دوا بکەوی‌و ڕاوەستی؛**
**وتم: هەوڵی ئەوە بدە خۆت ڕزگار بکەی لەم ولاّتە قەحپەو بیٚوەفایە.**
**وتم، کەسی قارەمان لە ڕۆژێکی ڕەشی وەهادا هەناسەی سارد هەڵناکێشیٚ!**
**چاوەکانی کوژانەوە، ڕەش بوون‌و تاریکاییان داهات**
**وتی دایکم لە کوێیە؟ دایکە گیان، عایشە؛**
**لە دوا هەناسەشیدا قیڕاندی‌و وتی عایشە!**

(**یانیا**– 18**ی کانوونی یەکەمی** 1328 (1912))

**هەروەك لە دێڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، خودی کەمال فەوزیش لە یانیا بریندار بووە، لەبەر ئەوە قاچی سەقەت بووە. بەگوێرەی ڕۆژو شوێنی نووسینی ئەم شیعرو هەڵبەستانەی کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەویٚ کە کەمال فەوزی ماوەیەکی درێژ لە یانیاو سەلانیك ماوەتەوە. بەگوێرەی نووسینەکانی خودی کەمال فەوزی، ناوبراو سالاّنی (1910–1911) لە ئەستەنبووڵ، پانگاڵتی– مەکتەبی حەربییە بووەو ساڵی**

1911 چــووەتە بتلــیس‌و ترابــزۆنیش، ســاڵانی 1913-1914 لــە یانیــاو سەلانیك، ساڵی 1915 لە تەكفورداغی ئەستەنبووڵ بووە[24].

**ب- ئەلەم چیچەكلەری**

ئــەم كتێبــە، جگــە لــە پێــشەكیەكە، 39 هەڵبەســتی تێدایــە، لــەخوار هەموویانەوە شوێن‌و كاتی نووسینیان دیاری كراون.

1- هومای خەم- تەمووزی 1330 (1914)

2- گلەییی لاوان- ئابی 1331 (1915)

3- ڕۆژانی منداڵی- حوزەیرانی 1328 (1912)- سەلانیك

4- تەنیاییم- ئابی 1329 (1913)

5- ڕاستی- حوزەیرانی 1331 (1915)

6- فەلسەفەبازیی نەخۆشانە- ئەیلوولی 1330 (1914)

7- مانەوەی حەسرەت- ئەیلوولی 1330

8- خەزان- 1327 (1911-1912)- ترابزۆن

9- نیاز- ئەیلوولی 1329 (1913)

10- تەمەنی گریان- تەموزی 1329 (1913)

11- تولو- ئەیلوولی 1327 (1911)

12- بینگۆل- مایسی 1329 (1913)

13- غەزال- 1330 (1914- 1915)

14- شــیعری عافیــل- 1326 (1910- 1911)- پانگــاڵتی- مەكتــەبی حەربییە

15- یەڵدای خۆشحاڵ- 1330 (1914-1915)

---

[24] ناوی تەكفورداغ ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ تەكیرداغ‌و شارێكی توركیایە.

16- پرسەنامە-
17- سەعاتی نزیکبوونەوە- 1ی ئابی 1329(1913)- یانیا
18- ڕۆژێك بەر لە جودایی- 1330 (1914- 1915)- تەکفورداغ
19- خـەیاڵی پێکگەیـشتن- 1327 (1911-1912)- پانگـاڵتی- مەکتـەبی حەربییە
20- بۆ ڕۆحی فزوولی- ئابی 1327 (1911)- بتلیس
21- بۆ ڕۆحی فزوولی- ئەیلوولی 1327 (1911)- بتلیس
22- بۆ ڕوحی فزوولی- تشرینی یەکەمی 1327 (1911)- بتلیس
23- هومای هیجران- تشرینی یەکەمی 1329 (1913)
24- لە نەخۆشخانە- 20ی شوباتی 1328 (1913)- یانیا
25- لە ڕێگاکانی دووریدا- 1331 (1915- 1916)
26- هومای ئارەزوو- تشرینی دووەمی 1329 (1913)
27- لمی دەریا- ئابی 1327 (1911)
28- قەیرانی ڕۆح- 1326 (1910-1911)- پانگاڵتی- مەکتەبی حەربییە
29- نزیك مەبەرەوە تا...- حوزەیرانی 1330 (1914)
30- کۆتاییی ماتەم- 1327 (1911-1912)
31- بۆ ئەو هەڵبژاردەیە- 1329 (1913-1914)
32- بۆ تازە پێگەیشتوویەك- 1326 (1910-1911)- پانگاڵتی
33- خواستو هیوا- 1331(1915-1916)- تەکفورداغ
34- پرسەنامە- 1326(1910-1911)- پانگاڵتی- مەکتەبی حەربییە
35- بۆ دایکم- 1330 (1914-1915)
36- بڕگە-

37- بەیانیەکانی مەڕمەڕە- مایسی 1331 (1915)- قومقاپی، ئەم شیعرە پێشکەشی عەبدولحەق حامید بەگ کراوە[25]

38- شەوی پڕ کاکێشان- 1330 (1914-1915)

39- لە کەناری دەریا- ئابی 1330 (1914)- تەکفورداغ

وا دیارە کەمال فەوزی شاعیرانی بەناوبانگی تورکی وەك عەبدولحەق حامید (تارهان)، ئەحمەد هاشم، فایق عەلی[26] و توفیق فیکرەت کاریان تێکردووەو بەشێك لە شیعرەکانی ئەوانەی لە هەڵبەستەکانی خۆیدا بەکار هێناوە. بۆ خۆیشی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە کە نموونەکەی لەنێو شاعیرانی کورددا زۆر کەمە، باسی کاریگەریی شاعیرانی دیکەی لەسەر خۆی کردووەو لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ کە حەیرانی عەبدولحەق حامیدو ئەحمەد هاشم بووە.

پێشەکیەکەی کتێبی (ئەلەم چیچەکلەری) گوزارشت لە ئازایەتیو متمانە بە خۆبوونی کەمال فەوزی دەکاتو وەك بەڵگەیەك بایەخی هەیە.

دەقی پێشەکیەکەی کتێبی ئەلەم چیچەکلەری بەمجۆرەیە:

## [پێشەکی]

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ شوێن دەستی ئەدیبێکی توانا لەم شیعرانەدا بدۆزنەوە، بە هەڵەدا دەچن، چونکە ئەم شیعرانە هی کەسێکن کە تەنیا ماوەی شەش حەوت ساڵە دەستی بە شیعر نووسین کردووە (1912-1913). هەموو تازەکارێك سەرەتا هەوڵی ئەوە دەدات شیعرەکانی بە خۆشەویستەکانی بشوبهێنێ. هەندێك لە شاعیران، بەهۆی تایبەتمەندیو

[25] مەبەست عەبدولحەق حامید تارهان، شاعیری بەناوبانگی تورکە (1852-1937).

[26] مەبەست فایق عەلی دیاربەکرییە (1876-1950).

**هێزی خەیاڵی خۆیانەوە، خۆ لەژێر باری کاریگەریی کەسانی ترو شاعیرانی دیکە دەردەکەن. کاتێکیش لە ڕێگای ئەم شێوازە تایبەتەی خۆیانەوە کەسایەتییەکیان بەدەست هێنا، لەخۆ ڕازی دەبن. نازانم لەوە دەچێ من هەڵە بم، بەڵام کەم کەس هەیە لەمجۆرە حاڵەتانەدا لەخۆبایی نەبێ.**

**هیچ شاعیرێك ناتوانێ لافی ئەوە لێبدات کە کاریگەریی ئەو شتانەی وا پێشتر خوێندوونی، بەسەریەوە نەماون. بۆ نموونە، دەتوانرێ بگوترێ بەشێك لە نووسینەکانی حامید[27] هاوشێوەی نووسینەکانی شێخ غالیبن[28]. هەروەها نکوولی لەوەش ناکرێ کە ئەگەر حامید نەبوایە، شاعیری ڕوبابی شکستەش[29] پەیدا نەدەبوو. فایق عەلی لە شیعرەکانیدا زمانە سادەکەی فیکرەت[30]و خەیاڵەکانی حامیدی بەکار هێناون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا فایق (عەلی) لەبەر شێوازی خەیاڵبازیی بۆچوونەکانی خۆی تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی هەبوە؛ لە شیعرەکانیدا چاومان بە خەیاڵەکانی حامیدو زمانە سادەکەی فیکرەتیش وەك خۆیان ناکەوێ‌و تایبەتمەندیی خۆی بەسەریاندا زاڵە ...و شێوازێکی گەڕۆکی هەیەو خەیاڵێکی تایبەتی بۆ هەر وشەو ڕستەیەك داناوە... بەوردی شیعرەکانی ئەحمەد هاشم بخوێننەوە، فرەڕەنگییەکی سەیر لە ڕۆحی ئەو شاعیرە نەخۆشەدا[31] دەبینن. بەڵام ئەحمەد هاشم شێوازو ڕێبازی هەرسێ شاعیرەکەی تری بەجۆرێك لە شیعرەکانیدا**

---

[27] عەبدولحەق حامیدی شاعیری بەناوبانگی تورك.

[28] شێخ غالیب یەکێك لە شاعیرەکانی دەرباری عوسمانی بووە (1757-1799).

[29] ڕوبابی شکستە ناوی دیوانێکی شیعری تەوفیق فیکرەت (1876-1915)ـەو لە ساڵی 1900دا بڵاو بووەتەوە.

[30] مەبەست تەوفیق فیکرەتی شاعیری بەناوبانگی تورکە.

[31] وشەیەك لێرەدا نەخوێندراوەتەوە.

کۆکردوەتەوە، کە ڕاستەوخۆ لە هیچیان ناچێ و شتێکی تازەی داهێناوە. ئەم شاعیرە کەسایەتییەکی ناوداری بواری ئەدەبیاتەکەمانەو دنیایەکی تایبەتی هەیە. وەك لە فەلسەفەدا هەیە، لە ئەدەبیاتیشدا هەر شتێکی نوێ شێوەیەکی دیکەی شتێکی ترە کە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

گومان لەوەدا نییە کە کاریگەریی ئەدەبی شاعیرانی دیکەو بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی وا بەو کاریگەرییانەوە نووسراون، زەمینەی دروستبوونی شتێکی بەسوودتر دەهێنێتە ئاراوەو بەو جۆرە خزمەتی پێشکەوتنی زانست دەکات. ئەمەش هیوای هەر کەسێکە کە لە بواری ئەدەبیدا کار دەکات.

نیازپاکیش لەمەوە دەردەکەوێ. بە ڕای من، ئەگەر لاف لێ بدرێ کە بڵاوکردنەوەی شتێك کەوا سەرەتا کاریگەریی نووسەری تری لەسەر بێ، کەموکوڕییەو عەیبێکی گەورەیە، شتێکی هەڵەیەو واتای ڕەتکردنەوەی ئەسڵ و بنەماش دەگەیەنێ. ئەوە ئاشکرایە کە هیچ کەسێك لەخۆیەوە نەبوەتە شاعیر. منیش بە هیوای ئەوەی کە ببمە شاعیر، دوای ئەو هەموو ئەزموونەی کە لە جەنگ و کۆچکردندا هەمە، چەند پارچە شیعرێکی خۆمم کە پێشتر نووسیبوومن، کۆ کردوونەتەوە و بەنیازم بڵاویان بکەمەوە. مناڵیی مرۆڤ چەندە ناشیرین بێ، دیسان حەزی لێ دەکرێ. شیعریش کە زادەی سروشت و خووی مرۆڤە، زیاتر لە مناڵێك (لەڕووی مەعنەوییەوە) بایەخی بۆ مرۆڤ هەیە. من ئەم شیعرانەی خۆم لەبەر ئەوە بڵاو ناکەمەوە کە هەر کەسێك حەزیان لێ بکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە خۆم حەزیان لێدەکەم. باوەڕم بەوەش هەیە کە تەمەنی ئەوانە لە ساڵەکانی تەمەنی خۆم زیاتر دەبێ و بەو جۆرەش دڵی خۆم دەدەمەوە. بەدبەخت ئەو کەسەیە کە بەرهەمەکانی لەگەڵ خۆیدا دەباتە گۆڕەوە.

(**کەمال فەوزی**) K. F

1335 (1919)

هەڵبەستەکانی کەمال فەوزی لە کتێبی (ئەلەم چیچەکلەری)دا زیاتر لەسەر کێشی هیجا یان عەرووز نووسراون. هەندێکی ئەمانەش بە فۆرمو ناوی ئەدەبیاتی دیوانی شیعرەوە نووسراون، کە نموونەکەشیان غەزەلو پرسەنامەیە. لە هەڵبەستی "بۆ ڕۆحی فزوولی"دا زیاتر ویستوویەتی لاساییی شێوە ئەدەبیاتی دیوانی شیعری بکاتەوە.

((دەرکەوی ئەی چاو غەزال، بە قوربانت ببایەم؛

لە وڵاتی عەشقو خەمدا، میوانێکی غەریبت ببایەم...))

لە هەندێك هەڵبەستی تریشدا هەر ئەم شێوازەی بەکار هێناوە؛

((باڵا بەرزەکەم چاوەکانت مەستو مەلالم دەکەن؛

زوڵفە سەرنج ڕاکێشەکەت، هەمیشە بێئارامم دەکات.

زۆرە بۆ غەمزەی نازت گیانم بە فیدا بکەم؟

برووسکەی برژانگەکانت دەم بەستەو لاڵم دەکات.))

لە هەڵبەستی پرسەنامەدا کە ساڵی 1326 (1910-1911) نووسیویە، بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ کە کارتێکراوی عەبدولحەق حامیددا بووە:

((تەمەنی گەنجێتیم وەکوو سێبەرێك،

لە ئاسمانێکی پڕ لە سێبەردا

لە زەمانێکدا کە هەمووی بە خەمو حەسرەت تێپەڕی،

دیار نەما؛ وشکی کرد سەرابی تەمەنم!

*   *   *

چەندە دڵم بیر لە خەیاڵی یار دەکاتەوە،

لەعنەت لەم تەمەنە پڕ لە گریانە دەکەم!

بگری بەختە ڕەشەکەم، بگری ئیتر؛
چاوەکانم چوونە نێو خاکو نیشتمانی خەو!
مردن واتای چییە؟ ئایا گونجاوە بۆ ئەوە؟

* * *

داخۆ هەناسە هەڵکێشانو ئاخ وداخ
بۆ تازە پێگەیشتوویەك گونجاوە؟))

کەمال فەوزی دوو دێڕی شیعرێکی عەبدولحەق حامیدی بەناوی "ماکبەر"ەوە لە سەرەتای ئەم هەڵبەستەدا داناوە.

لە سەرەتای هەڵبەستێکیدا بەناوی "غەزەل"ـەوە دوو دێڕی شیعرێکی جەودەت پاشای[32] داناوە. بە هەمان شێوە، شیعری شاعیرانی وەك عەبدولحەق حامید، فزوولی، فایق عەلیی لە هەڵبەستەکانیدا بەکار هێناوە. یەکێك لە هەڵبەستەکانیی بە یادی ئەحمەد هاشمەوە نووسیوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو سەردەمە زیاتر کاریگەریی کام شاعیری لەسەر بووە. جێی ئاماژەپێکردنە کە ئەم هەڵبەستانە لەنێوان ساڵەکانی 1910-916دا، یانی کاتێك کەمال فەوزی لە تەمەنی گەنجێتیدا (19-25) بووە، نووسراون. پێشتر ئاماژەمان بەوە کردبوو کە ناوبراو لەم تەمەنەدا لە مەکتەبی حەربییە دەرسی خوێندووەو دواتریش بەشداریی شەڕی کردووە.

زیاتر کێشی هیجاو عەرووزی لە کتێبەکەیدا بەکار هێناوە، بەڵام لە هەڵبەستەکانی تەمەنی گریان، شیعری ئالیفو بەیانیەکانی مەڕمەڕەدا کێشی تایبەتی بەکار نەهێناوەو بەشێوەی ئازاد نووسیونی. لە کتێبی (ئەلەم چیچکەلەری)دا کە هەستەکانی کەمال فەوزی زۆر ئاشکرا دیار دەبن،

[32] بەرپرسێکی حکوومەتی تورکو کەسایەتییەکی مێژوونووسو شاعیر بووە (1822-1895).

ئەم سمبولانە بەکار هێنراون: عەشق، حەسرەتی دیداری خۆشەویست، گلەو گازندەی لاوێکی خەفەتبار لە ڕۆژانی تەمەن، حەسرەتی ئەو ڕۆژانەی تەمەنی منداڵی کە تێپەڕ بوون لە کوردستان، سروشت، ئازاری غەریبی، ڕەشبینی، تەنیایی، زۆر بە دەگمەنیش مرۆڤایەتی و کێشەکانی کۆمەڵگا.

وەك بە ناوەکانیاندا دەردەکەوێ، بابەتی ئەم هەڵبەستانەی کەمال فەوزی سەبارەت بە عەشقن:

1- خەیاڵی پێگەیشتن 2- بۆ ئەو ڕەوشت بەرزە 3- بۆ تازە پێگەیشتوویەك

ئەمانەی خوارەوەش بەشێکن لەو هەڵبەستانەی کە دەربارەی عەشق و حەسرەتی دیداری یار نووسیونی:

((... هەستە ئەی ئاسکی خۆشەویست، تۆزێك خۆت پیشان بدە، جامێکی شەرابم بدەیە کە لە وڵاتێکی غەریبیدام. سەیری فەوزی بکە کە کات لەگەڵ تۆدا بەسەر دەباو ئیتر هەستە. هەستەو ئەمڕۆ هاوارو ناڵەکەم بگۆڕەو ئارەزوەکەم پێك بێنە.))

(لە هەڵبەستی خەزان)

((بە یادی تۆ دڵ ماتەمو خەمبار دەبێ

چاوم بەو جوانە کەوت کە شێوەی لە پەری دەچێ و زوڵفی پەرێشان...

لەنێو پەل وپۆی دارەکانەوە وەك مانگێك دەرکەوت، دێوەزمەکانی خەمێکی قووڵی بە ڕووناکیی خۆی خنکاندن

تا بەیانییەکی سەوز لە بەزمی ئەودا بێدار بوومو خۆمم سەرقاڵ کرد

لە خەیاڵمدا بە نازەوە ماچێکی کردمو لە خەو هەستام!))

(لە هەڵبەستی خەیاڵی پێکگەیشتن)

((... ئەگەر ڕووی خەندانی تۆ ببینێ، ئاخ! ئەی فریشتە
لە بەرامبەر عەشقی تۆدا لاڵ دەبێ و فیدات دەبێ
ئەی جوان، ئەی نازەنین، ئەی حەزی خۆشەویستییەکی خەماوی
ئەی پرشنگی بەیانیان، ڕۆژی بێ تۆ زیندانە بۆ من
هەموو بەیانییەك زمانی ڕەنجێندراوم وەك بولبولێك دەچریکێنێ؛
چاوەڕێ دەبم خەبەرت نایەت، دڵم دەست بە گریان دەکات
ئەی پاشای باشەکان، من بووم بە پەپوولەی خەمی تۆ
ئەی پاشای فریشتەکان، ئەوەی بتبینێ دەبێتە دیلی تۆ.))
(ئەم هەڵبەستەی سەردێڕی نییە)

((... کەس لە ماڵی غەریبیمدا پێناکەنێ
ئەم حەسرەتە زۆرەم لە نیشتمانەکەمدا پێدەکەنێ!
هێشتا یادی ئەو زیندوو ماوەتەوە،
ئازارو خەمێکی زۆر دەداتە دڵی لاواز!
نانێژرێ، چۆن ئومێدو هیوا بخەمە نێو مەزارەوە!))
(لە هەڵبەستی بۆ تازە پێگەیشتوویەك)
((چەندە خۆش بوو خۆشەویستم بەهارێکی تۆ
دەگەڕاین پێکەوە، پێدەکەنین
نەمامەکان بە گوڵ ڕازێنرابوونەوە
پێکەوە لە سێبەریاندا جووت و مەست و سەرخۆش بووین.
چ خەزانێکی خیانەتکار کەوتە نێوانمان ... دوور خراینەوە
گەڵایەك دەکەوێتە سەر زەوییەکی سیساو
لە مەزارەکەتەوە بای هیجران هەڵدەکات و

دەگاتە دڵی ماندوو کە هەر دەناڵێنێ!...))

(لە هەڵبەستی خەزانی ماتەم)

کەمال فەوزی لەم هەڵبەستانەیدا زۆر گلەیی و گازندە لە تەمەنی گەنجێتیی خۆی دەکات، کە زیاتر بە شەڕو کۆچکردن تێپەڕی کردووە. لەم شیعرانەدا هەوایەکی ڕەشبینی و خەمێکی ئازاردەر زاڵن، وەك خۆیشی باسی کردووە، ساڵانێکی "بێبەهار"، "سەرشێتی"، "مەترسیدار"ی تێپەڕ کردووە. ئەمانەی خوارەوەش چەند بەشێکن لەو هەڵبەستانەی کە ئەم بابەتانەی تێدان:

((...نا، ئەی شاعیر هەموو خەیاڵەکانت تێکشکاون؛

ئەمڕۆ هەموو ئەو گوڵشەنانەی کە لە یادی تۆدا بوون،

ژاکاون، تۆز دایگرتوون؛

خوێن ڕژاوەتە سەر خاکەکەت، ژیانت بێبەهارە

ڕۆحت بە نائومێدیی ئەو گەنجێتییە پڕ لە بەدبەختییەتە داخدار بووە!

... ...

کۆتاییەکەم لەبەر ڕێگای پەلەوەرێکی ڕەشی خەمدایە

نەگبەتی و نەهامەتی هەمیشە لەگەڵ مندان

دەردێکی بێدەرمان کەوتوەتە ناو دڵی بێچارەمەوە

چەندە دیمەنی مەترسیدارم بینی لە ژیانی بێبەهارمدا!))

(لە هەڵبەستی سەعاتی نزیکبوونەوە)

((لە بەهارێکی لێو بەخەندەی گەنجێتیدا

هیواکانم تێکشکان؛

لە تەنیشت ئەو بەهارەدا، لە هەر سووچێکیدا،

هەموو هێلانەکانم تێك چوونو نابووت بوون!
هەموو بەیانییەك چاوەڕوانی هیوایەکم دەکرد
دەمگوت ئێستا لە کازیوەی بەیانییەوە دیار دەبێ
دواتر لەناکاو بای ساردی خەزان هەڵیکرد
شیوەنی خستە نێو هەموو گوڵەکان
لەکاتێکدا من لە بەهاری خۆمدا بەدوای پێکەنیندا دەگەڕێم
دڵی نەخۆشم بۆ بەهار دەگری!))
(لە هەڵبەستی گلەو گازندەی لاوان)

شیعرەکانی کەمال فەوزی زیاتر سەمبولی وەك گەلەییکردن لە بەختی ڕەش، ڕەشبینی، ئازاری غەریبی، دووریو تەنیاییی تێدا هەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە لە ناوی کتێبەکەوە بگری کە (ئەلەم چیچکلەری)یە تا سەردێڕی زۆربەی شیعرەکانی، گوزارشت لەم حاڵەتە ڕۆحییەی کەمال فەوزی دەکەن. ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەو بارەیەوە: (هومای خەم، هومای دووری "هیجران"، هومای ئارەزوو، تەمەنی گریان، خەزانی ماتەم، لە ڕێگاکانی جوداییدا، ڕۆژێك بەر لە جودایی، تەنیاییم).

دەتوانرێ ئەم شیعرانەی کەمال فەوزی کە تەمەنی لاوێتیی خۆی لە غەریبیو نێو شەڕدا بردوەتە سەر، بە خەمو پەژارەی کەسێك لە قەڵەم بدرێ کە ئازاری زۆرەو بەدوای کەسایەتیی خۆیدا دەگەڕێ.

((... ڕۆژ تێپەڕ دەبێ، ڕوومەتم پێناکەنێ،
ئاخو داخ هاوپیاڵەو دۆستی منە
نازانم چ ڕۆژێك بەخت بە ڕووی منەوە پێدەکەنێ! ...))
(لە هەڵبەستێکی بێ سەردێڕ)

((.... ڕۆژێك دێت بەشو نسیبی خۆم بەدەست بێنم؛
سەیرکە ئەمڕۆ تووشی دەردی هیجران بووم،

کۆتاییەکەم ئارەزووەکانی لاوێتیی منی سووتاند
پێکەوە، لەگەڵ تۆدا دەگریم))
(لە هەڵبەستی ڕۆژێك بەر لە جودایی)
((... دیسان کەس لە دەوروبەرم نییە ...
تەنیا، نەخۆش، پەککەوتوو و دڵشکاو..))
(لە هەڵبەستی ڕاستی)

جاروبار ڕەشبینییەکەی گەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە تەنانەت بیری لەوە کردوەتەوە خۆی لە کۆمەڵگا بدزێتەوەو هەوڵی هەڵبژاردنی ڕێگاکانی ئەو کارەشی داوە:

((ئەگەر ژیان هەموو ڕۆژێك زیندوبوونەوەو مردن بێ،
با ئیتر هیوایەکی گرینۆك لە ماتەمدا نەنێژم؛
هەموو ڕۆژێك ئازار دەکێشم، نەفرەت لە کۆمەڵگاکان دەکەم،
با ئیتر هەڕا بکەم، نەجاتم ببێ لە دەستی مرۆڤ.))
(لە هەڵبەستی هومای خەم)

هەندێك لە هەڵبەستەکانی کەمال فەوزی گوزارشت لە سروشت دەکەن. بۆ نموونە، لە هەڵبەستەکانی خەزان، بینگول، بەیانیەکانی مەڕمەڕە، شەوی دەریا، لە کەناردا، باسی سروشت دەکات. ساڵی 1915 لە تەکفورداغ هەڵبەستێکی بە ناوی (تەمەنی داخوازی)یەوە بۆ عەبدولحەق حامید بەگ نووسیوە، شوێنەدستی تەسەوفی ئیسلامیی پێوە دیارە.

هەرچەندە کەمیشن، بەڵام کەمال فەوزی لە هەندێك شوێندا باسی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش دەکات، بۆ نموونە وەها دەڵێ:

((... دەخەوێ، هێشتا کوژاوەیە ڕۆحە مادییەکانی دەوران
دەخەوێ، هێشتا مرۆڤ لەنێو شەوی وەهمدایە

هاواری ئاییندەی مرۆڤایەتیی دیلو تینوو چۆنە؟
بەڵێ مرۆڤ دەگریو ماتەمەکانی دەداتە سەد ساڵەکان
هەموو ڕۆژێکیش خەیاڵی ئەوە دەکات کە بەرەو بورجی خۆشی دەڕوات.))

(لە هەڵبەستی ڕاستی)

ئێستاش با سەیری چەند هەڵبەستێکی تری کەمال فەوزی بکەین:
قەیرانی ڕۆح یەکێك لە سەرەتاییترین هەڵبەستەکانیو لە ساڵانی گەنجێتیو مەکتەبی حەربییەدا نووسیویەتیو ڕەنگدانەوەی حاڵەتی ڕۆحی ئەوە لەو ڕۆژانەدا. کاتێك ئەم هەڵبەستەی نووسیوە تەمەنی 18–19 ساڵ بووە.

**قەیرانی ڕۆح**

تۆزێك ڕاوەستان لە ژیانی دەربەدەریدا،
ڕۆژەکان بەدوای ئەشکەنجەیەکدا دەگەڕێن،
هەمووشی بۆ ئەو تەمەنەیە کە وەك شەوێکی تاریکە،
لێی بپرسن بەردەوام باسی ئازار دەکات.

* * *

لە ژیانی پەککەوتەییو پەرێشانمدا
هیچ ئارەزوویەکەم نابێ بۆ سبەی شەو
باشترین نەغمەو بەئازارترین شیوەن
باس لە خەمو پەژارەی خولیایەکی نەخۆش دەکەن!
نەفرەت لەم تەمەنە پڕ لە ماتەمو ئێشو ئازارە، نەفرەت!

* * *

دڵی فرەخوازو تەماعکاری مرۆڤ کە تێر نابێ،
لە هەموو شتێکدا بەدوای چێژێکی بێکۆتاییدا دەگەڕێ؛

نازانێ هۆو سۆنگەی هەبوون چییە؛
هەموو هیواکانی هەبوون نازانێ،
یادی ئەو ڕۆژانەی کە بە خۆشی تێپەڕ بوون
ڕەش دەبێتەوەو لەناو دەچێ، کاتێك ڕۆژی دوایی کۆتایی دێت!
لەگەڵ جوانترین خەیاڵی ئەودا
دەکەوێتە خوارەوە بەرەو زەوییەکی هیچ وپووچ
دەبێ هەر شاراوە بمێنێتەوە، وانییە ئەی هیچ وپووچ؟!
ئەوەی کە بەم هیوایە دەخەڵەتێ زۆر نەزانە،
بێنەوای لە خەم بەدوور بێهەستە
وەرە بەو ڕووداوانەی دەوروبەرتەوە ئاسوودە بە!
وەرن ئەی فەقیری چاو بەگریانی خەمخۆر
دایەپیرە، بێوەژن و هەتیو و هەژارەکان"
هەتیوێکی ئاوارە بۆ ئێوە دەناڵێنێ،
ئاخ ئەی داپیرە بێکەس و مەلوولەکان!
ئاخ ئەی ئەو بێوەژنانەی کە هیواکانتان تێکشکاوە،
ئەگەر ئەستێرەیەك لە ئاسۆکانتاندا پێناکەنێ؛
با من بگریم لەگەڵ ئێوەدا تاوەکو ڕۆژی حەشر؛
با بێکەس بەردەوام بگریم!
(پانگاڵتی- مەکتەبی حەربییە)
1326 (1910-1911)

لەم شیعرەی خوارەوەیدا کە باسی مەرگ و بەردەوامیی کینەو غەزەبی دنیا دەکات، وا دەردەکەوێ کەمال فەوزی بایەخی بە بابەتە فەلسەفییەکان داوە.

**فەلسەفەبازیی نەخۆشانە**

پێم وایە گەنجێتییە مەلوولەکەم لە کەلوپەکاندا دەگری،
چونکە ئازارو گریان بەشی هەمیشەییی منن.
نازانم ئایا هەر لە ئەزەلەوە بەشی من حەسرەت بووە؟
لەدایکبوون، ژیان و دواتریش مردن، ئەمە چ کارێکە؟
مادام فرمێسک چارەنووسی هەر تاکێکە،
مادام هەموو دەنگێك دەناڵێنێ،
ئەگەر هەیە با هەموو ساتێکی ئەم بوونەوەرە بژی
بەڵام من پێم باشترە مرۆڤ هەر لەدایك نەبێ!
هیوادارم تەنیا ئەوانەی وا دەژین خۆشبەخت بن!
لەدایکبوون و زاینیش وەك تاوان ڕەتکراوەن.
هەر ناڵەیەك و هەزار جار گریان و هەزار جار گریانیش هەزار ئاخ،
تا کەی بەدوای یەکدا دێن ئەی خودای گەورە!
بەس نییە ئەم خەم و ماتەمەی کە لەژێر ئاسمانە بێزمانەکاندا هەن
با نەمێنێ ئەم ماتەم و نائومێدی و تاریکایی و حەسرەتە!
نا نا ئەم فەلاکەتە هەتاهەتایە بەردەوام دەبێ.
لە هەموو شوێنێکدا مردن لەمپەرو سنووری
هەموو شتێك دیاری دەکات.
لە هەبووندا مردن و ئازارو جەورو جەفا زۆرن،
کەوابوو بۆچی لەدایك بێ؟ بێسوودە؛ مانەوە بۆ کەس نییە!
هەزاران زانیاری و زانست و فەلسەفە لە مرۆڤەوە دەردەکەون!
هەیهات! کەس ناپارێزێ لە شەڕو شۆڕ،
مرۆڤ– کە لەم بۆشاییەدا بۆ حەسرەتی خۆی دەگری

**حەسرەتەکەی خۆی دەهێڵێتەوە بۆ ڕۆڵەکانی داهاتوو!**
**کینەو غەزەبی زەمانە هەروا بەردەوامو پەیدەرپەیە؛**
**مەخابن کە چێژی دنیا بەردەوام نابێ!**
**من وا بیرم کردەوە. بۆ من ڕاستە ... لەو دەچێ بۆ تۆ**
**بە هەڵە لە قەڵەمی بدات خوێنەری خۆشەویست، تۆ ئەوە بزانە**
**کەچێژی زەمان یەك جۆر بەردەوام نابێ؛**
**هەموو شتێك دەگۆڕێ؛ بەڵام کینەو غەزەبی ئەم جیهانە ناگۆڕێن.**
**ئەیلوولی** 1330 (1914)

**دوای بریندار‌بوونی لە شەڕی بەڵقاندا کە بەهۆی ئەوەوە قاچی سەقەت بوو، لە نەخۆشخانەیەك لە یانیا شیعرێکی بە ناوی "لە نەخۆشخانەدا" نووسیوە کە وەك بەڵگەیەکی گرنگ وایەو باسی ڕۆژانی بریندار‌بوونی خۆی دەکات. کەمال فەوزی کە لە شەڕی بەڵقاندا بەشداریی کردبوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تورکەکان لە یۆنانستان شەل بووبوو؛ دواتر ساڵی** 1925 **کاتێ چووە دادگا بۆ ئەوەی ئیفادەی وەربگیرێ، هەندێك لە ڕۆژنامەنووسانی تورك گاڵتەیان پێکردو لە هەواڵەکانیاندا بەمجۆرە لەسەریان نووسی: ((بە شەلەشەل هاتە ناو دادگا بۆ ئەوەی ئیفادە بدات))و سووکایەتییان پێکرد. ئەمەش لایەنێکی گرنگی ڕووداوەکەیە کە پێویستە پەندو عیبرەتی لێوەربگیرێ.**

**لە نەخۆشخانە**
**گیانم بێئارام بوو!**
**لەبەر ئەو برینە کوشندەیە،**
**سروودەکەم کۆتاییی پێهاتبوو.**

**بێچارەو داماوەکان،**
**هەر ساتێك هەزار ئاخ‌وداخ‌و هەناسەی سارد هەڵدەکێشن.**
**دڵم پڕ هیوا بوو:**
**فیکری جوان‌و شیرینم لابوو**
**پەپووی هاوارو ناڵەناڵ**
**برینەکانم بێدەرمان**
**لە حاڵی خۆیاندا دەبرژانەوە**
**هەوری دنیا لە ڕۆحمدا**
**برووسکەی لێدەدا**
**دکتۆر دەیگوت برینەکەت مەترسیدار نییە**
**وا بیر مەکەرەوە؛**
**تۆ بڵێ‌ لە دنیادا کەسێك هەیە،**
**چارەنووسی نەبێ!**
**کەسێك بە ئاخ‌وداخ دڵی نەدەدامەوە**
**کە وا دیاربێ لەدڵەوە شیوەنم بۆ دەکات**
**دەمگوت ئەی خودا**
**تەقدیری تۆ بوو بە شیوەن!**
**کاتێ دڵم دەیویست ئاخ‌وداخ بداتە دەرەوە**
**شوێنی ناڵەناڵ‌و هاواری من دەلەرزی**
**بووبوو بە حوجرەیەکی ئازاردەر**
**ئەو شوێنەی کە بووبووە پەناگەی من.**
**شەش مانگ تێپەڕ بوو لەو هێلانەیەدا؛**
**ئیتر برینە ئاڵەکەم چاك بووبوەوە؛**

وەك منداڵێكی ئاوارەی ماتەمین پەڕوباڵم شكابوو،
بە جووتێك دارشەقەوە دەگەڕام لە نەخۆشخانەدا!
ڕازی بووم بەو لاپەڕە ماتەمینەی تەمەنم
بەڵام زۆری پێنەچوو ڕەنگێكی خوێناوی،
بەیانییەكی خوێناوی ئاسۆی سووری یانیای داگرت
ئیتر پەپوویەكی پەڕوباڵ ڕەش بەسەرمدا خوێندیو چریكاندی
بە گوللەو بە تۆپ چەپو ڕاستم وردو خاش بوون
من نەمردم ... بەڵام هەزارجار مردن لە بێدەنگیی دڵمدا هەبوو!
یانیا-20ی شوباتی 1328 (1913)

لەم شیعرەی خوارەوەشدا شەهید كەمال فەوزی ساڵانێك بەرلەوەی لەسێدارە بدرێ، بێباكیی خۆی لە مەرگو نەمان پیشان دەدات. ئەم هەڵبەستە لە كتێبی (ئەلەم چیچكلەری)دایەو لەو ساڵانەدا نووسراوە كە كەمال فەوزی بەدوای ناسنامەو دۆزینەوەی كەسایەتیی خۆیدا گەڕاوە. جێی ئاماژەپێكردنە، ناوێكیشی بۆ ئەم هەڵبەستە دانەناوە. هەرچەندە ناجی قوتڵای بە پشت بەستن بەو زانیارییە زارەكیانەی كە پێی دراون، تەئكید دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كە كەمال فەوزی بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ، ئەم چوارینەیەی نووسیوە، بەڵام ئەم چوارینەیە لە كتێبی (ئەلەم چیچەكلەری)دا هەیە كە ساڵی 1919 چاپو پەخش كراوەتەوە. كەواتە كەمال فەوزی ماوەیەكی زۆر بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ، ئەم شیعرەی نووسیوە. لە كتێبەكەی ناجی قوتڵایدا بە هەڵە وشەیەكی ئەم شیعرە كە "ئەنوار"ە وەكوو "ئەنواع" نووسراوەتەوە[33]:

---

[33] ناجی قوتڵای، هـ. س. پ، ل289.

((گەردوون هەزاران زەبری کاریگەرو کوشندەی لێدام،
بەڵام هەرگیز نەمردم؛ لەو شوێنانەی ژیانەوە کە قەت پێیان ناگەم،
سەیری جیهانم کرد!
لە تاریکاییدا ڕاوی تیشكو ڕووناکیم کرد؛
هەموو کات بۆ هەقو ڕاستی ڕۆیشتم
با ئەوانەی لەناودەچن لە مەرگ بترسن،
چونکە بەلای منەوە گرنگ نییە!))

دەتوانرێ بگوترێ کەمال فەوزی لەم کتێبەیدا بایەخی داوە بە ناوەڕۆکی هەڵبەستەکانو بەوردی هەڵی بژاردوون. شیعرەکانی لە یەکەم کتێبی هەڵبەستراویدا هەستەکانی گەنجێکن (سەربازێکی گەنج) کە بەتەواوەتی کەوتوەتە بەر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای ڕەسمیو زاڵ لە سەردەمی خۆیدا. بەڵام لە کتێبی (ئەلەم چیچەکلەری)دا زیاتر بایەخی داوە بە هەستەکانی خۆیو زیاتر باسی تامەزرۆییو دیدگاکانی خۆیی کردووە. ئاشکرایە کاریگەریی ڕۆمانتیزمو شیعری تورکەکان لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی (سەروەتی فونونجیلەر)و (ئەدەبیاتی جەدیدە)، لەسەر ئەم کتێبەی کەمال فەوزی بەرچاو دەکەون.

ناوەڕۆکی ئەم شیعرانە زیاتر هەڕاکردنو خۆدزینەوەیەو جاروباریش باسی کێشە دەروونیەکانی تاك دەکەن. کەمال فەوزی لەم کتێبەیدا، ئیدی وەك جاران سەمبولی وەك "تورکی قارەمان"و "فەتح"و "داگیرکردن"و ...ی بەکار نەهێناوە. کەواتە مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کەمال فەوزی لەکاتێکدا ئەم کتێبەی نووسیوە کە ئیدی وردە وردە کەسایەتیی سیاسیی خۆی دۆزیوەتەوە، گەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوانەی پێشووی نادروست بوونو ئەم قۆناغەشی قۆناغێکی گواستنەوەو تێپەڕین بووە بۆ ئەو کاتەی کە

ئیدی ناوبراو بە تەواوەتی خۆی تەرخان کردووە بۆ بە چارەسەری مەسەلەی کوردستانو ئامادەش بووە لەپێناوی ئەوەدا گیانی خۆی بەخت بکات.

لە ژمارەی 16ی گۆڤاری "ژین"دا کە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، ئاگادارییەك سەبارەت بەم کتێبە بڵاوکراوەتەوە کە بەم جۆرەیە:

((ئەلەم چیچەکلەری

هاوشاریی خۆشەویستو ڕێزدارمان کەمال فەوزی بەگ لە نەوەکانی بنەماڵەی هیزانی کە لەمێژە خزمەتی پەرەپێدانی زانستو کەلتووری لە شاری بتلیس کردووە، کتێبێکی شیعری تازەیی بڵاو کردوەتەوە کە 95 لاپەڕەیە. ئەم کتێبە جوانە کە بەرهەمی هەستو ڕۆحێکی ناسکی زۆر باشە، هیوادارین خوێنەرانی بەڕێز بیخوێننەوە.))[34]

لە ژمارەکانی 17و 18و 19ی گۆڤاری "ژین"دا ئاگاداری سەبارەت بە هەمان کتێب بڵاو کراوەتەوە. لەسەر بەرگی دواوەی ژمارەی شەشەمی گۆڤاری "کوردستان" کە لە 21ی ڕەجەبی 1337 بەرامبەر بە 22ی نیسانی 1335 (1919) لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە کتێبەکەی کەمال فەوزی هەیە:

((ئەلەم چیچەکلەری

بەرهەمی هیزانزادە کەمال فەوزی بەگ یەکێك لە ئەدیبە گەنجەکانمانەو لە دووکانی براکانی حوسەین ئاڵیزادە لە باخچەقاپی هەیە. داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین ئەم کتێبە بخوێننەوە.))

**دەستنووسی ئەلەم چیچەکلەری**

---

[34] گۆڤاری ژین– کوردیو تورکی، وەرگێڕانی لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینی م. ئەمین بۆزئارسلان، ئۆپسالا، بڵاوکراوەکانی دەنگ، 1987، بەرگی 4، ژمارە 16، ل732.

**دەمەوێ بە کورتی باسی نوسخەیەك لە دەستنووسی ئەم کتێبە بکەم. ناجی قوتڵای فۆتۆکۆپیی ئەو نوسخەیەی پێداوم کە بە پیتی عەرەبی نووسراوە. برازا گەورەکەی کەمال فەوزی کە ناوی "وەیسی هیزال"ـە، ئەو نوسخەیەی داوەتە ناجی قوتڵای و گوتوویەتی ئەوە دەستخەتی خودی کەمال فەوزییە.**

**هەمان هەڵبەستەکانی ناو کتێبی ئەلەم چیچەکلەری لەم نوسخەیەشدا هەیە. بەگوێرەی خەتەکانی ناو فۆتۆکۆپییەکە، ڕێی تێدەچێ هەڵبەستەکان لەناو دەفتەرداو لەسەر خەتەکان نووسرابن، بەڵام جار بەجاریش هەندێك شتی تر لەدوای خەتی نۆزدەیەمەوە لەخوار لاپەڕەکاندا نووسراوە، لەسەر خەت نین. ئەم نوسخەیە لە بەرگ بەدەر 56 لاپەڕەیەو ئەمە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە:**

**((ئەم کتێبە لە بەرهەمە چاپکراوەکانی کەمال فەوزییە 330 [1]–226 [1] (1910–1915)، دووجار چاپ کراوەو لە دەستنووسەکەیەوە (؟) وەرگیراوە.))**

**بەگوێرەی ئەو نووسینە، ئەو کتێبە پێشتریش دووجار چاپ کراوە. هەرچەندە باسی ئەوە دەکرێ کە ئەو کتێبە لە (1915–1916)دا نووسراوە، بەڵام لەڕاستیدا هەندێك هەڵبەستی تێدایە کە ساڵی 1331 نووسراوە. کەوابوو دەکرێ بگوترێ کتێبەکە لەنێوان ساڵەکانی (1326–1331)دا کە بەرامبەر بە (1915–1916)ن، نووسراوە.**

**ئەمە لە لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسەکەدا نووسراوە: ((شاعیر خلووسی بتلیسی (؟) ئەمەی بەرامبەر بە وێنەی خوالێخۆشبوو کەمال فەوزیی بەناوبانگ نووسیوە)). دوای ئەو ڕستە ناتەواوەش، ئەمە هاتووە:**

**((وێنە پێدەکەنێ**

کاتێ کەمال دێتەوە یاد

ئینس و جینی بێچارە دەست بە گریان دەکەن

زیا کەی عەقڵی لەدەست دا، ئاسمان تاریکەو دەگری

شەفیقە ماتەم دەگرێ و ڕەشید بە ڕەحمەتەوە یادی دەکاتەوە

فەلاکەت زۆرەو لە مەحشەر دەچێ دەناڵێنێ،

لەباتی فرمێسك خوێن دەڕێژێ.

* * *

کەمال لە بەهەشتی پیرۆزدا ... دەگری

ژیان شتێکی کاتییەو پلەوپایەو ماڵ و سامان بۆ فەقیرو دەوڵەمەندیش نامێنێ.

ئەوانەی خاوەن عەقڵن لە دنیا تووشی مەینەتی نابن

لە ئەزەلەوە وابووەو خودا لە چارەی مرۆڤەکانی نووسیوە

خڵووسی بەتەواوەتی ... لە ڕاستی هەڕابکات ناگاتە کەماڵ و پێی ناگات.

((1946/6/17

ئەو زیایەی کە لەم شیعرەدا باسی کراوە، "زیا وەهبی"ی برای کەمال فەوزی‌یەو ڕەشید باوکی و شەفیقەش خوشکی گەورەیەتی.

لەخوار شیعرەکەی خڵووسی‌یەوە ڕۆژەکە بەگوێرەی مێژووی زاین نووسراوە، بەڵام ڕۆژەکانی ناو دەستنووسەکە بەگوێرەی ئەو مێژوە نەنووسراون و عەرەبین.

ئەو خڵووسی یەی کە ئەم شیعرەی نووسیوە، خڵووسیی بتلیسی ئاقتورە کە (1881-1976)، ماوەیەك ئەندامی دادگای تەمیز بووەو دواتریش لە ئەنقەرە کاری پارێزەریی کردووە[35].

پێم وایە دوای ئەوەی ئەلەم چیچەکلەری لەچاپ دراوە، هەڵبەستەکانی ناو ئەو کتێبە جارێکی دیکە نووسراونەتەوە. ڕیزبەندیی هەڵبەستەکانی ناو دەستنووسەکە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ڕیزبەندیی ناو ئەو نوسخەیەی وا لەچاپ دراوە. ڕیزبەندیو دانانی هەڵبەستەکانی ناو کتێبە چاپکراوەکەمان پێشتر نووسیبوو، ئەمەی ناو نوسخەی دەستنووسەکە بەم جۆرەیە (جیاوازیەکانی):

35- بەیانیەکانی مەڕمەڕە

36- بۆ دایکم

37- شەوی پڕ لە کاکێشان

38- لە کەناری دەریادا

39- بڕگە

نوسخەی دەستنووسەکە هەڵبەستێکی زیادی تێدایە کە "بۆ شاعیر خڵووسیی بتلیسی" نووسراوەو لە پێنج دێڕێك پێك هاتووە. هەر دێڕێکی ئەم شیعرە بە پیتێکی ناوی خڵووسی دەست پێدەکاتو کاتێ لەسەرەوە دەیخوێنیتەوە، ناوی خلووسی بە پیتی عەرەبی دیار دەبێ. لە نوسخە چاپکراوەکەدا ئەوە دیاری نەکراوە کە هەڵبەستی شەوی پڕ لە کاکێشان لەکوێ نوسراوە، بەڵام لە نوسخەی دەستنووسەکەدا وتراوە ئەو هەڵبەستە لە ئەستەنبووڵ نووسراوە. لە سەرەتای هەڵبەستی (بۆ دایکم)دا

[35] ساڵنامەی شاری بتلیس 1973، ئەنقەرە، ل166.

ڕوونکردنەوەیەك نووسراوەو ئاماژە کراوە بە بڕگەی یەکەمی شیعرەکە. وا دیارە ئەوە دواترو بە قەڵەمێکی دیکە نووسراوە. ڕوونکردنەوەکە ئەمەیە:
((مەرحوومی کەمال فەوزی لەدوای مردنی سابیر (؟) نەجمەدینی باپیری ئەم بڕگەیەی بۆ حوسنییەی دایکی نووسیوە.))

لە نوسخە چاپکراوەکەدا هەڵبەستێك بەناوی (بڕگە)وە هەیە، بەڵام لەوەی تردا ئەو ناوەی لەسەر دانراوەو لەباتی ئەوە نووسراوە: ((بڕگەیەك لە شیعرەکانی ئەو خوالێخۆشبووە))، دواتر خەتی بەسەردا کێشراوەو ڕەش کراوەتەوە. لە سەرەتای هەڵبەستەکەشدا ئەم ڕوونکردنەوەیە نووسراوە: ((پارچە شیعرێك کە لە دامێنی وێنەی خوالێخۆشبوو کەمال فەوزی نووسراوە.))

بەگوێرەی ستایلی نووسینەکە، دەردەکەوێ ئەوە دواتر بە قەڵەمێکی دیکە نووسرابێ. لەوانەیشە ئەو کەسەی وا ئەم ڕوونکردنەوەیەی نووسیوە، هەر هەمان ئەو کەسە بێ کە ڕوونکردنەوەکەی لەسەر هەڵبەستی "بۆ دایکم" نووسیوە.

## 3. کەمال فەوزی لەدوای یەکەم جەنگی جیهانی

ئیمپڕاتۆریای عوسمانی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا شکستی خواردو لە 1918/10/30دا پەیمانی ئاگربەستی موندرۆس ئیمزا کراو قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئیمپڕاتۆری دەستی پێکرد. ئەم قۆناغە تا 1922/11/21 بەردەوام بوو و نەتەوەو کەمایەتییە ستەم لێکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیی تێدا بەپەلە خۆیان ڕێکخستو داوای مافەکانیان کرد.

دوای داگیرکرانی ئەستەنبووڵ لەلایەن هێزی وڵاتە سەرکەوتوەکانەوە لە 16ی مارتی 1920دا، ئەو دیاردەیە ئاشکراتر بوو. مێژوونووسە کەمالیەکان

زیاتر هەوڵی ئەوەیان داوە هۆکاری دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەکان و کەمایەتیەکان لە تورکیای عوسمانیدا بدەنە پاڵ ئەوەی کە گوایە هەمووی دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە بووە، بەڵام خوازیاری ئەوە نەبوون دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە ئەو نەتەوەو کەمایەتیانە بەر لە هەموو شتێك بۆ خۆیان بەرامبەر بە تورکەکان بێگانەن و جیاوازن و تورك نین و داوای مافی خۆیان کردووە و نەیانویستووە وەك تورکێك بیر بکەنەوەو مافە نەتەوەییەکانیان بکەنە قوربانی. گومانیش لەوەدا نییە کە دەستی دەرەکی لە پەرەسەندنی بزاڤی نەتەوەو کەمایەتیەکاندا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان هەبوە، بەڵام ڕیشەی مەسەلەکە دەچێتەوە بۆ ئەوەی کە بنەمای دەسەڵات و حکوومەتی عوسمانی لەسەر گوشارو نکوولیکردن لە نەتەوەو کەمایەتیەکانی غەیرە تورك دامەزرابوو. ئەگەنا ئەگەر لە دیدگای کەمالیەکانەوە سەیری ڕووداوەکان بکرێ، ئەوسا بە ناچاری دەبێ بەشێکی زۆر (زیاتر لە نیوە)ی دانیشتوانی تورکیا بە بەکرێگیراوی دەرەوەو خیانەتکار بە نیشتمان لەقەڵەم بدرێن. دیارە چەمکی خیانەت بە نیشتمان و نەتەوە لە تورکیا زۆر بەشێوەیەکی سەرپێییانە بەکار هێنراوە.

بەرپرسان و مێژوونووسە تورکەکان هەمیشە چاوپۆشییان کردووە لەوەی کە ئەگەر کەسێك لە هەلومەرجێکدا یەکسانیی نەتەوەیی و دیموکراسیی تێدا نەبن، بە باشی خزمەتی نەتەوەی تورك و نیشتمانەکەی و زۆر بە چاکی کوێلایەتییان بۆ بکات، ئەوکاتە ڕاستەوخۆ ببێتە خیانەتکار دەرهەق بە نەتەوەو نیشتمانەکەی خۆی. ئەگەر ئەم خاڵانە لەبەرچاو نەگیرێن، ئەوسا تێگەیشتن لەو قۆناغەی کە ڕێکخراوە نەتەوەییەکان هەڵی خۆڕێکخستنیان دەست کەوتووەو پێشوازییان لە هێزە بیانیەکان کردووە، زەحمەت دەبێ.

مێـژووی خۆڕێکخستن‌و کاری سیاسـیی نەتـەوەکان‌و کەمـە نەتـەوەکانی تورکیـا خـۆی لەخۆیـدا زۆر کـۆنترە لـەوەی کـە بخرێتـە چوارچـێوەی ئـەو قۆناغەوە؛ بە واتایەکی تر، ئەم ڕێکخراوانە لە خۆیانـەوەو هـەروەها کتـوپڕ لـە سـەردەمی (ئاگربەسـتدا) دروسـت نـەبوون‌و ڕابردوویـەکی تایبـەتیان هەیـە. نەتـەوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی زینـدانی ئیمپڕاتۆریـای عوسمـانی، لـە ڕۆم‌و ئـەلبانی‌و بوڵغـارو سـربو ئـولاهو باشـکم‌و ئەرمـەن‌و کـوردو جوولەکـەو عـەرەبو لازو سوریانی‌یەوە بگـرە تـا چەرکەسـەکان، بەشـێوەی یاسـایی بـێ یـاخود نایاسـایی، لـە سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەهـەم بـەدواوە کەوتوونەتـە جموجووڵ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان.

کوردەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە هـەوڵی ئـەوەیان داوە خۆیـان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییـەکانیان ڕێکبخەن. ئاشکراشـە کـە کوردەکـان زیـاتر لـە پایتـەختی عوسمانیـدا (ئەسـتەنبووڵ) هـەوڵی ئـەوەیان داوە بـۆ ئـەو مەبەسـتە خـۆ ڕێکبخەن. ئـەو سـەردەمە ژمارەیـەکی زۆر کەسـایەتیی نـاودارو ڕۆشـنبیرو بیرۆکـراتو بەرپرسـی حکوومی‌و هێزێکـی گـەورەی کـار (هەنـدێك سەرچـاوە پێیـان وایـە دەیـان هـەزار کـەس بـوون) لـە ئەسـتەنبووڵ ژیـاون[36]، بەشێکی زۆری ئەم کوردانەش لەوێ حەماڵ بوون.

لەدوای ساڵی 1820ـەوە بەشێکی زۆری حەماڵەکانی ئەستەنبووڵ کورد بوون. هەر لەوکاتانەدا گومـان کـراوە گرووپێـك لـەو حەماڵانـە پەیوەنـدییان بـە "یەنی‌چەری" (سەربازی تایبەتی عوسمانی)یەوە هـەبێ، بەشـێکی زۆریـان لـە ئەستـەنبووڵ دەرکـراون‌و ڕێ لـە کـارکردنی هەنـدێکیان لـە گرووپـی حەماڵیـدا

[36] مەمدووح سەلیم لە بابەتێکی گۆڤاری "ژین"یدا باسی ئەوەی کردووە کە 5 تا 10 هەزار کورد لەو سەردەمەدا لە ئەستەنبووڵ ژیاون– "مللی أجتماعی مباحث، اسطنبولده کورد عملەسی"، ژین، ژمارە 25، ل1–3.

گیراوە، لەباتی ئەوانە حەماڵی ئەرمەن لە گرووپە تایبەتەکانی حەماڵیدا وەرگیراون[37]. ((دواتر ساڵی 1896 بەشێك لەو حەماڵە ئەرمەنانە بەشداریی ڕاپەڕینیان کردو بەو بیانوەشەوە دەرکران. تورکەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگاوە هەندێك گرووپی چەتەی تایبەتیان دروست کرد بۆ کوشتنی ئەرمەنەکان، بەتایبەتی حەماڵەکانیان. لەو سەروبەندەدا 5 تا 8 هەزار ئەرمەن کە سەدانیان حەماڵ بوون، بە دەستی ئەو گرووپانە کوژران و ئەوانەشی کە لە دەستی ئەو گرووپە چەتانە ڕزگار بوون، کۆکرانەوەو دوور خرانەوە بۆ شوێنی دیکەو ئەو جێگەیەی کە لێوەی هاتبوون. ئەو بۆشاییەش کە دوای کوشتن و دەرکردنی ئەرمەنەکان لە پیشەی حەماڵیدا دەرکەوت، لەلایەن تورك و کوردەکانەوە کە لەگەڵ ئەرمەنەکاندا لە باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ولاتی عوسمانییەوە هاتبوون پڕکرایەوە، بەو جۆرە کوردەکان بوونە خاوەنی قسەی یەکەم لە پیشەی حەماڵیدا لە ئەستەنبووڵ))[38].

ئەوەش دەزانرێ کە هەندێك لە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەگەر بەشێوەیەکی سنووردارش بێ، دیسان هەندێك کاری ڕێکخستنیان لەنێو حەماڵە کوردەکانی ئەستەنبووڵدا ئەنجام داوە، بەتایبەتی پەیوەندیی سەیید عەبدولقادر لەگەڵ ئەم حەماڵانەدا ئەو سەردەمە زۆر سەرنجڕاکێش بووەو بووەتە بابەتی ناو ڕۆژنامەکانی ئەستەنبووڵ[39].

---

[37] دۆناڵد کواتەرەت، سیاسەتی ئیمپراتۆری عوسمانی دەربارەی هێزی کار: حەماڵەکان و بابی عەلی، 1826–1896، وەرگێڕانی عەلی قارتاڵ، مێژوو و کۆمەڵگا، ئەستەنبووڵ، ژمارە 33، ئەیلوولی 1986، ل45.

[38] دۆناڵد کواتەرەت، هـ. س. پ، ل45–46.

[39] تارق زەفەر تونایا، پارتە سیاسییەکانی تورکیا، بەرگی 2، بلاوکراوەکانی وەقفی حورییەت، 1986، ل191.

تارق زەفەر تونایا لە ڕۆژنامەی "عەلەمدار" کە 7ی حوزەیرانی 1921 دەرچووە، وەریگرتووە.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بێجگە لە حەماڵەکان، لەنێو کرێکارە کوردەکانیشدا کاری ڕێکخستنی کردووە. هەندێك لە سەرچاوەکان سەرۆکی کرێکاران (عەمەلە ڕەئیسی) "ڕەشید ئاغا"شیان بە یەکێك لە دامەزرێنەکان و بەڕێوەبەرانی جەمعییەت لەقەڵەم داوە[40] لە گۆڤار "ژین"دا چەند بابەتێك سەبارەت بە کرێکارە کوردەکانی شاری ئەستەنبووڵ بڵاو کراوەتەوە، یەکێکیان هی مەمدووح سەلیمە[41].

بارودۆخی ئیمپراتۆریی عوسمانی و هەوڵی زیاتری نەتەوەو کەمایەتییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ دابینکردنی مافەکانیان و سەرکەوتنی هەندێکیان لەو ڕووەوە لەلایەکەوە، پێشکەوتنی کاری ڕێکخراوەییی کوردەکان دوای جەنگ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لەلایەکی دیکەوە، وەك هەر کوردێکی وڵاتپارێز، کاریان کردوەتە سەر ئەویش. کەمال فەوزی ئیدی بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداریی لە ڕێکخراوەکانی کورددا کردووەو بووەتە ئەندامی توندڕەوترین ڕێکخراوی کورد. مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێی شیعرو نووسینەکانیەوە، هەست بە پێشکەوتنە فیکرییەکانی کەمال فەوزی بکات. نووسینەکانی کەمال فەوزی دوای یەکەم جەنگی جیهانی زۆر جیاوازییان لەگەڵ ئەوانەی (شیعرەکانی) بەر لە جەنگیدا هەیە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێت ئیدی کەمال فەوزی ئەو قۆناغە پێگەیشتووە.

ئەو، لەو قۆناغەدا ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی ((مەی بخۆرەوە، حەز لە جوانی بکە، دنیا هەیە یان نییە، کەمتەرخەمی و ...)) گرتووەو لە خۆشبەختیی نەتەوەکەیدا بەدوای خۆشی و خۆشبەختیی خۆیدا گەڕاوە.

---

[40] تارق زەفەر تونایا، س. پ، ل186.

[41] گۆڤاری ژین، ژمارە 24، 25.

بـەگوێرەی کـەمال فـەوزی، ((ژیـانی هەتاهـەتایی شـتێکی تایبەتـە بـە کۆمـەڵگا، ئەوانـەی وا بـە هەسـتی نەتـەوەیـی یـەوە کۆمـەڵگا دەکەنـە نموونـە، دەگەنە خۆشی و بەختیاریی ڕاستەقینە)). کەمال فەوزی ئیدی هەستی بەوە کردووە کە نەتەوەی کورد سەدان ساڵە دیل و کۆیلەی ئەمو ئەوە، پێویستە ئازاد بکرێ، بەناوی ئایندەوە وا لە لاوانی کوردی پرسیوەتەوە:
((زیان لە نیوەشی بگەڕێتەوە هەر سوودە، بەڵام ئەگەر ئێوە بە زووترین کات ئـەو سـوودە بەدەسـت نـەهێنن، نـەوەکانی داهـاتوو پرسـیارتان لێ دەکـەن. چاوەکانتان کوێرو گوێکانتان کەڕ بوون؟!))

## 4. چالاکیەکانی کەمال فەوزی لە "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"دا

وەك لە خوارەوە باسی دەکەین، کەمال فەوزی لـە "جەمعییـەتی تـەعالیی کوردستان"دا زۆر چالاك بووەو کاری زۆری ئـەنجام داوە. تـارق زەفـەر تونایـا نـاوی هیزانـی زادە کـەمال فـەوزیی خـستوەتە نـاو لیـستی دامەزرێنـەکان و بەڕێوەبەران و ئەندامە چالاکەکانی جەمعییەتی تـەعالیی کوردستان[42]. کـەمال فەوزی لـە ئیفادەکـانی خۆیـدا لـە دادگـا، باسـی ئـەوەی کـردووە کـە ماوەیـەك کـاتیبی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان بـووە، زیـاتر کـاری نووسـین و ڕاگەیاندنی بۆ جەمعییەت کردووە.

### لە گۆڤاری "ژین"دا

کەمال فەوزی یەکێکی ئەو شاعیرو نووسەرانە بوو کە بابـەتی لـە گۆڤـاری "ژیـن"دا بـڵاو کردوەتـەوە (هـەموویمان لـە بەشـی کۆتـاییی کتێبەکـەدا

[42] تارق زەفەر تونایا، هـ. س .پ، بەرگی 2، ل187.

**کۆکردوەتـــەوە).گۆڤـــاری "ژیـــن" بـــە چـــاودێریی جەمعییـــەتی تـــەعالیی کوردسـتان و جەمعییـەتی تـەعمیمی مـەعاریف و نەشـرییات کـە جەمعییـەتی تەعالی پێکی هێناوە، دەرچووە[43]، [44].**

**هەندێك لە نووسەرە کوردەکان کە سەردەمی بڵاوبوونـەوەی گۆڤاری ژیـن ژیاون، باسی کارو چالاکیەکانی کەمال فـەوزیـیان لـەو گۆڤارەدا کـردووە" بۆ نموونـە، ئـەکرەم جـەمیل پاشـا (1874–1891) لـە بیرەوەریـەکانی خۆیـدا باسـی ئـەوەی کـردووە کـە دوای ڕووداوی گەشـتەکەی نۆئێـل ڕۆیـشتوەتە ئەستەنبووڵ و دواتریش ئەمانەی نووسیوە:**

**((دوای چـەند ڕۆژ پـشوودان، ڕۆیـشتمە نووسـینگەی ڕۆژنامـەی "ژیـن" لـە جادەی بابی عەلی. دوو کـەس لـە هاوڕێ خۆشەویستەکانی خـۆم بینـی کـە بەڕێوەبـەرو نووسـەری ڕۆژنامەکـە بـوون: یـەکیان شـەهیدی بەخـشراو کـەمال فەوزیی بتلیسی و ئەوی تریش مەمدووح سەلیم بەگ بوو. بە داوای شـەهیدی بەخـشراو سـەید عەبـدولقادر ئەفەنـدی کـە سـەرۆکی جەمعییـەت بـوو، بـە ئەندامی کۆمەڵەکە وەرگیرام.**

**هەفتەیـەك دووجـار بەشـداری کۆبوونـەوە بەردەوامـەکانی جەمعییـەت دەبووم. بـە هـەموو توانایـەکی خۆشـەوە کـارم بـۆ ئـەم جەمعییەتـە سیاسـی و یاسـاییەی کوردسـتان دەکـرد. بـەدەر لـە کاروبـاری جەمعییـەت، بووبـووم بـە ئەنـدامی ئیدارەخانـەی "ژیـن" کـە نایاسـایی بـوو، لەلایـەن کۆمـەڵێك گـەنجی هاوتەمـەنی خۆمـەوە بـەڕێوە دەبـرا. زۆربـەی کـاتی خۆمـان لێ دەبـردە سـەر.**

---

[43] بـەگوێرەی قسەی زنـار سـلۆپی، گۆڤـاری ژیـن لەلایـەن جەمعییـەتی هێڤـیـیـەوە دەرکـراوە (زنـار سلۆپی، س. پ، ل59)- زانراویشە کە پەیوەندییەکی قووڵ لـەنێوان ئەندامانی جەمعییـەتی هێڤی و جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا هەبوە.

[44] گۆڤاری ژین، ژمارە 1، 98-99.

بەڕێوەبەرانی ئەم کلووبە غەیرە ڕەسمییە کەمال فەوزیو مەمدووح سەلیم بوون، کە زۆر زیرەكو تێگەیشتوو بوون. زۆربەی گەنجە ڕۆشنبیرەکان سەریان لەوێ دەدا. زۆربەی ئەوانە خوێندنی بەرزیان مەکتەبی عەسکەرییەدا تەواو کردبوو. کەسانی وەك حەمزە، نەجمەدین، سالّح، عەزیز، ئەمین، میهری، فەخری، زیا، عەبدولقادر، نووری، شوکری، ... لەنێو ئەو گەنجانەدا بوون. لەم ماوەی دواییەدا کلووبی ژین وەك نووسینگەی ئەرکانی حەربییەی [جەمعییەتی] تەعالیی کوردستانی لێ هاتبوو. گەنجەکانیش بە ئاشکرا وەك ئەندامانی ئەرکانی حەرب ڕەفتاریان دەکرد))[45]. م. ئەمین زەکیش لەو بارەیەوە بەمجۆرە باسی کردووە:

((... گۆڤارێکە بەناوی "ژین"ـەوە بەشێوەی هەفتانە لە ئەستەنبووڵ دەردەچوو. سەربەخۆیی کوردستانی کردبوە ئامانجی خۆیو بابەتو نووسینی سەبارەت بە ئامانجە بڵاو دەکردەوە. مەمدووح سەلیمو کەمال فەوزی ئەو گۆڤارەیان دەردەکرد. تا ساڵی 1920 (32) ژمارەی لێ چاپ کرا))[46].

بابەتەکانی کەمال فەوزی لە گۆڤاری "ژین"دا جۆراوجۆرن، لە بابەتی فۆلکلۆرییەوە بگرە تا کێشە سیاسیو کۆمەڵاتیەکانی کوردستان، وتاری لەسەر زۆر شت نووسیوە. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوانە، ئاستی تێگەیشتنی سیاسیو کەلتووریی "کەمال فەوزی"مان بۆ دەردەخات. ناوبراو لە نووسینەکانیدا باسی ئەفسانەو بەها میتۆلۆجیەکانی کردووە، ئاماژەی بە کێشەکانی کەلتووری نەتەوەییی کورد داوە. لە هەندێك نووسینیشدا بە

---

[45] ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم، برووکسەل، بڵاوکراوەکانی ئەنستیتووی کورد، 1989، ل51-52.

[46] م. ئەمین زەکی، مێژووی کوردستان، بڵاوکراوەکانی کۆمال، ئەستەنبووڵ، 1977، ل190.

ئاشكرا باسی پێشلكردنی مافه نەتەوەییەكانی كوردی كردووەو گوتوویەتی ئیدی ناوی "كوردستان" بەكار ناهێنرێ‌و كوردە كۆچەرەكان وەزعێكی كارەساتباریان هەیە.

كەمال فەوزی كوردەكانی سەبارەت بەم كێشانە ئاگادار كردوەتەوەو گوتوویە:

((... ئەی لاوە كوردەكان كە هەریەكەتان نیشانەی ئازایەتی‌و قارەمانین، بانگتان دەكەم؛ سەدەی بیستەم بە تەكنیك‌و شارستانی‌و زانست‌و هونەرو تێگەیشتنەوە بەرەو پێش دەچێ‌و گەیشتووەتە ئەم ئاستە، بەڵام بێویژدانەو گوێی كەڕەو چاوەكانیشی كوێرن. لەم دنیایەدا ئەگەر یارمەتی پێویست بێ، هەر لەخۆتەوە دێت.))[47]

**لاو رەشید یاخود لاوێ ڕەشید؟**

لە ژمارەكانی 3و 4و 5و 7و 8ی گۆڤاری "ژین"دا كەسێك بە ناوی "لاوێ ڕەشید"ەوە هەندێك بابەتی بڵاو كردوەتەوە، زیاتر پەیوەندییان بە پەندی پێشینانی كوردانەوە هەیە. م. ئەمین بۆزئارسلان 25 ژمارەی گۆڤاری "ژین"ی لە پیتی عەرەبییەوە كردووە بە لاتینی‌و ناوی ئەو كەسەی بە "لاو ڕەشید" داناوە. بەڵام من پێم‌وایە ئەسڵی ناوەكە "لاوێ ڕەشید" بێ. لاو لە كوردیدا واتای (گەنج- كوڕ- مناڵی كوڕ) دەدات، كاتێ لەگەڵ ڕەشیددا دادەنرێ وەكوو "لاو رەشید" واتای "ڕەشیدی گەنج" دەدات.

ئێمە هیچ زانیارییەكمان لەبەردەستدا نییە دەربارەی ئەوەی كە ئەم "لاو ڕەشید"ە كێیەو م. ئەمین بۆزئارسلانیش دەڵێ نازانم خەڵكی كوێ بووە[48].

---

[47] هیزانزادە كەمال فەوزی، لاپەڕەكانی چارەنووس، چاوەكان كوێرو گوێكان كەڕن، گۆڤاری ژین، بەرگی 3، ژمارە 14، ل628.

[48] گۆڤاری "ئادملار"، ژمارە 25، ل13؛ گۆڤاری "ژین"، بەرگی یەكەم، ل138.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو سەردەمە زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی و بەگوێرەی ئەدەبیاتی فارسی و تورکیی عوسمانی دەنووسرا، مرۆڤ دەتوانێ ئەو ناوەی کە م. ئەمین بۆزئارسلان بە "لاو ڕەشید"ی داناوە، بە "لاوێ ڕەشید" بیخوێنێتەوە کە واتای کوڕی ڕەشید دەدات و ئەمەش مەنتیقیترە لە ناوەکەی تر.

کاتێك زانیم ناوی باوکی کەمال فەوزی ڕەشید بووە، بیرم کردەوە دەبێ ئەو بابەتانەی کە بە ناوی "لاوێ ڕەشید"ەوە لە گۆڤاری "ژین"دا بڵاو کراونەتەوە، هی کەمال فەوزی بن. کاتێ سەیری ناوەڕۆك و شێوازی نووسینی ئەو بابەتانەم کرد، دیسان قەناعەتم سەبارەت بەوە نەگۆڕا. هەڵبەت لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکم لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێ "لاوێ ڕەشید" هەمان کەمال فەوزی بووە، ئەم بۆچوونەی من تەنیا وەك گریمانێك دەمێنێتەوە. پێموایە ئەگەر لێکۆڵینەوەکان ئەم گریمانەی من لەبەرچاو بگرن و بابەتەکانیش بەراورد بکەن، سوودی زیاتری دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەو بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر دەربارەی لاوێ ڕەشید.

لە ژمارەی شەشەمی گۆڤاری "کوردستان"دا کەسێك بە ناوی "ابن الرشید"ەوە بابەتێکی نووسیوە. ڕێی تێدەچێ ئەم "ابن الرشید"و "لاوێ ڕەشید"ە هەر یەك کەس بن، بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاریی پێویستمان لەوبارەیەوە نییە، ئەمەش هەروەك گریمانێك دەمێنێتەوە[49].

## لە گۆڤاری "کوردستان"دا

[49] کوردلردە افکار عمومیە- ابن الرشید، "کوردستان"، ئەستەنبووڵ، ژمارە 6، 21ی ڕەجەبی 1337، ل58-60.

یـەکێکی دیکـە لـەو گۆڤارانـەی کـە کـەمال فـەوزی بابـەتی تێـدا بـڵاو کردوەتـەوە، گۆڤـاری "کوردسـتان"ـە کـە لەلایـەن ئەنـدامانو لایـەنگرانی "جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان"ەوە دەردەکـرا. (بابـەتێکی بـەناوی "کوردستان مجموعەسی مناسبتیلە"وە کە لـە گۆڤـاری "کوردسـتان"دا بڵاو کراوەتەوە، لە بەشی کۆتاییی ئەم کتێبەدا دانراوە)

لـە بابـەتێکی لـەم گۆڤارەیـدا باسـی بایـەخی خودئاگـاییو هۆشـیاریی نەتەوەییی کردووەو گوتوویە: ((ئەگەر هاواری شاعیران کە باسی کارەساتو نەگبەتیو فەلاکەتەکانی سەر نەتەوە دەکەن، لـە نـاو ویـژدانی خەڵکدا دەنگ نەداتەوە، ئەوسا ئەو فرمێسکانەی وا ڕشتوویانە، دەچنەوە نـاو دڵـی خۆیـان. ئەگەر خەڵك خاوەنی خۆی نەبێ، فەریادوناڵەی شاعیرانو هاواری بیرمەندان هیچ ئەنجامێکیان لێ ناکەوێتەوە)).

ئـەم قسانەی کـەمال فـەوزی دەمانخەنـەوە بـیری شـیعرێکی ئەحمـەدی خانی سەبارەت بە هەمان بابەت:

((... ئەگەر بە ئەندازەی پێویست مرۆڤ پەیدا نەبن، بە دوای زانستو ڕەوشت بەرزیـدا بگـەڕێن، زانیـاریو حیکمـەتی هەڵبژاردنـەکان خزمـەتی کـێ دەکـەن؟ بەرهەمـەکانی خـانی پـڕن لـە مرواریـی زانـست، گـشتێکی فـرە لایـەنن، بـەڵام ئەگەر خوێنەر نەبێ، شاعیر بەکەڵکی کێ دێت؟))[50].

کەمال فەوزی بەمجۆرە درێژەی بە بابەتەکەی خۆی داوەو نووسیویە:

[50] جە[مشید] کوردۆ، لەسەر ئەحمەدی خانی، گۆڤاری "ئامانج"، ستۆکهۆڵم، ژمارە 57، ل16.

((ئەگەر خەڵکی بولغار ئەوەندە خافڵ بایەن نەیانتوانیبایە شیعرەکانی کریستۆ بۆتەف[51] بخوێننەوەو لێی تێبگەن، ئایا دەیانتوانی لەڕووی کۆمەلایەتییەوە پێشکەوتن و نوێبوونەوە دروست بکەن.

ئێمەی چەند گەنجێکی کورد (واز لە خەڵکی ئاسایی بهێنە) دەتوانین لە شیعرەکانی نالی[52] تێبگەین؟ لەبەر ئەوەش پێویستە گەنجی کورد بۆ پێشخستن و نووسینی عیرفانی کوردی خۆی ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرە کێشەیەك بکاتەوە، ئەگینا لە داهاتوودا بێهیوا دەبین و بەرەو هەڵدێر دەڕۆین)).

دوای ئەو هەموو ساڵەی کە تێپەڕیوە، ئەگەر ئێستا ئێمە لەباتی کەمال فەوزی هەمان پرسیار بکەین، ئەوسا تێدەگەین چەندە خاڵی بێهێزیمان هەیە، لای ئێمە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا چەند گەنجی کورد لە دیوانەکەی نالی تێدەگەن؟ واز لە تێگەیشتن بهێنن، لە باکووری کوردستان چەند کەس تائێستا ناوی نالی و دیوانەکەیی بیستووە؟

---

[51] کریستۆ بۆتۆۆ یەکێکە لە شاعیرە نەتەوەییەکانی بولغارستان و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە تێکۆشانی نەتەوەیی بولغارەکاندا، دوای مەرگی خۆیشی بوو بە قارەمانێکی نەتەوەیی بولغار. بۆتۆۆ وەك بیرمەندو ڕێکخەرێك بەشداریی لە جوولانەوەی نەتەوەییدا کردووەو بەرهەمی سیاسی و ئەوەبیی زۆر هەن .. هەتا کۆتایی ژیانی سەرۆکایەتیی جوولانەوەی شۆڕشگێری ڕزگاریخوازی بولغاری کردووە. لە شەڕێکی ڕووبەڕوی عوسمانیەکاندا وەك سەرکردەیەك کوژراوە. بۆتۆۆ کەسێکی شۆڕشگێڕو دیموکرات بووە، کاری بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکرات کردووەو جێدەستێکی دیاری لە پێشخستنی شیعری بولغاردا هەبوە– عەزیز چاڵشلار، ئەدیبەکانی جیهان و تورکیا، بەرگی 1، کتێبخانەی ڕەمزی، ئەستەنبووڵ، 1987، ل215.

[52] هەندێك سەرچاوە پێیان وایە نالی کە ناوی ڕاستەقینەی مەلا خدرە ساڵی 1800 لەدایك بووە. بەڵام لە ڕاستیدا ساڵی لەدایکبوون و مردنی ئاشکرا نییە. بە زاراوەی سۆرانی شیعری نووسیوە، لەوەش زیاتر بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیش شیعری هەیە. نالی دیوانێکی شیعری هەیەو لە ئەستەنبووڵ مردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس– فاتیح عەبدولکەریم– محەمەدی مەلا کەریم، ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی، ورمێ، 1364، ل5–74.

## دووکەرتبوونی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان‌و هەڵوێستی کەمال فەوزی

دوای ماوەیـەك کـارکردن، نـاکۆکی لـەنێوان هەنـدێك لـە بەڕێوەبـەرانی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"دا دەرکەوت، بەهۆی بۆچوونی جیاوازەوە جیابوونەوەو لەتبوون لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا پەیدابوو. ئەو ناکۆکیانە دوای لێـدوانێکی "سـەید عەبـدولقادر"ی سـەرۆکی ڕێکخراوەکـە بـۆ ڕۆژنامـەی "ئیقـدام" کـە تێیـدا وتبـووی تـەنیا لایـەنگری لـە ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان دەکات، زەق بووەوە. ئەو لێدوانە لە ساڵی 1920دا بڵاو بووەوە[53]، دواتر بوو بـەهۆی تورەبـوونی ئـەو گرووپـەی کـە ئینگلیزەکـان بـە گرووپـی ڕۆشـنبیران ناوەزدیان دەکردو لە ئەنجامیشدا لەتبوونی جەمعییەتی لیٚ کەوتەوە.

کـەمال فـەوزی خـاوەنی بۆچـوونێکی دیموکراتیانـە بـوو سـەبارەت بـە ڕووداوەکانی دەوروبـەری‌و داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی دەکـردو لەگـەڵ گرووپی ڕۆشنبیرەکاندا لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان جیا بوونەوە.

### لە "جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد"دا

دوای لـەتبوونی جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، ئـەو گرووپـەی کـە کـەمال فـەوزی لەگەڵیانـدا بـوو، "جەمعییـەتی تەشـکیلاتی ئیجتیماعییـەی کورد"یان دامەزراند. ئەمین عالی بەدرخان کە سەرۆکی ئەو ڕێکخـراوە بـوو، لـە 7ی حوزەیرانی سـاڵی 1920دا بەیاننامەیـەکی لـە ڕۆژنامـەی "وەقت"دا بڵاو کـردەوە: ناوەڕۆکەکـەی پیٚسـەلمێنی ئەوەیـە کـە ئـەو جەمعییەتـە زووتـر لـەو مێـژووە دامـەزراوە. ئـەم گرووپـە بـەگوێرەی بەیاننامەکـە، لـە 15ی ئـاداری

---

[53] بـۆ نـاوەڕۆکی ئـەو دیمانەیـە، بڕوانـە: ئیسماعیل گوڵـداش، جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان، بڵاوکراوەکانی دۆز، ئەستەنبووڵ، 1991، ل282–283.

1920دا لـه جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان جیا بوونەتـەوە[54]. بـەگوێرەی قسەی زنـار سـلۆپی، ((وەفـدێکی تەشـکیلاتی ئیجتیماعییـەی کـورد کـە لـە خـەلیل ڕەحمی بـەگی بـەدرخانیو مستەفا پاشا یـامولکیو کـەمال فـەوزیو مـەولانزادە ڕفعـەت بـەگ پێکهـاتبوو، سـاڵی 1921 بەتـەما بـووە لـە ڕێگـای باشووری کوردستانەوە بچێتە باکووری کوردستان[55].

## لە ڕۆژنامەی "ژین"دا

ئـەو گرووپـەی کـە ڕێکخـراوی جەمعییـەتی تەشـکیلاتی ئیجتماعییـەی کوردی دامەزراندو خوازیاری ئەو بوو مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ڕادیکاڵتر چارەسـەر بکـرێ، ڕۆژنامـەی "ژیـن"ی دەرکـرد[56]. زنـار سـلۆپی دەڵـێ ئـەم ڕۆژنامەیە ڕۆژانە دەرچووەو سەبارەت بە نووسینەکانی کەمال فەوزی وەها درێژەی پێداوە:

((کاتـێ ڕۆژنامـەی ژیـن بەشـێوەیەکی ڕۆژانـە دەردەچـوو، کـەمال فـەوزی لـە وتارەکانیـدا زیـاتر مـەنتیقی پارێزگـاریو بـەرگریکردن لـە مافـەکانی کـوردی بـەکار دەهێنـا. ئـەوەش نموونەیـەکی بەرچاوی تاوسـەندنی جۆشوخرۆشـی کەمال فەوزی بوو لە تێکۆشانەکەیدا))[57].

(بابـەتێکی کـەمال فـەوزی بـە نـاوی "کوردسـتان موختارییـەتی"یـەوە کـە لـە ژمـارەی 36ی ئـەم ڕۆژنامەیـەدا بـڵاو کراوەتـەوە، لـە بەشـی کۆتـاییی ئـەم کتێبەدا هێناومانەتەوە)

---

[54] ئیسماعیل گوڵداش، س. پ، ل197-198.

[55] زنار سلۆپی، س. پ، ل99.

[56] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕۆژنامەگەریيا کوردی ل کوردستانا باکوور و ترکیێ، مالمیسانژو مەحموود لەوەندی (1908-1981)، بلاوکراوەکانی ژینا نوو، ئۆپسالا، 1989، ل81-90.

[57] زنار سلۆپی، س. پ، ل92.

### له "پارتی میللەتی کورد"دا (کورد ملت فرقەسی)

بەگوێرەی ئەو بەیاننامەیەی کە ئەمین عالی بەدرخانی سەرۆکی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد 7ی حوزەیرانی 1920 لە ڕۆژنامەی "وقت"دا بڵاوی کردبوەوە، ئەوە دەردەکەوێ کە "کورد میللەت فیرقەسی" بەر لەو مێژووە دامەزراوە. ئەو بەیاننامەیە ئەوەشی تێدا دەردەکەوێ کە ڕێکخراوی "کورد میللەت فیرقەسی"و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد زۆر نزیکی یەکتر بوون و ئەندامەکانیان لە زۆربەی بوارەکاندا وەك یەك بیریان کردوەتەوە. زنار سلۆپی پێی وایە ئەم کەسانەی خوارەوە ئەندامی دەستەی دامەزرێنی ڕێکخراوی "کورد میللەت فیرقەسی" بوون:

1- نەجمەدین حوسەین
2- مەمدووح سەلیم (لە نوێنەرەکانی ڕێکخراوەکە بووە)
3- کەمال فەوزی
4- بابان زادە عەزیز بەگ[58]

### پارتی دیموکراتی کورد "کورد دەموقرات فیرقەسی"

یەکێك لە پارتەکانی دیکەی ئەو سەردەمە "کورد دەمۆقرات فیرقەسی"یە. ئێمە زانیاریمان هەیە لەسەر ئەوەی کە نەجمەدین حوسەین داوای لە حکوومەتی عوسمانی کردووە ڕێگا بدات پارتی دیموکراتی کورد دابمەزرێنێ، بەڵام حکوومەتی عوسمانی ئەو داواکارییەی ڕەت کردوەتەوە. هەروەها دەزانین ئەو کەسانەی کە "کورد میللەت فیرقەسی"یان بەڕێوە بردووە، بە "کوردە دیموکراتەکان" ناوبانگیان دەرکردووە. کاتێ ئەم دوو

---

[58] زنار سلۆپی، س. پ، ل106،60.

ڕێکخراوە دەهێنینە لای یەکتر، ئەوەمان بە بیردا دێت کە ڕێی تێدەچێ[59] بەڕێوەبەرانی "کورد میللەت فیرقەسی"و "کورد دەموٚقرات فیرقەسی" یەك بووبن[60].

## پەیوەندیی کەمال فەوزی بە "جەمعییەتی ئیستیقلالی کورد"ەوە

هەندێك سەرچاوە پێیان وایە جەمعییەتی ئیستیقلالی کورد هەمان کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد یاخود ڕێکخراوی ئازادی بووە. پرۆفیسۆر م. ك. حەسرەتیان پێیوایە ڕێکخراوی ئازادی لەلایەن چەند کەسایەتییەکی ناسراو و ڕۆشنبیری کوردەوەی وەك "میر ئالآی جبرانلی خەلیل بەگ، ڕۆژنامەنووس کەمال فەوزی، د. فوئادو ..."ەوە بەڕێوە براوە[61]. گارۆ ساسونیش لە نووسینەکانی خۆیدا بەوجۆرە باسی کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردی کردووە، بەگوێرەی ئەو: ((... کوردەکان ... سالّی 1920 لەسایەی ئیدارەی "شێخ سەعیدی نەقشبەندی"دا ڕێکخراوێکیان لە ناوخۆدا دروست کرد، کەسە ناودارەکانی جبرانلی خەلیل بەگ، عەلی ڕەزا (نوێنەری بتلیس)، کەمال فەوزیو ... بوون. ئەم ڕێکخراوە وردە وردە ڕێکخستنەکانی خۆی لە سەرتاسەری کوردستاندا پێك هێناو تۆڕێکی گەورەی ڕێکخستنی دامەزراند))[62].

حەسرەتیان لە شوێنێکی دیکەدا بەم جۆرە لەو بابەتە دوواوە:

---

[59] سعید بدل، تاریخچە جنبشهای ملی کرد از قرن نوزدهم تا جنگ جهانی دوم، انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران در خارج از کشور، 1363، ل47.

[60] گۆڤاری ژین، ژمارە 21.

[61] ڕاپەڕینی سالّی 1925ی کوردەکان، م، ئ، حەسرەتیان، د. ك. م. ئەحمەد، جوان، دەزگای چاپو پەخشی ژینانوو، ئۆپسالا، 1985، ل31.

[62] گارۆ ساسونی، س.پ، ل169–170.

((کەمال فەوزی لە ئیفادەکانی خۆیدا لە دادگا باسی ئەوە دەکات کە سەردەمی جەنگ لە ئەستەنبووڵ بووەو ئەندامی دوو جەمعییەتی "تەعالیی کوردستان"و "ویلایاتی شەرقییە" [تا ئەو جێگایەی دەزانرێ، ڕێی تێدەچێ ئەم جەمعییەتە هەمان ڕێکخراوی ئازادی بێ] بووە)). هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە لە یەکێکیاندا بۆ ماوەی دوو مانگ سکرتێر بووە. دواتریش ڕۆژنامەی "ژین"ی دەرکردووە. کەمال فەوزی بەیاننامەی جۆراوجۆری بڵاو کردووەتەوە، لە ڕێگەی خێڵی شرناخ (لە ویلایەتی سیرت)ەوە گەیاندوویەتیە خەڵکی کورد[63].

لەو بڕگەیەی نووسینەکانی "حەسرەتیان"دا کە لەسەرەوە باسمان کرد، لەناو دوو کەوانەی بەردەم "جەمعییەتی ویلایەتی شەرقییە"دا نووسراوە: لەوە دەچێ ئەمە هەمان ڕێکخراوی ئازادی بێ. ئەمە هەڵەیەو دیاریش نییە بۆچوونی حەسرەتیان یاخود هی وەرگێڕ یان دەزگای پەخشەکەیە، چونکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ نەکراوە. لەوەش زیاتر، کەمال فەوزی لە ئیفادەکانیدا کە لە ڕۆژنامەی "وقت"دا بڵاو بوونەتەوە، باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەندامی جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییە بووبێ.

هەرچەندە هەندێك سەرچاوەی دیکە باسی ئەوەی کردووە کە کەمال فەوزی ئەندامی جەمعییەتی ئیستیقلالی کوردستان بووە، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لەوبارەیەوە لەبەردەستدا نییە[64]. سەرەڕای ئەوەی کە وردەکاریەکان ئاشکرا نین، ئاگامان لەوە هەیە کە "جبرانلی خەلیل بەگ"ی

---

[63] پرۆفیسۆر، م. ك. حەسرەتیان، لە ڕۆژنامەی "ئاکشام"ی ڕۆژی 1925/5/12 وەریگرتووە، ل25.

[64] ئوغور مومجوو، ڕاپەڕینی ئیسلامیی کورد 1915 تا 1925، خانەی بڵاوکردنەوەی تەکین، ئەستەنبووڵ، 1991، ل56.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی پەیوەندیی بە ئیسماعیل ئاغای سمکۆوە هەبوە. بۆ نموونە، ئەو سەردەمە کە کەمال فەوزی لەلای ئیسماعیل ئاغای سمکۆ بووە، "حەمدی بەگ"ی نوێنەر (مەبعووس)ی شاری گەنج ڕاپۆرتێکی لەسەر پەیوەندیی سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیو سمکۆ داوەتە حکوومەتی عوسمانیو لە تەلەگرافێکدا بۆ حکوومەت وتوویە: ((وارتۆیی خالید بەگ کە لە ئەرزڕۆم دادەنیشێ، لەگەڵ سلێمان نەجائەتی نوێنەری ئەرزڕومو هاوڕێکانیدا ڕێك کەوتوون لەسەر ئەوەی کە خزمەتی ئامانجە خراپەکانی ئینگلیزەکان بکەن؛ بەو پێیەش لەگەڵ کەسێکدا بەناوی سمکۆوە کە دەستی ڕەشی لەپشتەوەیەو لە دەوروبەری وان ڕاپەڕینی بەرپا کردووە، لە دەوروبەری بتلیسو مووشو گەنجو ... کار بۆ سەربەخۆیی دەکەن))[65].

هەر لەم بارەیەوە ئەحمەد تەقی ڕوونکردنەوەیەکی زۆر گرنگی داوەو وتوویە نامەیەكو شفرەیەکی تایبەتیان پێداوە بۆ ئەوەی بیداتە ئیسماعیل ئاغای سمکۆو بەمجۆرە درێژەی پێداوە:

((دواتر خالید بەگ وەهای فەرموو:

– ئەم قسانەت پێدەڵێم بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی نهێنی ئەم نامەو شفرەیە بدەیتە ئیسماعیل ئاغای سمکۆ. ئەم کارە تەنیا بە نابژیوانیی ئێوە ئەنجام دەدرێ، چونکە تورکەکان متمانەتان پێدەکەن. بە ئیسماعیل ئاغا عەرز بکە هاوکاریی زیاتر بنوێنێو پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕووسەکاندا فراوانتر بکات، بەڵکوو یارمەتیی بدەن. نامەو شفرەکەم وەرگرتو دوای خواحافیزی ڕۆیشتمە ساری قامیش، دواتر بۆ ئەوەی بچمە لای ئیسماعیل ئاغا بۆ وەرگرتنی مەزبەتەی نوێنەران بەرەو باشوورو شاری وان بەڕێ کەوتم.

---

[65] ئوغور مومجوو، س.پ، ل65.

ئیسماعیل ئاغا لەنزیك سنووری ئێران لە گوندێكی كۆنی ئەرمەنەكاندا بەناوی باشقەڵاوە دادەنیشت. كاتێ ڕۆیشتمە لای، "ڕەشید جەودەت"یش لەوێ بوو. هەموو قسەكانی خالید بەگو شفرەكەشم پێگوت.

ئیسماعیل ئاغا زۆر سوپاسی كردمو ڕەشید جەودەتیش گوتی بەڕاستی پێویستە ڕێز لە كاك ئەحمەد بگیرێو سوپاسی بكرێ[66].

بەر لە كۆتایی هێنان بەم بەشە، دەمەوێ تەلگرافێكی (5) كەسایەتیی كورد، كە لە 24ی ئاداری1920دا نووسراوەو كەمال فەوزیشی تێدایە، بۆ "لوید جۆرج"ی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا وەبیرتان بهێنمەوە:

Fo. 371/5068

بەڕێز لوید جۆرج سەرۆك وەزیرانی بریتانیا

ئێمە وەك نوێنەرانی ڕێكخراوە كوردیەكان، بە پێویستمان زانی لەڕێگەی ئەم تەلگرافەوە ڕێزو سوپاسی خۆمان بگەیەنینە جەنابتان، بە بۆنەی ئەو قسانەوە كە 25ی شوبات لە كۆبوونەوەی لۆردەكاندا دەربارەی ڕزگاریی نەتەوەی كورد كردووتانە.

دڵنیاتان دەكەینەوە كە هەقی ئەو متمانەیەی وا هاوپەیمانەكان پێیان كردووین، بەجێدەهێنین، بۆ پێشكەوتن لە سنوورەكانی وڵاتەكەماندا، پێویستیمان بە هاوكاریی جوامێرانەی حكوومەتی ئینگلیز هەیە.

24ی شوباتی1920

1- ئەمین عالی بەدرخان (جێگری سەرۆكی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان)
2- سەلیم بەكر (سكرتێری گشتیی پارتی دیموكراتی كورد)
3- سەبری (سەرۆكی یەكێتیی خوێندكارانی كورد)

---

[66] خەباتی گەلی كورد لە یادداشتەكانی ئەحمەد تەقی دا، ل79-80.

4- کەمال فەوزی (بەناوی ڕاگەیاندنی کوردەوە)*

## 5. موحاکەمەکردنی لەبەر ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید

### کاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید

ئیحسان نووری پاشا کە کاتی ئۆپەراسیۆنی نەستووری وەك ئەفسەر لەنێو سوپای تورکدا کاری دەکرد (دواتریش سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی ئاگریی کرد)، لەگەڵ "مولام تەوفیق جەمیلی ماردینی و خورشید ئەرتووشی و ڕاسیم"دا ڕاپەڕینێکیان لە دژی سوپای تورك سازکرد[67]، حکوومەت ساڵی 1924 "یووسف زیا بەگ"ی نوێنەری پێشووی شاری بتلیس و جبرانلی خالیدی بە تۆمەتی ئەوەی کە ئەوانەیان بۆ ڕاپەڕین هانداوە و خەڵکیان وروژاندووە، دەستگیر کرد[68]. ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیش ماوەی مانگ و نیوێك دوای ئەم ڕووداوانە لە پیران دەستی پێکرد*.

دەوڵەتی تورك لە ساڵانی بیستدا تیرۆرێکی تایبەتی بەرامبەر بە خەڵکی کورد پێڕەو دەکردو سیاسەتی خۆی لە ئاستی کورددا لەسەر بنەمای زوڵم و ستەم دارشت. گرنگترین تایبەتمەندیی ئیدارەی حکوومەتی تورکیا لەم

---

* سەرچاوە: ئەحمەد مەسعوود، کورد لە بەڵگەنامەکانی بریتانیا 1918-1958، بڵاوکراوەکانی دۆز، ئەستەنبووڵ، 1992، ل131.

[67] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕاپەڕینی بەیتو شەباب، بڕوانە: - ڕۆبەرت ئۆڵسۆن "The Emergence of Kurdish Nationalism and The sheikh Said Rebellian.1980-1925, university of Texas press, Austin, 1989".

- جەمیل گونوغلدە،، "ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1924 لە بەیتو شەباب و کاریگەریی سەرهەڵدانەکەی شێخ سەعید، ڕەوشەن، ئەستەنبووڵ، ژمارە 7، ل5-18.

[68] ڕۆبەرت ئولسۆن، س. پ.

* جبرانلی خالیدو یووسف زیا بەگ لە 14ی نیسانی 1925دا تیرباران کران (ئوغور مومجوو، س. پ.، ل240).

**ساڵانەدا، ئەوەیە کە سیاسەتێکی شۆڤینیانەی بەناوی تورکیایەتییەوە پێڕەو دەکرد. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەشدا، هەموو نەتەوەو کەمایەتیە ناتورکەکان (غەیرە تورکەکان)، لە سەرووی هەمووشیانەوە کورد، زوڵمی زۆریان لێکراو هەموو مافەکانیان زەوتکراو گوشارێکی زۆریان خرایە سەر. بۆ نموونە، زمانی کوردی قەدەغە کراو لە پلانی ناسراو بە ڕیفۆرمی ڕۆژهەڵات (شەرق ئیسلاحات پلانی)دا ئەوە بە ڕەسمی ڕاگەیەنراو بڕیاری سزادانی ئەو کەسانەش درا کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن.**

**ساڵی 1924 ڕێکخراوی (تورک ئۆجاقلاری) دووبارە دامەزرایەوەو بە پشتیوانیی حکوومەت سیاسەتی شۆڤێنیانەی ئیتیحادو تەرەقیی زیندوو کردەوەو فراوانتری کرد. بەگوێرەی ڕۆژنامەی "وقت" (27ی نیسانی 1925) وەفدێکی تورک ئۆجاقلاری سەردانی عیسمەت پاشای سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیای کرد. عیسمەت پاشا لەو دیدارەدا پێی وتن: ((نەتەوەی تورك لە سەرووی هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم جیهانەدایە، ئەوانەی وا ئەمە قبووڵ ناکەن، لە حاڵی حازردا دژایەتیی ئێمە دەکەن)). کەسێکی "محەمەد ئاسم" ناو بابەتێکی بەناوی "سیاسەتی تورکایەتی"یەوە لە ژمارەی ڕۆژی 35ی نیسانی 1925ی ڕۆژنامەی "وقت"دا بڵاو کردوەتەوە، باسی ئەوەی تێدا کردووە کە لە بەڵگەنامەی دیدارەکانی تورك ئوجاقلاریدا، لەگەڵ مستەفا کەمال ئاتاتورکدا، ئەوە باسکراوە کە ئەتاتورك جارێك بە وەفدێکی تورك ئوجاقلاریی گوتووە: شۆڕشی کۆماری تورکیا بە پشتیوانیی تورك ئوجاقلاری سەرکەوتووە)).**

**محەمەد ئاسم بەمجۆرەش کۆتاییی بە بابەتەکی هێناوە:**

**((هەموو ئەو شتانەی کە لە سنووری تورکیادان، هی نەتەوەی تورکن. تەنیا ئەوانەی کە بە نیازپاکییەکی تەواوەوە ئەمە قبووڵ بکەن، دەتوانن لە تورکیا بژین. ئەوانەش کە ئەمە قبووڵ ناکەن، هیچ مافێکیان بەسەر خاکی تورکانەوە نابێ)).**

لە کۆنگرەی "تورك ئوجاقلاری"دا کە 29ی نیسانی 1925 بەستراوە، (12) کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە کە یەکیان "لەتیفە غازی"ی ژنی مستەفا کەمال ئاتاتورك بووەو کەسانی وەك ئاغا ئوغڵوو ئەحمەد، حەمدوڵڵا سوبحی و مەحموود جەلال (بایار)ی بەڕێوەبەری بانکی کاریشی تێدا بوون. حەمدوڵڵا سوبحی بۆ خۆی ساڵی 1925 وەزیری پەروەردە (مەعاریف) بووەو لە 3ی نیسانی 1930دا باسی هاوشێوەیی و لێکچوونی نەتەوەخوازیی تورك و فاشیزمی کردووە[69].

بەڕێوەبەرایەتی تورکیاو ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتە کە لە خزمەتیاندا بوون، جگە لە زەوتکردنی سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوە غەیرە تورکەکان، نکوولییان لە بوونی نەتەوەو کەمایەتیی غەیرە تورکیش دەکرد. بۆ نموونە، دەکرێ لە ساڵانی بیستدا بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکاندا چاومان بە هەواڵی لەم جۆرە بکەوێ:

((لقی ترابزوونی تورك ئوجاقلاری بەیاننامەیەکی سەرنجڕاکێشی بڵاو کردەوە: لاز نییە!)) (17ی حوزەیرانی 1926- لە ڕۆژنامەی جەمهوورییەت)[70]

((لە تورکیا، لە تورکی بەدەر، بە هیچ زمانێکی دیکە قسە ناکرێ! ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کۆلێجی یاسا لە کۆنگرەکەیاندا کە دوێنێ بەڕێوە چوو، ئەو قەناعەت و بڕیارەیان لەسەر ئەم بابەتە لەلا گەڵاڵە بووە کە بۆ ڕێگرتن لەوەی وا لە تورکیا لە زمانی تورکی بەدەر بە هیچ زمانێکی دیکە قسە نەکرێ، ڕێوشوێنی یاسایی بگرنە بەرو سەر لە دەسەڵاتداران و

---

[69] مەتە تونچای، ئیدارەی تاك حیزبی لە تورکیا 1923-1931، بڵاوکراوەکانی یوڕت، ئەنقەرە، 1981، ل297.

[70] مەتە تونچای، س. پ، ل301.

دامودەزگا حکوومیەکان بدەن.)) (14ی کانوونی دووەمی 1928، ڕۆژنامەی "وقت")[71].

ئەگەر باش بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەم بڕیارو بۆچوونانە چۆن دەبێ هی خوێندکارانی کۆلێجی یاسا بن، ئەوسا تێدەگەین ئەم کۆلێجی یاسایە کەوا سەرۆکی فەخریەکەشی خودی مستەفا کەمال ئاتاتورك بووە، چ شتێکی تێکەڵ‌وپێکەڵە[72].

**با بگەڕێینەوە سەر باسی کەمال فەوزی؛**
**موحاکەمەکردنی کەمال فەوزی**

بەگوێرەی زنار سلۆپی: ((سەرەڕای ئەوەی کە کەمال فەوزی دوورونزیك هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1925ەوە نەبوە، بەرپرسانی حکوومەتی تورك بەهۆی بیرو بۆچوون‌و نووسینەکانیەوە کە گوزارشتیان لە هەستە نەتەوەییەکانی دەکرد، بە ناهەق لەسێدارەیان دا. کەمال فەوزی کەسایەتییەکی وڵاتپارێز بوو، ئامادەبوو هەموو جۆرە فیداکارییەك لەپێناوی نەتەوەکەیدا بکات. پێویستە لاوانی کورد بە ڕێزو حورمەتەوە یادی ئەو کەسایەتیە فیداکارە بکەنەوەو بیکەن بە نموونەیەك بۆ خۆیان‌و پەند لە ژیانەکەی وەربگرن))[73]. باشە موحاکەمەکردنەکەی کەمال فەوزی چۆن بەڕێوە چوو؟ بۆ تێگەیشتن لەمە، لێکۆڵینەوەکەم لەسەر ڕۆژنامەی "وقت" ئەنجام دا. خوێنەروار پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە ئەم ڕۆژنامەیە

---

[71] مەتە تونچای، س. پ، ل301.

[72] مەکتەبی حقووقی ئەنقەرە لە ساڵی 1925دا دامەزراوە، مستەفا کەمال ئاتاتورکیش بە سەرۆکی فەخریی کۆلێژەکە هەڵبژێردرا– مەتە تونچای، س. پ، ل172.

[73] زنار سلۆپی، س. پ، ل99.

بۆچوونی نەتەوەخوازیی تورك و خەتی فیکریی ڕەگەزپەرستانەی ئیتیحادو تەرەقیی بڵاوکردوەتەوەو هەڵگری ئەو دیدگایانەش بووە[74].

لە ژمارەی 29ی نیسانی 1925ی ڕۆژنامەی "وقت"دا هەواڵێك بەناوی "شرق استقلال محكمەسندە" (لە دادگای ئیستیقلالی ڕۆژهەڵاتدا)وە بڵاو کراوەتەوە، باسی ئەوەی تێدا کراوە کە کەمال فەوزی ڕۆژی 28ی نیسانی 1925 دادگایی کراوە.

جێی ئاماژەپێکردنە، ڕۆژنامەکە ئەو هەواڵەی پشتبەستوو بە تەلگرافێکی "ناشید هەقی"ی پەیامنێری خۆی لە شاری دیاربەکر بڵاو کردوەتەوە. وەك لە درێژەی هەواڵەکەدا وتراوە: ((دادگا کەمال فەوزیی نووسەری ڕۆژنامەی "ژین"و کاتبی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی بە تۆمەتی هاندان و ورووژاندنی خێڵەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدان دادگایی کردووە؛ کەمال فەوزیش بۆ خۆی دانی بەوەدا ناوە کە لە سەردەمی ئاگربەست (جەنگ)دا کاری کردووە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی بۆ کوردان. هەر لەو بارەیەشەوە کۆمیسارییای سنوورو فەرماندەییی لقی سوپا لەوێ یادداشتنامەیەکیان داوەتە دادگا)).

"جەعفەر تەیار پاشا"ی دادوەر داوای کردووە کۆمیسێری سنوور لە دادگا شایەتی بدات، بەڵام وەفدی دادگاکە ئەوەی بە پێویست نەزانیوە. کاتێ داواکاری گشتی داوانامەکەی لە دادگا خوێندوەتەوە، هەواڵی ئەوە بڵاو کراوەتەوە کە سەید عەبدولقادرو سەید محەمەدی کوڕی و سەعیدە کوێری پاڵۆیی و نازیف خۆشناویان لە ئەستەنبووڵەوە هێناوەتە دیاربەکر. لەبەر ئەوەی مەسەلەکەی ئەوانیش پەیوەندیی بە موحاکەمەکردنەکەی کەمال

---

[74] تارق زەرفەر تونایا، پارتی سیاسی لە تورکیا، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی وەقفی حوڕییەت، ئەستەنبووڵ، 1990، ل145.

فـەوزیـیـەوە هــەبوە، بڕیــار دراوە لــە موحاکەمەکردنەکــەی کــەمال فــەوزی بکۆڵینـەوە، پێویـستە هەنـدێك شـت دەربـارەی ناشـید هـەقی بڵـێین کـە ئـەو زانیاریانـەی داوەتـە ڕۆژنامـەی "وقـت". نـاوبراو، کەسـێك بـووە لـە دیـدگای کەمالیـستەکانەوە سـەیری مەسـەلەکانی کـردووە، زۆرجـاریش شـیکردنەوەی لەســەر هــەواڵێکی نادروســت ئــەنجام داوە، کــە لەوانەیــە لێکۆڵــەرەوە بــەبێ ڕەچاوکردنی ئەمانە بکەوێتە ناو هەڵەوە.

### ناشیت هەقی[ئوڵووغ] کێیە؟

ناشیت هەقی (ساڵی 1902 لەدایك بووە) دوای ڕۆژنامەی "وقت"، ((کرا بـە بەڕێوەبـەری نووسـینی ڕۆژنامـەی "حاکمییـەتی میللییـە" کـە بـە فـەرمانی خـودی کـەمال ئـەتاتورك دەردەکـرا)). وردەکاریـەکانی پیـشەی ڕۆژنامـەوانیی لەم ڕۆژنامەیەدا فێر بوو. دوای ئەوەش کە حاکمییەتی میللییە گۆڕاو بوو بە ڕۆژنامـەی "ئولـوس"، بـوو بـە بەڕێوەبـەری گشتیی دەسـتەی دامەزرێنـەکانی ئولوس. دوای ئەوەش کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیـەنراوە ڕەسمییـەکانی یـەکێتیی ڕاگەیانـدنی تـورك. لـە چـەندین ڕێکخـراو و دامودەزگـای جیـاوازدا ئـەرکی وەرگـرتو لـە ڕێگـای ئەوانەشـەوە وڵاتـانی وەك ئـەڵمانیا، بریتانیـا، فەرەنسا، سویسرا، دانیمارك، سوید، فنلەندا، ئیتاڵیا و میسر گەڕا[75].

بەگوێرەی ئیسماعیل بێشکچی، ((ناشیت هەقی تایبەتمەندیی کەسێکی سیخوڕی هـەبوە. لەبـەر ئەوەش مستەفا کـەمال پاشا کە بۆ خـۆی سـەرۆکی پـارتی گـەلی کۆمـاریو سـەرۆکی تورکیـاش بـوو، بـە فـەرمانی تایبـەتی خـۆی ئـەوی کـردووە بـە نوێنـەری پەرلـەمان. بـۆ خۆیـشی لـە سـەرووی ئـەو چـەند

[75] ئەنسیکلۆپیدیای تورك، خانەی چاپو پەخشی پەروەردەی نەتەوەیی، ئەنقەرە، 1972، بەرگی 33، ل5-6.

**ڕۆژنامەنووســەوە دێــت کــە توانیویانــە مۆڵــەتی گــەڕان لــە کوردســتاندا وەربگـرن))[76]. دوای ڕاپەڕینەکەی شێخ سـەعیدی پیران وەك ڕۆژنامـەنووس چـاودێریی دادگــای ئیــستیقلالی شــەرقی کــردووەو لــە ڕاگەیاندنەکانــدا بۆچوونەکانی خۆی بڵاو کردوەتەوە. لەگەڵ ژمارەیەك لە ژەنراڵەکاندا ساڵی 1925 بـۆ کـاری وردکردنــەوەو بەدواداچــوون چــووەتە دێرســیم[77]. دوای ئەوەش کتێبو وتاری جۆراوجۆری لەسەر ئەو بابەتە نووسیوە[78].**

**ناشیت هەقی نوێنەری شاری (کوتاهیا)ش بووە لە پەرلـەمانی تورکیا، سـاڵی 1934 سـەبارەت بـە یاسـای بـەناوبانگی نیـشتەجێکردنی زۆرەملێـی کوردەکان ئاوای وتووە:**

**((هاوڕێیـانی خۆشەویستم، یاسـای نیـشتەجێکردن دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە هـەموو کـەس بتوانـێ لـەم خاکـەدا بـژیو نـەوەی دەوڵەمەنـدو بـاش دروسـت دەکاتو شەرەفی تورکایەتی دەبەخشێتە ئەو کەسانەی کە لەم خاکەدا دەژینو یەکێکە لە گرنگترین یاساکان (سەرەکیترین یاسا)ی شۆڕشی نوێ))[79].**

**ناشیت هەقی چەند کتێبی نووسیوە کە بەم جۆرەن:**

1- **دەرەبەگو دێرسیم، ئەنقەرە، 1932.**

2- **تونجەلی دەروازەی خۆی بەرەوڕووی شارستانێتی دەکاتـەوە، چاپخانەی جەمهوورییەت، ئەستەنبووڵ، 1939.**

---

[76] ئیسماعیل بێشکچی، یاسای تونجەلی (1935)و جینۆسایدی دێرسیم، بڵاوکراوەکانی بەڵگە، ئەستەنبووڵ، 1990، ل145.

[77] ناشـیت هــەقی (ئۆڵـوغ)، تونجــەلی (دێرســیم) دەروازەی خــۆی بــۆ شارســتانێتی دەکاتــەوە، ئەستەنبووڵ، 1939، ل141.

[78] ئەنسکلۆپیدیای مێژووی نزیك، بڵاوکراوەکانی یەنی نەسیل، ئەستەنبووڵ، 1989، بەرگی 10، ل63.

[79] ئیسماعیل بێشکچی، (زانست، ئایدۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت، دیموکراسیو کێشەی کورد)، بڵاوکراوەکانی ئالان، ئەستەنبووڵ، 1990، ل78-79.

3- 50 هەمین ساڵیادی داستانی چەناقەلعە.
4- تورکیا بەرامبەر بە ئیمپریالیزم (1922-1924)، 1973.
5- سێ شۆڕشی گەورە، بڵاوکراوەکانی ئاق، ئەستەنبووڵ، 1973.
6- شەڕی ڕزگاریو ڕەهەندە سیاسیەکانی، بڵاوکراوەکانی میللییەت، ئەستەنبووڵ، 1973.
7- ئەتاتورکی هاوشاریمان- بڵاوکراوە کەلتووریەکانی بەنکی کار (1974).

## کەمال فەوزی موحاکەمە کرا

ناشیت هەقی 29ی نیسانی 1925 لە دیاربەکرەوە بابەتێکی سەبارەت بە کەمال فەوزی بۆ ڕۆژنامەی "وقت" ناردووە کە 12ی مایسی 1925 بەناوی "کەمال فەوزی کێیەو چیی کردووە؟"وە بڵاوی کردوەتەوە کە بەمجۆرەیە

((دادگای ئیستیقلال دوای پشووی جەژن بۆ جاری یەکەم کۆدەبوەوە، هەوا زۆر گەرم بوو. گوێگرانی دادگاکە زووتر جێگای خۆیانیان گرتبوو، ساڵۆنی دادگاکەیان لێ پڕبوو. هەموو کەس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەفسەرێکی خانەنشینی تەماعکاری وەك کەمال فەوزی کە دوای ویستە فرەخوازییەکانی خۆی کەوتبوو، بهێننە بەردەم دادگا. وەفدی دادگاکە سێ کەس بووە بە ناوەکانی مەزهەر موفید، عەلی صائیبو موفید بەگ. سورەییا بەگیش سەرۆکی دادگاکە بوو. هەر کەس لە جێگای خۆی دانیشت. داوای تاوانباریان کردو کەمال فەوزی هاتە ژوورەوە. تاوانباری لاوازو کورتە باڵا کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بە شەلەشەل هاتو لە شوێنی خۆی دانیشت. سەیری ئەملاو ئەولای خۆی کرد. نازانم لەبەرچی بوو دەستو قاچی دەلەرزینو مرۆڤ پێکەنینی بەو حاڵەتەی تاوانبار دەهات)).

ئـەم پـەیامنێرەی ڕۆژنامـەی "وقـت" لـە هەنـدێك ژمـارەی دیکـەی ڕۆژنامەکـەدا سـەبارەت بـە تاوانبـارانی مەحکەمـەی ئیـستیقلال چـەند ناسـاندنێکی وەك "ڕەنگـی زەرد هەڵگـەڕابوو"، "دەسـتو پێـی دەلـەرزین"، "ڕەش داگەڕابوو" چـەندین جار بـەکار هێنـاوە؛ بـەو جـۆرەش ویـستوویەتی سووکایەتییان پێبکاتو لـەڕووی جەستەییشەوە وەك کەسانی مەترسیدار نیشانی خوێندەوارانیان بدات.

س

## ئیددیعانامە (داوانامە)و حوکمەکان

ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی "وقت" بەم شێوەیە درێژەی پێداوە:

(( سەرۆکی دادگا وتی:

– ناوی خۆتانو باوکتان چین؟ خەڵکی کوێنو چ کارێك دەکەن؟

– نـاوم کـەمال فـەوزییـە، نـاوی باوکیـشم ڕەشـیدە. خـەڵکی گـەڕەکی (تـاش مەحەللەسـی)ی بتلیـسمو سـاڵی 1307 (1891-1892) لـەدایك بـووم. نووسەرم، بەڵام کاری پارێزەریو مامۆستاییش دەکەم. لە مەکتەبی حقووق [م: کۆلێژی یاسا] نەمخوێندووە.

داوانامەی داواکار خوێنرایەوە:

کەسێ بە ناوی کەمال فەوزییەوە؛ ئەندامی جەمعییەتی کورد بووە کە بە ئامـانجی سـەربەخۆیی کـورد دامـەزراوە؛ بـۆ خـۆی شـوێنو ماوایـەکی دیـاریکراوی نییـەو لـە حـاڵی حازریـشدا لـەژێر چاودێریدایە. نـاوبراو کـە خەڵکی بتلیسە، لەمێـژە هاوکاریی هەندێك لەو شێخە سەرهەڵداوانە دەکات کـە داوای سـەربەخۆیی دەکـەنو بـەردەوام کـاری کـردووە بـۆ وروژانـدنو هاندانی خێڵەکانی سەر بە حکوومەت بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین، لەبەر ئەوە بەگوێرەی پێویستیەکان داوای موحاکەمەکردنی دەکەم.

**سـەرۆکی دادگـا (دادوەر): کـەمال فـەوزی ئەفەنـدی! بـاش گـوێبگرە، هەندێك بەڵگەی سەبارەت بە ئێوە دەخوێندرێتەوە.**

**جەعفەر تەیار پاشا فەرماندەی لقی حەوتەمی سوپا نووسراوێکی بە شفرە بۆ فەرماندەیی گشتیی سوپا (ئەرکانی حەربییەی عموومییە) ناردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

**نووسراوەکەی جەعفەر تەیار پاشا فەرماندەی لقی حەوتەمی سوپا**

**((کەمال فەوزی سالآنی جەنگ لە زاخۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ڕێك کەوتووە لەسەر ئەوەی کە کوردایەتی بکاتو سالآنێکی زۆریش لەگەڵ شێخ مەحموود [م. مەبەستی شێخ مەحموودی بەرزنجییە] و سەیید تەهادا کاری کردووەو بووە بە پیاوی فیداکاری ئەوانو لە ڕێگای ئاغاکانی شڕناخەوە هاتووەتە ناو وڵاتو ڕەخنەی لە کردەوەکانی حکوومەتەکەمان گرتووەو شێتانە کاری کردووە بۆ ورووژاندنو هاندانی خێڵەکانی سەر بە حکوومەت بۆ سەرهەڵدانو ڕاپەڕین. ڕاپۆرتی کارو کردەوەکانی ناوبراو کە ویستوویەتی خراپەکاری بکاتو هەندێکی نووسینەکانیمان پێشکەشی فەرماندەیی گشتیی سوپا کردووە.))**

(1924) 1340/8/6

**وەك لە نووسراوەکانی شفرەکەی جەعفەر تەیار پاشادا دەردەکەوێ، بەڕێوەبەرانی تورك پەیوەندیکردنی کەسانێکی وڵاتپارێزی وەك کەمال فەوزییان لەگەڵ شێخ مەحموودو ئەواندا پێ باش نەبووەو وەك تاوان سەیریان کردووە. بەڵام خودی ئەو کەمالیستانە هەزارویەك ڕێگەیان تاقی کردوەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێخ مەحموودو سەیید تەهادا ڕێککەوتن ساز بکەن.**

**تەنانەت ئەوەش دەزانرێ کە چۆن خودی مستەفا کەمال لە کۆنگرەکانی ئەرزڕۆم و سیواسدا، بۆ بەدەستهێنانی ڕاو ڕەزامەندیی ئاغاو شێخە کوردەکان، مەراییی بۆ کردوون. مستەفا کەمال ساڵی 1919 نامەیەکی بۆ شێخ مەحموود نووسیوە، بەمجۆرە دەستی پێکردووە: ((ئێوە کەسانێکی وڵاتپارێزو فیداکارن، هاودینی ئێمەن)) و لە کۆتاییەکەشیدا وتوویە: ((چاوەکانتان ماچ دەکەم، ئەفەندم)). گومان لەوەدا نییە کە کەمالیستەکان تا نیوەی ساڵی 1923 لە هەوڵ و تەقەلادا بوون بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی شێخ مەحموودو هەموو کارێکیان دەکرد. بەڵام کاتێک کەمال فەوزی پەیوەندیی پێوە کردووە، ئەوە بووە بە تاوان.**

**ئەمەش دەقی نامەکەی مستەفا کەمالە بۆ حەزرەتی شێخ مەحموودی بەرزنجی:**

**((... هەرکەس دەزانێ کە جەنابتان وەفاتان بۆ سەڵتەنەتی عوسمانی هەیەو بایەخێکی زۆر دەدەن بە بارودۆخی وڵاتە خۆشەویستەکەمان و هەموولایەکیش ئەمانەی جەنابتانی پێ قبووڵە. ئەنجامە خراپەکانی یەکەم جەنگی جیهانی هەل و دەرفەتێکی زۆری خستوەتە دەستی دوژمنەکانمان، ئەو هێرش و قەتڵوعامەی کە بۆ سەر وڵات و خەڵکەکەمان دەکرێن، گەیشتوەتە ئاستێك کە ئیدی قبووڵ ناکرێ. هیچ موسڵمانێك ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە خەلافەت و سەڵتەنەت لەناو بچن و وڵاتەکەمان بکەوێتە ژێر دەستی ئەرمەنەکان و خەڵکەکەمان ببنە ئەسیری ئەوان. دوژمنانمان لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدان بۆ پارچەکردنی وڵات و دیلکردنی خەڵکەکەمان. حکوومەتی ئەستەنبووڵ کە هێزی خۆی لە خەڵك وەرناگرێ و وەك ئەسیر وایە، لەبەر بێهێزیی خۆی نەیتوانیوە هیچ بکات.**

خەڵك، جگە لەوەی کە وەك یەکەیەك هێزی خۆی پیشانی دنیا بدات، هیچ ڕێگەچارەو پشتیوانێکی نەماوەتەوە. لەبەر ئەوە من کە تێگەیشتم پۆستە ڕەسمیەکەم ئاستەنگە لەبەردەم ئەوەی کە بتوانم لەوبارەیەوە خزمەتی خەڵکەکەم بکەم، وازم هێناو بڕیارم دا لەگەڵ ئەواندا و لەناو ئەواندا کار بۆ ڕزگارییان بکەم. پێموایە کەسانی وڵاتپارێزو فیداکارو هاودینی وەك ئێوە لەم ڕێگایەدا هاوکارم دەبن و پێکەوە کار دەکەین. ئەمجارە هەندێك لە بەیاننامەو پێڕەوەکەی کۆنگرەی ئەرزڕۆمتان بۆ دەنێرم. تکاتان لێ دەکەم لەو ناوچەیەدا هەوڵی پەرەپێدانی تەشکیلاتی نەتەوەییمان بدەن. لەو باوەڕەشدام کۆنگرەی سیواس کە بڕیارە بەم زووانە ببەسترێ، ئەنجامی باشترو بەسوودترمان لێ دەستدەکەوێ. پێویستە لەو ناوچەیەدا ڕێگا لە کاریگەریی پروپاگەندەی ئینگلیزەکان بگیرێ. خودای گەورە هەموومان بەرەو سەرکەوتن بەرێ. چاوەکانتان ماچ دەکەم، ئەفەندم))[80].

"موفەتیشی پێشووی لقی سێیەمی سوپا

مستەفا کەمال"

مستەفا کەمال نامەی هاوشێوەی ئەو نامەیەی کە بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجیی ناردووە، لە 10ی ئابی 1919دا بۆ حاجی مووسا بەگی سەرۆکی خێڵی موتکی و لە 13ی ئابدا بۆ کوفرەوی زادە شێخ عەبدولباقی بتلیسی و عەبدوڕەحمان ئاغای شڕناخی و عومەر ئاغای دیرشولی (دێرشەولی) و

[80] ئیسماعیل بێشکچی، زانست، ئایدۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت، دیموکراسی و کێشەی کورد، ل78-79.

ڕەسوولْ ئاغای موشارلیو شێخ زیائەدینی نوورشینلیو جەمیلیێ چەتۆ لە گارزان، نووسیوە[81].

ئەو کاتانەی مستەفا کەمالو دارو دەستەکەی نامەیان بۆ ئاغاو شێخە کوردەکان نووسیوە، هەوڵی ئەوەشیان داوە لەگەڵ ئەندامانی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"دا ڕێك بکەون[82]. لەلایەکی دیکەشەوە، هەموو کارێکیان کردووە بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێشکەوتنی جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد بگرن. بۆ نموونە، لە عەرەبگیرو دێرسیم ڕێگەیان لە کارو چالاکیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان گرتووەو بە قسەی تارق زەفەر تونایا ((کەوتوەتە دژایەتیکردنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ... لە دیدارەکانی ئاماسیاشدا مەسەلەی کوردو باشووری ئەنادۆڵ یەکێك بووە لە بابەتە سەرەکیەکان))[83].

ئەوەش دەزانرێ کە بریتانیەکان لەم سەردەمەدا بۆ کەڵكوەرگرتن لە کوردەکان پەیوەندییان کردووە بەو کوردانەوە کە لەژێر دەستی تورکیادا ماونەتەوەو کەمالیستەکانیش پەیوەندییان بەو کوردانەوە کردووە کە لەژێر دەستی ئێراندا بوون (سمکۆ).

با بچینەوە سەر باسی داوانامەکەی کەمال فەوزی:

---

[81] غازی مستەفا کەمال ئەتاتورك، د. حفزی وەلدەت وەلی دەدە ئوغڵوو، بەرگی 3، بەڵگەکانی ژمارەی 47، 48، 49، 52، 53.

[82] بۆ نموونە: لەو تەلگرافەدا کە مستەفا کەمال بۆ والیی دیاربەکری نووسیوە، وتوویە: لەم وەزعەدا پێشنیاری ئەوەتان بۆ دەکەم کە یارمەتیی دامەزراندنی لقی دیاربەکری جەمعییەتی ئەوان بدەن. هەروەها گونجاویشەوە کە دیدارو پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی جەمعییەتی کورددا ئەنجام بدرێ – غازی مستەفا کەمال، بەرگی سێیەم، بەڵگەی 9.

[83] تارق زەفەر تونایا، س. پ، بەرگی 2، ل210.

**یەکێکی دیکە لەو نووسنە شفرەدارانە کە لە دادگادا خوێنراونەتەوە، هی کەسێك بووە بەناوی والی شەوقییەوەو ئەمە دەقەکەیەتی:**

**نووسراوەکەی والی شەوقی**

**((هەرچەندە گوتراوە کەمال فەوزیو عەلی خلۆوسی[84] لەلایەن قایمقامییەتی مەحموودییەوە بخرێنە بەر چاودێری، بەڵام ئەوە ڕوون نییە کە ئایا دەستگیر بکرێن یان نا. بفەرموون بۆ کاری پێویست.))**

(1924) 1340/5/12

**یەکێکی دیکە لەو بەڵگانەی کە دراونەتە دادگا ئەم نووسینەی سولەیمان سەبری بەگە کە کۆمیسەری سنوور بووەو بە شفرەش نووسیویەتی:**

**نووسینەکەی سولەیمان سەبری بەگ**

**((کەمال فەوزییان بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن لەدژی حکوومەتو بە قازانجی کوردو هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ڕەوانەی مەلازگرد کردووە. ناوبراو، دوای ئەوەی لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، هاتوەتە مەلازگردو لە گوندەکانی ئەو قەزایەوە تێپەڕ بووە. بەپێی فەرمانێکی فەرماندەیی لقی سوپای ئەویو دوای هەڵمەتێکی گەڕانو پشکنین لە سەرای[85]، دەستگیر کراوە. بەقسەی سەرۆك خێڵەکان، کەمال فەوزی لەنێو خێڵی میلانو خێڵەکانی دیکەدا پڕوپاگەندەی لەدژی حکوومەت کردووە.))**

(1924) 1340/7/10

---

**[84] دواتر باسی کەسێك بە ناوی کوچوك زابت محەمەد خلۆوسی جزیرەلی دەکەن کە ڕاپۆرت لە کەمال فەوزی دەدات، ئەو کەسە بە عەلی خلۆوسیش دەناسرێ.**

**[85] شاری ئوزالپ (بە تورکی کراوەکەیەتی)و بەشێکی پارێزگای وانە.**

هەر لەوبارەیەوە موشیر فەوزی (چەخماخ) پاشاش نامەیەکی بە شفرەی بۆ مەحکەمە نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**نووسراوەکەی موشیر فەوزی (چەخماخ) پاشا**

((بە بەڵگەوە ئەو سەلمێنراوە کە کەمال فەوزی ئەندامی جەمعییەتی کورد بووە کە لە زاخۆ دامەزراوە، هەر لەبەر ئەوەش لە جەبهەی ئەلجزیرەوە تا دیاربەکر هەموو ئومەرا[86] و ئەفسەرەکان داوایان کردووە ئەو کەسە بە دەستگیرکراوی دادگایی بکرێ)).

دوای خوێندنەوەی ئەو نووسینانە، "سورەییا بەگ"ی داواکاری دادگاکە داوانامەکەی خۆی خوێندەوەو بەمجۆرە درێژەی پێ دا:

((مولازمی خانەنشین کەمال فەوزی ئەفەندی لەگەڵ ژمارەیەك لە کەسایەتیە ناودارە کوردەکان کە کوردایەتی دەکەن، کاری کردووە. نموونەی ئەمانەش د. محەمەد، عەبدولکەریمی بەدرخانی و ...ن و لە ڕۆژنامەیەکی کوردیشدا بەناوی "ژین"ـەوە کاری کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا مووچەی خانەنشینیی هەبوە، ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو سەفەری زۆری کردووە. دیارە ئەو سەفەرانەی بە مەبەستی بازرگانی و گەشتیاری نەکردووە، تەنیا بۆ کاری پڕوپاگەندەیی بوون. 11ی ئەیلوولی 1337 (1921) لە کەناڵی سویسەوە تێپەڕیوەو وەك ئەفسەرێکی مەدەنیی ئینگلیزەکان لە دەوروبەری زاخۆو برییان گەڕاوە. ئینگلیزەکان ئەرکی ئەوەیان پێداوە لە باکووری کوردستان پڕوپاگەندە بکات و[87] بەیاننامە بڵاو بکاتەوە. لە 14ی حوزەیرانی 1339 (1923)شدا فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە.

---

[86] بەو کەسانە دەگوترێ کە پلەیان لە سوپادا لە ژەنراڵ کەمتر نییە.

[87] بەرپرسانی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق مێشێکیان کردووە بە گامێشێك و لە ڕۆژنامەکان و بەتایبەت ڕۆژنامەی "وقت"دا، هەواڵی جۆراوجۆریان لەسەر بڵاو کردوەتەوە. لێرەدا باسی ئەوە دەکرێ کە گوایە

بەڵام دوای ئەوە (بێسەروشوێن) بووە، دواتریش لە سامسوونەوە بە گەمی بەرەو تەڕابزوون کەوتوەتە ڕێ. هەموو دامودەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەت دوایکەوتوون، بەڵام هەمووجارێك شوێنی خۆی ون کردووەو لەدەستیان دەرچووە. دیوانی حەربی ئەلجەزیرە بڕیاری دەرکردنی یادداشتی دەستگیرکردنیی پەسند کردووە، دوای ئەوەش دەستگیر کراوە. دوابەدوای ئەوە سوودی لە یاسای لێبوردن وەرگرتووەو لە زیندان هاتوەتە دەرێ. بەڵام بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە جەعفەر تەیار پاشای کۆمیسەری سنوورو سولەیمان سەبری بەگو ئەوان داویانە، ناوبراو لەدوای 29ی تشرینی یەکەمی 1339(1923)شەوە بەردەوام بووە لەسەر کارو چالاکیەکانی پێشووی خۆیو لەسەر ئەو بنەمایەش سکاڵام لەسەری هەیە)).

بەگوێرەی ئوغور مومجووو، کەمال فەوزی نامەیەکی لەگەڵ محەمەد بەگی سەرۆکی شارەوانیی زاخۆدا بۆ سەرۆکی خێڵی شڕناخ نووسیوەو باسی ئەوەی تێدا کردووە کە تورکو ئینگلیزەکان ڕێك کەوتوون لەسەر ئەوەی کە حوکمی زاتی بدەن بە کوردو داواشیان کردووە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ حکوومەتی بریتانیادا بەرقەرار بکرێ. ((کەمال فەوزی باسی ڕێککەوتننامەکەی داماد فەرید پاشای لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کردووە کە لە 12ی ئەیلوولی 1919دا ئیمزا کرابوو[88]، فەڕەنساییەکان دەقێکی ئەو

---

کەمال فەوزی لەسەر حیسابی ئینگلیزەکان بەیاننامەی بڵاو کردوەتەوە. دیار بەرپرسان ترساون لەوەی کە ئەگەر ئەو بەیاننامانە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکەنەوە، مەترسیی بۆ خۆیان دەبێ.

[88] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بڕوانە: ئیستیقلال حەربیمز (شەڕی سەربەخۆییمان)، کازم قەرە بەکر، ل374؛ ئوغور مومجووو، ه. س. پ، ل22–23.

ڕێككەوتننامەیەیان دەست كەوتووەو لە ڕۆژنامەكانی ئەمریكادا بلاویان كردوەتەوە))[89].

بەگوێرەی بەهجەت جەمال، داواكار سورەییا ئورگەئەڤرەن ئەم شتانەی دەربارەی كەمال فەوزیو هاوڕێكانی وتووە: ((ئەفەندم، بەشێك لە موحاكەمەكردنەكەی كەمال فەوزی بتلیسی بەر لە موحاكەمەكردنی تاوانباران سەیید عەبدولقادرو محەمەدی كوڕی، نافیز خۆشناو (یەكێك لە سەركردەكانی عەشیرەتی خۆشناو)و عەبدوڵلا سەعدی كە ئێستا لەبەردەم دادگادان، جێبەجێ كراوە. بەلام هەموو ئەمانە بە ئەنجامدەرانو ڕێكخەرانی ئەو كردەوانە دەزانرێن كە لە بەشی ڕۆژهەلاتی ولاتدا بە مەبەستی جیاكردنەوەی ئەو بەشە لە ولات كراونو لەبەر ئەوەش تاوانبارن. دەتوانم بەمجۆرەی خوارەوە گوزارشت لە كردەوەی خیانەتكارانەیان بكەم: ئەمانە بە چوار قۆناغی جیاواز هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە نهێنییەی خۆیان داوە؛ لە قۆناغی یەكەمدا خەیاڵی ئەو ئامانجەیان داناوەو دوای ئەوەش خۆیان ڕێكخستووەو لە قۆناغی سێیەمدا بڕیاریان داوەو دواجاریش هەوڵی جێبەجێكردنیان داوە! هەموو تاوانێك خۆی لەخۆیدا بەم چوار قۆناغە پێك دێتو ئەنجام دەدرێ. ئاشكرایە كەمال فەوزیش ئەم چوار قۆناغەی بڕیوەو سالانێكە كار بۆ ئەو مەبەستەی خۆی دەكات ...))[90]. دوای خوێندنەوەی داوانامەكە، سەرۆكی دادگا دەستی بە قسەو پرسیار كردووە:

### لە سالانی جەنگدا

((سەرۆكی دادگا: لە سالانی جەنگو دوای جەنگدا كوێو كوێ گەڕاون ؟

---

[89] ئوغور مومجوو، س. پ، ل215، 216، 218.

[90] بەهجەت جەمال، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، بلاوكراوەكانی سەل، ئەستەنبوول، 1955، ل78.

کەمال فەوزی: ساڵانی جەنگ لە ئەستەنبووڵ بووم. دوای جەنگیش کلووبی تەعالیی کورد[91] و جەمعییەتی ویلایەتی شەرقییە وەك دوو ڕێکخراوی جیاواز کاریان دەکرد، من لایەنگری ئەم حاڵەتە نەبووم. دەمویست هەردوکیان یەك بگرن. ئەمین بەگی هاوڕێم هەوڵی یەکخستنی ئەو دوو ڕێکخراوەی دا، بەڵام ئەنجامێکی دەستگیر نەبوو. ئەندامانی جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییە ئاگایان لە سوودو قازانجەکانی وڵات هەبوو، لەبەر ئەوەش ئەگەر لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستاندا یەکی بگرتایە، شتێکی باش دەبوو. من ئەندامی ڕەسمیی جەمعییەتەکە نەبووم. تەنیا بۆ ماوەی دوو مانگ کاری کاتبیم بۆ کردوون[92]. دواتر وازم لە کاری کاتبیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان هێنا. دوای دەست کێشانەوە، ماوەیەك کاری ڕاگەیاندنم کرد. پاش دامەزراندنی (قووای میللییە)، وازم لەوەش هێنا. ئارەزووم ئەوەبوو سەر لە ئەنادۆڵ بدەم. کەسێکی دۆست و ئاشنام نەبینی، هەر لەبەر ئەوە نەهاتم. دوای شەڕی بەڵقان لە ئەستەنبووڵ سەلیم بەگ وەزنەداری پێشووی "فیرقەی ئیتیحادو تەرەقی"م بینی. پێم گوت دەتوانی بمنێریتە ئەنادۆڵ؟ بەڵام هیچ ئەنجامێکم وەرنەگرت. دواتر بڕیاری گەڕانەوەم بۆ وڵاتی خۆم دا. هەندێك لەو دۆستانەم کە بەتەما بوون بڕۆنە عیراق، وتیان دەتوانی لە سلێمانییەوە بچیتەوە بۆ بتلیس. کۆتاییی تەمووزی 1337 (1921) لە ئەستەنبووڵ دەرچووم و دوادواییەکانی تشرینی یەکەم گەیشتمە بەسرەو لەوێشەوە ڕۆیشتمە زاخۆ. داوام لە محەمەد ئاغا کرد لەسنوورەوە دەربازم بکات؛ لەگەڵ شەش سواردا هاتمە شڕناخ. لە زاخۆ قایمقامێکی ڕیشدارو کڵاولەسەری ئینگلیز حوکمی دەکرد. دەمزانی لە شڕناخ چاودێری

---

[91] جەمعییەتی تەعالیی کوردستان.

[92] م: مەبەستی کاتبی بۆ جەمعییەتی تەعالیی کوردستانە.

**دەكـرێم. عەبـدوڕەحمان ئاغـا[93] وای دەزانــی مـن سـیخوڕی ئینگلیزەكـانم، بۆیـە یارمەتیی نەدام. دەرفەتی ئەوەشم بۆ نەڕەخسا چاوم بە بەرپرسانی حكوومـەتی توركیا بكەوێ.**

---

[93] سەرچـاوە جۆراوجۆرەكـان زانیـاریی جیـاواز بەدەسـتەوە دەدەن. بـۆ نموونـە، كاربەدەسـتێكی ئینگلیز لە ڕاپۆرتێكدا وتوویە: كوردەكانی گۆیـان 4ی نیسانی 1919 لەسـەر ڕێگـای بـەلۆ- كـۆرگی كـە لـە 30 میلـی بـاكووری ڕۆژهـەڵاتی زاخۆدایـە، ئەفـسەرێكی سیاسـیی بریتانیایـان بـەناوی "پیترسـۆن"ـەوە كوشـتووەو گوێكانیـان بڕیـوەو ناردوویانـە بـۆ عەبـدوڕەحمان ئاغـا. هـەمان ڕاپـۆرت باسی ئەوەی كردووە كە عەبدوڕەحمان ئاغا ڕۆڵی گرنگی هـەبوە لـە پەرەپێدانی هەسـتی دژایـەتیی بریتانیـا لـەو ناوچـەیەدا. سەرچـاوەكە باسـی ئـەوەی كـردووە كـە نامەیـەكی عەبـدوڕەحمان ئاغـای بەدەست هێناوە كە باسی پشتیوانیی حكوومەتی توركی تێدا بۆ خەڵكی ناوچەكە كردووە، ئەگـەر بێتو دژایەتیی بریتانیاییەكان بكەن. بەگوێرەی سەرچاوەكە، ئەو نامەیە هی 17ی ئاداری 1919یە، ڕاپۆرتی نۆئێل، ل69-71.

"كاردانـەوەی توندی عەبـدوڕەحمان ئاغـای سـەرۆكی خێڵـی شـڕناخ بەرامبـەر بـە ئینگلیزەكـان، بووە مایەی نیگەرانیی بریتانیاییەكان. ئەوان وایان دەزانی حكوومەتی تورك پشتیوانیی ئەو جۆرە كارانە دەكات، دواتریش داماد فەرید پاشا لەسەر ئەوە تۆمـەتبار دەكـەن"، میسیۆنی كوردستان، د. كـەمال ئوكـە، سـیخوڕی بریتانیـا (نوئێـل- E.W.C)، بڵاوكراوەكـانی بۆغـاز ئیـچی، ئەسـتەنبووڵ، 1989، ل21-22.

دوای ماوەیەكی كورت پەرلەمانی توركیا بڕیارێكی بەم جۆرەی دا:

((... پێویست ناكات كەسانی وەك عەبدوڕەحمان ئاغای سەرۆكی خێڵی شڕناخ لە ڕێكخراوێكـی وەك "جەمعییەتی تەعالیی كوردستان"دا بێ. هەر لەبەر ئەوە پێویستە پەیوەندیی پێوە بكرێو بۆ كـەڵك وەرگرتن لـە خزمەتـەكانی پۆسـتێكی بدرێتێ. هـەروەها بۆ بەرقـەراركردنی ئاسـایش لـەو ناوچـەیەدا هەنـدێك پـارە (ئاقـچە) ڕەوانـەی ئـەوێ بكرێ، بۆ ئـەوەی بەسـەر خەڵكدا ببەشـرێتەوە- تـارق زەفـەر تونایا، س. پ، بەرگی 2، ل224)).

مـستەفا كـەمال كـە زانیویـەتی عەبـدوڕەحمان ئاغا كاریگـەریی زۆری لـەو ناوچـەیەدا هەیـە، لـە 13ی ئابی 1919دا ئەم نامەیەی بۆ نووسیوە:

((بۆ حەزرەتی عەبدوڕەحمان ئاغای شڕناخی
بۆ حەزرەتی عومەر ئاغای دەروێشی
بۆ حەزرەتی ڕەسووڵ ئاغای موشارلی

ولاّتپارێزو ئەفەندی؛

هەمووکەس دەزانێ ئێوە بە سوڵتانو خەلافەتەوە بەستراون؛ بەوەش ڕازی نابن ولاّتە پیرۆزەکەمان بکەوێتە ژێر دەسەلاّتی ئەرمەنەکان. من ئاگام لەو کردەوە ڕەوشتبەرزانەتان هەیە کە بۆ پاراستنی ولاّتو نەتەوەکەمان ئەنجامتان داوەو متمانەشم پێتان هەیە. هەندێك لە بەرنامەو پێڕەوەکانی کۆنگرەی ئەرزڕۆمتان بۆ دەنێرم. چاوەڕوانی ئەوە دەکەم ڕێکخستنی (پاراستنی مافی ئەنادۆڵو ڕۆمەلی) لەو ناوچەیەدا گەشە پێبدەنو ڕێگا لە پروپاگەندە خراپەکانی دوژمن بگرن.

چاوەکانتان ماچ دەکەم. ئەفەندم.

موفەتیشی پێشووی لقی سێی سوپا مستەفا کەمال

– مستەفا کەمال ئەتاتورك، بەرگی 3، بەڵگەی 49، ل41–42)).

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 1924ی Colonial officeی ئینگلیزەکاندا باسی ئەوە کراوە کە عەبدوڕەحمان ئاغا ئەندامی جەمعییەتی ئیستیقلالی کوردستان بووە. لەبەر ئەوەش دەستگیر کراوەو براوەتە زیندانی سێرت– ڕۆبەرت ئۆلسۆن، س. پ.

لە دادگاکەی کەمال فەوزیدا نامەیەکی عەبدوڕەحمان ئاغا بۆ سەر کۆمیسەری ئینگلیزەکان خوێندراوەتەوە کە لە 7ی کانوونی دووەمی 1922دا بەناوی خێڵەکانی شڕناخ، حاجی بایرام سلۆپی، گۆیانەوە نووسراوە.

((ئەساڵەت مەئاب؛

ئێمە پێمان وایە حکوومەتی بریتانیای گەورە کە هەموو دنیا ئاگای لە دادپەروەرییەکەی هەیە، مافەکانی نەتەوەی پیرۆزو گەورەی کورد لە ڕۆژهەلاّت لەبەرچاو دەگرێ. لێدوانەکانی لوید جۆرج لە پەرلەمانی بریتانیادا دەربارەی کوردو جوولاّنەوەی سەربەخۆییخوازی کورد لە ئەستەنبووڵو پەیمانی سیڤەر کە باسی سەربەخۆییمان دەکات، بوونەتە هۆی ئەوەی کە لەو ڕووەوە متمانەی زیاترمان پێببەخشن.

ئێمە بەر لە هەمووشتێك پێویستە باسی ئەوە بکەین کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە نەژادێکەوە هەیە ...

... ئێمە بەوە ڕازی نابین حکوومەتی بریتانیا بە تەنها لە چوارچێوەی ئەو پەیمانەدا سەیری مافەکانمان بکات. ئێمە پێمان وابوو بەنهێنی یارمەتیمان دەدەن بۆ سەربەخۆیی. بەلاّم لەبەر ئەوەی لە ڕووداوەکانی (شڕناخ)دا یارمەتیتان نەداین، ئێمەو حکوومەتی تورك کە دوژمنی سەرەکیمانە، ڕووبەڕوو ماینەوەو تەنیا بووین، ئێمەش لەو وەزعە نیگەرانین.

کەمبوونی چەكو تەقەمەنی ڕێگرە لەبەردەم بەدەستهێنانی ئامانجەکەمان کە دامەزراندنی حکوومەتی خۆمانە. هەندێك لە خێڵەکانیش لەبەر نەبوونی چەكو تەقەمەنی بەشداری لە

**گەڕامەوە بۆ زاخۆ. لەوێ تێگەیشتم حکوومەت دەڵێ: ((کەمال فەوزی بەدرخانی پیاوی ئینگلیزەکانە، دەستگیری کەن))[94].**

**بەڵام ئینگلیزەکانیش منیان دەستگیر کردو ڕەوانەی بەغدایان کردم. کۆتایی ساڵی 1921 (1327) بەڵگەی مانەوەیان بۆ دەرهێنام. بەڵام پەیوەندیی شێخ قادر[95] لەگەڵ مندا گومانی لەلای ئینگلیزەکان دروست کرد. ڕۆژێك منیان گرتو بردمیانە بەسرەو لەوێشەوە بە گەمی ڕەوانەی (بۆمبا)یان کردم[96]. هەڵبەت ماوەی مانگێك لە بەسرە لە زیندان بووم. لە هۆتێلێکدا دایاننامو دوو پۆلیسیشیان کردە بەرپرسم[97].**

---

جووڵانەوەکەدا ناکەن. ئێمە ئەوە دەزانین کە حکوومەتی بریتانیا بە ئاشکرا یارمەتیمان نادات بۆ ئەوەی حکومەت دابمەزرێنین. بەڵام داواکارین بەر لەوەی کە دوای دامەزراندنی حکوومەتەکەمان بەئاشکرا یارمەتیمان دەدەن، بەنهێنی هەندێك یارمەتیمان بدەن)). ئوغور مومجوو، کورتی کردوەتەوە، ل115-116.

[94] کەمال فەوزی ئەندامی بنەماڵەی بەدرخانیەکان نییە.

[95] برای شێخ مەحموودی بەرزنجی، لە حکوومەتەکەی ساڵی 1922ی باشووری کوردستاندا، سەرۆك وەزیران و لەهەمان کاتدا سوپاسالاری کورد بوو. لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دوورخرایەوە بۆ هیندستان– رفیق حلمی، یادداشت، بەرگی 1، ل63؛ بەرگی 2، ل598.

[96] یەکێك لە شارە گەورەکانی هیندستان.

[97] جێی ئاماژەپێکردنە کە بریتانیاییەکان ماوەماوە کوردەکانیان دوور دەخستەوە بۆ هیندستان. بۆ نموونە، ساڵی 1919 شێخ غەریبی کوڕی شێخ مەحموودیان بۆ هیندستان دوور خستەوە. ساڵی 1920 مەحموود خانی سەردار کە کەسێکی هەورامیی خەڵکی گوندی دزڵی بوو، دوای ئەوە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە تەسلیمی ئینگلیزەکان کرا، ئەویش بۆ هیندستان دوور خرایەوە. هەر لەهەمان ساڵدا هاتەوە بۆ کوردستان و داوای لە مستەفا کەمال کرد یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی دژی ئینگلیزەکان شەڕ بکات– د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل117-118.
[شێخ حەمەغەریب زاوای شێخ مەحموود بووە، نەك کوڕی؛ مەحموود خانی دزڵی، بەپێی زانیاریی بەردەست دوور نەخراوەتەوە بۆ هیندستان– بنکەی ژین]

بیست‌وپێنج ڕۆژ لەوێ مامەوە. دواتر هێنامیانە پۆرسەعید[98]، 48 ڕۆژ لەوێ لە زیندانـدا بووم. دواتریش هێنامیانە ئەستەنبووڵ و تەسلیمی پۆلیسیان کردم. بەڵام دواتر دووبارە دەستگیریان کردمەوە[99]. خستمیانە ناو گەمییەك و ئەشکەنجەیان دام. دوای کۆنفرانسی لۆزان هاتمە تەرابزوون. لەوێشەوە چوومە ئەرزڕۆم و دواتریش چوومە لای ئیسماعیل ئاغای سمکۆ لە دەوروبەری سەرای. زانیم بە تۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ کوردستان بەڵگەیان لەسەر ئامادە کردووم. دوای ئەوەش خۆمم تەسلیم بە حکوومەت کرد)).

عەلائەدین سەجادی ئیددیعایەکی سەیری لەسەر سمکۆو کەمال فەوزی هەیە کە بەم جۆرەیە:

((ساڵی 1925 کەمال فەوزی بەناوی سمکۆوە دەچێتە قونسوڵخانەی ڕووس لە ورمێ و دەڵێ: کوردەکانی باکوور ڕاپەڕیون، ئێوە چی دەڵێن؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ کارێکی هەڵەیان کردووەو ناتوانم یارمەتیتان بدەم!))[100].

**کێشەی ماندات (ئینتیداب)**

– بۆچی ویستت لە ڕێی عیراقەوە بچیتە بتلیس؟

– من وتارو بابەتم بۆ سەربەخۆیی کوردەکان نووسیبوو. داوای سیستەمێکی سیاسیم بۆ کوردستان دەکردو خەیاڵی ئەوەم لە مێشکدا بوو. من دەمگوت حکوومەتی عوسمانی کۆتایی پێهاتووە، پێویستە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ڕێککەوتن لەنێوان خۆیاندا مۆر بکەن. لەبەرئەوە ناچار بووم لە عیراقەوە دەرباز بم.

---

[98] بەندەرێکە لە باکووری میسر، لە کەناری دەریای سپی.

[99] ئەوکاتانە ئەستەنبووڵ لەژێر حوکمی بریتانیادا بوو.

[100] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، چاپخانەی مەعاریف– بەغدا، 1959، ل266.

– چۆن ئەوەتان نەبیستووە کە لەوکاتانەدا کەسانێك هەبوون هەوڵی ڕزگارکردنی وڵاتیان داوە؟

– ئەفەندم، ئەوکاتانە من گەنجێکی تەمەن بیستوپێنج ساڵە بووم‌و زۆر کەسیش بەرەو ماندا دەڕۆیشت.

– ئێوەو کەسانی وەك ئێوە بەرەو ماندا دەڕۆیشتن، بەڵام ئەوانەی لە ئەنادۆڵ بوون بەدوای سەربەخۆییدا دەگەڕان![101] ئایا ئەمەتان نەدەزانی؟ کەواتە لەبەر ئەو شتانەی کە بڵاوتان دەکردنەوە، نەتاندەتوانی لە ئەنادۆڵەوە تێپەڕ بن؟

– تەنیا لەبەر بڵاوکراوەکانم نییە، کەسێکیشم نەدۆزییەوە بمبات بۆ ئەوێ.

– ئێوە ئەوکاتە ئەفسەر بوون، سوپا داوای لە هەموو ئەفسەرەکان‌و پلەدارەکانی دیکەش کردبوو بگەڕێنەوە بۆ خزمەت، ئێوە بۆچی نەهاتوون؟ لەوەش زیاتر، کۆتاییی ساڵی 1337 (1921) کاتێ حکوومەتی تەوفیق پاشا هاتە سەر کار[102]، خۆم ئاگادارم هەندێك کەسی خیانەتکار لەگەڵ کورد مستەفا[103]دا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ چووبوونە کوردستان، ئێوەش یەکێك بوون لەوانە.

---

[101] ئەو قسەیەی کەمال فەوزی ڕاستە، لەو سەردەمەدا نەك تەنیا کەسایەتیەکان، بەڵکوو کەمالیەکانیش لە کۆنگرەی سیواس لە 4-11ی ئەیلوولی 1919دا بە تێکڕای دەنگ حکوومەتی ماندایان پەسند کردووەو ئەوە بە بەڵگەش هەیە- یاڵچین کوچك، چەند تێزێك لەسەر ڕۆشنبیران، بەرگی 3، بڵاوکراوەکانی تەکین، ئەنقەرە، ل248.

خودی مستەفا کەمالیش ساڵی 1919 بە وەفدێکی ئەمریکاییی بە سەرۆکایەتیی ژەنڕاڵ هاربرد وت: ((خوازیاری ئەوەین خاکی وڵاتی عوسمانی لەژێر چاودێریی وڵاتێکی گەورەی جیهان، بەتایبەتی ئەمریکادا (ئەگەر مومکین بێ)، بپارێزرێ‌و گرێدراوی حوکمی پاشایەتیشن لە تورکیا))- کامیل ئەردەها، والی‌و ویلایەتەکان لە تێکۆشانی نەتەوەییدا، کتێبخانەی ڕەمزی، ئەستەنبووڵ، 1975، ل110.

[102] حکوومەتی تەوفیق پاشای یەکەم لەنێوان ساڵەکانی 1920 تا 1922دا بووە، ئەنسیکلۆپیدیای تورك، بەرگی 28، ل28.

[103] م" مەبەست مستەفا پاشا یامولکی‌یە.

– ئاگام لە بانگهێشتەکەی سوپا نەبوە. لەسەر پرسیارەکەشتان دەربارەی هاوکاریکردنی هەندێك کەسایەتیی خیانەتکاری وەك "کورد مستەفا"، پێویستە ئەوە بڵێم لەکاتی دامەزراندنی جەمعییەتی کورددا من لەدژی مستەفا پاشا یاملکی دەرکەوتم. دەمانچەی لێ کێشام. ئەو پەروەردەیەی کە لە مەکتەبەکاندا وەرمگرتووە، ڕێگەم پێنادات لەگەڵ هەندێك خیانەتکاری وەك مستەفا پاشادا هاوکاری بکەم[104].

موفید بەگ: کورد مستەفا ئەفسەرێکی پلەبەرزەو کەسێکی نەزان نییە. ئەو بە مەبەستی تایبەت چووەتە سلێمانی، چوونی ئێوەش لەگەڵ ئەودا شتێکی گرنگە.

---

[104] زەحمەتە مرۆڤ بڕوا بەوە بهێنێ کە کەمال فەوزی قسەی وەهای لەسەر مستەفا پاشا یاملکی کە هاوڕێی خۆی بووە، کردبێ، چونکە بەگوێرەی زنارسلۆپی: ((جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد خەلیل ڕەحمی بەگی بەدرخانی و مستەفا پاشا یاملکی و کەمال فەوزی و مەولانزادە ڕفعەت و ئەوانی لە ساڵی 1921دا ناردوەتە عیراق، بۆ ئەوەی لە باشووری کوردستانەوە دەربازی باکووری کوردستان بن. بەڵام ئینگلیزەکان نەیانهێشتووە ئەم وەفدە بچێتە عیراق، تەنیا ڕێگەیان بە مستەفا پاشا یاملکی داوە بڕوات، ئەویش لەبەر ئەوەی کە خەڵکی شاری سلێمانی بووە (بڕوانە: زنارسلۆپی، س. پ، ل60)).

بەواتایەکی تر، مستەفا پاشا یاملکی و کەمال فەوزی ئەوەندە نزیکی یەك بوون، پێکەوە بۆ ئەنجامدانی کارێك ئەرکیان خراوەتە ئەستۆ. کورد مستەفا یان مستەفا پاشا یاملکی ساڵی 1922 لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی بەرزنجیدا وەزیری مەعاریف بووە. عەبدولعەزیز یاملکیی کوڕی مستەفا پاشا یاملکی کە دواتر کتێبێکی نووسیوە، زۆر بەباشی باسی کەمال فەوزیی کردووە. لەوەش زیاتر، پێشتر باسی نووسراوێکی فەرماندەی لقی حەوتەمی سوپا "جەعفەر تەیار پاشا"مان کردبوو کە وتبووی: ((کەمال فەوزی لە ساڵانی جەنگدا بە هاوکاریی ئینگلیزەکان کوردایەتیی کردووە، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش لەگەڵ شێخ مەحموودو شێخ تەهادا کاری کردووەو بووە بە پیاوێکی فیداکار بۆ ئەوان ...)). بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە مستەفا پاشا یاملکی کەسی نزیکی شێخ مەحموود بووە، زۆر کەم ڕێی تێدەچێ دوژمنایەتییەکی لەوجۆرە لەنێوان مستەفا پاشا و کەمال فەوزیدا هەبووبێ.

– من له 19ی ئەیلوولدا ئەوەم بیست كه ڕاپۆرتێكیان لەسەر داوم. به شفره ئەوەیان گوتبوو كه گوایه من‌و مەولانزاده [م؛ مەبەستی مەولانزاده ڕفعەته]و ئەوان خیانەت دەكەین.

– سەرۆكی دادگا: دەڵێی نەمتوانی له شڕناخ خۆم تەسلیمی حكوومەت بكەم؟

– بەڵێ، كاتم نەبوو. خۆمم تەسلیم به حكوومەت نەكرد.

– ئێمه چۆن نیازپاكیی تۆمان بۆ دەردەكەوێ، لەكاتێكدا تۆ دەتتوانی بێیته شڕناخ‌و دووسەعات ڕێ بپێویو خۆت تەسلیم بكەی، بەڵام ئەوەت نەكردووه؟

– ئەفەندم، من به عەبدوڕەحمان ئاغام وت عیراق‌و هیندستان‌و میسر ئەسیری ئینگلیزن‌و خانەدان‌و بنەماڵەكانی هیندستان خراپن‌و وەزعی ئەو وڵاتانەش زۆر خراپه.

– دوای ئەوەش وتتان ((پێویسته كوردستانێك دابمەزرێ)).

– هیچ بەڵگەیەكتان لەبەردەستدایه سەبارەت بەوەی كه گوایه من پڕوپاگەندەی دامەزراندنی كوردستانی سەربەخۆم بۆ عەبدوڕەحمان ئاغا كردبێ ؟

– ئێمه خۆمان باسی ئەوه دەكەین. ئێوه گوتتان پەنجاوپێنج ڕۆژ له هوتێلێكی باشی بۆمبای بوون‌و میوانیان بوون، كێ پارەكەی ئەمەی دەدا؟)).

وەك دەبینرێ، كاتێ كەمال فەوزی پرسیاری بەڵگەكانی دادگا دەكات دەربارەی كارەكانی‌و ئەو ئیددیعایانەی كه لەسەری دەكرێن، سەرۆكی دادگا تووڕه دەبێ‌و پرسیارێكی پێچەوانەی لێدەكات‌و قسەكانی كەمال فەوزی هەڵدەگێڕێتەوه. كەمال فەوزی پێشتر وتبووی (بەپێی بەڵگەكانی دادگا كه له ڕۆژنامەی "وەقت"دا بڵاو كراونەتەوه) ئینگلیزەكان زیندانیان كردم‌و

ئەشـــكەنجەیان دام، دووریـــان خـــستمەوەو دواتـــر تەســـلیمی پۆلیـــسی ئەســتەنبوولیان کـردم. دادگـا خـۆی پێـشتر ئاگـای لـەوە نـەبوە کـە کـەمال فــەوزییان بــەزۆر بردوەتــە بۆمبــایو لــە ئوتێلێکــدا خــستوویانەتە بــەر چاودێری، کەمال فەوزی بۆ خۆی زانیاریی لەسەر ئەو ڕووداوە داوەتە دادگا، بـەڵام سـەرۆکی دادگـا قـسەکانی هەڵدەگێڕێتـەوەو دەڵـێ تـۆ لـە ئـوتێلێکی خۆشـدا لـە بۆمبـای میـوانی ئینگلیزەکـان بـوویو وەهـای پیـشان دەدات کـە گوایـە کـەمال فـەوزی وەك گەشـتیارو میوانێك چووەتە ئـەوێ. ئەمـەش خـۆی نموونەیـەکی زۆر باشـە بـۆ تێگەیـشتن لـە هەڵوێـستی مەحکەمـەی ئیـستیقلالی شەرق. ئەو نموونەیە ئەوەشمان پیشان دەدات کە ئەو زانیاریانەی وا لەلایـەن ڕۆژنامــەو بڵاوکراوەکــانی کەمالیــستانەوە بــڵاو بوونەتــەوە، زۆر متمانــەیان پێناکرێ. لەبـەر ئـەوە پێویـستە مێژوونووسانو لێکۆڵـەرەوان ئـەو مەسـەلانە لەبەرچاو بگرن، بۆ ئەوەی هەڵە نەکەن.

با بـەردەوام بین لەسـەر بەدواداچـوونی کاروبـاری مەحکەمەکـە لـە دیـدی پـەیامنێری ڕۆژنامـەی "وەقت"ـەوە کـە لـە بابەتێکـدا بـەناوی کۆنووسـەکانی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرقەوە لە 1925/5/12دا وەها درێژەی پێداوە:

مەزهەر موفید سەرۆکی دادگا پرسیار دەکات؛

((- جیــاوازیی جەمعییــەتی ویلایــاتی شــەرقییەو جەمعییــەتی تــەعالیی کوردستان لە چیدا بوو، ئامانجەکانیان فەرقی هەبوو ؟

- کــەمال فــەوزی: هــەردوکیان نەیاندەویــست ویلایــاتی شــەرقییە ببێتــە ئەرمەنستان. جەمعییـەتی ویلایـاتی شـەرقییە خوازیـاری مانـەوە بـوو لەگـەڵ تورکەکانــداو جەمعییــەتی تــەعالیی کوردســتانیش یــەکێتیی کوردەکــانی کردبوە ئامانج. جیاوازیی ئـەم دوانـە لـە نەزانیـدا بـوو. جەمعییـەتی ویلایـەتی

**شـەرقییە خوازیـاری ئـازادی بـوو، بـەڵام جەمعییـەتی تـەعالیی کوردسـتان ئەسارەتی دەویست، هەروەها داوای سەربەخۆیی و حوکمی زاتیی دەکرد)).**

**ناکۆکی لەم قسانەی ئێرەدا هەیە. لە بڕگەی پێشووتردا کەمال فەوزی وتوویە: جەمعییەتی تەعالیی کورد خوازیاری یەکگرتنی کورد بوو، کەچی لـەم بڕگەیـەی دوایـیـدا دەڵـێ خوازیـاری ئەسـارەت بـوو. بـەگوێرەی ئـەو زانیاریانەی کە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان دەربارەی ئەم مەسەلەیە داویانە، هۆی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییە دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نەدەنا[105].**

---

[105] د. شوکری محەمەد سەگبان وەك ئەندامێکی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەشداریی کردووە لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان ئەو جەمعییەتە لەگەڵ جەمعییەتی مودافعەی حقووقی میللییەی ویلایاتی شەرقییە و بەمجۆرە لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە دوواوە: (جێی ئاماژەپێکردنە قسەکانی بە یەکەمین سەرچاوە لەقەڵەم دەدرێن): ((لە کۆبوونەوەی یەکەمدا لە سەرۆکایەتیی جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییە کە بە سەرپەرشتیی نەجمەدین حوسێن ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و مەبعووسی مووش ئیلیاس ئەفەندی کە ئەندامی جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییە بوو، بەڕێوە چوو، لەو کۆبوونەوەیەدا مەبعووسی ئەرتوغرول (بیلەجیك) شەمسەدین ئەفەندیش لەوێ بوو. حەزدەکەم باسی موناقشەکەی نێوانیان بکەم. منیش بانگ کرابووم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. سەرۆك پرسیاری کارو پڕوپاگەندەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانی لە نەجمەدین حوسێن کرد. ئەویش باسی کارو چالاکیەکانی کرد. شتێکی تایبەتی تێدا نەبوو. تەنیا باسی پێویستیی خوێندنی بە زمانی کوردی دەکرد لەو ویلایاتانەی کە تۆرانیە کوردزمانەکانی [م: مەبەستی کوردەکانە] تێدا دەژین. شەمسەدین بەگ بەتوندی دژایەتیی ئەمەی کردو وتی: لەبەر هەمووشتێك با لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین کە کارێکی هاوبەش بکەین بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە مەترسیەکان، دواتریش دێینە سەر باسی زمانی ئێوەو ئازادی. نەجمەدین بەگ لەم مەسەلەیەدا هەستو قسەکانی هەموو کوردەکانی دەگوتەوە)) (د. شوکری محەمەد سەگبان، کێشەی کورد، خانەی چاپی مەنتەش، 1970، ل22).

**پرسیارەکانی سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق وەها درێژەیان پێ دراوە:**

**((– ئێوە لە ئەستەنبووڵ چاوتان بە مەمدووح [م؛ مەبەستی مەمدووح سەلیم بەگە]، شوکری محەمەد [م؛ مەبەستی د. شوکری محەمەد سەگبانە]و خەلیل خەیالی دەکەوت ؟ دیدارتان هەبوو ؟**

**– کەمال فەوزی: مەمدووح بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ژین بوو. خەلیل خەیالی لە وەزارەتی کشتوکاڵ (نەزارەتی زەراعەت) ژمێریار بوو. دواتر جەمعییەتی کوردستان بوو بە دوو بەشەوە: یەکیان بوو بە کلووبی کورد، ئەوی تریش بوو بە جەمعییەتی ئیجتماعیی کورد [م؛ مەبەستی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردە].**

**– لە جەمعییەتەکەتاندا ئالأیەکی کوردستان دروست کراوە، بینیوتانە؟**

**– نەخێر.**

**– لە ڕۆژنامەی "ژین"دا کارتان بۆ جیاکردنەوەی کوردو تورك دەکرد.**

---

وەڵامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەرامبەر بەم پێشنیارە چی دەبێ بابێ، ئەوە ئاشکرایە کە کوردەکان ئەوەندە بەهێزو ڕێکخراو نەبوون کە بتوانن پارێزگاری لە هەموو مافەکانیان بکەن‌و زیاتر بەگوێرەی ئەو پێشنیارە جووڵاونەتەوە. ((ئەوەیان قبووڵ کرد بۆ پاراستنی مەملەکەت لە مەترسیەکان بەشێوەی هاوبەش کار بکەن)). دواتریش دیارە چی ڕووی دا، کوردەکان نەك تەنیا نەیانتوانی زمانیان ئازاد بکەن، بەڵکوو ڕێگەی ئەوەشیان لێ گیرا ناوی منداڵەکانیان بە کوردی بنێن. هەندێك لە سەرچاوە تورکەکانیش دەڵێن: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بەرامبەر بەم پێشنیارەی جەمعییەتی ویلایاتی شەرقیە وتوویەتی: ((هێزە هاوپەیمانەکان هەمووجۆرە یارمەتییەکمان دەدەن، هیچ شتێکمان نییە لەگەڵ ئێوەدا قسەی لەسەر بکەین)) (د. ئیبراهیم ئەتهەم گورسەل، ڕاستیی کوردایەتی، ئەنقەرە، 1977، ل134).

تارق زەفەر تونایا هیچ ناکۆکییەك لەوەدا نابینێ کە بۆچی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لەگەڵ جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی ویلایاتی شەرقییەدا کە لە ئەستەنبووڵ دامەزراوەو یارمەتیی بزاڤی ئەنادۆڵی داوە، یەکی‌نەگرتووە (تارق زەفەر تونایا، بەرگی2، ل190).

- من بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیم دەنووسی.
- ئەوکاتەی من لە بتلیس بووم، ڕۆژنامەتان بۆ دەناردم و لەسەری دەتاننووسی بۆ والییە تورکەکە، کاری واتان کردووە؟ بابەتێکتان بەناوی ڕابردوو و ئێستاو سەربەخۆییی کوردستانەوە نووسیبوو، ئایا ئەمە جیاییخوازی نییە؟
- تەنیا لەسەر یەك بابەتم بڕیار مەدەن، دڵنیابن ئەو وتارەی کە باسی جیاییخوازیی تێدایە، بە هیچ شێوەیەك نەگەیشتوەتە کوردستان.
- ئێوە ئەوکاتە بەردەوام ڕۆژنامەتان بۆ هەموو شوێنێك دەنارد. سەیرکەن کاری تێکردووم، هێشتا وتارەکەتانم فەرامۆش نەکردووە. سمکۆ کێیە ؟
- ئێرانییەکە، پەنای هێناوەتە بەر حکوومەت [م؛ مەبەستی حکوومەتی تورکە].
- چەندە لەلای مانەوە ؟
- پێنج، شەش مانگ.
- پیاوێکی چۆنە ؟ ئێوە ڕاوێژکاریتان بۆ دەکرد؟
- پیاوێکی دوورە لە هەستی نەتەوەیی و دەیەوێ لە سایەی پارێزگاریی حکومەتی تورکدا بژی.
- بۆچی پێنج، شەش مانگ لەلای مانەوە؟
- لەبەر ئەوەی دیوانی حەربی ئەلجزیرە بە شێوەی پاشملە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردبووم.
- سمکۆ ئاگای لە باردۆخی ئێوە هەبوو؟
- وایدەزانی هەڕام کردووە، نەیدەزانی بڕیاری لەسێدارەدانم بۆ دەرچووە.
- لە مووسڵ چۆن خزمەتی ئینگلیزەکانتان دەکرد؟
- من خزمەتی ئینگلیزەکانم نەکردووە.
- لە بەغدا لە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس کارتان کردووە.

– ئەگەر ئەمە بسەلمێندرێ، من بۆ خۆم پەتی خۆم دەکێشم)).

لەم ڕستانەوە ئەوە دیار دەبێ کە کەمال فەوزی پێشتر هەستی بەوە کردووە لەسێدارە دەدرێ.

لێرەدا عەلی صائیب پرسیارێك دەکات:

– کەی خانەنشین کرای ؟

– لە شەڕی بەلقان لە یانیا بریندار بووم، 6.5 سانتیمەتر قاچم کورت بووەتەوە.

– مووچەکەت چەند قوروشە ؟

– سێسەدو شەست قوروش.

– ئەگەر کەمئەندامی شەڕ بوویتایە زیاتریان پێدەدای.

– بە پلەی پێنجەمیش خانەنشینیان دەکردی.

وەك دەزانرێ کەمال فەوزی لە شەڕدا لەبەر تورکەکان بریندارو سەقەت بووە. بەڵام ڕەتی دەکەنەوە بە کەمئەندامی شەڕی بناسن و باسی ئەوە ناکرێ کە قاچی 6.5 سانتیمەتر کورت بووەتەوە. عەلی صائیب بەمجۆرە بەردەوام دەبێ لەسەر پرسیارەکانی:

((– کەواتە تۆ ئەو کەسەی کە لەپشتەوە قسەت لەنێو هەردوو جەمعییەتی کورددا برەوی هەبوو، لەکاتێکدا پێی کەسانی وەك سەیید عەبدولقادرو نەمرود مستەفا [و؛ مستەفا پاشا یامولکی]ی تێدا بووە، چۆن دەبێ پەیوەندیی تۆ بەو جەمعییەتانەوە کەم بێ؟

– من لەم ڕووەوە کارم کردووە، لەگەڵ ئەمین بەگی هاوڕێمدا کارم کردووە.

– بۆچی ویستتان لەڕێی بەغداوە بچنە بتلیس؟ بۆچی لەکاتێکدا بتلیس بەشێك بوو لە خاکی مەجلیسی نەتەوەیی تورکیا، لە ئەنقەرەوە نەڕۆیشتن بۆ ئەوێ ؟

– بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەم، ئەو ڕێگایەم هەڵبژارد. ئەگەر لەڕێی ئەنادۆڵەوە بڕۆشتبایەم، مومکین بوو دەستگیر بکرێم.
– ئەگەر بە پاسپۆرتی ئینگلیزییەوە بڕۆشتبایتە بتلیس، نەجاتت دەبوو؟ ئێوە بتلیستان بە بەشێکی ئەنادۆڵ نەدەزانی؟
– ئەگەر پیاوێکی وەك خەلیل ڕەحمی بەدرخانیو خاینێکی وەك مەولانزادە ڕفعەت بچێتە ئەوێ، پێویست بوو منیش بچم، چونکە دەمویست ڕێگە بە پەرەسەندنی بیری جیاوازی ئەوان بدەمو لەو ڕووەشەوە ئەرکی ویژدانیی خۆم بەجێ بهێنم)).

ئێمە نازانین بەڕاستی کەمال فەوزی ئەو قسانەی بە خەلیل ڕەحمی بەدرخانیو مەولانزادە ڕفعەت وتووە یان نا، بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیەکانی کەمال فەوزی لەگەڵ مەولانزادە ڕفعەتدا، کوردێکی دیکە بەناوی نەجمەدین بیوك قایاوە کە لە زیندانی سەربازیی دیاربەکر شەهید کراوە، لە یادداشتەکانی خۆیدا ئەم ڕستانەی نووسیوە:
((بڕێك پارەی کەمال فەوزی لەلای "چەرکەز ئولڤیە"ی ژنی مەولانزادە ڕفعەت بوو، نەیدەدایەوەو ئەمڕۆو سبەینێی پێ‌دەکرد. ڕفعەت پەنای بردبوە بەر قونسوڵخانەی ئینگلیزەکان، بڕیاربوو کەمال فەوزیش لەگەڵ ڕۆشنبیرە کوردەکانی تردا هەڕا بکات، بەڵام لەبەر ئەو پارەیە مایەوەو دواتریش دەستگیر کراو بەهۆی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدەوە لەسێدارە درا. نەتەوەخوازێکی ڕۆشنبیرو نەترسو خاوەنقەڵەم بوو. خۆی کاندید کردبوو لە بتلیس بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (مەبعووسان). لە ماڵی د. عەبدوڵڵا جەودەت بوو کە پزیشکی چاو بوو. سەرەتا بەناوی "کوردێکی دیموکرات"ەوە بابەتی دەنووسیو ڕۆژنامەی ئیجتیهادی

دەردەکرد[106]. عەبدوڵڵا جەودەت خەڵکی عەرەبگیر بوو. یەکەمجار ئەو باسی نووسینی بە پیتی لاتینی و فیکری عەلمانییەتی [و؛ لە تورکیا] داهێنا))[107].

تائێستا نازانرێ نەجمەدین بیوك قایا ئەم زانیاریانەی لە کێ وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر وای دابنێین مەمدووح سەلیمی بینیوە کە هاوڕێی کەمال فەوزی بووە، دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە لەوانەیە مەمدووح سەلیم ئەو زانیاریانەی پێدابێ. یادداشتەکانی نەجمەدین بیوك قایا خۆی لەخۆیدا بەشێکی بەناوی قسەکانی "مەمدووح سەلیم"ەوە تێدایە[108].

لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی ناوخۆدا، لەکاتێکدا لێپرسینەوەی ڕەسمی لە کەمال فەوزی کراوە، باسی ئەوەش کراوە کە لەو چاپخانەیەی وا دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت گۆڤاری "ئیجتیهاد"ی لێ لەچاپ داوە، کاری کردووە[109].

دوای ئەم ڕوونکردنەوانە، باشتر وایە بگەڕێینەوە سەر کۆنووسەکانی دادگا کە لە ڕۆژنامەی "وەقت"دا بڵاو کراونەتەوە:

– لەبەر خاتری وڵات لە شوێنی دیکە کارتان نەدەکرد ؟

– لە ئەستەنبووڵ دەوڵەت نەمابوو.

– ئێوە کەسێکی محەمەد خلووسی ئەفەندی ناو دەناسن ؟ دوژمنایەتی یاخود خزمایەتیتان هەیە ؟

– نا.

---

[106] ڕێی تێدەچێ ئەم ڕستەیە لەسەر عەبدوڵڵا جەودەت بێ، چونکە ئەو گۆڤاری "ئیجتیهاد"ی دەرکردووەو بەناوی "کوردێك"ەوە بابەتی نووسیوە.

[107] نەجمەدین بیوك قایا، چەند لاپەڕەیەك لە وشەکانم، بڵاوکراوەکانی APECTRYK- Forlag، ستۆکهۆڵم، 1992، ل151.

[108] نەجمەدین بیوك قایا، س. پ، ل268.

[109] ئوغور مومجوو، س. پ، ل220.

– سەیرکە بزانە ئەفسەرێك دەربارەی ئێوە چی دەڵێ؟ ئەوکاتەی کە ئەسیر بووە، ئێوەی بینیوە وەك پۆلیسی ئینگلیزەکان کارتان کردووە، ئەویش دواتر ڕاپۆرتی داوەتە (وەکیلی داخلییە) عەلی فەتحی بەگ [مەبەستی وەزارەتی ناوخۆیە؛ و].

– خزمایەتیم لەگەڵ ئەو کەسەدا نییە، چی دەڵێ ؟[110]

نامەی کەسێك بەناوی خلوسی جزیرەلییەوە خوێنرایەوە کە ئەفسەرێکی پلە نزمە لە فیرقەی دووی حەربی عوومی، ئەمە دەقەکەیەتی:

((بەندەتان ئەسیر بووم، لە عیراق گەڕاومەتەوە. کاتێ گەڕامەوە بۆ دیاربەکر، ئەوەم بیست کە سیخوڕی بەناوبانگی ئینگلیزەکان کەمال فەوزی لە بتلیس دەستگیر کراوە. ئەم خاینە لە سەرەتایساڵی 1339 (1923)دا جلوبەرگی پۆلیسی ئینگلیزی دەکردە بەرو لە مووسڵ کاری هەواڵگریی بۆ بریتانیایەکان دەکرد. ڕاپۆرتی لە تورکەکانی تر دەداو ئەشکەنجەو سووکایەتیشی پێدەکردن. ئەم خاینە کاتێك سیخوڕی ئینگلیزەکان بوو، هەموو جۆرە بێناموسییەکی بەرامبەر بە دەستگیرکراوەکان ئەنجام دەدا. لەوانەیە دوای ئەوەی ئامانجەکانی ئەم خاینە لە لۆزان پێك نەهاتووە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هێنرابێتە سەر سنوورو کاری سیخوڕیی پێکرابێ. لەبەر ئەرکی ولاتپارێزیی خۆم بە پێویستم زانی ئەمەتان پێ ڕابگەیەنم. لەگەڵ ڕێزمدا)).

وەك دەزانرێ کەمال فەوزی لەو ڕاپۆرتەدا بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە سیخوڕیی بۆ ئینگلیزەکان کردووە، ئەمەش لەکاتێکدا کە دواتر هەم دادوەرەکان هەم وەك داواکارەکان و ڕاگەیاندنی پابەندی حکوومەت و

---

[110] ڕۆژنامەی "وەقت" لەمەبەدوا سەردێری "ڕاپۆرتی ئەفسەرێك"ی لێ داوە.

کەمالیستەکانیش خۆیان تەنیا یەك کەسیان لە تاوانبارانی ڕاپەڕینەکەی 1925 بە ئەنجامدانی کاری سیخوڕی بۆ ئینگلیزەکان تۆمەتبار نەکردووە. هەر بۆیە ڕێی تێدەچێ ئەمانە بە مەبەستی لەسێدارەدانی کەمال فەوزی ئەو ڕاپۆرتە درۆینەیان ئامادە کردبێ و لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاویان کردبێتەوە. تەنانەت ئەوەش دەزانرێ کە تورکەکان بۆ ئەنجامدانی پڕوپاگەندەی لەوجۆرە لەدژی کوردەکان، سیخوڕێکی خۆیان بەناوی درۆینەی "میستەر تەمپلەن"ەوە ناردوەتە لای سەیید عەبدولقادر[111] و دواتر دەڵێن: ((کوردەکان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دانوستان دەکەن)). ئەوەش هەمووی بۆ تۆمەتبارکردنی کورد کراوە.

کەمال فەوزی زۆر بەکورتی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی سەرەوەی داوەتەوە:

– لەوکاتەدا من لە عیراق نەبووم.

– دۆستێکی تری عەلی خڵووسی ناوتان هەبوە، کێیە؟

– نایناسم.

– خۆتان کرد بە کاندیدی پەرلەمان لە شاری بتلیس؟

– بەڵێ، لە هەڵبژاردنی دووەمدا[112].

– ئێوە هەم لەدژی وڵات کار دەکەن، هەم خۆتان کاندید دەکەن، ئەمە چۆن دەبێ؟

– من کاتی جەنگ بەهۆی هەستی نەتەوەیییەوە ئەو کارانەم نەکردووە، بەڵکوو هەلومەرجی کات وای لێ کردم ئەو شتانە بڵاو بکەمەوە.

– موفید بەگ: لە جەمعییەتی کورددا کاری کاتبیتان کردووە؟

---

[111] ژەنراڵ ئەکرەم بەگ بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەستەنبووڵ کەسێکی "نیزامەدین" ناوی بەناوی درۆینەی مستر تەمپلەنی بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە ناردە لای سەیید عەبدولقادر، مەتە تونچای، س. پ، ل130؛ ئوغور مومجوو، س. پ، ل10.

[112] 1ی نیسانی 1923 بەڕێوە چوو، لە 4ی نیسانیشدا یاسای هەڵبژاردن دەرکەوت.

– بەڵێ ئەو کارەم کردووە.

– ئێوە دەڵێن لە زاخۆ بیستوومە پارێزگاری سێرت بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکردووم، بۆیە ویستوومە بچمە دیاربەکر، ئەمە چۆن دەبێ؟ بۆچی لە سێرت تەسلیم نەبووی‌و ویستت بێیتە دیاربەکر؟

– سەرنەکەوتم.

– داواکار (سورەیا بەگ): لە (سەرای) لە وان دوای دەستگیرکرانت چۆن هاتیتە ئەستەنبووڵ، دواتر چۆن ئازاد کرای؟

– لە سەرای دەستگیر کرام. حەوت ڕۆژ لە وان بووم. چوومە لای حکوومەت‌و لە 7ی ئاداری 1924 (1340)دا داواکارییەکم سەبارەت بە هەڵگرتنی بڕیاری دەستگیرکردنەکەم پێشکەش کرد. لەوێوە بردمیانە ئەردیج [م؛ ئەرجیش]و قەرەکۆسەو حەسەن قەلە، لەوێشەوە بردمیانە ئەرزڕۆم‌و تەرابزوون. لە 17ی تەممووزدا گەیشتمە تەرابزوون. لەوێ بردمیانە بەردەم دادگا. سەرۆکی دادگا وتی ناوم لە لیستی 150 کەسەکاندایەو پێویستە سنوورداشم بکەن. لە ئەستەنبووڵ زانیم ناوم لەو لیستەدا نییە. تا ئابی 1340 (1924) لە گرتووخانەی پۆلیسی ئەستەنبووڵ بووم. لەوێشەوە ناردمیانە فەرماندەیی گشتی‌و بەتۆمەتی سیخوڕی‌و خیانەت بە نیشتمان دەستگیر کرام‌و تا 13ی شوبات لە زیندان بووم. کاتێ لە ئەنقەرە بەدوای جێبەجێکردنی کاری مووچەکەمدا دەچووم، دەستگیر کرام. بەهۆی بڕیاری دادگاوە لە زیندان ئازاد نەکرام، بەڵکوو بەپێی فەرمانێك بوو کە دەیگوت: لەبەر ئەوەی پێش پەیمانی لۆزان سیخوڕیی کردووە، پێویستە ئازاد بکرێ.

دوای ئەوەی داواکار سورەییا بەگ بەڵگەکانی خۆی دەربارەی تاوانبار پێشکەش کرد، داوای کرد وەك شاهید گوێ لە قسەکانی جەعفەر تەیار پاشاو کۆمیسێری سنوور سولەیمان سەبری بەگ بگیرێ. دەستەی دادوەری

**دوای یەك سەعات گفتوگۆ بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە ئەو دووە وەك ئەرکی خۆیان ڕاپۆرتیان داوەو پێویست ناکات گوێیان لێ بگیرێ.**

## داکۆکی لەخۆکردن

**داواکار، دوای ئەوە داوای سزادانی تاوانباری کرد. بە تۆمەتی هاندانی خێڵەکانی سەر بە حکوومەت بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدان.**

**تاوانبار بەمجۆرە داکۆکیی لە خۆی کرد:**

**شانازی بەوەوە دەکەم کە لەبەردەم دەستەیەکی دادوەریی پایەبەرزی وەك ئێوەدا دادگایی دەکرێم. لەبیرتان نەچێ ئێوە ڕۆڵەکانی مەجلیسێکن کە شەش حەوت ساڵ بەر لە ئێستا وڵاتێکی لە تاریکایی و بەدبەختی نەجات دا. من دەزانم لەبەر تۆمەتێك کە بە بەڵگە نەسەلمێنراوە، بڕیاری سزادانم نادەن، بەڵام ئاگام لە بایەخی مێژوویی و گەورەییی دادگاکە هەیە.**

**لە بڕیاری دادگای مودافەعەی میللییەدا ئەوە سەلمێنراوە کە من هیچ پەیوەندییەکم بە ڕاپەڕینەکەوە نەبوەو ئێستاش کە ئەو تۆمەتەم دەخرێتە پاڵ سەرم سوڕ دەمێنێ. تەنیا دەمەوێ لەوە تێبگەن کە هەندێك لایەن بە ئەنقەست ئەو تۆمەتانەم دەخەنە پاڵ. وەزیری ناوخۆی ئێستا هیچ تاوانێکی نییەو ناچار بووە کارەکانی "فەرید بەگ"ی وەزیری ناوخۆی پێشوو تەواو بکات کە نیازی خراپی هەبوە))**[113].

**ئەو شتانەی کە لەمەودوا لە ڕۆژنامەی "وەقت"دا بڵاو کراونەتەوە، بەگوێرەی ئەوانەی پێشوو دابڕان، هەندێك جاریش شتی دووبارەیان تێدایە.**

---

[113] مەبەست "ئەحمەد فەرید تەك"ـە کە لەنێوان 1923–1924دا وەزیری ناوخۆ، ئەندامی کۆنی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی و کەسێکی ڕەگەزپەرستی تورك بووە. یەکەم سەرۆکی ڕێکخراوی تورك ئۆجاقلاری بووە کە ساڵی 1912 دامەزراوە. کتێبێکی بەناوی "تەکین"ـەوە دەربارەی توران لە ساڵی 1330 (1914–1915)دا بڵاو کردوەتەوە– ئەنیسکلۆپیدیای تورك، بەرگی 31، ل28.

ئەمانەش نیشانەی ئەوەن کە داکۆکیلەخۆکردنەکەی کەمال فەوزی ئەمە نەبوە کە نووسیویانە، شتی تر بووە. بە هەرحاڵ، قسەکانی کەمال فەوزی بەگوێرەی ڕۆژنامەی "وەقت" بەم جۆرە درێژەی دەبێ:

((لەبەر هەرزانی چوومە ئەرزڕۆم. ویستم وانەی تایبەتی بڵێمەوە، بەڵام لەوێ زۆر نەمامەوە. کاتێك زانیم دیوانی حەربی ئەلجزیرە بڕیاری لەسێدارەدانی دەرکردووم، ڕۆیشتمە سەرای. 15ی تشرینی یەکەم لە ئەرزڕۆم دەرکەوتمو چوومە لای سمکۆ. من کە لە مردن هەڕام کردبوو، کارێکم نەدەکرد خۆم بدەمە دەستی ئەجەل. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی شەش مانگەی خۆم، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە کوردەکان بایەخی زۆر بە سیحرو کەرامەتو ئەوجۆرە شتانە دەدەن. ئەگەر مەبەستم لەو هەڕاکردنە کاری سیاسی بوایە، لە ڕێگەیەکی کورتەوە نەدەڕۆیشتم. من لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەمدا چوومە لای سمکۆ. ئەگەر هێشتا بەدوای ئەو ئامانجەدا بچوومایە، وەزارەتی بەرگریی نەتەوەیی (وەکالەتی مودافەعەی مىللییە) بڕیاری بێتاوانیی دەرهەق بە من دەرنەدەکردو منیش لە زۆر جێگادا داواکاریم پێشکەشی نەدەکرد)).

((دوای تەواوبوونی داکۆکیلەخۆکردنەکەی تاوانبار، گوتیان تاوانبار سەیید عەبدولقادریان هێناوەتە بەردەم دادگا. داواکاریش، لەبەر ئەوەی کە تاوانەکانیان پەیوەندییان پێکەوە هەیە، داوای کرد موحاکەمەکردنەکەی کەمال فەوزیو سەیید عەبدولقادر بکرێتە یەك، هەیئەتی مەحکەمەش ئەوەی پەسند کردو موحاکەمەکردنەکە بۆ ڕۆژێکی دیکە دواخرا)).

**ناشیت هەقی**

لە ڕۆژنامەی ڕۆژی 19ی مایسی 1925ی "وەقت"دا بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی هەواڵی موحاکەمەکردنی کەمال فەوزیو سەیید عەبدولقادرو هاوڕێکانی کراوە.

**لەم دانیشتنەی دادگادا سەیید محەمەدی کوڕی سەیید عەبدولقادر لە ئیفادەکانیدا وەهای وتووە:**

**((لە کلووبی کورددا [مەبەستی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانە؛ م] ئەمین عالی بەدرخان، خەلیل ڕەحمی، کامەران بەدرخان، مەولانزادە ڕفعەتو کەمال فەوزی لایەنگرانی سەربەخۆیی بوونو باوکم "سەیید عەبدولقادر"و "سەیید شەفیق"[114] یش لایەنگری حوکمی زاتی "موختارییەت" بوون)).**

**لە ڕۆژنامەی ڕۆژی 1925/5/19دا بەمجۆرە باسی بەشێك لە ئیفادەکانی کەمال فەوزی لەو دانیشتنەی دادگادا کراوە:**

**((کەمال فەوزی دانی بەوەدا نا کە کاتبی کلووبی کورد بووە، بەڵام ئەوەی ڕەت کردەوە کە لایەنگری سەربەخۆیی بووبێ. سەیید عەبدولقادرو محەمەد گوتیان ئەمین عالی بەدرخان گوتوویە "لەگەڵ ئەرمەنەکاندا پێکەوە دەوڵەت دادەمەزرێنین"و بەدرخانیەکان مێشکی کەمال فەوزی‌یان شۆردبوەوە.**

**کەمال فەوزی وتی: من خوازیاری یەکگرتنی کلووبی کورد بووم لەگەڵ جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییەدا. ئیلیاس سامی ئەفەندیش لە جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییەدا بوو[115]، ئەویش خوازیاری داخستنی کلووبی کوردو**

---

[114] مەبەستی محەمەد شەفیقی ئارواسی‌زادەیە.

[115] "ئیلیاس سامی"ی نوێنەری شاری مووش، دیارە پێشتر پەیوەندیی لەگەڵ ولاتپارێزە کوردەکاندا هەبوە، دواتر ئەو پەیوەندییەی نەماوە. بۆ نموونە، دەزانرێ کە پەیوەندیی لەگەڵ سەیید تەهاو بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی (کوردی)دا هەبوە. کاتێك بەدیعوززەمان سەری لە پەرلەمان داوە، ئەویش لەنێو ئەو پەرلەمانتارانەدا بووە کە بۆ بەخێرهێنان چوونەتە پێشوازیی– نەجمەدین شاهینەر، لایەنە نەزانراوەکانی بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی، چاپی شەشەم، بڵاوکراوەکانی یەنی ئاسیا، ئەستەنبوڵ، 1979، ل227.

کوڕەکەی سەیید عەبدولقادر لە ئیفادەکانیدا لە مەحکەمەی ساڵی 1925، وتوویەتی ئیلیاس سامی پێشتر هاتوچۆی کلووبی کوردیی کردووە، بەڵام ئیتر دوایی سەری لێ نەداوە. هەروەها قاسم

یەکگرتنی بوو لەگەڵ جەمعییەتی ویلایاتی شەرقییەدا. بەڵام هاوڕێکانی (هاوڕێکان) دەیانگوت ویلایاتی شەرقییە هەمان جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی‌یەو نەیاندەویست یەك بگرن... .

کاتێ لەلای پەرلەمانتار بووم، نە ڕۆیشتوومەتە مووسڵ‌و نە بوومەتە پۆلیسی ئینگلیز. بەڵام کاتێ لە بۆمبای بووم، ئینگلیزەکان لە هوتێلێکی باشدا خزمەتیان کردم. سەیید عەبدولقادر ڕق‌و نەفرەتی لە من هەیە)).

((... دواتر داواکارییەکی کەمال فەوزی لە ئینگلیزەکان خوێندرایەوە سەبارەت بە پشتگیریکردن لە ڕووداوەکانی شڕناخ. کەمال فەزی‌و محەمەدی سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ لەو نامەیەدا نووسیویانە، عەبدوڕەحمان ئاغای شڕناخیش سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی ئەوەی نەبوە، بەناوی تەواوی خەڵکی شڕناخەوە داوای هاوکاریی ئینگلیزەکانی کردووە)).

**ناشیت هەقی**

---

بەگی جبری کە لەو مەحکەمەیەدا ئیفادەی وەرگیرا، گوتی: یووسف زیا بەگ ساڵی 1923 پێی گوتووم؛ بیستوومە دەڵێن ئیلیاس سامی لە دین هەڵگەڕاوەتەوەو کافر بووە، وتارێکی نووسیوە. ئەمجارە دەنگی پێمەدەن. ڕەشید بەگی هاوڕێی خۆمم هێناوە بۆ ئەوەی پێتانی بناسێنم، ئەمجارە دەنگ بەو بدەن.

ژەنڕاڵ عەلی ئیحسان سابیس فەرماندەی پێشووی سوپای شەشەم‌و یەکەم لە نووسینەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە ئیلیاس سامی داوای لە "تەلعەت پاشا"ی سەدری ئەعزەمی بەناوبانگی ئیتیحادو تەرەقیچییەکان کردووە بەدزییەوە پارەی بداتێ: ((کاتێك ئیلیاس سامی ئەوەی بیستووە کە بەدزییەوە پارە دەدرێ، چووەتە لای تەلعەت پاشای سەدری ئەعزەم‌و گوتوویە دەست لەکار دەکێشمەوە، ئەویش دەستی کردووە بە گیرفانیداو بیست پارەی داوەتێ‌و گوتوویە مادام تۆ دەتەوێ دەست لەکار بکێشیتەوە، منیش دەتوانم ئەمەت بدەمێ))– ژەنڕاڵ عەلی ئیحسان سابیس، یەکەم جەنگی جیهانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی نەهیر، ئەستەنبووڵ، 1990، ل217.

ئیلیاس سامی لەنێو ئەو دوانزە پەرلەمانتارەشدا بووە کە ساڵی 1924 دەستووری تورکیایان ئامادە کردووەو یوونس نادی سەرۆکایەتیی کردوون– ئیسماعیل بێشکچی، زانست، ئایدۆلۆجیای ڕەسمیی دەوڵەت، دیموکراسی‌و مەسەلەی کورد، ل71.

دواتـر ڕۆژنامـەی "وەقـت" بـەمجۆرە باسـی ئیفادەکـانی کـەمال فـەوزیی کردووە:

((زۆر لە بەغدا مامەوە. ئەوکاتانە ئینگلیزەکان گومانیـان لـە پەیوەندییـەکانی شێخ قادری برای شێخ مەحموود هەبوو لەگەڵ منـدا. ڕۆژێك منیـان گـرتو لـە ئوردووگایــەك زینــدانیان کــردم. دواتــر بردمیانــە بەســرە. دوای مانگێــك زینـدانیکردن بـە گـەمی بردمیانـە بۆمبـایو لـە هوتێلێك نیـشتەجێیان کـردمو دوو پۆلیسیشیان لەلام دانا)).

لێرەدا باسی ئەوە کراوە گوایە کەمال فەوزی وتوویەتی:

((تـەنیا لـە بۆمبـای لـە ئـوتێلێکی بـاش خزمـەتیان کـردووم))، هـیچ تاوانبارێـك ڕستەیەك بـەکار ناهێنـێ کـە لـە دادگـادا لـەدژی بـەکار بهێنـرێ، ئـەویش لەسـەر ڕووداوێـك کـە دادگـا بـۆ خـۆی ئاگـای لێ نییـە. پێدەچـێ ناشـیت هـەقی بـۆ خـۆی دەستکاریی ئیفادەی دووەمی کەمال فەوزیی کردبێو بەوجۆرە بڵاوی کردبێتەوە.

ڕۆژنامــەی ڕۆژی 1925/5/19ی "وەقــت" هــەواڵی نامەیــەکی بــڵاو کردوەتـەوە کـە گوایـە کـەمال فـەوزیو محەمـەد بـەگی سـەرۆکی شـارەوانیی زاخـۆ بـۆ ئینگلیزەکانیـان نووسـیوە، هەڵبـەت ڕۆژنامەکـە ئـەو ئیددیعایـەی لەسـەر زانیاریـەکانی ناشـیت هـەقی کـردووەو دیـاریش نییـە چـەندە ڕاسـتە. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە ئەگـەر ئـەو سـەردەمە بەڵگـەی وەهـا لەسـەر پەیوەنـدیی کوردەکانو ئینگلیزەکـان هەبایـە، ڕاگەیاندنی کەمالیستەکان بۆ بەرژەوەنـدو پڕوپاگەندەی خۆیان بڵاوی دەکردەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبـێ کـە بۆچی دەقـی نامەکـە بڵاو نەکراوەتـەوە؟ یـاخود دەشـێ نامەکـە هەنـدێك شـتی تێــدا بووبــێ لــە بەرژەوەنــدی کەمالیــستەکاندا نــەبووبێ، بۆیــە بڵاویــان نەکردوەتـەوە. کـەمال فـەوزی پێـشتر لـە ئیفادەکـانی خۆیـدا بـەمجۆرە لەسـەر عەبدوڕەحمان ئاغا دوابوو:

**((عەبدوڕەحمان ئاغا وای دەزانی من سیخوڕی ئینگلیزەکانم، بۆیە یارمەتیی نەدام. گەڕامەوە بۆ زاخۆ. لەوێشەوە هەواڵی ئەوەم پێ گەیشت کە حکوومەت فەرمانی داوە کەمال فەوزی بەدرخانی بتلیسی دەستگیر بکرێ، چونکە جاسووسی ئینگلیزەکانە)).**

**ئوغور مومجووو دەڵێ لە دادگاکەدا نامەیەکی کەمال فەوزی کە بۆ "عەبدوڕەحمان بەگ"ی نووسیوە، لەگەڵ نامەیەکی "ئایسورزادە عەبدوڕەحمان ئاغای شڕناخی"دا کە بەناوی شڕناخ، حاجی بایرامی سلۆپی و سەرۆکی عەشیرەتی گۆیانەوە بۆ سەرکۆمیسەری بریتانیا لە عیراق نووسراوە، خوێندراوەتەوە[116]. کەمال فەوزی باسی ئەوەی کردووە کە ساڵی 1921 بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئینگلیزەکان دەستگیر کراوە.**

**با بەردەوام بین لەسەر خوێندنەوەی ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی "وەقت" کە لەسەرەوە باسمان کردبوو:**

**((بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە گەیشتوونەتە شارەکەمان [م؛ ئەستەنبووڵ] دادگاکە بەمجۆرە بەردەوام بووە:**

**[کەمال] فەوزی گوتی: ئەو نامەیە هی من نییە.**

**سەرۆکی دادگا: ئیمزای ئێوەی لەسەرە. حکوومەتیش ئەوەی سەلماندووە کە هی ئێوەیە)).**

**لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەدا ئەو بەشەی وا پەیوەندیی بە کەمال فەوزییەوە هەیە، لێرەدا تەواو بووە. نووسینەکانی ئوغور مومجووو دەربارەی ئیفادەکانی کەمال فەوزی لە دادگا، زۆر جیاوازترن لەوانەی کە لە ڕۆژنامەی "وەقت"دا باس کراون:**

---

[116] ئوغور مومجوو، س. پ، ل115.

((... لـه كۆنووسـەكاندا بـاس لـەوە كـراوە كـە كـەمال فـەوزی لـە دادگـادا وتوویـەتی مـن تـازە تێگەیـشتووم لـەوەی كـە كوردەكـان دەگەڕێنـەوە سـەر نـەژادی تۆرانیـەكانو لـە خوتوخـۆڕاییش ماوەیـەكی درێـژە حكوومـەتو ئەفسەرەكانیم بە خۆمەوە خەریك كردووە. ئێستا چەندەی بەزەییم بە خۆمدا دێتە، ئەوەندەش دڵم بە حاڵی ئەوان دەسووتێ)) [117].

ئوغـور مومجـوو لەكاتێكـدا ئـەم قـسەیەی كـردووە كـە لـە پێـشەكیی كتێبەكەی خۆیدا گوتوویە: من چاوم بەو كۆنووسانە نەكەوتووە. مومجوو ئـەو زانیاریانـەی خـۆی لـە لاپـەڕە 91-92ی كتێبەكـەی بەهجـەت جـەمال وەرگرتـووە كـە گوتوویـە: ((كـەمال فـەوزی وتوویـەتی مـن تـازە تێگەیـشتووم لەوەی كە كوردەكان دەچنەوە سەر نەژادی تۆرانیەكانو لە خوتوخۆڕاییش ماوەیەكـە حكوومـەتو ئەفـسەرەكانیم بـە خۆمـەوە خـەریك كـردووە، ئێـستا چـەندەی بـەزەییم بـە خۆمـدا دێتـەوە، ئەوەنـدەش دڵـم بـە حـاڵی ئـەوان دەسـووتێ)). وەرگرتنـی ئـەم زانیارییـە لـە كەسـێكی وەك بەهجـەت جـەمال پێسـەلمێنی ئـەوە نییـە كـە كـەمال فـەوزی بەڕاسـتی شـتی وەهـای گوتـووە.

عەبدولعەزیز یامولكی نووسیویە، كەمال فەوزی لە دادگادا ئەمەی وتووە: ((بە ئاغاكانم وتووە خەلافەت گەمارۆ دراوەو توركەكان بەتەمای دامەزراندنی كۆمارێكی لائیكن، پێویستە كوردەكـانیش وەك هـەموو نەتـەوەكانی دیكـەی جیهان داوای مافی خۆیان بكەن. ئەمەش مافی ئێمەیە)) [118].

## دواین داكۆكیلەخۆكردن

لـە ڕۆژنامـەی ڕۆژی 28ی مایـسی 1925ی "وەقـت"دا هـەواڵێك لـەژێر نـاوی "دوایـن دانیـشتنی دادگاكـەی عەبـدولقادرو هاوڕێكـانی"یـەوە بـلاو

---

[117] ئوغور مومجوو، س. پ، ل221.

[118] عبدلعزیز یاملكی، كوردستانو كورد اختلاللری، تاران، 1946، ل83.

بووەتـەوە. لـەو هەواڵـەی ڕۆژنامەکـەوە دەردەکـەوێ کـە دانیـشتنەکەی دادگـا 24ی مایسی 1925 لە ساڵۆنی سینەمادا بەڕێوە چووە[119]. لـەم دانیشتنەدا داواکاری گشتی داوای سزادانی شەش کەسی کردووە کە یەکێکیان کەمال فەوزییە.

ڕۆژنامـەی "وەقـت" لـە زاری ناشـیت هـەقـییـەوە بـەمجۆرە لـە دادگاکـە دوواوە:

((کـەمال فـەوزی، وەك ئـەوەی کـە شـانۆگەری بکـات، داکۆکییـەکی زۆری لـە خۆی کردو کەوتە باسی دەردو کێشەکانی ڕاپەڕینەکەو دوای شیکردنەوەیان بەقیڕەوە ئەم قسانەی وت:

پێویـستە گومـان لـەوە نـەکرێ کـە لـەم بارەیـەوە گـەورەترین تـاوان هـی ڕاگەیاندنـەکانی ئەسـتەنبووڵە. لـەو وڵاتـە ئازادانەشـدا کـە ئـازادیی کۆمەڵایەتی و مەدەنی گەیشتووەتە ئاستێکی بـەرز، نموونەیـەکی وەك ئـەوەی ئەسـتەنبووڵ نـەبینراوە. ڕاگەیانـدن لەبـەر هەمووشـتێك لـە خوت وخـۆڕایی ڕەخنەی لە حکوومەت دەگرت، بەو کارەی خۆیشیەوە ڕێگای بۆ ئەوە خۆش دەکرد کـە هەنـدێك کـەس جـەماوەری نـەزان و نائاگـا بـەکار بێـنن بـۆ ئامانجـە خراپەکانی خۆیان)).

بەهجـەت جـەمال و مـەتین تۆکـەریش پێیـان وایـە کـەمال فـەوزی لـەو دانیشتنەدا داکۆکییەکی زۆری لە خۆی کردووە[120]. بەگوێرەی تۆکەر، کەمال

---

[119] بەهجەت جەمال و مەتین تۆکەر پێیان وایە دانیشتنەکە ڕۆژی 1925/5/23 بەڕێوە چووە. "مەتە تۆنـچای"یـش پێی وایـە ڕۆژی 1925/5/23 فـەرمانی لەسـێدارەدانی کـەمال فـەوزی و سـەیید عەبدولقادرو حاجی ئاختی دەرچووە. بەهجەت جەمال، س. پ، ل91؛ مەتین تۆکەر، شێخ سەعیدو ڕاپەڕینەکەی، بڵاوکراوەکانی ئاکیس، ئەنقەرە، 1986، ل118؛ مەتە تونچای، س. پ، ل159.

[120] بەهجەت جەمال، س. پ، ل91.

فەوزیی بتلیسی کە ئاوا داکۆکیی لە خۆی کردووەو پێشتریش وەك ڕۆژنامەنووسێك ڕۆژنامەیەکی کوردیی دەرکردووە، لە داکۆکیەکەیدا گوتوویەتی: ((ئەوانەی نووسیومن، لەو شتانە زیاتر نەبوون کە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبووڵ دەیاننووسی ...))[121].

ڕۆژنامەی "وەقت"یش، وەك سەرچاوە تورکیەکانی دیکە، داکۆکیلەخۆکردنە درێژەکەی کەمال فەوزیی بڵاو نەکردوەتەوە. ڕۆژنامەکە گوتوویە کەمال فەوزی شانۆگەریی کردووەو ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی شی کردوەتەوە، بەڵام قەت باسی ئەو شیکردنەوەیەی نەکردووەو ڕستەیەکیشی لێ بڵاو نەکردوەتەوە. دواجار تەنیا بڕگەیەکی قسەکانی کەمال فەوزیی نووسیوە کە گوایە ڕەخنەی لە ڕاگەیاندنی ئەستەنبووڵ گرتووە سەبارەت بەوەی کە دژایەتیی حکوومەتیان کردووە. شتی سەیر لێرەدا ئەوەیە کە ئەو سەردەمە حکوومەت گوشاری لەسەر ڕاگەیاندن هەبووەو هەوڵی یەکدەنگ کردنیشیانی داوە. پرسیاری ئەوە قوت دەبێتەوە کە چۆن کەمال فەوزی شتی وەهای گوتووە. ئەو سەردەمە کەمالیستەکان هەڵمەتێکیان لەدژی ڕاگەیاندن دەست پێکردووەو چەندین ڕۆژنامەیان بە تۆمەتی وەك ڕاستڕەو، ئیسلامی، چەپو کۆمۆنیست یاخود لیبڕاڵ بوون داخستووە، بێدەنگیان کردوون. چەندین هۆی بەهەقو دروستمان هەیە بۆ گومانکردن هەم لەو زانیاریانەی کە دادگای ئیستیقلالی شەرق داونی بە ڕاگەیاندنو هەم لەو شتانەی کە سەبارەت بە موحاکەمەکردنەکان لەلایەن ئەوانەوە بڵاو کراونەتەوە، چونکە ئیدارەی کەمالیستی تورکیا ئیفادەکانی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق (ڕاست یا نادروست)یشی بۆ کارکردنە سەر

---

[121] مەتین تۆکەر، س. پ، ل91.

خەڵك بەكار هێناوە. لەخوارەوە هەندێك لە نووسینەكانی عەونی دۆغان كە كاتی خۆی سەردەستەی پارێزەران بووە لە مەحكەمەی ئیستیقلالی شەرقدا بڵاو دەكەینەوە. نووسینەكانی، ئەم مەسەلەیەمان زیاتر بۆ ڕوون دەكەنەوە:

مەتە تونچای نووسیویە:

((مەحكەمەی ئیستیقلالی شەرق كە تایبەت بووە بە ڕاپەڕینەكەی شێخ سەعید، بڕیاری داوە ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس بە تۆمەتی هاندانی ڕاپەڕینەكە دەستگیر بكرێن ...)).

(([ئەحمەد ئەمین] یاڵمان لە بەشێكی یادداشتەكانیدا 187 وەهای گوتووە" زانیبوومان ئەو هێزەی وا بە هەڕەشەی دەست لەكاركێشانەوەوە تەنگمان پێهەڵدەچنێ، خودی عەونی بەگی پارێزەر بووە)).

((عەونی دۆغانیش لە كتێبێكیدا بەناوی ڕزگاریو دوای ڕزگارییەوە ئاماژەی بە ناكۆكیی نێوان ئەندامانی مەحكەمەی ئیستیقلالی شەرق كردووەو لەوەش دوواوە كە شێخ سەعید ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پێوتووەو دوای لێكۆڵینەوەش زانیم كە قسەكانی شێخ سەعید لەسەر ڕۆژنامەكان فیكرو قەناعەتی خۆی نەبوون، بەڵكوو پێی گوتراون [مەتە تونچای؛ هەندێك لە ئەندامانی دادگا پێیان گوتووە]. ئەگەر هەندێك لەو ناوانە بدەی كە دیاری كراونو تۆمەتیان بخەیتە پاڵ، لە سزاكەت كەم دەكرێتەوە)).

عەونی دۆغان بەم چەشنە بەردەوام بووە:

((هەموو ڕۆژێ لە ئەنقەرە هەندێك كەسی پلەدوو [مەتە تونچای؛ مەبەستی عیسمەت پاشایە] بۆ جەسارەتدان بە من شفرەیان بۆ دەناردمو دەیانگوت ئەو ڕۆژنامەنووسانە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی كۆمارەوە دژایەتیی حكوومەتیان كردووەو ئەو سزایەی كە دەدرێن پلەوپایەی تۆ بەرزتر دەكاتەوە)).

((بەلام ئەو بەپێی ماددەی سی‌وشەشەمی یاسای ڕاگەیاندن لە ئیدیعانامە (دوانامە)کەیدا باسی تێپەڕبوونی کاتێکی سێ مانگەی کردبوو بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکانداو سەرجەم ڕۆژنامەکانی ڕزگار کردبوو! نامەیەکی شفرەداری عەونی دۆغانم لە ئەرشیڤی دەزگای مێژووی تورکدا دەست کەوت کە باسی سزادانی ڕۆژنامەکانی بە خراپترین شێوە تێدا کردووەو قسەکانیشی ڕووی ڕاستەقینەی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق‌و ئاستی یاساییبوونەکەی ئاشکرا دەکەن))[122]. عەونی دۆغان ڕۆژی 1341/9/9 لە ئەلازیغەوە نامەیەکی تایبەتی بۆ خودی جەمیل [ئویبایدن]ی وەکیلی داخلییە (وەزیری ناوخۆ) ناردووە، ئەمەی تێدا گوتووە:

((1- ... من یەکێکی ئەوانەم وا لە هەموو کەسێك زیاتر لە ئاستی ئەو زیانانە تێدەگەم کە ڕۆژنامەنووسەکان لە ولاتیان داوە. کاتێ فەرمانی دەستگیرکردنی ئەحمەد ئەمین‌و هاوڕێکانیم دەرکرد، هەستم بە هیچ گومان‌و دوودڵییەك نەکرد.

2- تا ئەوکاتەی حەزرەتی غازی پاشا لەڕێی فەرمانی شفرەدارەوە داوای ئازادکردنی ڕۆژنامەنوسەکانی دەرکرد (؟)، دادگاکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچوو. دوای ئەمەش ئیدی قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە ڕۆژنامەنووسەکان بێ‌تاوان بکرێن‌و یەکێك لە هاوڕێکانیشمان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بچێتە ئەنقەرەو دیدارێك لەوبارەیەوە لەگەڵ سەرۆك کۆماردا ئەنجام بدات.

3- دوای ئەمە من هەوڵدانی دووبارەم بۆ سزادان‌و بە تاوانبار لەقەڵەمدانی ڕۆژنامەنووسەکان بە شتێکی مەترسیدار زانی بۆ شەرەفی کەسایەتیی

---

[122] مەتە تونچای، س. پ، ل143-144.

حەزرەتی غازی عیسمەت پاشا خۆی. هەر لەبەر ئەوەش لەگەڵ هاوڕێکانمدا شتێکی لەو بابەتەمان بۆ نووسی.

4- لەبەر ئەوەی متمانەم بە ڕۆح و داخوازیی بەشەرەفانەیان هەیە [و؛ مەبەستی عیسمەت پاشایە]، لەگەڵ ڕێزو حورمەتمدا داوایان لێ دەکەم با بفەرموون و ڕێگەی ڕاستمان لەو بارەیەوە پێنیشان بدەن، بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین. پێویستە هەر لەئێستاوە ئەوەش بڵێم کە ئەو شتەی وا جەنابیان بیفەرموێ، بەبێ هیچ دوودڵییەك جێبەجێی دەکەم)). وەکیلی داواکاری گشتیی مەحکەمەی ئیستیقلال، مەبعووسی بۆزوك، عەونی[123].

یانی بەکورتی، عەونی دۆغان داوای لە عیسمەت پاشا کردووە ڕێگەی ڕاستی پیشان بدات، تەئکیدیش دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە چی بڵێت جێبەجێی دەکات. وەك لە نامەکەدا دەبینرێ چۆن کوێلەیەك لە خاوەنەکەی دەپاڕێتەوە، عەونی دۆغانیش وەها لە ئەفەندییەکەی خۆی دەپاڕێتەوە. لێرەدا وەك مەتە تونچای باسی کردووە، ((ئەوەندە ئاشکراو ڕوونە کە مەحکەمەی ئیستیقلال بەپێی فەرمانەکانی دەسەڵاتی سیاسی جووڵاوەتەوە، ئیدی پێویست بە هیچ ڕوونکردنەوەو نرخاندنێك ناکات)).

((ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە دادگای ئیستیقلالی شەرقدا موحاکەمە کراون، دواتر بەپێی ئەو ئامۆژگاریانەی کە لەوێ کرابوون، بە مەبەستی داواکردنی لێبوردن برووسکەیان بۆ سەرکۆمار نارد. دوای ئەوە، دادگاکە لە عەبدولقادر کەمالی بەگ بەدەر کە ڕەوانەی مەحکەمەی ئیستیقلالی ئەنقەرە کرا، هەموو ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەی ئازاد کرد))[124].

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە عەونی دۆغانی نوێنەری بۆزوك لە پەرلەمان سالانی 1923و 1927و 1931و 1935 وەکیلی (داواکاری گشتی)ی

---

[123] مەتە تونچای، س. پ، 143-144.

[124] مەتە تونچای، س. پ، ل143-144.

مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق بووەو 1939–1943 کراوە بە نوێنەر لە پەرلەمان، دواتریش لەنێوان ساڵانی 1943–1947دا کراوە بە یەکەم موفەتیشی گشتی لە تورکیا[125].

مەحکەمەی ئیستیقلال کە بەمجۆرە ڕەفتاری دەکرد، بەگوێرەی ڕۆژنامەی جەمهووریەت (21ی کانوونی یەکەمی 1926) تا ئەوکاتەی کە ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە بڵاو بووەتەوە ((15 هەزار کەسی گومانلێکراوی خستوەتە بەر لێکۆڵینەوەو موحاکەمەی کردوون))[126]. بەگوێرەی ئەرگون ئایبارس کە یەکێکە لەو کەسانەی وا لێکۆڵینەوەیان دەربارەی ئەم بابەتە ئەنجام داوە، مەحکەمەی ئیستیقلال لە ماوەی 2 ساڵدا (5010) کەسی موحاکەمە کردووەو سزای لەسێدارەدانی بۆ 420 کەسیش دەرکردووە[127].

وەك ساڵانێکی دواترو لە 1943دا شاعیری کورد "هێمن" باسی کردووە، مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق کوژاندنەوەی هیواو ئومێدی نەتەوەیی کوردی کردبوە ئامانجی خۆی[128]. سورەییا ئورگە ئەڤرەن کە لەم مەحکەمەیەدا کاری دادوەریی کردووە، لە نامەیەکدا بۆ سەرەك وەزیر لەم مەسەلەیە دوواوە:

((ڕاپەڕینەکە، بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بەرپا کراوە. دیارە چەند ساڵێك بۆ ئەم مەبەستە کاریان کردووە. مردنو کوشتنی ئەم ڕۆحە

---

[125] ئیسماعیل بێشکچی، یاسای تونجەلی (دێرسیم) (1935)و جینۆسایدی دێرسیم، ل164.

[126] مەتە تونچای، س. پ، ل167.

[127] مەتە تونچای، س. پ، ل169.

[128] م. ش. هێمن، "مەحکەمەی مەنحووسی ئیستیقلال، "نیشتمان" (بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ[یانەوەی] ك[ورد]، خەزەڵوەری 1322 (1943)، ژمارە2، ل13.

ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوەیی‌یە. هەر لەبەر ئەمەش، نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەو کەسانە ببەخشرێن کە دەتوانن ببنە سەرێك‌و زیانیان هەیە[129].

بەڵام مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق تەنیا کاری بەو کەسانە نەبوە کە توانیویانە ببنە سەرێك‌و زیانیان هەبێ بۆ تورکیا؛ بۆ نموونە، ئەم مەحکەمەیە ئەو کەسانەشی بەتوندی سزا داوە کە لەدژی "شۆڕشی کڵاو" ڕاست بوونەتەوە. وەك دەزانرێ، دوای بڕیاری 1925/11/25 کە لەسەرنانی هەموو شتێکی دیکەی لە کڵاو (شەپقە) بەدەری لە تورکیا قەدەغە دەکرد، شۆڕشی کڵاو بەرپا بووە! دوای ئەم شۆڕشی کڵاوە، لەنێوان مانگی 12ی ساڵی 1925 تا مانگی شوباتی 1926دا بڕیاری لەسێدارەدانی 57 کەس لەلایەن مەحکەمەی ئیستیقلالی ئەنقەرەو بەڕێوەبەرێتیی حاڵەتی نائاسایی ئەرزڕۆمەوە دەرچووەو جێبەجێش کراوە[130].

مەحکەمەی ئیستیقلال کاری نایاسایی زۆری بەگوێرەی هەندێك نووسەر، ئەنجام داوەو لە هەندێك حاڵەتدا گومانلێکراوەکانی لەسێدارە داوە، دواتر لە مەحکەمەدا بڕیاری تاوانباریی بۆ دەرکردوون[131]. ڕۆژنامەنووس "ئەحمەد ئەمین یاڵمان" هەندێك نموونەی سەیری کردەوەکانی ئەم مەحکەمەیەی هێناوەتەوە. بۆ نموونە، وتوویە: ڕۆژێك یەکێ لە ئەندامانی مەحکەمەی ئیستیقلالی ئەلازیغ لە شاری سرکەجی (ئەستەنبووڵ) چووەتە دەرمانخانەی بەشیر کەمال‌و داوای یەك شووشە بۆنی خۆشی کردووە. دوای مامەڵەکە، تووڕە بووە لەوەی کە نرخەکەی

---

[129] مەتە تونچای، س. پ، ل169.

[130] ئەنسیکلۆپیدیای سۆسیالیزم‌و تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەکان، بەرگی6، بڵاوکراوەکانی ئیلەتیشیم، 1988، ل1884.

[131] گونەری جڤا ئوغلوو, "سە باح", 16ی مایسی 1989.

بورهان بۆزگەیەك لە "براکوژ"دا باسی ئەمە دەکات. یەنی نەسیل, 21ی مایسی 1989. (بڕوانە: ئەنسکلۆپیدیای مێژووی نزیك, بەرگی 10, ل85).

گرانــەو ژمارەیــەك لــە عەرەبــەكان  دەســتیان گرتــووە بەســەر بەشــێك لــەبازاڕدا. دوابــەدوای ئــەوەش مەحكەمــەی ئیــستیقلال لــە ئــەلازیغ بــە تۆمــەتی ئــەوەی كــە تاوانیـان كـردووە, بڕیـاری گرتنیـانی داوەو پـاش ئـەوە هێنراونەتـە ئـەلازیغ[132] . بـۆ تێگەیشتن لەو زیانـەی كـە تیرۆریزمـی دەوڵـەت لەڕێگـەی مەحكەمـەی ئیـستیقلالەوە بـە ڕاگەیانـدنی گەیانـدووە, پێویـستە باسـی كردەوەكـانی ئـەم مەحكەمەیـە بەرامبـەر بە ڕاگەیانـدن بەگشتی بكرێ. هەرچـەندە لـە بابەتـە كـەمان دوور دەكەوینـەوە، بـەڵام جێی خۆیەتی باسی هەندێك شت لەوبارەیەوە بكەین.

## مەحكەمەكانی ئیستیقلال‌و بارودۆخی دڵتەزێنی ڕاگەیاندنی توركیا

بارودۆخی ڕاگەیاندنی توركیا دوای ڕاپەڕینەكەی شێخ سـەعیدی پـیران‌و لە قۆناغی (تەقریر سكون)دا زۆر خراپ‌و دڵتەزێنـە. لـەم قۆناغـەدا ژمارەیـەكی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار داخراون, یاخود لەلایەن دادگای ئیستیقلالەوە كێـشەیان بۆ دروست كراوە. نموونەی ئەمانەش بەمجۆرەن .

1. ڕۆژنامەی ئایدینلك (ئەستەنبووڵ)– داخرا
2. دوغرو ئوز (جەوهەری ڕاست)– مێرسین– داخرا
3. دوغرو یۆڵ (ڕێگای ڕاست)
4. حاكمییەتی مللییە– ئەنقەرە
5. ئیستقبال– ترابزۆن– داخرا
6. ئیستیقلال– ئەستەنبووڵ– داخرا
7. ئیتیحادی ئیسلام

---

[132] ئەحمەد ئەمین یاڵمان, ئەو شتانەی كە لە مێژووی نزیكدا بینیومن‌و بەسەرمدا هاتوون, بەرگی 3, خانەی چاپ‌و بڵاوكردنەوەی یەنیلیك, ئەستەنبووڵ, 1970, ل1870.

8. قاهقەها- داخرا
9. میللەت- ئەستەنبووڵ- داخرا
10. داس و چەکوش (گۆڤار بووە)- ئەستەنبووڵ- داخرا
11. ڕۆژنامەی پۆلیتیا- بە زمانی ڕۆمی دەرچووە
12. Presse de Soir لەئەستەنبووڵ دەرچووە- داخرا
13. ڕەسملی هەفتە- داخرا
14. سەدای هەق- ئیزمیر- داخرا
15. سەبیاح- ئەدەنە- داخرا
16. سبیل الرشاد- ئەستەنبووڵ- داخرا
17. سۆن تەلگراف- ئەستەنبووڵ- داخرا
18. تەنین- داخرا
19. توحیدی ئەفکار- ئەستەنبووڵ- داخرا
20. توق سۆز (قسەی پڕ)- داخرا
21. وەتەن- داخرا
22. یۆڵداش (هاوڕێ)- بورسا- داخرا[133].

ئەو لیستەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کەمالیەکان، دوای ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران، چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەیان لە چەپ و ڕاست و تەنانەت لە لیبراڵەکانیش بە تۆمەتی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی داخستووە. ئەم لیستەو لیستەکانی تریش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە کەمالیەکان باڵە جیاوازەکانی نێوخۆشیان بەزۆر سەرکوت کردووەو بۆچوونی جیاوازیان دەر نەبردووە. لەکاتی داخستنی ڕۆژنامەکاندا

[133] مەتە تونچای، س. پ، 142-146.

ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانیان گرتووە, زیندانی یاخود سووكایەتییان پێ کردوون‌و ناچاریان کردوون تۆبەنامە بۆ مستەفا کەمال ئاتاتورك بنێرن‌و داوای لێبوردن بکەن, زۆربەشیان ئەوەیان کردووە.

ئەم لیستەی خوارەوەش ناوی هەندێك لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە ئەوسەردەمە دەستگیر کراون‌و ناوەکانیشیان لە ڕۆژنامەی "وەتەن"دا بلاوکراوەتەوە.

1. عەبدولقادر کەمالی [ئامۆژگاریکەر]: (باوکی نووسەر ئۆرهان کەمالەو ئەو سەردەمە ڕۆژنامەی "توقسوز"ی دەرکردووە).

2. ئەحمەد ئەمین [یالمان]: خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی "وەتەن" بووە. دەستگیر کرا. بەگوێرەی ئەوشتەی کە مەتە تونچای باسی لێ کردووە, ڕۆژنامەی "وەتەن" لە بابەتێکدا کە لەم بارەیەوە بلاوی کردوەتەوە, وەهای نووسیوە:

((دوای داخستنی (فیرقەی تەرەقی‌پەروەر), داوا لە ڕۆژانامەی وەتەن کرا بڕیاری داخستنی فیرقەکە بە شتێکی باش وەسف بکات‌و بابەت بلاو بکاتەوە. کاتێ ڕۆژنامە ئامادە نەبوو کارێکی بەمجۆرە بکات کە نایاسایی‌یەو زیانێکی زۆر بە دیموکراسی دەگەیەنێ, دادگای ئیستیقلالی ئەنقەرە سەرەتای مانگی ئابی 1925 ڕۆژنامەکەی داخست‌و بە تۆمەتی سەیری وەك ((هەولدان بۆ تێکشکاندنی کاریگەریی حکوومەت, ڕێخۆشکردن‌و زەمینەسازی بۆ ڕاپەڕینەکەی شەرق [و؛ مەبەستی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانە]" دەستگیرو ڕەوانەی مەحکەمەی ئیستیقلالی ئەلازیغ کران بۆ موحاکەمەکردن.

دادگا لە کەش‌وهەوایەکی ترسناکدا بەڕێوە چوو، هەتا پەیداکردنی بەلگەی نوێ بڕیاری ئازادکردنیانی دا, بەلام لەهەمان کاتدا بڕیاری ئەوەشی

**دا كە چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەكە بەو بۆنەیەوە بۆ ماوەی پانزە ساڵ قەدەغە بكرێ[134].**

**داستانی گەڕانەوەی ئەحمەد ئەمین بۆ كاری ڕۆژنامەوانی كە ساڵی 1936 نووسیویەتی، هەندێك شتی باشی بەدەستەوە داوە دەربارەی ناسینی ڕۆژنامەوانی بێكەسێتی و چەمكی ئاتاتورك، ((دواڕۆژەكانی مانگی 11ی ساڵی 1936 بوو. دە ساڵ و نیوی پڕ لە ئازارو خەفەتم دوای وازهێنان لە كاری ڕۆژنامەوانی بەسەر بردبوو، ئێوارەیەك لەگەڵ ڕەزانی هاوسەرمدا لە ئەنقەرە چووبووینە ڕێستۆرانتی كارپێچ ... لەناكاو قسەو باسی ئەوە بڵاو بووەوە كە ئەتاتورك و هاوڕێكانی بەرەو ئێرە دێن. مێزێكی لە تەنیشت ئێمە بۆ ئامادە كرا. ویستم بڕۆم، بەڵام ئیدی درەنگ بووبوو، چونكە ئەتاتورك هاتبوە ناو ڕێستۆرانتەكە.**

**ماوەیەكی زۆر كورت تێپەڕی كە یەكێك لە هاوڕێكانی ئەتاتورك بەناو "قلّچ عەلی"یەوە نزیكمان بوەوەو داوای لە هاوسەرەكەم كرد سەمای لەگەڵدا بكات، دواتر یاریدەدەری ئەتاتورك هاتە لام، بە چپە پێی گوتم ئەگەر بچم یەكێك لەو ژنانەی سەر مێزەكەی ئەتاتورك داوەتی سەما بكەم، زۆرباش دەبێ. ئەمانە ئاماژەی زۆر باش بوون... .))**

**ئەحمەد ئەمین دواتر بۆ سوپاسگوزاری كردن چووەتە لای ئەتاتورك، تۆزێك دواتر هەر لەوێ ئەتاتورك پێی گوتووە: ((دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ سەر كاری ڕۆژنامەوانی؟))، ئەویش گوتوویە:((بەڵێ دەمەوێ)). بەڵام بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ كاری ڕۆژنامەوانی، ئەتاتورك مەرجی بۆ داناوە. دوای هەندێ قسەی كورت كە پێكەوە كردوویانە، ئەتاتورك گوتوویە:**

---

[134] مەتە تۆنچای، س. پ، ل143.

((کەوابوو ئەم ڕوونکردنەوەیەی وا پێتان دەڵێم, لای خۆتان یادداشتی بکەن ...

ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە ئەتاتورك پێی گوتووە، ئەمەیە:

((ماوەی دەساڵە لە کارو پیشەکەی خۆم دوور کەوتوومەتەوە. ئەم ماوەیە لە ژیانی نەتەوەیەکدا قۆناغێکی کەمە, بەڵام لە ژیانی تاکێکدا جێگایەکی زۆری هەیە. دەساڵ بەر لە ئێستا نەمدەتوانی کارەکانی خۆم لەگەڵ هێزەکانی سروشتدا [م؛ مەبەستی بەڕێوەبەرایەتیی کەمالییە] ڕێك بخەم. ئەمە لە ئەنجامی خراپەو کەموکوڕیی منەوە نەبوو, خەتای هێزەکانی سروشتیش نەبوو, بەڵکوو هەلومەرجی ئەو سەردەمە ئەو بارودۆخەیان خوڵقاند. دوای ئەوەی بۆ ماوەی دەساڵ ئەزموونی جۆراوجۆرم وەرگرت, لە وەڵامی پرسیاری شاعیرێکدا کە دەڵێ: کەسێك نییە ئەم وڵاتە لە خراپەکاران و خراپەکار ڕزگار بکات؟ گەیشتوومەتە ئەو وەڵامەی کە بەڵێ هەیە [م؛ لێرەدا ئەتاتورك مەبەستی خۆیەتی کە وڵات ڕزگار دەکات]و خۆیشم ئامادە دەبینم بۆ ئەوەی بتوانم هاوکاری و یارمەتیی ئەو کەسە بدەم)).

ئەتاتورك وتی:

– نووسراوەکانتان بە دەنگی بەرز بخوێننەوە, با هەموو کەس گوێی لێ بێ، ویستم بیخوێنمەوە, بەڵام نەمتوانی... .)) دیارە "ڕێبەری گەورە" بە هەموو ئەمانەشەوە ڕازی نەبوە، ویستوویە وەك چۆن حەیوان لە سێرکدا یاری پێدەکرێ, ئاوها یاری بەم کەسە بکات. دوای ئەوەش کە تۆبەی بە ئەحمەد ئەمین کردووە, نۆرەی ژنەکەی هاتووە:

ئەتاتورك زانیی ناتوانم بیخوێنمەوە، وتی:

– ئێوە زۆر لە جۆش و خرۆشدان, ناتوانن بیخوێننەوە, با هاوسەرەکەتان بیخوێنێتەوە.

ڕەزانــی هاوســەرم دەرکــەوت و بــە دەنگــی بــەرز ڕوونکردنەوەکــەی خوێندەوە... .))[135]

3- ئەحمــەد شــوکری [ئەسمــەر]، نووســەری ڕۆژنامــەی "وەتــەن" بــوو. دەستگیر کرا.

4- ئەبو زیـازادە وەلیـد، خـاوەنی ئیمتیـازی ڕۆژنامـەی "تەوحیـدی ئـەفکار" بـوو, هـەروەها یـەکێك بـوو لـەو کەسـانەی کـە ڕۆڵیـان هـەبوو لـە دەرکردنـی ڕۆژنامـەکانی "موجاهـەدە" "تـوق سـۆز"دا. بـەگوێرەی ڕۆژنامـەی "وەقـت" (13ی ئـابی 1925) لـە دادگـادا عـەلی صـائیب پرسـیارێکی لـە ئـەبو زیـازادە کردووە، بەمجۆرەیە: ڕاستە بەر لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید ئاگاتـان لـەوە هەبوە کە ڕاپەڕینێك ڕوودەدات و هەموو شوێنەکان تا (ئەدەنە)ش دەگرێتەوە؛ تەنانەت بۆ بڕینـی خەتـەکانی تـەلگرافیش کەسـی تایبـەتیان دیـاری کـردووە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتوویـە: ((مـن تـورکم. نـاتوانم ببمـە لایـەنگری کوردسـتان. ئەوە تۆمەتێکی درۆینەیە.))

ئەبو زیازادە هەر لەو ئیفادەیەدا باسی ئەوەشی کردووە کە دوای ئەوەی یووسـف زیـای بتلیسـی بـووە بـە مـەبعووس (نوێنـەری پەرلـەمان)، پێکـەوە دیداریان نەبوە.

5- ئەشرەف ئەدیب، خاوەنی ڕۆژنامەی"سبیل الرشاد".

6- مانیـسالی فـەوزی لـوتفی"قـەرە عوسمـان ئوغڵـوو"، خـاوەنی ڕۆژنامـەی "سـۆن تـەلگراف" بـوو. ڕۆژنامــەی "وەقـت" (13ی ئـابی 1925) باسـی ئەوەشـی کـردووە کـە عـەلی صـائیب بـە چ شـێوەیەك مەحکەمـەی "فـەوزی لـوتفی"شـی کـردووە بـە گاڵتـەجاڕی. صـائیب بـەگ بـە خـاوەن و نووسـەری ڕۆژنامـەی "سـۆن تـەلگراف"ی وتـووە: ((ئێـوە لـە هـیچ شـتێك ڕازی نـەبوون,

[135] ئەحمەد ئەمین پەڵمان, س. پ, ل214-219.

بەوپێیــەی وا خۆتــان دانتــان بــەوەدا نــاوە کــە منــداڵن، پێویــست بــوو بــۆ ڕازیکردنی ئێوە، منداڵێک‌و چەند شتێکتان بۆ یاریکردن بناردبایە.)) (دوای ئەوە پێکەنین دەستی پێ‌کرد)

7- گونـدوز نـادر، نوسـەری ڕۆژنامـەی"سـەبیاح" بـوو کـە لـە ئەدەنـە داخـرا، دەستگیر کرا.

8- ئیلهامی سافا، یەکێک لە خاوەنەکانی ڕۆژنامەی"سۆن تەلگراف" بوو.

9- ئیسماعیل موشتاق [مایاکۆن]، خاوەنی ڕۆژنامەی"ئیستیقلال" بوو.

10- لوتفی فکری:، نووسەرو سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ‌و نوێنەری شاری دێرســیم بــووەو لــەو ســەردەمەدا ســەرۆکایەتیی بــیرۆی پــارێزەرانی ئەستەنبوولیشی کردووە, چەندین جار دەستگیر کراوە.

11- سـەدرەدین جـەلال، خـاوەنی گۆڤـاری "ئایـدینلك"(ڕۆشـنایی) بـووە، بـە تـاوانی کۆمۆنیـست بـوون مـاوەی حـەوت سـاڵ کـاری قـورس (بێڵکـاری)ی پێ‌کراوە.

12- سەدری ئەتهەم [ئەرتەم]، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "سۆن تەلگراف" بووە. بـەپێی هـەواڵیکی ڕۆژنامـەی "وەقـت" (13ی ئـابی 1925) ((سـەدری ئەتهـەم ڕۆژی مەحکەمـە لەترسـا جلێکـی کردوەتـە بـەر کـە تـا ئەوکاتـە نەیپۆشـیوە، ڕەنگ‌و ڕووشی لەسەر کورسیکە تێك چووەو سەری خستوەتە نێوان هـەردوو دەستی‌و هۆن هۆن گریاوە.))

13- سوبحی نووری، [پێشکەوتن "ئیلـەری" ] یـەکێك بووە لـە خاوەنـەکانی ڕۆژنامەی داخراوی "سۆن تەلگراف" کە دەستگیر کراوە.

14- ئیمزاجــی واســف، بەڕێوەبــەری بەرپرســی گۆڤــاری داس‌و چــەکوش "ئۆراك- چەکیچ" بووە. سزای ئەنجامدانی کاری قورسی وەك (بێڵکاری)ی بۆ ماوەی دەساڵ بەسەردا سەپێندراوە.

هەندێك لەو ڕۆژنامەنووسانەش كە لە سەردەمی سەقامگیركردنی ئارامی (تەقریری سكوون)دا سزای جۆراوجۆریان بەسەردا سەپێنراوە، بەمجۆرەن:

15- حوسەین جاهید [یاڵچین] سەرنووسەری تەنین "طنین"، بۆ ماوەیەكی دیارینەكراو دوورخرایەوە بۆ ناوچەی چۆروم. "ئیبراهیم ئارواس"ی یەكێك لە نوێنەرانی پێشووی شاری وان, وتوویە: "عەلی چەتین قایا"ی سەرۆكی مەحكەمەكە بەو سزایە ڕازی نەبوەو زۆر پەشیمان بووە لەوەی كە سزای لەسێدارەدانی بۆ حوسنی جاهد دەرنەكردووە. ئارواس بەم جۆرە درێژەی پێداوە:

((لە خودی عەلی چەتین قایا بەگ سەرۆكی مەحكەمەی ئیستیقلالەوە بیستم كە گوتی: لە ژیانمدا تەنها شتێك كە زۆر پێی نیگەران بووم، ئەوەیە كە نەمتوانی یاڵچین لەسێدارە بدەم. ئەگەر لەسێدارەم بدایە, هەموو تاوانەكانم پاك دەبوونەوە.))[136]

16- جەواد شاكیر [قابا ئاغاقچلی]، یەكێك بووە لە نووسەرانی گۆڤاری "ڕەسملی هەفتە" (دواتریش بە ماڵی كارناس باڵكچیسی ناوبانگی دەركردووە, بۆ ماوەی سێ ساڵ سزای دوورخستنەوەی بۆ دەرچووە.

17- تاتا چەلەبی، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی"دوغرو سۆز" بووە كە لە مێرسین دەرچووە. سزای یەك ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

18- زەكەریا[سەرتەل]، خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤاری "ڕەسملی هەفتە" بووە. سزای سێ ساڵ دوورخستنەوەی بۆ دەرچووە.

زەكەریا "سەرتەل" بەمجۆرە باسی بەسەرهاتەكانی خۆی كردووە:

((... هەموو یاساو ڕێساكانی دادگا پێشێل دەكران. بڕیارەكان بەگوێرەی كەسەكان دەدران و زۆرجاریش بەپێی زەوقی تاكەكەس بڕیار دەدرا. تەنانەت

[136] ئیبراهیم ئارواس, س. پ, ل67.

هەندێك کەسیش لەبەر ئەمە, بەبێ ئەوەی تاوانێکیان هەبێ, سزا درابوون.
بەلاّم ئەو شێوە ڕەفتارەش خۆبەخۆ زادەی هەلومەرجی ئەوسەردەمە بوو.

((زۆربەی سەرنووسەرانی ناسراوی ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوولْ نێردرابوونە دیاربەکر. کەسانی وەك وەلید ئەبوزیا خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری "تەصویری ئەفکار", ئەحمەد ئەمین یالْمان خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی "وەتەن", ئەحمەد شوکری ئەسمەر نووسەری ڕۆژنامەی "وەتەن" و سەرنوسەر ئیسماعیل موشتاق و... لەنێو ئەو ڕۆژنامەنوسانەدا بوون. ئەحمەد ئەمین هەر لە سەرەتاوە کاتێ دەیانبرد بۆ دیاربەکر, تەلگرافی پاڕانەوەو داوای لێبوردنی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورك نارد. بەلْێنی ئەوەی دابوو کە ئەگەر ببەخشرێ, جارێکی تر کاری ڕۆژنامەوانی ناکات. لەلایەکی دیکەشەوە, هەوالْی سەیرو مەترسیدار سەبارەت بە چۆنێتیی مامەلْەکردنیان لەگەلْ ڕۆژنامەنووساندا دەگەیشت. ئەندامانی مەحکەمەی ئیستیقلال هاتوونەتە وێستگە بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامەنووسەکان, دوای ئەوەش وتوویانە لە مزگەوتێکدا جێگیریان بکەن کە پڕبووە لە کوردە دەستگیرکراوەکان, بەشێوەیەك کە هەناسەکێشان لەو مزگەوتەدا زەحمەت بووەو بۆنی زۆر خراپی لێ هاتووە.

کاتێك ڕۆژنامەنوسەکان ئەمیان بینیوە، زۆر ترساون. بەلاّم ئەندامانی مەحکەمەی ئیستیقلال گوێیان نەداوەتە وەزعی ئەوان و وتوویانە لێرە جێگە نییەو ڕۆژنامەنووسەکانیان بردووە بۆ جێگایەکی دیکە. هەندێ کەس لەسەر ڕێگا چاویان بە وەلیدی ئەبوزیا کەوتووە کە بە قاچە زنجیرکراوەکانیەوە دوو سەتلْ ئاوی کێشاوە. ئەوانیش وایانزانیوە چارەنووسیان وەك بەندکراوەکانی دیکە دەبێ, بەلاّم ئەندامانی مەحکەمە ڕۆژنامەنووسەکانیان بردوەتە مالْی سەرۆکی دادگاو خواردن و ویسکییان پێشکەش کردوون،

وتوویانه ئەو شتانەی کە تائێستا پیشانمان داون, تەنیا بۆ چاوترساندن بوون‌و دەستیان بە پێکەنین کردووە" یان بەکورتی هەموو ئەو شتانە گاڵتە بووە... ((ئەو ڕۆژانە لە هەرچوار لای وڵاتەوە کەسانی کۆنەپەرست‌و دوژمنانی ڕژێمیان دەستگیر دەکردو ڕەوانەی مەحکەمەی ئیستیقلالیان دەکردن. کەش‌وهەوای تیرۆر باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. ئێمە نە دوژمنایەتیی ڕژێممان دەکرد, نە ڕاستەوخۆ کارمان بە سیاسەتی ڕۆژانە هەبوو, هەر لەبەر ئەوەشە پێمان وابوو ئەم فەرتەنەیە ئێمە ناگرێتەوەو کاری خۆمان دەکرد ...

((ئێوارەیەك لەگەڵ هاوسەرەکەمدا منداڵە پێنج ساڵانەکەمان برد بۆ پارکی گوڵخانە. لەژێر دارێکەوە دەمانڕوانییە منداڵەکەمان‌و پێکەوە قسەمان دەکرد, لەناکاو پۆلیسێك هاتە بەرامبەرمان، وتی: بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس داواتان دەکەن ...

((یەکسەر کردمیانە ناو ژوورێك‌و دەرگاکەیان داخست‌و پرسیاری هیچ شتێکیان لێنەکردم. هیچ شتێکیان پێ‌نەگوتم. نەمدەزانی لەسەرچی گیراوم‌و چارەنووسم چی دەبێ. بۆ ئەوەی لە ئەنقەرەوە بمنێرن, بردیانمە وێستگەی حەیدەر پاشا. هێشتا نەمدەزانی چییە، چی بووەو چیم کردووە؟ تاوانم چی بوو؟ بۆچی دەمبەنە ئەنقەرە؟ پۆلیسیش ئەمەی نەدەزانی.((لە ئەستەنبووڵ جەواد شاکر"مالی کارناس باڵکچیسی"م بینی. ئەویش پۆلیسێکی لەگەڵدا بوو. هەر بە هەمان شەمەندەفەر ئەویشیان بۆ ئەنقەرە دەبرد. بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکترمان کرد. ئەویش هیچی نەدەزانی.

((... لە شەمەندەفەرەکەدا بیرمان کردەوەو وتمان مادام هەردوکمانیان پێکەوە دەستگیر کردووە, ئەمە پەیوەندیی بە بابەتێکەوە هەیە جەواد شاکیر لە "ڕەسملی ئای"دا بڵاوی کردوەتەوە.

((... بەم نیگەرانیانەوە (ماددیو مەعنەوی) ئێمەیان بردە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی ئەنقەرە، ئێمەیان خستە قاتی ژێرزەمینی بینای ئەو بەڕێوەبەرێتییە. جێگەیەکی تەڕو تاریكو بێپەنجەرەو بێهەوا بوو... پرسیارم لە پۆلیسێکی کۆمیسەر کرد کە دەهاتە لای ئێمە, وتم دەتوانم تەلگرافێك بۆ دۆستێکم بنێرم کە مەبعووسە (نوێنەری پەرلەمانە)؟ مۆڵەتی پێدام. "نەبیزادە حەمدی"ی مەبعووسی تەرابزوون دۆستی دەورانی منداڵیم بوو, بەڵام نەیتوانی بێتە ناو بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس. لە دەرەوە قیژاندی، وتی چیت پێویستە ...))[137].

لە کۆتاییی مەحکەمەدا بە تاوانی نووسینی داستانێك بڕیاری سێ ساڵ زیندانیکردن لە قەڵایەکدا بۆ زەکەریا سەرتەلو جەواد شاکیر دەرچوو. خۆیان لە بیرەوەریەکانیاندا باسی ئەوەیان کردووە کە چاوەڕوانی حوکمی لەسێدارەدانیان کردووە, بەڵام کاتێ حوکمەکەیان ئەوە نەبوە, زۆر خۆشحاڵ بوون. هەر لەو قۆناغەدا، هەندێ کەسیشیان بە تۆمەتی کۆمۆنیست بوون موحاکەمە کردووە.

## ئەو کەسانەی کە ئەو سەردەمە بەتاوانی کۆمۆنیستی موحاکەمە کراون

لە مایسی 1925ـەوە تا حوزەیرانی ئەوساڵە ژمارەیەکی زۆریان لە کەسانی ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارو... بە تۆمەتی کۆمۆنیستی موحاکەمە کردووە، سزاشیان بەسەر زۆریان سەپاندووە. چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر دەربارەی ئەو مەسەلەیە زانیارییان داوە, بەڵام ئێمە تەنیا باسی هەندێك زانیاری دەکەین کە لە ڕۆژنامەی "وەقت"ی ئەو سەردەمەدا بڵاو کراوەتەوە:

---

[137] زەکەریا سەرتەل, بیرەوەریەکانم, چاپی دووەم, ئەستەنبووڵ, بڵاوکراوەکانی گوزلەم, 1977، ل142- 146.

– به تاوانی ئەوەی کە بڵاوکراوەیەکی دەربارەی (1ی مایس) ڕۆژی کرێکار پێ گیراوە، نووریی ئەندامی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کرێکارو عەبدی ڕەجەب دەستگیر کراون.(18ی مایسی 1925, وەقت)

– فەریدی خوێنکاری دارولفنوون و گانسپیرانسکیزادە مەقسوودو سامونەل ئەفەندیش بە تاوانی کۆمۆنیستی دەستگیر کراون, بەڵام دواتر ئازاد کراون.(7ی حوزەیرانی 1925, وەقت)

– بڕیاری ڕاوەدوونانی بەڕێوەبەری گۆڤاری "ئایدینکل" دەرچوو. (10ی حوزەیرانی 1925, وەقت)

– بڕیاری ڕاوەدوونانی کامیلی بەشی (پزیشکی)و سێ هاوڕێی دەرچوو. (28ی حوزەیرانی 1925, وەقت)

هەمان ڕۆژنامە لە ڕۆژی 13ی ئابی1925دا هەواڵێکی دەربارەی سزاکانی هەندێ لەو کەسانەی کە بە تاوانی کۆمۆنیستی دادگایی کرابوون، بڵاو کراوەتەوە؛ بەگوێرەی ئەم هەواڵە:

1– بڕیاری دە ساڵ ئەنجامدانی کاری سەخت بۆ عەبدی ڕەجەب نووسەر (کاتیب)ی جەمعییەتی تەعالیی عەمەلە (کرێکار) دەرچووە.

2– عەلی ڕاسیم خوێندکاری پزیشکیی عەسکەری لەبەر بێتاوانی ئازاد کرا.

3– بڕیاری دە ساڵ ئەنجامدانی کاری سەخت پاشملە بۆ جەودەد بەگ دەرچووە, (هەڕای کردووە).

4– بڕیاری 15 ساڵ زیندانی پاشملە بۆ حەسەن عەلی دەرچووە.

5– ماوەی حەوت ساڵ سزای ئەنجامدانی کاری سەخت بۆ حەیدەر بەگ دەرچووە.

6– سزای دە ساڵ کاری سەخت بۆ حسێن حیکمەت بڕاوەتەوە.

7– سزای حەوت ساڵ کاری سەخت بۆ ئیبراهیم حیلمی دەرچووە.

8– مەسعوود سەعید، لە بەشی پزیشکیی عەسکەری لەبەر بێتاوانی ئازاد کرا.

9- د. مومتازیش، سزای ده ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بۆ دەرچووە.

10- نازم حیکمەت، شاعیری بەناوبانگی تورك هەڕای کردووەو دادگاش بە پاشملە حوکمی 15 ساڵ زیندانی بۆ بڕیوەتەوە. [م؛ لە دەقەکەدا ئەو بەشە باش ناخوێنرێتەوە, لەوە دەچێ دە ساڵیش بێ].

11- نیزامەدین واسف، نووسەری گۆڤاری "ئایدنیلك" سزای 10 ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بۆ دەرچووە.

12- نووری کارەباچی (ئەلکتریکچی)، سزای حەوت ساڵ کاری سەختی بۆ بڕاوەتەوە.

13- سەدرەدین جەلال، خاوەنی گۆڤاری "ئایدنیلك" بوو, دادگا سزای دە ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بەسەردا سەپاندووە.

14- سامیح، وێنەکێشی ئایدنیلك بووە.

15- سامیح، نووری سزای دە ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بۆ دەرچووە.

16- سولەیمان نەشاتی، دادگا سزای دە ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بەسەردا سەپاندووە[138].

17- د. شەفیق حوسنوو [دەیمەر]، پاشملە بڕیاری 15 ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە.

18- شەوقی، سزای حەوت ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بۆ دەرچووە.

19- شەوکەت سوورەییا [ئایدەمیر]، سزای دە ساڵ ئەنجامدانی کاری سەختی بۆ دەرچووە[139].

---

[138] ئەنسكلۆپیپدیای سۆسیالزمو تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەکان, بەرگی 6, ل1886.

[139] ئەسكلۆبیدیای سۆسیالزمو تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەکان, بەرگی 6, ل1878.

20- ئیمزاجی واسف, بەرپرسی گۆڤاری داس وچەکوش بووەو دادگا بڕیاری 10 ساڵ کاری سەختی بۆ بڕیوەتەوە.

### کەمال فەوزی موحاکەمە کرا

بۆ ناسینی ئەو ئەندامانەی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق کە دەستیان هەبوە لە موحاکەمەکردنی کەمال فەوزیو هاوڕێکانیدا، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی فراوانتر هەیە؛ بەڵام لێرەدا هەندێك زانیاریی کورتتان لەبارەی بیۆگرافیای ئەو کەسانەوە پێدەدەین.

(1) مەزهەر موفید [قانسوو]، سەرۆکی مەحکەمەکە (1873-1948)، منداڵی خێزانێکی خەڵکی قەستەمۆنولووە. لایەنگرێکی ئیتیحادو تەرەقی بوو. 18ی نیسانی 1918 بوو بە والیی بتلیسو 13ی حوزەیرانی 1919 ئەو پۆستەی بەجێهێشتووەو بەشداریی لە کۆنگرەکانی سیواسو ئەرزڕۆمدا کردووە. بەناوی هەکاریی‌یەوە بەشداری یەکەم پەرلەمانی گەورەی تورکیا و لە هەمان کاتیشدا والیی ئەلازیغ بووە. دواتر کاتێ بووە بە نوێنەری (دەنیزلی) لە پەرلەمان, لە 16ی ئاداری 1925دا بە سەرۆکی ئیستیقلالی شەرق هەڵبژێردراوە، بەڵام دوای هەشت مانگ دەستی لە کار کێشاوەتەوە[140].

ئەحمەد ئەمین یەڵمان لەنێو ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا بوو کە براونەتە مەحکەمەی ئیستیقلالی ئەلازیغ, ئەو کاتە مەزهەر موفید سەرۆکی ئەو مەحکەمەیە بووەو بەم جۆرە لەسەری نووسیوە:

((تەنیا دەردێکمان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە مەزهەر موفید بەگی سەرۆکی مەحکەمە هەموو بەیانییەك بۆ قاوەڵتی دەهاتە لای ئێمەو باسی عەشقەکانی

---

[140] کامیل ئەردەها, والیو ویلایەتەکان لە تێکۆشانی نەتەوەییدا, ل158- ئەنسیکلۆپیدیای یورت, ل3316؛ مومجووو, ل179.

کاتی گەنجێتیی خۆی بۆ دەکردین. قسەکانی هەمووی خۆڕاگریو شەڕو ئەمانەیان تێدابوو, بەلاّم لە کۆتاییی هەموویاندا ژنێکی جوان خۆی تەسلیمی سەرۆك دەکردو بەم جۆرە دوایییان پێدەهات. سەرۆك زۆر ڕازی بوو لەوەی کە گرووپێك گوێگری بۆ پەیدا بووە, گویّ لە بەسەرهاتەکانی دەگرن؛ زۆربەشیان خەیالّو حەسرەتو ئارەزووەکانی خۆی بوون، خۆی بە درۆ هەڵیدەبەست.ن مەحکەمەی ئیستیقلال ئەمە بوو. چارەنووسمان بە دەستی ئەوەوە بوو. کیّ بەخۆیدا ڕادەپەرموو گوێی لیّنهگریّو ڕووی خۆی بەرامبەر بە قسەکانی ئەو گرژ بکات؟ بۆ ئەوەی واپیشانی بدەین حەز لە قسەکانی دەکەین, ڕقەبەرایەتیمان لەگەلّ یەکدا دەکرد[141].

(2) عەلی صائیب ئەندامی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق [ئورساواش،] کوڕی ڕەواندزایزادە ئەمین ئەفەندییە کە خەڵکی ڕەواندز بووە. پێشتر فەرماندەی هێزی ژەندرمەی"دەرییەزۆر" بووە، دواتر کاتی شەڕ لای خەڵکی ئورفاو دەوروبەری بەرامبەر بە فەرەنسییەکان وەك فەرماندەی هێزەکانی "قووای مللییە" بەشداریی لەو شەڕانەدا کردووە[142]. دواتریش خیانەتی لە نەتەوەی کورد کردووەو لە مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرقدا کە نیشتیمانپەروەرە کوردەکانی دادگایی دەکرد, پۆستی وەرگرت. وەك ئیسماعیل بێشکچی باسی دەکات: ((بەرامبەر ئەوخیانەتانەی کە بە نەتەوەی کوردی کردن, کەمالیستەکان لە چوقورئۆڤادا پارچە زەوییەکی زۆر گەورەیان

---

[141] ئەحمەد ئەمین یەڵمان, س. پ, ل179.

[142] د. عەبدولخەلووق م. چایو پاشار کالآفات, جموجووڵەکانی قووای مللییە لە ڕۆژهەلآتو باشووری ڕۆژهەلآتی ئەنادۆڵدا, ئەنیستیتووی توێژینەوە لە کەلتووری تورك, ئەنقەرە ,1990, ل78.

**پێ دا)). وەك خەڵاتیش لە پەرلەمانی (دووەمو سێیەمو چوارەم و پێنجەمو شەشەم)دا کرا بە نوێنەری ئورفا و کۆزان[143].**

**ئەحمەد ئەمین یەڵمان کە لە مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرقدا موحاکەمە کراوە, وتوویە: عەلی صائیب بە شێوەیەکی دوژمنکارانە مامەڵەی لەگەڵ کردووم، قسەی وەك ((ئێستا نۆرەی ئێمەیە ... تۆڵەکەم دەسێنمەوە ...، چارەنووسی دیار بوو، لەسێدارە دەدرێی ... ئەمە شتێکی زۆر سادەیە, بە پەتێك هەڵتدەواسن و ڕایدەکێشن, دوای ئەوە هیچ شتێك نابیستی. خۆت دەیبینی ئەمە زۆر لە دانکێشان ئاسانترە))ی پێ وتووم.**

**ئەحمەد ئەمین دەڵێ عەلی صائیب هۆی ئەوانەشی پێ وتوومو گوتوویە: ((لە ڕۆژنامەکەدا کاتێ باسی منتان کردووە، وێنەیەکی زۆر خراپتان کێشاوم. هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە ئێوە بۆ خۆتان بەتایبەت بۆ سووکایەتیکردن بە من ئەو کاری واتان کردووە))[144].**

**بەڵام دوای چەند ساڵێك شتێکی دیکە ڕووی دا؛ ئەمجارە عەلی صائیب بە تۆمەتی ئەوەی کە دەستی هەبوە لە پیلانێکی تیرۆرکردنی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا دەستگیر کرا. دواییش دەرکەوت پەیوەندیی بەو پیلانەوە نەبوەو ئازاد کرا, بەڵام سەرچاوەی جۆراوجۆر باسی ئەوە دەکەن کە کاتێك پۆستی لە مەحکەمەی ئیستیقلال وەرگرتووە، پۆستەکەی بۆ قازانج و سوودی ماددیی خۆی بەکار هێناوە[145].**

---

[143] ئیسماعیل بێشکچی, ڕووداوی ژەنەڕاڵ موغلاڵی و سی و سێ گوللە, بڵاوکراوەکانی بەڵگە, ئەنقەرە,1990, ل78.

[144] ئەحمەد ئەمین یاڵمان, س. پ, ل183.

[145] ئەحمەد ئەمین یالآمان, س. پ, ل183.

بـەگوێرەی ئیـبراهیم ئـارواس, کەللەسـەری مرۆڤـ لـە مەحکەمـەی ئیـستیقلالی ئەلازیغـدا فرۆشـراوە. بـۆ نموونـە, باسـی ئـەوەی کـردووە کـە کەللەیـەك بـە پێنجـسەد ئـاڵتوون فرۆشـراوە. عـەلی صـائیب و ئـەو سەرکۆمیـسەرەی کـە ژۆرنـاڵی ئامـادە کـردووە, لەگـەڵ هـاوڕێ چـەتەکانی و ئاشـکۆنتاڵی پاشـۆدا مووچـەکانیان جیـاواز بـووە, پـەنجا ئاڵتوونیـان لـەوان زیـاتر وەرگرتـووە. عـەلی صـائیب کـاتێ وازی لـە سـەرۆکایەتیی مەحکەمـەی ئیستیقلال هێناوە، گەڕاوەتەوە بۆ ئەنقەرە؛ زۆر دەوڵەمەندو خـاوەنی حـەفتا هـەزار ئاڵتوون بـووە, لـە ئەنجامیـشدا مەحکەمـەی ئیستیقلالی شـەرق ڕیـشەی هەموو ئاڵتوونە قوڵفدراو بێقوڵفەکانی دەرهێنابوو[146].

نـاوی عـەلی صـائیب لـە گۆرانییـەکی کوردیـشدا بـراوە: ((... دیاربەکرا شەوتی, بشەوتێ دکورتێدا والی ئو"عەلی صائیب" ڕەئیسێ ئیستیقلالێ پێڕا...))[147].

(3) لـوتفی موفیـد [ئـوزدەش] ئەنـدامی مەحکەمـەی ئیـستیقلالی شـەرق, (1874–1940) لـە قیرشـەهر لـەدایك بـووە, مەکتـەبی حەربییـەی تـەواو کـردووەو بەشـداری یەکـەم جـەنگی جیهـانی بـووە؛ لـە قۆناغـەکانی یەکـەم و دووەم و سێیەم و چوارهەمیشدا لەپەرلەمان نوێنەری قیرشەهر بووە[148].

(4) ئەحمـەد سـورەییا [ئورگـە ئـەڤرەن]، داواکـار لـە مەحکەمـەی ئیستیقلالی شەرق، لە سندرگی لەدایك بووەو کۆلێژی یاسای تـەواو کردووە، بەشداری یەکەم جەنگی جیهانیش بووە. نوێنەرایەتیی شاری قارەس (بالیکەسیر)ی لە

---

[146] ئیبراهیم ئاروس,س. پ, ل40.
[147] ڕۆژا نوو،"سالیحۆ", بەیرووت, ژمارە 41 (13ی ئاداری 1944), ل2.
[148] ئوغور مومجووو, س. پ, ل231.

پەرلەماندا كردووە. ئەحمەد سورەییا ئورگە ئەڤرەن یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی عەدلییەی پەرلەمان بووە كە ڕەشنووسی یاسای (تەقریری سكوون)یان ئامادە كردووە[149]. مووسا عەنتەر كاتێ باسی بیرەوەریەكانی ئەحمەد سورەییای كردووە، وەهای نووسیوە:

((ئەحمەد سورەییا بەگ سالأنی شەست بیرەوەریەكانی لە ڕۆژنامەی "دنیا"دا بلأو كردوەتەوە؛ دواتریش بە كتێب لەچاپی داوە. ئەحمەد سورەییا بەگ لە پەرەگرافێكی كتێبە سەیرەكەیدا ئەمەی وتووە: ڕۆژێك لە دادگا بووین, لاوێكی قارەمانی كوردیان هێنا. دادوەرەكان پرسیاریان لێدەكرد. لەبەر ئەوەی توركیی نەدەزانی, دادوەرەكان كۆبوونەوەو بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەركرد. بیانوەكەشیان بۆ ئەو بڕیارە ئەمەبوو؛ لەبەر ئەوەی ئەو كەسانەی توركی نازانن، هیچ خێرێكیان بۆ ئەم مەملەكەتە نابێ, دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ ئەم گەنجە دەركردووە. هەر ئەو شەوەش بردیانو لەسێدارەیان دا. ((لە داغقاپی هوتێلێكی بچووك بەناوی یالۆڤاوە هەبوو، لەوێ دەمامەوە. خەوتمو نەخەوتم، ئەو گەنجە هاتە خەوم, بەتوركی وتی بۆچی ڕێگەت دا لەسێدارەم بدەن؟ چنگی نایە بینمو هەڕەشەی لێكردم. تا بەیانی دووسێ جار هەر ئەو خەوەم بینی. شێت بووبووم. بەیانی ڕۆیشتمە مەحكەمەو بە هاوڕێكانم وت: براینە ئەگەر بڕیاربێ توركیەنەزانەكان لەسێدارە بدەین, پێویستە هەموو دیاربەكرو خەڵكی ڕۆژهەلأت لەسێدارە بدەین. دواجاریش باسی خەوەكەی خۆمم بۆ كردن. مەزهەر موفیدو دادوەرەكان وتیان: "بە تۆ چی! ئەمە كاری ئێمەیە". منیش وتم داواكارمو گفتوگۆكەی نێوانمان

[149] ئوغور مومجووو, س. پ, ل212، 227.

گەیشتە شەڕەقسەو دەمەقرەو بەوجۆرە دادگاکە هەڵوەشایەوە. من و ئەوان بە شفرە بارودۆخەکەمان بە ئەنقەرە ڕاگەیاند.

((یەك هەفتە دواتر ئەم تەلگرافەم پێگەیشت: بەڕێز ئەحمەد سورەییا بەگ داواکاری گشتیی مەحکەمەی ئیستیقلال لە دیاربەکر" ئامانجی ئێمە لەناوبردن و پلیشاندنەوەی هەمیشەییی کوردەکان و ئەو کەسانەیە کە کوردایەتی دەکەن. لەگەڵ دادوەرەکانی تردا بگونجێ و ڕێك بکەوە. چاوەکانت ماچ دەکەم. باشوەکیل عسیمەت سەرۆك وەزیران– عیسمەت ئینەنۆ))[150]. "ئیبراهیم ئاروانسی"ش بەپێچەوانەوە پێی وانییە کەسێکی بە بەزەیی بووبێ:

((کاتێك لە بیوك قایا کۆشکێکی جوانی کڕی، ئەتاتورك داوای کردە شوێنی سەرۆکایەتیی کۆمارو دوو ژمێریاری سەرۆکایەتیی بانگ کرد بۆ ئەوەی لە مووچەو وردە خەرجیەکانی سورەییا ئۆرگەئەڤرەن بکۆڵنەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت هەمووی پێکەوە کەمترە لەو پارەیەی کە کۆشکەکەی پێ کڕیوە. ئەتاتورك پێی وتووە: تۆ یاریت بە شەرەفی من کرد. دزیت کردووە بێشەرم! دواتر زللەیەکی لێ داوەو دەری کردووە. با نموونەیەك لەو گۆڕانیانە بێنمەوە کە باسی زوڵم و ستەمەکانی داواکاری گشتی دەکەن؛ باوك و کوڕیان دەکردە تاوانبار, لەپێش چاوی باوکدا یەکەم جار کوڕەکەیان لەسێدارە دەدا. لەم وەزعەشدا هاوارو ناڵەی باوك تۆسقاڵێك کاری نەدەکردە دڵە بەردینەکەی ئەوان))[151].

---

[150] مووسا عەنتەر, کۆڕی باوکی خۆی, بەرەو2000, ژمارە 51، 1989, ل20.

[151] ئیبراهیم ئارواس, س. پ, ل49–50.

## لەسێدارەدانو دوایین وتەکانی

ڕۆژنامەی "وەقت" لە 28ی مایسی 1925دا هەواڵێکی سەبارەت بە دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدانی گرووپێکی شەش کەسی لەلایەن مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرقەوە بلاو کردوەتەوە کە کەمال فەوزی, باقێ تووژۆ, حاجی ئاختیو محەمەد تەوفیقو سەیید عەبدولقادرو ئەوانی تێدا بووە. ئەو بڕیارە لە ڕۆژی 24ی مایسدا[152] دەرچووە, بەلام دیارە هەواڵەکە ڕۆژێك دواتر لە ڕۆژنامەی "وەقت"دا بلاو کراوەتەوە. لە هەواڵەکەدا باسی ئەوە کراوە کە ((یەك دەقیقە دوای ڕاگەیاندنی هەواڵەکە, تاوانبارەکان گەڕاونەتەوە ناو ژوورەکانی خۆیان)). هەروەها ڕۆژنامەی "وەقت دوای ڕاگەیاندنی هەواڵەکەی خۆی، ڕستەیەکی هێناوەتەوە کە لەکاتی بلاوکردنەوەی هەواڵی دەرچوونی بڕیارێکی لەسێدارەداندا دووپاتی کردوەتەوەو کردوویە بە نەریت, ئەویش ئەمە بووە, ((ئامادەبوانو خەڵکی ناوچەکەو تەنانەت ژنەکانیش بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لە بڕیارەکە کرد)).

## بڕیاری لەسێدارەدان

ئەمەی خوارەوە پوختەی بڕیاری مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرقە لەسەر کەمال فەوزی, حاجی ئاختی, سەیید عەبدولقادرو هاوڕێکانی کە ڕۆژی 7ی حوزەیرانی 1925 لە ڕۆژنامەی "وەقت" دا بلاو کراوەتەوە:

(([1] تاوانبار سەیید عەبدولقادر ئەفەندی، زۆر لەمێژە بیرو ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانی خستوەتە مێشكو لەڕووی سیاسییەوە کاری بۆ کردووەو بەتەما بووە ویلایاتی شەرقییە لە ولاتی تورك جیا بکاتەوە, لەبەر ئەوەشە فەرمانی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەرکردووە.

---

[152] سەیری یاداشتی ژمارە 129 بکەن.

[2] تاوانبـاری دیکـه پـاڵۆیی عەبـدوڵڵا سـەعدی ئەفەندییـە کـە بـەپێی ئـەو دەسـەڵاتەی وا پێـی دراوە، بـۆ بـەدیهاتنی هـەمان مەبەسـتو بـەرپاکردنی ڕاپـەڕین لـە شـەرق [و" مەبەسـت ڕۆژهـەڵاتو باشـووری ڕۆژهـەڵاتی تورکیـای ئێـستایە کـە نیـشتمانی کـوردە] دیـدارو گفتوگـۆی لەگـەڵ کەسـێکدا بـەناوی "میستەر تەمپلەن"ـەوە ئەنجام داوە. هەروەها دەستی هـەبوە لـەو هەوڵانـەدا کە بۆ تیرۆری گـەورەپیاوانی نەتەوەکـەمان دراونو لـە ئەنجامیشدا کاری زۆر کــردووە بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتانو دەســتکاریکردنی ســنوورەکانو دامەزرانـدنی کابینـەی حکوومـەت. لەلایـەکی دیکەشـەوە, بەتـەما بـووە بچێتە کوردسـتانو خـۆی بـە پاشـای کوردسـتان ڕابگەیـەنێ؛ بـۆ بـەدیهێنانی ئـەم ئامانجانـەو پەیـداکردنی ئاسـانکاری، دیـدارو گفتوگـۆی لەگـەڵ ئینگلیـزدا هەبوەو داوای یارمەتیی ماددیی کردووەو ڕاوێژی پێکردوون.

[3] تاوانبـاری تـر سـەیید مـەحموود ئەفەندییـە کـە بـۆ ئـەوەی ئامـانجی کوردستانی سەربەخۆ بە زووترین کات بێتە دی, فەرمانەکانی باوکیی بەجێ هێناوەو لەو کارانەدا هاوکاریی ئەوانی کردووە.

[4] کـەمال فـەوزی ئەفەنـدی، ماوەیـەکی کـورت بـەر لـە ڕاپەڕینەکـە بـە کوردستاندا گەڕاوە؛ چووەتە ولاتی ترو هەوڵی داوە دانیشتوانی کوردستان هان بدات بۆ ڕاپـەڕینو شـۆڕش. کەمال فەوزی، سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردســتان، پڕوپاگەنــدەی جۆراوجــۆری کــردووە, چ ئــەو کاتانــە لــە ئەسـتەمبووڵ بـووە، چ کاتێـك کـە لـەوێ نـەبوە؛ بـۆ ئـەو مەبەسـتە هـەوڵو تەقەلایــەکی زۆری داوە. لــە شــوێنی نیــشتەجێبوونیدا گــەڕاوەو شــتی جۆراوجـۆری سـەبارەت بـە ئـارەزووی خیانەتکارانـەی خـستوەتە مێـشکی خەڵك، بۆ ئەو مەرامەش کۆبوونەوەی زۆری کردووە.

[5] خۆجە عەسکەری ئەفەندی، بۆ پەرەپێدانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دینی کردووە بە ئامرازێك‌و خیانەتی لە نیشتمان کردووەو (؟).

– عەبدوڵڵا سەعدی ئەفەندی، لەبەردەم دادگادا دانی بە تاوانەکاندا ناوە. سوێندی شاهیدەکان‌و بەڵگەی ڕاپۆرتەکان‌و چەندین نووسراوی جیاجیای ئەفسەرەکان‌و نووسراوە تۆمارکراوەکانی تر تاوانبارییی ئەمانە دەسەلمێنن. خۆجە عەسکەری پێشتریش تاوانی تری کردووە.

– دوو توورەکە بەڵگەو نووسراو بە تاوانباران سەیید عەبدولقادری ئەفەندی‌و سەیید محەمەد ئەفەندیی کوڕیدا گیراون، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییان بە کوردایەتی‌و کوردستانەوە هەیە, لە زۆربەشیاندا باسی ئامانجەکانیان کراوە. هەندێك هەڵبەست‌و شیعری هەبوە, ویستوویە لەناویان بەرێ. لە هەندێك لەو نووسراوانەدا وەك کەسانی کافرو بێدین باسی ئەو پیاوە ناودارو بەرپرسانەی حکوومەتی نەتەوەی تورك کراوە کە قوتابخانە دینیەکانیان داخستووە یاخود کاریان بۆ ئەو مەبەستە کردووە. ژمارەیەکی زۆری چەك‌و تەقەمەنی لە ماڵی سەیید عەبدولقادر دۆزراوەتەوەو دەستیان بەسەردا گیراوە. هەروەها بەڵگەی ئەوەش دۆزراوەتەوە کە لەکاتێکدا ئەندامی مەجلیسی ئەعیان بووە، سەبارەت بە مەسەلەی چارەنووسی کوردستان هەندێك کاری ئەنجام داوە.

لەبەر هەموو ئەمانە؛

[1] ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تاوانباران سەیید عەبدولقادر، سەیید محەمەد، پاڵۆیی عەبدوڵڵا سەعدی، کەمال فەوزی‌و حاجی ئاختی (محەمەد تەوفیق)، پێکەوە بەشێوەیەکی هاوبەش کاریان کردووە بۆ جیاکردنەوەی ویلایاتی شەرقییە لە نیشتمانی تورك‌و هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی

سەربەخۆیان داوە، لەو بارەیەشەوە بە فیکرو بە کردەوە تواناکانی خۆیان خستوەتە گەڕ.

[2] تاوانباری تر خۆجە عەسکەری ئەفەندیش دینی کردوەتە ئامرازێك بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەو پەرلەمانی گەورەی تورکیای بە دەزگایەکی ناڕەوا لەقەڵەم داوەو دژایەتیی حکوومەتی کردووەو سەبارەت بە ڕەواییی ئەو حکوومەتە گومانی لای خەڵك دروست کردووەو هانی داون ڕاپەڕن. لەبەر ئەوەش، دادگا ئەمانە بە تاوانبار دەزانێ.

[3] دادگا گەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کە جەمیل پاشازادە ئەحمەد بەگ کوڕی مستەفا بەگ، نافز ئەفەندی کوڕی ئیسماعیلو دێرکلی ئیلیاس ئەفەندی کوڕی عوسمان بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستیان هەبوە لە ئامادەکاریدا بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینەکە.

دێرکلی قادر یاخود عەبدولقادری کوڕی شێخ مووساو سینۆنی کوڕی ڕەسووڵ[153] و ڕەفعەتی کوڕی عەبدولقادر حوسەینی کوڕی سەیدۆ، کە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کارو کردەوەکانی دێرکلی ئیلیاس ئەفەندییان خراوەتە پاڵ، لەبەر بێتاوان دەرچوونی خودی ئیلیاس ئەفەندی، بەبێتاوانی دانراونو دادگا بە کۆی دەنگ بڕیاری ئازادکردنی ئەحمەد بەگو نافیزو دێرکلی ئیلیاس ئەفەندیو عەبدولقادرو سینۆو ڕەفعەتو حوسەینی دەرکردووە)).

وەك دەردەکەوێ کەمال فەوزی لە بڕیارەکەدا تاوانبار کراوە کە ((ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاپەڕینەکە چووەتە کوردستانو وڵاتانی دیکەو داوای لە خەڵك کردووە بەشداری لەو ڕاپەڕینەدا بکەنو بۆ ئەوە هانی داونو

---

[153] ئەم ناوە هەمان سینۆیە کە دواتر باسی دەکرێ.

**وروژاندوونی. هەروەها سەبارەت بە سەربەخۆییی کوردستان پڕوپاگەندەی جۆراوجۆری کردووە، لەو بارەیەشەوە تەقەلایەکی زۆری داوە)). لە بڕیارەکەدا ئەوەش گوتراوە کە ((کەمال فەوزی لە ناوچە کوردنشینەکاندا گەڕاوەو بۆ دیهاتنی ئارەزوە خراپەکانی خۆی مێشکی خەڵکی شێواندووەو کۆبوونەوەو دیداری زۆری ئەنجام داوە)).**

**لەم بڕیارەدا ئەوەیشمان بۆ دەردەکەوێ کە دوو توورەکە بەڵگە لە ماڵی سەیید عەبدولقادرو سەیید محەمەد گیراون، هەمووشیان سەبارەت بە کارەکانی دەربارەی کوردایەتی و کوردستان بوون.**

**بۆ نموونە، لەو بەڵگانەوە ئەوە دەرکەوتووە کە سەیید عەبدولقادر لەوکاتانەشدا کە ئەندامی مەجلیسی ئەعیان بووە، کاری دەربارەی دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بە ئەنجام گەیاندووە. لەنێو ئەو بەڵگانەدا کە دەستیان بەسەردا گیراوە، هەندێك هەڵبەست و چامەی خودی سەیید عەبدولقادر هەن کە ویستوویەتی لەناویان بەرێ. [م؛ ئەو هەڵبەستانەی سەیید عەبدولقادر لە پاشکۆی ژمارە (1)ی ئەم کتێبەدا هەن].**

### لەسێدارەدانی

**لە نووسراوێکی "م. نووری دێرسیمی"دا کە لە دێڕەکانی خوارەوەدا هێناومەتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کەمال فەوزی بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ، چاوی بە خوشکەکەی کەوتووە. سەبارەت بە سەردانی شەفیقەی خوشکە گەورەی لە کەمال فەوزی، م. نووری دێرسیمی وەهای نووسیوە:**

**((دوای ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی ئەم نیشتمانپەروەرە [م؛ مەبەستی کەمال فەوزییە] درا، تەنیا لەبەر ئەوەی ئازاری زیاتر بکێشێ بە بیانووی ئەوەی کە گوایە پەڵپگرتن (إعتراض)ی داواکاری گشتی لەبەرچاو دەگرن، بڕیارەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ جێبەجێ نەکراوە. ماوەی ئەم سێ ڕۆژە کە**

**کەمال فەوزی ئازاری کێشاوە، خوشکەکەی سەری لێداوە، سەرەڕای هەموو خەفەتو ئازاری خۆی هەوڵی دڵدانەوەی براکەیی داوە. ئەم کچە کوردە بە کەمال فەوزی وتووە: ((بەرخێ نێر بۆناکێر))و لێی جیا بووەتەوە[154].**

**ڕۆژنامەی "وەقت" لە ڕۆژەکانی 28و 29ی مایسدا هەواڵی لەسێدارەدرانی ئەو گرووپەی کە کەمال فەوزیشی تێدا بووە، بڵاو کردوەتەوە[*].**

**کەمال فەوزیو پێنج کەسی دیکە ڕۆژی 27ی مایسی 1925 کاتژمێر چوارو پەنجاو سێ دەقیقە، لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا لەسێدارە دران. هەندێك لە سەرچاوەکان بە هەڵە ئەم مێژوەیان هێناوەتەوە[155]. لە گرووپەکەدا یەکەم کەس کەمال فەوزی لەسێدارە درا.**

---

[154] د. م نووری دێرسیمی، دێرسیم لە مێژووی کوردستاندا، ل282.

[*] باسی دوو هەواڵی کورتی ڕۆژنامەی "وەقت" بکەین کە ڕۆژی 29ی مایسی 1925 بڵاو کراوەتەوە: لە یەکێکیاندا باسی ئەوە کراوە کە مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق بڕیاری 15 ساڵ کاری سەختی بۆ کەسێك بەناوی حەمۆوە دەرکردووە. ئەو سەربازانەی تورك کە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران چوون، حەمۆ پێی وتوون: بۆ کوێ دەڕۆن؟! شێخ شەعید زۆر کەسی وەك ئێوەی کوشتووە، مەڕۆن. هەر بۆیە دادگا موحاکەمەی کردووە، لەبەر دوو ڕستە کە لە وشە پێك هاتووە، حوکمی 15 ساڵیان بۆ دەرکردووە.

هەواڵی دووەمیش بەمجۆرەیە:

((ئەنقەرە– 28ی مایس (پەیامنێری تایبەتمان) ؛ مەفرەزەکانمان چەند کەسێکی سەرهەڵداویان لە ناوچە شاخاویەکانی سیلوان دەستگیر کردووە. ئۆپەراسیۆنەکان لە ناوچە جیاوازاکاندا هێشتا بەردەوامن. لەلایەکی دیکەوە یەکێك لە فەرماندەکانی شێخ سەعید بەناوی "شێخ عەبدورەحمان"ەوە، عەبدورەزاق و مەلا عەبدوڵلای برایو چوار هاوڕێی بە کوژراوی دەست کەوتوون.))

[155] بۆ نموونە، عەبدولعەزیز یامولکی پێیوایە ئەوانە ڕۆژی 9ی مایس لەسێدارە دراون– عبدالعزیز یاملکی، س. پ، ل33.

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "وەقت"، تەرمی لەسێدارەدراوەکان تا نیوەڕۆ بە هەڵواسراوی هێڵراونەتەوەو خەڵکی دیاربەکر تەماشایان کردوون. هەر هەمان ڕۆژ ساڵح بەگێ خانی و هاوڕێکانیشی هێنراونەتە بەردەم داری سێدارەکەی کەمال فەوزیو ئەوان. ڕۆژنامەی "وەقت" نووسیویە: ئەوانە بەچاوی پڕ لە ترسەوە سەیری دارەکەی کەمال فەوزیو سەیید عەبدولقادریان کردووە[156].

بەڕێوەبەرایەتیی ئەو سەردەمە ویستوویە ترس لە هەموو لایەکدا بڵاو بکاتەوەو بیخاتە دڵی هەموو کەسێکەوە. ڕۆژنامەکانی وەك "وەقت"یش کە مەراییکەری حکوومەت بوون، لەڕێی ڕاگەیاندنەوە خزمەتی ئەو ئامانجەیان کردووە. ساڵانی تر، حکوومەتی تورکیاو وڵاتە داگیرکراوەکانی تریش لەڕێی تیربارانکردنی سەرکردەکانی جووڵانەوەی نەتەوەییی کوردو نیشاندانی

---

[156] ساڵح بەگێ خانی سەرکردەیەك بووە، دەوروبەرەکەی باش ناسیوەو زمانی فەڕەنسی- فارسیو عەرەبیی زانیوەو شیعریشی نووسیوە. حەسەنی کوڕیو فەرید بۆرای نەوەی ساڵح بەگێ خانی لە (خانێ) پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانیی وەرگرتووە. فەرید بۆرا ساڵی 1987 وەك نوێنەری دیاربەکر چووەتە پەرلەمانی تورکیا (ئوغور مومجووو، س. پ، ل221).

ساڵح بەگ لە شیعرێکدا دەڵێ:

ب چاڤێ عیبرەتێ مێزەکە هەیڤێ

کو دایم پشتی بەدرێ ئەڤ هیلالە.

لەکاتی لەسێدارەدرانیشدا وەهای وتووە:

هەرچەندە لەبەر دیدەی خۆشەویستان دوور کەوتووینەتەوە

بەڵام بە نزیکبوونەوە لە ڕەحمەتی ڕەحمان خۆشحاڵ بووینەتەوە

(م؛ ئەمەم لە زمانی م. ئەمین بۆزئارسلانەوە بیست کە لە سیمنارێکدا باسی کردبوو)

بەگوێرەی ئوغور مومجووو، ساڵح بەگێ خانی لە زینداندا شیعرێکی وەهای نووسیوە:

((خۆشحاڵ بووین بەوەی کە لە ڕەحمەتی مەولا نزیك بووینەتەوە، ئەگەر لەبەر هەقو ڕێگای ڕاست نابووتو خانەخراپیش بووین، دیسان قەینا، چونکە وا دیارە ئەرکی ئێمە ئەوە بووە. ئێمە ناترسین لەوەی کە بەندەیەك بە زوڵمی خۆی سزامان بدات، چونکە خوداوەند ئێمەی پەسند کردووە))

ئەوانە بە خزمو کەسوکارەکانیانو خەڵکی کورد، ویستوویانە ئەوە بڵێن کە کەسێك کوردایەتی بکات، وەهای لێدەکەینو نموونەی ئەم کردەوانەش زۆرن. بۆ نموونە، ساڵی 1937 دوای لەسێدارەدرانی سەیید ڕەزاو 10 کەسی دیکە، تەرمەکانیان لە دارەکان داگرتو لە کۆڵانەکانی ئەلازیغ گێڕایانو سووکایەتییان پێکردنو دواتریش سووتاندیانن[157]. بە هەمان شێوە، لە ساڵی 1968دا مەلا ئاوارەو هاوڕێکانی تیرباران کران، دواتریش تەرمەکانیان لە کۆڵانەکاندا گێڕا[158]، [159].

## دواین وتەکانی کەمال فەوزی

سەرچاوە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە دواین وتەکانی کەمال فەوزی بەر لەوەی لەسێدارەی بدەن، شتی جیاواز دەڵێن، لەبەر ئەوە دیاریکردنی ڕاستی لەوبارەیەوە کارێکی زەحمەتە. لە ڕۆژنامەی "وەقت"دا وەها نووسراوە:

((کەمال فەوزی باسی بێتاوانیی خۆی کردو وتی: گەردنم ئازاد کەن.))

ڕوونکردنەوەیەکی هاوشێوەی ئەمەش لە کتێبەکەی "بەهجەت جەمال"دا نووسراوە[160]. بەگوێرەی مەتین تۆکەر، ((لەپێشدا کەمال فەوزی لەسێدارە درا، بەرلەوەی لەسێدارە بدرێ، باسی بێتاوانیی خۆی کردو گەردنئازادیی خواست. دوای ئەویش حاجی ئاختی لەسێدارە درا. دیار بوو حاجی ئاختی نەتەوەپەرستێکی توندڕەوی کورد بوو. کاتێ چووە سەر کورسییەکە قیڕاندیو وتی: "بژی مەفکوورەی کورد، بژی کوردستان!". ژمارەیەك لەو

---

[157] ئەنسیکلۆپیدیای سوسیالیزمو تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەکان، بەرگی 6، ل1913.

[158] عەولا مینایی، مەلا ئاوارە، 1358.

[159] کچێکی خەڵکی کوردستانی ئێران لەکاتی منداڵیدا چاوی بەوە کەوتووە کە چۆن دەستکاریی تەرمەکەی مەلا ئاوارە کراوە، پێی گوتم تا هەبم ئەوەم لەبیر ناچێتەوە.

[160] بەهجەت جەمال، س. پ، ل92.

جەماوەرەش کە دەیانڕوانییە لەسێدارەدانی ئەو کەسانەو زیاتر بنەماڵەی ئەفسەرەکان بوون، لە وەڵامی "حاجی ئاختی"دا وتیان: بژی کۆمار"))[161].

بەگوێرەی گارۆ ساسونی، کەمال فەوزی لە کاتی لەسێدارەدانیدا ئەم قسانەی وتووە:

((کوردستانی بەهەشت هی ئێمەیە. ئێمە خاوەنماڵین، کێ چی دەڵێ با بیڵێ، دیسان هەر دەچینە ژوورەوە. هیچ هێزێك ناتوانێ ڕێگا لەمە بگرێ. چونکە کوردستان هی ئێمەیە ...))[162].

## 7. بابەتو نووسینە بڵاوکراوەکانی کەمال فەوزی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کورددا

### ئ) نووسراوێك لە گۆڤاری "کوردستان"

ئەم نووسراوەی خوارەوەی کەمال فەوزی ڕۆژی 25ی جومادیل ئوولا، یانی 25ی شوباتی (1919) 1335 لە ژمارەی سێیەمی گۆڤاری "کوردستان"دا (لاپەڕە 28-29) کە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، بڵاو کراوەتەوە.

**بە بۆنەی گۆڤاری "کوردستان"ەوە**

لاوانی کورد، بە دەرکردنی گۆڤارێکی هاوشێوەی گۆڤاری "ژین"، یەکێکی دیکە لە ئاماژە نەتەوەییەکانی خۆیان پیشان دا. پێویستە حاشا لەوە نەکرێ کە بەهۆی ناسکیی هەلومەرجی (سیاسی)ی ئەم کاتانەوە، بە تەنیا هەوڵدانی هەردوو گۆڤارەکە بۆ بڵاوکردنەوەی فیکرە زانستیەکان ئەنجامێکی گەورەی لێ ناکەوێتەوە. بەڵام من پێموایە ئەگەر شۆڕشی

---

[161] مەتین تۆکەر، س. پ، ل119.

[162] گارۆ ساسونی، س. پ، ل176.

کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا زەمینەی شۆڕشی سیاسی فەراهەم نەکات، ئەو کۆمەڵگایە یاخود ئەو نەتەوەیە هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕووی مەترسیو خراپە دەبێتەوە، ئەوەش بۆ ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە شتێکی ئاسایییە. ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لەو ڕووەوە نموونەی زۆر دەخەنە بەرچاومانو شتی زۆریشمان فێر دەکەن.

نەتەوەی کورد هێشتا خۆی لە کاریگەریی هەستو ویژدانی گرووپو کۆمەڵ ڕزگار نەکردووە، لەبەر ئەوەش خاوەنی ئاگاییو ویژدانی نەتەوەییی تەواو نییەو چاوەڕوانی شتێکی لەو جۆرەش، بابەتیانە نییە. بەڵام بەگوێرەی ڕاستیەکانی ئەم سەدەیەو چەمکی کۆمەڵایەتیی زاڵ لە دنیادا، دەکرێ ئەم نەتەوەیە وەك نموونەی یەکەم پیشان بدرێ.

دروستکردنی یەکێتیی نەتەوەیی لەنێو کورداندا کارێکی مومکینو ئاسانە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە دەتوانن بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسیو بۆ خزمەتکردنی ئامانجە نەتەوەییەکان بە عەشقو باوەڕەوە شان بدەنە بەر هەموو سەختیو فیداکارییەك، ئەوەش بە ئەرکی پیرۆزی خۆیان دەزانن. ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی ئەم نەتەوە بێچارەیە هیچ کاتێك نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی خۆیان؛ شتی سەیر ئەوەیە کە هەمیشە وەك بێگانەیەك، تەنانەت وەکو دوژمنێك ڕەفتاریان کردووە.

لێرەدا لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی ئەمە زۆرنو باس ناکرێن، تەنیا ئاماژە بە یەك خاڵ دەکەم، ئەویش مەسەلەی کاریگەرییە نێودەوڵەتیەکانە. هەر لەبەر ئەمەشە کە [سەرەڕای] ئەوەی ڕەوتی نەتەوەخوازی ماوەی دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا لەلایەن دەسەڵاتدارێکی سیاسیی ئەمریکاوە[163] پێش

---

[163] مەبەست تۆماس وۆردرۆ ویلسۆن (Thomas Woodrow Wilson)ی سەرۆکی ئەمریکایە (1924–1956) کە ساڵی 1920 خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵی وەرگرتووە.

خراوه، کەچی تائێستا لە کوردستان جێی نەگرتووەو کوردان بەشێوەیەکی گەرموگوڕ دەستیان بە تێکۆشانی نەتەوەیی نەکردووە. ئەرکی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتــە بێبەختــە ئەوەیــە کــە بــست بەبــستو بــەش بــە بەشــی خــاکی نیشتمانەکەیان بگەڕێن؛ تەنانەت ئەگەر لە قەزایەکیشدا منداڵێکی بێچارەی بینی، قسەی لەگەڵدا بکاتو بیری نەتەوەیی بخاتە مێشکیەوە، بەو جۆرەش ویژدانو ئاگاییەکی نەتەوەیی (لە سەرتاسەری وڵاتدا) دروست بکات. بە ڕەچاوکردنی دووسەد ساڵ جیاوازیی کۆمەڵگای کورد لەگەڵ دنیای هاوچەرخدا، تەنیا بەمجۆرە فیداکاریانەوە دەتوانین نەتەوەی کورد پێش بخەینو تێکەڵ بە دنیای پێشکەوتووی بکەین.

گومان لەوەدا نییە کە لاوی کورد بایەخی ئەرکەکەی خۆی لەم ڕێگایەدا دەزانــێ. وەك چــۆن ئێمــە ئــەمڕۆ بــۆ دۆزینــەوەی هۆکارەکــانی نەهامــەتیو دواکــەوتوویی کۆمەڵگاکــەمان یەکــسەر ئامــاژە بــە فەرامۆشــکاریو کەمتەرخەمیی کەسانی بەر لە خۆمان دەکەین (باوباپیران)، ئەگەر لەبەر فەرامۆشکاریو درەنگ جووڵانەوەی ئێمەش منداڵەکانمان ڕووتو پەرێشان بمێنینەوە، هەر ئەو منداڵانە لەعنەتو نەفرەتمان لەسەر بەردی مەزارەکانمان بــۆ هەڵــدەکۆڵن. پێویــستە کــەڵك لــە پــارەی دەوڵەمەنــدەکانو فیکــری بیرمەندەکانمان وەربگرین، ئەوەش بە باشترین ڕێگا بزانین.

بۆ گەیشتن بە ئامانج، پێویستە برسێتیو مردن لە هەژاریشدا لەبەرچاو بگرین. یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی لاوی کورد ئەوەیە کە دەبێ بەردەوام خــەڵك ئاگــادارو هۆشــیار بکاتــەوە. ئاگــادارو هۆشــیار کردنــەوە بــۆ نەتــەوە دواکەوتوەکان تاقە ڕێگەچارەی نەتەوەییە. با زۆر دوور نەڕۆین، ئێوە تەنیا سەیری بوڵغارەکان بکەن، ئەوە بەسە.

ئەگەر زمانی گریانو هاواروناڵەی شاعیران سەبارەت بە بەدبەختیو نەهامەتیــە نەتەوەییــەکان کــار لــە ویــژدانی نەتــەوەکانیان نــەکات، ئــەو

فرمێسکانەی وا ڕشتوویانە هەمووی دەچێتەوە ناو دڵی خۆیان. ئەگەر نەتەوە خۆبەخۆ خاوەنی کەسایەتیی و خۆیەتیی خۆی نەبێ، فریادو ناڵەی شاعیران و هاواری بیرمەندان هیچ ئەنجامێکیان لێ ناکەوێتەوە.

ئەگەر بوڵغارەکان نەکەوتبانایە بەر کاریگەریی شیعرو شیعرنامە نەتەوەییەکانی هرستۆ بۆتیف (Hristo Botef)، ئایا دەیانتوانی لەماوەی ئەم 30–35 ساڵەدا گۆڕانکاری لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا بکەن و نوێگەری جێبکەنەوە[164]. واز لە خەڵکی ئاسایی بهێنە، لەلای ئێمە چەند لاوی کورد لە شیعرەکانی نالی تێدەگات؟[165].

لەبەر ئەوە، لاوی کورد ناچارە ڕووبەڕووی هەموو زەحمەتێك بێتەوە بۆ کۆکردنەوەی کەلتووری نەتەوەییی خۆی، ئەوەش قبووڵ بکات کە لەوە زیاتر هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، هیچ ئایندەیەکی باش و ڕوونمان نابێ، خەیاڵەکانیشمان پووچ و بێهوودە دەبن.

هیزانیزادە کەمال فەوزی

## ب) نووسراوێك لە ڕۆژنامەی "ژین"دا

"ژین"، ڕۆژنامەیەکی سیاسی– زانستی بووە، پارێزگاریی لە بیری یەکێتیی نەتەوەییی کوردو بەدیهاتنی مافەکانی کردووە. کەمال فەوزی لێرەدا بابەتێکی بڵاو کردوەتەوە، ژمارەی بەسەرەوەیە، ئەمە وا دەگەیەنێ کە بابەتەکە وەك زنجیرە بووە. ئەمە یەکەم بەشی ئەو بابەتەیە. دیارە من [مالمیسانژ] زمانەکەی ئەو بابەتەم سادەتر کردوەتەوە، بەڵام لە هەندێك شوێنیدا ڕوونکردنەوەیەکی کورت سەبارەت بە لابردنی هەندێك ڕستە

---

164 سەیری یادداشتی ژمارە 55 بکەن.

165 سەیری یادداشتی ژمارە 56 بکەن.

نووسـراوه، یـانی بـەكورتی بەشـێك لـە بابەتەكـەی كـەمال فـەوزی سانـسۆر كـراوه. ژمـارەی ئـەو ڕسـتانەی كـە سانـسۆر كـراون، سـەد ڕسـتەیەو ژمـارەی ڕستە بڵاوكراوەكانیش سەد ڕستەیە، یانی نیوەی بابەتەكەی كەمال فەوزی بە مەترسیدار دانراوو سانسۆر كراوه.

**ئۆتۆنۆمیی كوردستان– (1)**

كاتـێ تەماشـای ئـەو بەندانـەی پـەیمانی (سـان ڕیمـۆ) دەكـەی كـە پەیوەنـدییان بە وڵاتەكەی ئێمەوە هەیە، مومكین نییە بەرامبەر بەو هەموو گفتو بەڵێنە نادیارانە نیگەران نەبی. ئەگەر ئەو بەندانەش لەبەرچاو بگیرێن كە دەوڵـەتانی زلهێز جاروبار سەبارەت بە نەتەوە ژێردەستەكانی دیكە بە زمانێكی ئاشكرا ڕایدەگەیەنن، ئەوسا تێدەگەین چەند بەشێوەیەكی كەم پشتگیری لە خواستە نەتەوەییەكانی ئێمە كراوه. ئەمە لەكاتێكدایە كە ئێمە دەمانویست هەموو ئەو بەڵێنانەی وا سەبارەت بە ڕزگاریو ڕزگاركردن پێیان دابـووین، جێبـەجێ بكـرێن. گومـان لـەوەدا نییـە كـە ئەگـەر بـەگوێرەی پرنسیپەكانی ویلسۆن[166]، یاخود هەر پێویستییەكی سیاسیی دیكە، مافی یـەكێك لـە پێكهاتـەكان (نەتـەوەكان)ی عوسمـانی بـدرێو چارەسـەرێك بـەپێی ئەوانـە بخرێتـە بەردەسـت، بەداخـەوە دەبێتـە هـۆی پارچـەبوونی دەوڵـەتی عوسمانی، لەوەش زیاتر هیچ ڕێگەچارەیەك نییە.

[لێرەدا 39 ڕستە سانسۆر كراوه]

ئەگـەر بەهەڵـەدا نەچـووبین، لـە بەشـی تایبـەت بـە كوردسـتانی ئـەو پەیماننامەیـەدا، ناكۆكییـەكی بچووك هەیـە. لـە بەشـی یەكـەمی بەنـدی 62دا

[166] سەیری یادداشتی ژمارە 179 بكەن.

وتـراوە: ئۆتۆنـۆمیی ((ئـەو شـوێنانەی کـە کوردیـان تێـدا بـاڵا دەسـتە ...)) پەسـند کـراوە. کـورد لـە ویلایەتـەکانی بتلـیس- وان- ئەرزڕۆمـدا لـە هـەر پێکهاتەیەکی تر زیاترە، کەوابوو بەگوێرەی ئەو بەندە پێویستە دەسەڵاتی ئەو ویلایەتانە بەدەستی کوردەوە بێ. بەڵام ئەی بۆچی لە بەندەکانی (89و 90)دا بەشێك لەو ویلایەتانە یاخود تەواوی ئەو ویلایەتانە خراوەتە سەر سنووری ئەرمەنستان؟ ئەگەر دراوسێ ئەرمەنەکانمان لەڕووی مێژوویی‌یەوە داوای ئەم خاكو ناوچانە دەکەن، کوردان مافێکی زیاتریان هەیە، تەنانەت بەر لە مێژووش لەو ناوچانەدا ژیاون. کوردان لەمێژە لەو شاخانەدا ژیاون‌و ئەرمەنەکان تازە هاتوون. ئێمە پڕبەدڵ لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنستانین، زۆرجاریش بەشێوەی جۆراوجۆر ئەوەمان هێناوەتە سەر زمان. بەڵام بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابین بەوەی کە تەنانەت بەشێکی بچووك لەو (؟) ویلایەتانەش بخرێتە سەر ئەرمەنستان (ئەرمەنەکانیش بۆ خۆیان شتی وایان ناوێ). بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە بەر لە یەکەم جەنگی جیهانی وەرگیراون، کۆی گشتیی ژمارەی دۆستەکانمان لەو ناوچانەدا 10٪ یاخود 15٪ی دانیشتوانی ئەوێ پێك دێنێ. کەوابوو ئایا دامەزراندنی دەسەڵات‌و باڵادەستییەکی خەیاڵی لەو ناوچانەدا نابێتە هۆی بەرپابوونی شەڕو ئاژاوەیەکی بێکۆتایی لەنێوان دوو نەتەوەی دراوسێدا؟

دیارە دۆستە ئەرمەنەکانمان- کە بۆ خۆیان چاویان لە ڕاستیەکانە- لەبەر قازانجی خۆیان ڕازی نابن بەو بارودۆخەی وا دەبێتە هۆی ناکۆکی‌و ئاژاوە.

دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی ئەم خاکە دانیشتوانەکەیەتی. لەبەر ئەوە زیاتر لەوەی کە دەسەڵاتێکی بێسوودو خەیاڵیی ئەرمەنی لە کوردستاندا دروست بکرێ، پێویستە دەسەڵاتی ئەرمەنستان لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان بەشێوەیەکی پێشکەوتوانەو هاوچەرخ دابمەزرێ، ئەوەش

شتێکی گونجاوەو لە جێی خۆیدایە. حاڵەتە نائاسایی و ناسروشتیەکان درەنگ یان زوو کۆتاییان پێدێ، تەنیا ژیان و یاساکانی سروشت بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەمێننەوە.

دەکرێ ئەرمەنستانی ڕاستەقینەو سروشتی لە دەرەوەی کوردستان دابمەزرێ. ببێ و نەبێ تەنیا ئەرمەنستانێکی لەو جۆرە مانەوەو بەردەوام بوونی هەیە.

[لێرەدا (11) ڕستە سانسۆر کراوە]

ئێمە خوازیاری تێکچوونی پەیوەندیەکانمان نین لەگەڵ ئەرمەنەکاندا، بگرە دەمانەوێ پێکەوە لە ئاشتیدا بین. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دابەشکردن و پێدانی مافەکانی هەردوولاوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هەیە.

پێویستە دەسەڵاتی شوێنەکان بەپێی زۆرینەی ئەو ناوچانە دیاری بکرێ. دامەزراندنی دەسەڵاتی بێگانە زەحمەتەو کارێکی سروشتی نییەو بۆ ماوەیەکی کاتی دەمێنێتەوە. کورد لە بتلیس و وان و ئەرزڕۆم زۆرینەیەو ئەو ناوچانە هەر لەمێژەوە سەربەخۆیی خۆیان پاراستووەو سەریان بۆ هیچ هێزێك دانەنواندووە. ئێمە کە سەرەڕای ئیسلامێتی سەرمان بۆ عەرەبەکان و سەرەڕای خەلافەت سەریشمان بۆ تورکەکان دانەنواندووە، چۆن دەبێ ئەم ناوچانەی وڵاتەکەمان بخەینە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنەکان.

[لێرەدا (24) ڕستە سانسۆر کراوە)]

ئێمە پێمان وایە هەبوونی دەوڵەتی کوردستان لەسەر خاك و نیشتمانی کوردەکان خۆیان، خزمەتی ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسیی داهاتووی ناوچەی ئاسیای نزیك دەکات و سوودی بۆی هەیە. گومانیش لەوەدا نییە کە

ئەرمەنەکان بە ئەندازەی کوردەکان خۆیانو لەوە دەچێ لەوانیش زیاتر سوود لەمە ببینن.

لەلایەکی دیکەشەوە، وەك چۆن لە پەیمانەکەدا باس کراوە کە دەبێ مافی کەمینە مەسیحیەکانی وەك ئاسووریو کلدانی لە کوردستان ڕەچاو بکرێ، هەمان مافو جیاوازی بۆ ئەرمەنەکانیش لە ڕادەی خۆی زیاتر دابین دەکرێ، ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە. بەڵام مومکین نییە، بەپێی یاسای سروشتو دادپەروەری، گرووپێکی گەورە ملکەچی کەمینەیەکی زۆر کەم بێ.

[لێرەشدا (26) ڕستە سانسۆر کراوە)*]

**2) شیعرو نووسینەکانی لە گۆڤاری "ژین"دا**

لە ژمارە جیاجیاکانی گۆڤاری "ژین"دا هەندێك نووسینی کەمال فەوزی بڵاو کراوەتەوە. ئەوانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین، لەلایەن م. ئەمین بۆزئارسلانەوە لەپیتی عەرەبییەوە خراونەتە سەر پیتی لاتینیو زمانەکەشی سادەتر کراوە. شیعرێکیشی بەناوی "شاری وێرانە"وە، وەك چۆن لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە، ئاوها نووسیومانەتەوە.

**مانەوە بۆ نەتەوەیە**

ئەوانەی لەو دنیا کاتییە کە ڕووداو و بارودۆخەکانی زووبەزوو دەگۆڕێن، پشت بە خەیاڵو ئامانجە مادد‌ییەکان دەبەستنو دەیانکەن بە هیوای دواڕۆژی خۆیان، لە قوڵاییەکانی ژیان تێناگەنو دەرك بە

* [سەرچاوە: ژین (کورد وحدت و حقوق ملیەسنن مدافعی سیاسی- علمی، هفتەلك غزتە)، ئەستەموول، ساڵی دووەم، ژمارە 36، 4ی شەووالی 1338 بەرامبەر بە 21ی حوزەیرانی 1920، ل1] "هیزانیزادە کەمال فەوزی"

هەمووڵایەکی ناکەن، چونکە بوونیان بەستراوەتەوە بە تەماعکاریو فرەخوازی. ئەگەر لەڕاستیدا بەجێهێنانی تەواوی خواستەکانی مرۆڤ مومکین بوایە، ئەو سەرابی مرۆڤ هەڵخەڵەتێنی خۆشبەختی لەلایەکەوە ئاشکرا دەبوو، دەیتوانی خۆی پیشانی مرۆڤایەتی بدا. بەڵام هێزەکانی سروشت لە سەرەتای خولقاندنەوە تائێستا بەشێوەیەکی جیاوازو بەرامبەر بەیەك دوابەدوای یەکتر هاتوونو پێش کەوتوون. هەبوونی بەرامبەرو دژی هەموو شتێك، بۆ نموونە هەبوونی خراپە بەرامبەر بە باشە، بووە بە پێویستییەکی یاساکانی سروشت. هەبوونی بەهێزی پێویستی بەلایەنی بەرامبەر، یاخود بێ هێزیش، هەیە.

یانی ئەگەر بێهێز نەبێ، لایەنی بەهێزیش دروست نابێ. بە واتایەکی تریش وەك چۆن لایەنی بێهێز دەبێتە هۆی دروستبوونی لایەنی بەهێز، لایەنی بەهێزیش هۆی هەبوونی لایەنی بێهێزە. لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدا هەموو شتێك چاك یاخود جوان یان وەك خراپەو پیسایی نییەو ناکرێ بەوجۆرە بیر لەو جیهانە بکرێتەوە. ئەمانە لایەنی بەرامبەر بەیەك، یاخود زڕبرای یەکترین. تۆڵستۆی پێی وابوو مرۆڤایەتیی ڕاستەقینە هەمان چاکەی بەردەوامو بێپایانەو دەربازبوون لەم تێکەڵیو ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتیەی ئەمڕۆشی لە ڕێگەی "ویژدانی عەقڵانی"یەوە بە مومکین دەزانی. ئەگەر هەمووومان بە چاوی ئەم بیرمەندەوە سەیری دنیامان بکردایەو بە خۆشبینیو چاکەوە بمانڕوانیەتە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان، ئەوسا مرۆڤمان وەك "فریشتە" دەبینیو دنیاشمان وەك "بەهەشت" دەهاتە بەرچاو. تۆڵستۆی، زانایانی بواری زانستە سەلمێنراوەکانیشی بە نەزانو نائاگا وەسف دەکردو ڕێگای گەیشتن بە خۆشبەختیی دواییو خۆبەخۆییەکەی "بوودا"ی لە پێشکەوتنی چاکەدا دەبینی. بەڵام ئەگەر

لەڕاستیدا هەموو شتێك جوان‌و چاك بوایە، چۆن دەمانتوانی جوانی‌و چاكە لەوانی تر جیا بكەینەوە!

((ئەگەر پادشاكەم هەموو شەوێك توانا بوایە، بەهای قەدر نەدەما" ئەگەر هەر بەردێكیش گەوهەر بوایە، قیمەتی گەوهەریش نەدەما))[167].

ئایا دەكرێ ئەم وشانەی شاعیر پشت گوێ بخرێن!؟ ئایا تەنانەت سروشتیش شێوەو ڕواڵەتی جیاوازمان پیشان نادات؟! ئەگەر تەنانەت پێمان وابێ سیستەم‌و یەكێتییەك لەنێوان پەیوەندییە گشتییەكانیشدا هەیە، دیسان نابێ پێمان وابێ دەشێ بەردەوام بێ. با كەس وەها بیر نەكاتەوە كە ئەم بۆچوونانەی من لە فەلسەفەیەكی "ئیپیكۆریستی"یەوە سەرچاوەیان گرتووە.

كەسانی خاوەنی فەلسەفەی ئەم شیعرە كە دەڵێ:

((شەراب بنۆشەو حەز لە جوانی بكە، ئەگەر عەقڵ‌و زانایيت هەیە، تۆ چ كارت داوە بەوەی كە دنیا هەیە یان نا)). كەسانێكن هەموو ڕۆژێك ژەهری تاڵ دەخەنە نێو برینەكانی جەستەی مرۆڤایەتی. ئەو كەسانەی كە هەبوونی دنیای دیكە قبووڵ ناكەن‌و لە تێكۆشانی ناو ژیانی ئەم دنیایەدا شكستیان هێناوە، لەبەر بێهێزیی خۆیان ڕەشبینن‌و چارەنووسەكەشیان خۆكوشتنەو هیچ ڕێگایەكی دیكەیان لەبەردەمدا نامێنێتەوە، چونكە ئەو جۆرە كەسانە خزمەتی هیچ جۆرە ئایدیایەك ناكەن؛ لەبەر ئەوەی لە ژیانی ماددیدا نەگەیشتوونەتە خواست‌و ئارەزووەكانیان، تووشی فەلسەفەیەكی ڕەشبینانە

---

[167] دەقی ڕاستەقینەی ئەم بەیتە شیعرە وەهایە:

((ئەی پادشا! ئەگەر لە هەموو شەوێكدا توانایی هەبێ، قیمەتی قەدر نەدەما؛ هەر بەردێكیش گەوهەر بوایە، نرخی گەوهەریش نەدەما)).]

دەبـن. فرەخـوازیو ئـارەزووی زۆر وەك دۆسـتێکی دوژمـن سـیفەتی لێ دێـت لەنێو خۆیەتیو کەسایەتیی ئەوانەدا. بەڵام ئەوانەی کە لەڕووی زەینییەوە خۆیـان خـستووەتە نێـو مەیـدانی کێشمەکێـشەکانو لـەو ڕێگایەشـدا هـیچ ترسـێکیان لـە مـردن نییـەو لـە ویـژدانی خۆیانـدا بـە دوای زەوقو خۆشـیدا دەگەڕێن، نهێنیو ڕازەکانی ژیان دەبینن و باش لێیان تێدەگەن. بەڵام لەبەر ئەوەی درەنگ یان زوو هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە لەناو دەچن دەکەونە ژێر سێبەری بێکۆتاییی بوون، پێویستە ئەو تێکۆشانەی کە لە لانکی منداڵییەوە تا مەزاری مەرگ ئەنجام دەدرێ، بێ بەرامبەر نەبێو ببێتە هۆی دابینبوونی ئاسایشو ئاسوودەییو ئارامی.

ئەگەر ئەوانە دابین نەکرێنو تێکۆشانی تاكو کۆمەڵگای دەسکەوتی نەبوو، ئەوکاتە ڕەشبینی لەنێو کۆمەڵگادا پەرە دەسێنێو پێکهاتەکەشی بەرەو نەمانو نابووتی دەچێ. هەموو سەردەمێك کەڵکی لە پێشکەوتنەکانی سەردەمی پێشووی خۆی وەرگرتووەو بە دروستکردنی فیکرو فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی وەك زنجیرەیەك بەردەوام بووە، سەرەڕای جیاوازیەکانیان بەهۆی ئەو زنجیرە بوونەیانەوە سەردەمە جیاوازەکان تا ئاستێکی زۆر بێسەروبەریی کۆمەڵگاکانیان شاردوەتەوە.

مێژوو هیچ کاتێك شاهیدی ئەوە نەبوە کە هاوکارییەکی فراوان بۆ مسۆگەرکردنی خۆشبەختیی سەرجەمی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێ. لەبەر ئەوەش کۆیلەییو بەندایەتیی نەتەوەکان تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر بەردەوام بوون.

کاتێ ڕۆسۆ لە سەدەی هەژدەهەمدا بنەماکانی سەروەریو دەسەڵاتی نەتەوەییی دیاری کرد، بەو کارەی خۆیەوە تەنیا زەمینەی شۆڕشی فەڕەنسای فەراهەم نەکرد، بەڵکوو زەمینەی گۆڕانکارییەکی گەورەتری هێنایە ئاراوە. پێویستە ئەوە قبووڵ بکرێ کە زەمینەی فیکری سۆسیالیزمی

ئەمڕۆ دەچێتەوە بۆ ئەو سەدەیە. لە سەدەی بیستەمدا کاتێك خوێن و ئاگر هەموولایەکی گرتوەتەوە، بنەماکانی زامنکردنی پێشکەوتنی ئازادانەی نەتەوەکان لەڕووی یاسایی یەوە ئامادە کراون. وەك چۆن بەردەوامبوونی ژیانی تاك پەیوەستە بە هەڵکەوتن و سیستەماتیك بوونی هەندێك هەلومەرج و بەردەوامیی ئەو هەلومەرجانە لە هەر کات و شوێنێکدا، ژیانی نەتەوەکان و پێشکەوتنیشیان بەندن بە گونجاوبوونی بەردەوامیی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی پێویست. ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەی کە نەریت و باوەڕو خوو و خدەو کەسایەتیی هاوبەشی تێدا بێ، بەشێوەیەکی ئاسایی لەڕووی دینی و هونەری و یاساییشەوە یەکێتییەکی تێدا دەبێ. ئەگەر لەڕووی زانستیشەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەمە بکرێ، ئاساییبوونەکەشی دەردەکەوێ. جیاوازیی ئاشکراو بەرچاوی نێوان کەسایەتیی دوو تاك لە کۆمەڵگادا، دەبێتە هۆی هەمیشەیی بوون و بەردەوامیی بێگانەبوونیان لەیەکتری. ئەگەر دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاکەکانەوە نەناسرێ، ئەو دەستەیە لەنێو کۆمەڵگادا پایەدار نابێ و پێگەی زۆری نابێ. کەس ناتوانێ نکوولی لەوە بکات کە ژیانی تاکی ئێمە سنووردارە، چەندە ژیان هەبێ مردنیش هەر دەبێ. بەلام ئەوەشمان بەرچاو دەکەوێ کە ئەو نەتەوەیەی وا دین و کەلتووری هاوبەشی هەیە، سەرەڕای ئەو هەموو داگیرکاری و زوڵمە زۆرەی کە بەسەریدا هاتوون، تەنانەت یەك تۆز لە بنەما نەتەوەییەکانیشی خراپ نەبوەو لەناو نەچوە. لەوە دەچێ بتوانین ئەوە بڵێین کە تاکەکان وەك ئەتۆمێکی بچکۆلانەی ماددەیەکن، کاتێ لەناو دەچن، هی دیکە جێگەیان دەگرێتەوەو ژیان بەو ماددەیە دەبەخشن و دەبنە هۆی بەردەوامبوونی.

منمنایەتی یاخود تاکخوازی تا ئەوکاتەی مرۆڤ دەگاتە بێکۆتاییبوون بەردەوام دەبێ، بەلام پایەداربوون و هەمیشەییبوون شتێکی تایبەت بە

کۆمەڵگاکانە. ئەوانەش کە بە هەستێکی نەتەوەییەوە هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی ئەو هەمیشەییبوونەی نەتەوەیان کردوەتە ئامانجی خۆیان، گەیشتوونەتە خۆشبەختیو بەختیاریی ڕاستەقینە، چونکە مانەوە تەنیا بۆ نەتەوەیە*.

هیزانیزادە کەمال فەوزی

**نامەیەکی کراوە بۆ حکوومەتی ئێستا**

ڕووداوەکانی ئەم شەشسەد ساڵەی دوایی، ئەوە دەسەلەمێنن کە هێشتا تێگەیشتنێکی دروست سەبارەت بە بایەخی چەمکی حکوومەت لەم وڵاتەدا دروست نەبوەو ماوەیەکی زۆری دیکەش دروست نابێ. لەڕاستیشدا خەڵکی عوسمانی لە قۆناغی ماوەی دەسەلاتی خەلافەتدا نەیتوانیوە خۆی پێش بخاتو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی نوێ بکاتەوە. لەگەڵ ئەمەدا تائێستا هیچ یەك لە حکوومەتەکانیش لەنزیکەوە وەك پێویست خەڵکی نەناسیوەو نەیتوانیوە بەشێوەیەکی باش ئیدارەی کاروبارەکانیان بکاتو بەڕێوەیان بەرێ. لەباتی ئەوەی دوای دەستگرتن بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا، پێویست بوو دڵی دانیشتوانەکەشیان فەتح بکردایە، کەمتەرخەمیو گەندەڵییەکی زۆر لەو ناوچانەدا کراونو تائێستاش ئەوە بەردەوامە.

ڕووداوە تاڵەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەوەیان بۆ دەرخستین کە بنەما سەرەکیەکانی یاسا لە هیچ شوێنێکی ئەم وڵاتەدا پەسند ناکرێن. بەداخەوە هەر هەوڵێك کە بۆ دامەزراندنی حکوومەت دراوە، لەباتی ئەوەی دەرفەتو مسۆگەربوونی بەختیاریو ئاسوودەیی زیاتر بکات، بووەتە هۆی ئەوەی کە

* ژین، بەرگی 1، ژمارە 2، ل233-235.

زەبرێكی خوداییمان بەركەوێ. تائێستا حكوومەتێكمان نەبینیوە پشت بە ئیدارەی خەڵك ببەستێ و دەرفەتی شتی واش لەئارادا نەبوە. هەموو گرووپێكی ستەمكاری كەمینە جڵەوی دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان گرتوەتە دەستو چارەنووسی خەڵكیان دیاری كردووە. ئەگەر خەڵك خۆی خۆی بەڕێوە ببردایە، دەیتوانی ڕێگا لە نابووتیو لەناوچوونەكەی ئەمڕۆش بگرێ. بەڵام؛ ((ئەگەر وێرانیت پێویستە، سەیری خەڵكی ئەم وڵاتە بكە؛ ئەگەر هاوارو فریادیشت پێویستە، خەڵكی ئەم وڵاتە بهێنە قسە!))

ئەمە وەزعی ئەو خەڵكەیە كە ڕازی دەبێ بەوجۆرە بەڕێوەی ببەن! دەزانین هەر حكوومەتێك گۆڕانكارییەكی تازەی دروست كردووە، بەڵام هیچ كاتێك نەیتوانیوە دادپەروەری لەو گۆڕانكاریانەدا بۆ خەڵك دابین بكات. زوڵمو ستەمكاری هیچ كاتێك ڕێگایان نەدا دادپەروەری لەم وڵاتەدا هەبێ. ئەوانەی كە ڕۆیشتن، زوڵمو ستەمەكانیان بۆ كەسانی تازەكار بەجێهێشتو تازەكارەكانیش بەردەوام بوون لەسەر ستەمكاریو زیاتریان كرد.

ئێستاش ئێوە لەبەردەم مێژووی خوێناویو ڕووی ڕەشی سەدەی بیستەمدا جڵەوی دەسەڵاتی ئەو خەڵكەتان گرتوەتە دەست كە بەردەوام بوونەتە [و؛ حكوومەتەكانی تر] مایەی شكستهێنانی.

پرسیارەكەتان لێ دەكەم:

ماوەی چوارسەد ساڵە بەناوی جۆراوجۆری وەك "شارەكانی ڕۆژهەڵات"، "ناوچەكانی ڕۆژهەڵات"، "ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ"و "سەر سنوورەكان"و تەنانەت "ئەرمەنستان"یشەوە، باسی كوردستانی بێچارە لە حكوومەتی عوسمانیدا كراوەو ناوهێنانەكەی بە تاوانێك لەقەڵەم دراوەو زۆر

بێبەزەییانە زوڵم و ستەمیان لە ڕۆڵەکانی کوردستان کردووەو زۆر هەژاریش ماوەتەوە. ئایا ئێوە هیچ ئەوەتان بەخەیاڵدا هاتووە کە کارێك بۆ چاککردنی بارودۆخی کوردستان و ڕۆڵەکانی بکەن؟ ڕۆڵەکانی کوردستان کە هەموو دارو نەداری خۆیان خستووەتە خزمەتی ئەم دەوڵەتە، هیچ سوودو بەهرەیەکیان بەرامبەر بە زەحمەتەکانیان وەرنەگرتووە.

ئەو خەڵکەی کە ساڵانێکی زۆر لەبەر ئازادیی خۆی لەسەر لوتکەی بەفرینی چیاکان دانەبەزیوەتە خوار، ئەمڕۆ لەبەر خەلافەت و موسڵمانێتی تووشی هەزاران مەینەتی و بەدبەختی بووە؛ شتی سەیریش ئەوەیە کە هەندێك بەم دواییانە دەڵێن ڕێگای ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان لەو نەهامەتیانە تواندنەوەی نەتەوەیی‌یانە، کاتێك ئەو کارەش کرا، زوڵمێکی زۆریان لەو خەڵکە کردو تەنانەت فەرمانبەرانی کاروباری کۆچبەرانیش هەریەکە بوونە چەقەڵێك کە هێرش دەکاتە سەر جەستەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەو زۆر دڕندانە جەرگەکانیان دەردەهێنن.

ئەمڕۆ وان– بتلیس و ئەرزڕۆم بوون بە وێرانە. ئێوەش ناتوانن گوێتان لە هاوارو ناڵەی ئەو خەڵکەی ژێر دارو بەردو پاشماوەی وێرانەکانی ئەو شارانە بێ" ئێوەش ناتوانن دەستی بەزەیی و خۆشەویستی بۆ منداڵە هەتیوەکانی ئەو وڵاتی ئازارو نەهامەتیە درێژ بکەن. مەخابن ! گریان بۆ ئەوانە دەبێتە بەشێك لە مێژوویەکی بێخێر*.

10ی مارتی 1335 (1919)

هیزانی‌زادە کەمال فەوزی

* ژین، بەرگی 3، ژمارە 13، ل586–587.

**لاپەڕەكانی كەدەر(1) (هیجران)**

**چاوەكان كوێرو گوێكان كەڕن ؟**

**لە سەرەتاكانی جەنگی گەورەوە(2) تائێستا بەردەوام دەڕوانمە ستوونو گۆشەی ڕۆژنامەكان، لاپەڕەكانی ئەو ڕۆژنامەو بڵاوكراوانە زیاتر بە پەسندانی هەندێك كەسایەتی ڕەش كراونەتەوەو پڕن لە ماستاوچێتی بۆ ئەمو ئەو. تەنیا یەك ویژدانو دڵێكی بەبەزەییم نەبینی لە ڕۆژنامەكاندا باسی ئازارو مەینەتیەكانی نەتەوە بێچارەكەم بكات. هەڵبەت لەم ماوەیەی دواییدا كەسێكی خەڵكی دیاربەكر هەندێك لاپەڕەی باش دەنووسێ. لە ماوەی زیاتر لەو دە ساڵەدا كە نیوەی ساڵەكانی جەنگە گەورەكە پێك دێنێو دیكتاتۆرییەك لەژێر پەردەی مەشرووتییەتدا حوكم بەسەر ئەم وڵاتەدا دەكات، زمانەكان بێدەنگو ویژدانەكان ساردو چاوەكان كوێرو گوێكان كەڕ بوونو بڕواكان تێك چوونو قەڵەمەكانیش شكاونو پیس بوون. كەسێك كە خۆی لەخۆیدا لەكاتی چاوەڕواننەكراودا كوشندەترین گورزی لەم وڵاتە داوەو خراپترین بەڵاو نەگبەتیی بۆ ئەم خەڵكە ناوەتەوەو بەرامبەر بە مەترسیەكانی سەر وڵات وەك بەرد بێدەنگ بووەو ئامادە بووە لەبەر خاتری خۆشیو ڕابواردنێكی یەك ڕۆژە هەموو شتێكی ئەم دنیایە فیدا بكات، زیاتر لەمە چاوەڕوانی چ شتێكی تری لێ دەكرێ!(3)**

**پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی كە ماوەی زیاتر لە شەشسەد ساڵە وەك مەیموونەكەی داروین چۆن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەویش بەردەوام بەرەو دواوەو گۆڕانی بەسەردا دێتو دوا دەكەوێ، ناكرێ چاوەڕوانی تۆماركردنی مێژوویەكی جددیی لێ بكەین(4). هەرچەندە ئەو كۆمەڵگایە چاوەڕوانی دەركەوتنی دەستبژاردە گەورەكانی خۆی دەكات لە داهاتوودا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناكرێ هیوادار بین بەوەی كە مێژوویەكی جددی لەدوای**

خۆی بەجێ دەهێڵێ. نازانم چی بڵێم! خوا بۆ خۆی بارودۆخی ئەو نەتەوانە چاك بكات كە پرسیارنەكردن دەرباری پێویستیەكان و چۆنیەتیی كارەكانی خۆیان بەڕەوشت بەرزی لەقەڵەم دەدەن.

ئەو هاوشارییە دیاربەكرییەمان لە یەكێك لە گۆڤارەكانی جەنگدا باسی تاوانێكی خۆی دەكات لەكاتی شەڕی باڵقاندا، داوای لێبوردن دەكات سەبارەت بەو تاوانەی خۆی. هەڵبەت من كردەوەكەی ئەو بە تاوان نازانم و ئامادەشم هەموو گوناحێكی بگرمە ئەستۆی خۆم.

ئەو هاوشارییە لە سەدەی بیستدا چاوی بە زوڵم و ستەمی هەزاران فەرماندەی داگیركەر دەكەوێ كە لە وڵاتێكی تر ئەنجامی دەدەن، بۆی دەردەكەوێ كە خاكی نەتەوەیەكی دەربەدەركراو و هەژار لەپێش چاوی مرۆڤایەتیی سپڵەو نانكوێكردا(5). لەژێر سمی ئەسپەكانی ئەو فەرماندە داگیركەرانەدایە. بە زانینی بەسەرهاتەكەی ئەو هاوشارییە، دەتوانین بزانین داوای لێبوردن كردنەكەی كارێكی دروستە یان نا.

ئەو هاوشارییە كاتی خۆی ڕەخنەی توندی لە هەندێك چەتەی خەڵكی سەلانیك یان نازانم خەڵكی كوێ گرتووە كە مەزارو گۆڕستانی گوندە بێپیاوەكانیان كردووە بە شوێنی ڕابواردنی خۆیان و بێبەزەییانە زوڵم و ستەمیان لە خەڵك كردووە، ئێستاش لەنێو ئەو گۆڤارەدا لەبەر خاتری ئەو ڕەخنانە خۆی بە تاوانبار دەزانێ. نازانم داخۆ لەڕاستیدا هێشتا هەمان بۆچوونەكانی جارانی هەیە یان نا؟ گومان لەوەدا نییە كە مێژوو هەموو ئەو ڕاستیانە دەكاتە پەندێك: چۆن هەندێك لەو سەركردانەی كە جاران بە سەروەت و سامانێكی زۆرەوە لە كۆشكەكانیاندا ژیاون و سوپای گەورەشیان هەبوە، بەڵام كاتێك گەیشتوونەتە گوێ ئاوەكانی دیاربەكر لەبرسان مردوون و نەیانتوانیوە هیچ بكەن. مێژوو ئەوانە دەكاتە پەندێك بۆ هەموان.

لەڕاستیدا ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئەرمەنەکاندا هاتوون، زۆر گەورە نەبوون، کەچی سەرەڕای ئەوە دەنگێکی زۆریان دایەوەو بوونە جێگای قسەو باسی هەموو دنیا. بەڵام کەس باسی ئەو کارەساتانەی نەکرد کە بەسەر ئەم نەتەوە [و؛ مەبەستی کوردە] بێخاوەنەدا هاتووە. تەنیا بۆ ساتێکیش بێ، کێ بیریان لێ دەکاتەوە؟ نەکا سووری ئیسرافیل بۆ ئەم نەتەوەیە بگری!(6)

پرسیارت لێ دەکەم ئەی شارستانی ئەستێرەدار؛ کەی مافی ئەوانە دەدرێ کەوا مافی کەس پێشێل ناکەن! تاکەی ناهەقیەکان وەك هەق و ڕاستی دەناسێنرێن! ئەگەر تۆ ناهەق بە هەق لەقەڵەم بدەی، کێ چ کاتێك هەق و ڕاستی سەقامگیر دەکات! لەکاتێکدا هێزی هەق و ڕاستی بەلای تۆوەیە! تاکەی دەبێ هەق و ڕاستی لەژێر دەستی زاڵم و ستەمکاراندا بشاردرێنەوە! هیچ نەبێ ئەو پەردەیە لادە کە ڕووی ڕاستەقینەتی داپۆشیوە، با وەك دانە چەقەڵیەکانت تۆزێك دەرکەون: با هەموو کەسێك بزانێ وەك گیاندارێکی دڕندە بۆنی خوێنت کردووە. خۆت ئاشکرا کە، خۆت مەشارەوە! ئەوکاتەش سەیری ئەو ئاوێنەیە بکە کە مێژوو بۆی گرتووی. تەماشای خۆت بکەو بزانە چەندە پیسی!

ئەی لاوانی کورد کە هەریەکەتان سەمبولێکی قارەمانین! بانگی ئێوە دەکەم؛ سەدەی بیستەم لەڕووی تەکنیك و شارستانییەوە لەپێشەو خاوەنی زانست و پیشەسازی و عەقڵی باشە، بەڵام سەدەیەکی بێویژدانەو چاوەکانی کوێرن و گوێکانیشی کەڕن.

((تەنیا خۆت یارمەتی خۆت دەدەی، ئەگەر پێویستیت هەبێ))

کارێك دەکرێ کە ئەو مافانەی وا نادرێن، لە ئەنجامدا هەر بدرێن، ئۆجاخەکان بەکوێری ناهێڵرێنەوەو تەنیا ئێوەشن کە دەتوانن ئەمانە ڕاپەڕێنن و زەمینەکەیان فەراهەم بکەن. وەها بیر بکەنەوە کە هەریەکە لە ئێوە

رابردوو و مێژوویەکی گەورەتان هەیە. چەندە دیمەنی خراپی وڵاتەکەتان لەبەر چاوە کە لەکاتی کارەساتەکاندا بینیوتانە! کارەساتەکان جاروبار مرۆڤ بێچارەو هەندێك جاریش مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکەن‌و زمانی دەگرن. بەڵام ئەو تاك‌و نەتەوانە قارەمانن کە لەدوای هەر کارەساتێك، زیاتر بەرگری لە مافەکانیان دەکەن‌و بەردەوام دەبن لە هەوڵەکانیانداو تووشی بێ‌بڕوایی نابن. دنیا ئەوە دەزانێ کە ئێوە زیاتر لە هەموو کەسێك خاوەنی ئەو جۆرە کەسایەتیەن، وەستان‌و کەمتەرخەمی تایبەتمەندیی ڕۆحە مردوەکانە. چاوەڕوانیکردنی شتی لەوە زیاتر لەو جۆرە ڕۆحانە، خۆی لەخۆیدا کارێکی هەڵەیە. باوەڕی کۆمەڵایەتی لە ڕۆحە گەنجەکاندایەو پێویستە لەوانەدا بەدوایان بگەڕێین. سەرنج بدەن من دەڵێم: "ڕۆحە گەنجەکان"، یانی مەبەستم تەمەن نییە. ئەو نەتەوەیەی کە داهاتوەکەی بەدەستی خۆی دیاری دەکات، بەردەوام دەژی‌و تەنیا کۆمەڵگایەکی لەو شێوەیەش دەتوانێ مافی ژیانی هەبێ. وای بەحاڵی ئەو نەتەوانەش کە چارەنووسیان بە دەستی بێگانە یاخود کەسانی ناشایستەوەیە!

ئێوە ئەی لاوانی کورد! دیارە ئێوەش بینیوتانەو دەزانن کە تەنیا دەستی دۆست بەر مەمکی ئەو ئافرەتانە کەوتووە کە خاوەندی نامووس‌و ڕەوشتن. خودایە دەکرێ قێزمان لەم بێ‌ڕەوشتی‌و پیسایی‌یە نەبێتەوەو تفی تێ‌نەکەین؟! باوەڕم بەوە هێناوە کە شەڕو نەداری‌و مەینەتی نیشانە جوانەکانی ڕەوشتبەرزین!

لە ساڵە سپییەکانی بۆسفۆر(7)دا، کاتێك کچەکان پەرداخی خواردنەوەیان دەگێڕا، هەندێك دایك لە پێ‌دەشتە بەفراوی‌و سەهۆڵبەندەکانی قەفقاسیادا لەسەر مەمکەکانی خۆیان شیریان بە منداڵەکانیان دەداو دەیانویست بیانخەوێنن‌و بۆ خۆشیان لەبرسان ئەمدیو و ئەودیویان دەکرد.

منداڵـه بێخـاوەن‌و هـەتیوەکان لەبەر ڕەشـەباو هـەوای ساردا، بـەبێ ئـەوەی کەسـێك لـە ژوور سـەریانەوە بۆیـان بگـری، چـاوە پـڕ لـە خـەم‌و ئازارەکانیـان دەنووقانـدو دەمـردن. پیـاوە پیرەکـان کـە لەبـەر مانـدوویێتی‌و نەداری ڕەنگیـان زەرد هەڵگـەڕابوو، دواڕۆژەکـانی ژیانیـان تێپـەڕ دەکـردو لەبـەر خـاتری پارووپـەك ژیانیـان دەخـستە مەترسـییەوەو دواجـاریش جەستەی خۆیان تەسلیم بەو گۆڕە ساردو سڕانە دەکرد کە لـەنێو بـەفردا هەڵکەندرابوون. هیچ چاوێك ئەمانـەی نـەبینی‌و هـیچ گوێیـەك ئـەو هـاوارو ناڵانەی نەبیست کە بۆ خودا دەکران.

کەواتە چاوەکان کوێرو گوێکانیش کەڕ بوون.

بەڵام ئێوە ئەی لاوانی کورد، بینیتـان‌و گوێتـان لێ بـوو! مێـژوو بـاری ئـەم بەرپرسـییە هـەڵناگرێ، چـونکە هەمیـشە زاڵـم‌و ستـەمکارو ماستاوچـی بـووە. ئـەم سـەدەیەش قبـووڵی ناکـات، چـونکە ئـەویش سـپڵەو نـانکوێرەو تـەنیا لـە بـیری خۆیدایـە، لـەخۆبایی بـووەو تـەماعکارو بێوەفایـە. حکوومـەتیش ئـەو بەرپرسییە ناخاتە سەر شانی خۆی، چونکە گوایە ئەویش ئیدارەی تۆیـەو نوێنەرایەتیت دەکات. کەواتـە بۆ خـۆت سـزای خـۆت دیـاری کـرد. ئـەی لاوە بێبەختـەکانی کـورد! ئێـوە ئـەم بەرپرسـییە لەسـەر شـان‌و ملـە بێـچارەکانتان هەڵـدەگرن، ڕەشـبین‌و ماتـەمین نـەبن. زەرەر لـە نیـوەی بگەڕێتـەوە، قازانجـە. بەڵام ناتوانن زوو ئەم قازانجە بەدەست بهێنن. وەچەکانی داهاتوو پرسیارتان لێ دەکەن" چاوەکانتان کوێرو گوێکانتان کەڕ بوون![*]

هیزانی‌زادە کەمال فەوزی

[*] سەرچاوە: ژین، بەرگی 3، ژمارە 14، ل627–629.

ڕوونکردنەوەکانی م. ئەمین بۆزئارسلان لەم بابەتەی کەمال فەوزیدا:

1- لێرەدا مەبەستمان هیجرانە.

2- جەنگی گەورە، مەبەست هەمان شەڕێکە کە عوسمانیەکان بە حەربی عموومی یا جەنگی گشتی ناویان ناوە.

3- مەبەستی نووسەر دەسەڵاتی پارتی ئیتیحادو تەرەقییە کە حکوومەتیان لەنێوان ساڵەکانی 1908 تا 1918دا گرتوەتە دەست.

4- کاتێ نووسەر دەڵێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، مەبەستی هەیئەتی ئیجتماعییەیە کە بە واتای ئیدارەی عوسمانی بەکاری هێناوە.

5- مەبەست ئەو مرۆڤایەتیەیە کە مافەکانی کەسانی تر ڕەت دەکاتەوە.

6- سوور، لوولەیەکە لەڕۆژی قیامەتدا لەلایەن ئیسرافیلەوە بۆ زیندووکردنەوەی مردوەکان فووی پێدا دەکرێ.

7- ملەو گەرووییەکی ئەستەنبووڵە، لەنێوان دەریای ڕەش‌و مەڕمەڕەدا، ئەو دووە پێکەوە دەبەستێتەوە.

## شاری وێران*

دەنگ بڕاوەو سێبەر نەماوە لە ئاسۆکانی ئەم شارەدا
ماڵەکان تاریک‌و بێدەنگن
ئیدی ئێستا کاروان لەڕێگاکانەوە نایێ، بێدەنگی هەیە
بایەقوش لە کەلاوەو وێرانەکاندا دەخوێنێ‌و
هەموو قەڵاکان لەناو چوون
شەوی تاریک ماتەم‌و خەمی داوە بەسەر ئەم شارەدا
ئەوەی بێکەس بێ لەم دۆڵە چۆڵەدا، بێدەنگ بۆخۆی دەگری

* یادداشتی کەمال فەوزییە، لەکاتی گیرانی (بتلیس)دا نووسراوە.

**چرای پەرستگا کوژاوەتەوەو مەشخەڵەکانیش شکاون**
**دێوەزمەو جنۆکەکان کۆدەبنەوەو دەستی یەك دەگرن و یاری دەکەن**
**تەرمی مردوویەك لەژێر چرایەکی ژەنگگرتوودا کەوتووە**
**چاوەکانی وەك ئەوەی هەڵکەنرابێ، بە قووڵدا چووەو دەستەکانی زۆر**
**لاواز بوون و گۆشتەکەی وشك بووەتەوەو بە دڕك و داڵ داپۆشراوە**
**خەوێکی قورس لە چاوە هەڵکۆڵراوەکانەوە دەردەکەوێ**
**ترسی ڕازەکان لەو شوێنانەدا کە پێیان دەزانن، لە دڵەکاندا هەیە**
**ئۆجاخ ڕۆشن نابێ و دەنگ لە هێلانە خراپ بووەکانەوە دەرناکەوێ**
**بانی ماڵەکان ڕووخاون و وێران بوون**
**کاتی خۆی ئاسکەکان بەسەر چیاکاندا بازیان دەدا**
**کەچی ئێستا گۆڵ ژاکاوەو بولبول خەمبارەو**
**گوڵزارەکان بەخوێن ئاو دەدرێن**
**با ئێستا بگرین بۆ ئەم شارە جوانە**
**هەموو ئەو ئەستێرانەی کە تایبەت بە خەم و ئازارن**
**لەو شوێنانەی کە بوون بە ماوای زوڵم و ستەم**
**کێ دەزانێ ئێستا چەند هەتیوو بێوەژن دەناڵێنن**
**لە ئاسۆ خەمناکەکانەوە مەلوول مەلوول دەگری**
**ئەو چیایەی کە پرژەی خوێن بەر لوتکە بەفراویەکەی کەوتووە**
**هاژەی ئاو لە تاڤگەکانەوە بەرز دەبێتەوە**
**خەم کەوتووەتە نێو ئەو باخە جوان و بەنازەیان؟!**
**ئاخ ئەو بولبولانەی کە لە سەوزەڵانەکاندا**
**هاواریان دەکردو پێدەکەنین**
**داخۆ جارێکی دیکە دەخوێننەوە؟**

ئاخ ئەو دۆستانەی کە لە سەوزەڵانەکاندا دەردی دڵیان دەکرد
داخۆ جارێکی دیکە لێرەدا دەگەڕێن و پێ دەکەنن؟
تیشکی مانگەشەو لەنێو دەریاچەی نوستوودا
هەزاران دیلی بۆ خۆی دروست کردبوو
کە خۆیان لە ئاوەکەدا دەشۆرد، کەچی ئەمڕۆ جەنگە
تۆش ئاوارە بووی و خەیاڵەکانیش خوێناوی بوون
ڕووبارەکان خۆشییان دەهێنا،
ئاهەنگە خەماویەکانیان خەڵکیان دەکردە خەو
ئاخ ئەو شاعیرو ئیسحاقە خەمبارانە
نەخۆشەکانیان خۆشحاڵ دەکرد
لەنێو باخدا لەگەڵ کچە چاو شەهێنەکاندا
هەڵپەڕکێی پەری و فریشتەکان ساز دەکرا
داخۆ ئەو ئاوەی کە لەنێو شاخ و بەردەکانەوە دەهاتە خوار
جارێکی دیکە بە هۆشیارییەکەی جارانی خۆی هاژەهاژ دەکاتەوە؟
بووکەکان لەئێوارە پەمەییەکاندا
بە هونەری شنەبایەکی ساردەوە
بۆ عەشقە شاراوەکەی خۆیان
بە بەزمی (داغلەرن ئەسمەرن)ـەوە گۆرانی دەڵێن
چەندەش پڕبووی لە خۆشی و شایی ئەی شاری جوان
دیسان هەر خەمێك لە ئاسۆکانتدا دیار بوو
لەسەر سەرتەوە خەمێك دەگریاو

## تووشی دەردێکی وابووی کە قەت چاك نابێتەوە*

**کەمال فەوزی**

### گوندی چۆڵو بێدەنگ

ڕۆژێك بوو هەور ئاسمانی داگرتبوو، ڕۆژێکی ڕەش بوو. ئەو ڕۆژە ئازاری بەوانە دەگەیاند کە ئاوسابوون، کەسانی خەمبارو بەئازاریشی تووشی وەرەم دەکرد. ڕۆڵە پەرێشانو دەربەدەرەکانی ئەو وڵاتە جوانەم کە خەمو ئازار لە لانکی خۆشەویستیەکانیاندا نوستووە، لە قۆناغی چوارەمی کۆچەکانیاندا بوون. ژنە زەیستانەکان منداڵە تازە لەدایکبووە پێچراوەکانی خۆیان لەو بەفرەدا خستبوە ناو مەزار. داپیرەکان نەوە هەتیوە قاچو قوول ڕووتەکانی خۆیان لەنێو ڕێگا بەفراویەکاندا بەجێهێشتبوو. بێوەژنە گەنجەکانو کچە دەزگیرانـدارەکانو منداڵە بێکەسو هەژارەکان، دوای ڕۆژانێکی پڕ لە برسێتیو هەژاری، بەئومێدی دۆزینەوەی پەنایەك دەگەڕێنو ماوەی پێنج ڕۆژە بێخەو ماونەتەوەو بەهیوای ئەوەن لە بێدەنگیی شەوێکی ترسناکدا تۆزێك پشوو بدەن. ئاخ! ئەو منداڵە هەتیوانە بۆ پارووییەکی دیکە کە درێژەی پێ بە ژیانەکەیان پێ بدەن، چۆنو بە چ شێوەیەك هەنسکیان دەدا!

وەها بوو. لەوە دەچێ هاوارو ناڵەیەکی بێهێزیش توانیبێتی تۆزێك لە ئازارەکانیان کەم بکاتەوەو دڵیان بداتەوە. بێگومان مافی خۆیان بوو بگرین، چونکە لەو دەریاچە شینانە دوور کەوتبوونەوە کە ژنە خوداوەندە سپییەکان خۆیانیان تێدا دەشۆردو مرۆڤەکانیان مەستو سەرخۆش دەکرد.

---

* سەرچاوە: ژین، بەرگی 3، ژمارە 15، ل657–659.

لەو چیاو شاخانە دوور کەوتبوونەوە کە ئاسکە بەنازەکان لە سێبەرە سەوزەکانیاندا دەخەوتن، هەروەها لەو باخانەی کە بولبولەکان لەسەر پەلوپۆکانیاندا دەیانچریکاندو لەو باخچانەی کە فریشتەکان هەڵپەڕکێیان تێدا دەکردن، دوور کەوتبوونەوە.

هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەو کەسانەی وا لە خۆشەویستە گیانی بەگیانیەکانیانو ئەوانەش کە لە ماڵو سەروەتو سامانیان دوور کەوتبوونەوە، لەگەڵ ئەو قارەمانە پیرانەدا دەگریان کە لە هەزاران ئەسپی بەنازو کەحێلی خۆیان دوور کەوتبوونەوە. ئاخ، داخۆ چەند منداڵی هەتیو هەبوون، لە هەموو بەیانیە مرۆڤ هەڵخەڵەتێنەکانی ئەو شوێنە چۆڵەوانیو مەرگ هێنانەدا بەگریانەوە لە خەو هەڵدەستان!

شەوێکی نیگەرانی زستانە، لەسەر چیاکانەوە شۆڕ دەبێتەوەو دادەکەوێو سێبەر دەخاتە سەر کەشوهەوای ماتەمینی گوندەکە. شەوەکە زۆر جەختی لەسەر بێدەنگی دەکردو نقەی لێوە نەدەهات، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا جاربەجار دەنگێکی لاوازو بڕاو لە دوورەوە دەهاتو هاوارو قیڕەی مناڵە هەتیوەکانی ئەم گوندە بێدەنگە کە هیچ کەس نەدەگەیشتە فریایان، بڵاو دەبوەوە.

ئەوانەی کە لە دەستی فەرتەنەو بەفری زۆری شاخەکان نەجاتیان بووبوو، ئێستا لەو شوێنانەی ئەم ناوچەیەدا کە جێگای مانەوەیان نییە، وێڵو سەرگەردان بەملاو ئەولادا دەگەڕێن. گوندە بێچارەکە! بارودۆخەکەی بەشێوەیەك بوو کە میوانەکانی دەخستە گریان!

ماڵەکانی ئەم گوندە هەریەکە وەك کونە مشکێك وابوو، بووبوونە شوێنی دێوەزمەو ڕۆحە مەترسیدارەکان. ژووری ماڵەکان کۆنو داری بانەکانیشی

پۆرتکابوونو ڕۆحە لەرزانەکانی ناو کەلاوەو وێرانەکانی دەخستەوە یادی مرۆڤو دەتگوت هەر ساڵێك بێ دەشێ بڕووخێن.

جاڵجاڵۆکە بەر دەلاقەی ئەو ماڵانەی چنیبوو، ئەوەندە تاریك بوو تەنانەت تیشکی خۆریش لەکاتی ئێواراندا نەدەهاتە ژوورەوە. ماڵەکان وەك مەزارو گۆڕستانی مرۆڤە زیندوەکان وابوون، ئەو سەردەمە کۆنانەیان دەخستەوە یاد کە مرۆڤە سەرەتاییەکان ژیانیان تێدا بەسەر دەبردن !

دەوروبەر پڕبوون لە نیشانەکانی گوناحو تاوانی گەورەو زەرەرو زیانێك کە لە دانیشتوانی ئەوێ کەوتووە. بەیانی زوو ئاسمان زەرد هەڵگەڕابوو، وردە وردە ئەوەش دیار دەبوو کە ڕۆژێکی پڕ لە نائارامیو فەرتەنە چاوەڕوانی گوندەکە دەکاتو دانیشتوانەکەشی بە خەمو ماتەمێکی بێدەنگەوە میوانەکانی خۆیان بەڕێ دەکرد!

ئەوی دەچوو ڕۆیشتبوو، ئەوەش کە دەمایەوە بەجێ مابوو. کاروانێکی ماندوو لە دوورەوە بە کەوتنو هەڵسانەوە، بە ماندوبوونێکی ئازاردەرەوە بەرەو پێشەوە دەچێ، دیسان ئەوەی دەچوو ڕۆیشتبوو، ئەوەش کە دەمایەوە بەجێ دەما.

لە ماڵە وێرانە بێساپیتەکانی ئەو گوندەدا هەندێك منداڵی بچووك کە هێشتا فێری قسەکردن نەبووبوون، لەبەر گریان دەنگیان نووسابوو. دەنگی هەندێك نەخۆشی بێخاوەنی پێپەتیش دەگەیشتە گوێ کە لەو دەرو دەشتەدا بۆ خۆیان کەوتبوونو چاوەڕوانی دوا هەناسەی خۆیان بوون. پیرەمێردێکی ڕیشسپیو عەبادرێژ لەبەر مزگەوتێکی وێرانەدا دوو منداڵی لە باوەش بوو، دوا هەناسەی هەڵکێشابوو.

دوای ڕەشەباو فەرتەنەکەی ئێواران، ئەوەندە تەرمی تازە دەکەوتن کە مرۆڤ دەیگوت ئەم گوندە گۆڕستانێکی بێمەزارە.

* * *

ئەی ئەو ڕێبوارانەی کە بایەقوش بە پێکەنینەوە چاوەڕوانی بەیانیە هەڵخەڵەتێنەکانی شەوە خوێناویەکانتان دەکات! لەو ڕۆژەدا کە میوان بوونو هەمووتان هەژاریتان بەچاوی خۆتان بینی، لە دەرو دیواری خراپی ئەو ماڵە مەترسیدارانە زیاتر، هیچ کەسێك خەمی نەخوارد. لە سەعاتە درێژەکانی شەوە بێدەنگەکانی ئەو شوێنە زیاتر، هیچ کەسێك نییە ئەو هەواڵانە بگەیەنێتە داهاتوو.

نەتەوە بێچارەکە! لەم شەڕەدا کە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواشی گرتوەتەوەو هەموولایەکی کردووە بە دەریایەك لە خوێن، ئێوە لە هەموو لایەك زیاتر زیانتان بەرکەوت. بەداخەوە هیچ بەشێك نییە بتوانێ بەسەرهاتەکەی ئێوە بخاتەوە یادی مرۆڤایەتی.

ئێوە ساڵانێکی زۆرە بە فیداکاریو ئازایەتیی خۆتانەوە بەرپەرچی کینەو نەفرەتو دوژمنایەتیو هێرشکاریی دراوسێکەتان دایەوە، ساڵانێکیشە وەك برا پشتتان بەیەکتری بەستووە. ئەگەر مرۆڤایەتی هەیە، با لەبەر ئەمە شەرمەزار بێو بگری![*]

**کەمال فەوزی**

## چیرۆکە کوردیەکان

سەرەڕای ئەوەی کە هەر نەتەوەیەك مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێك ڕووداو و ڕاستیی دیکەش هەن لە سنوورەکانی مێژوودا جێگایان نابێتەوەو دەگەڕێنەوە بۆ بەر لە مێژوو؛ ئەمانە وەك چیرۆك زمان بە زمانو دەم بە دەم گەڕاونو تائێستا ماونەتەوەو لە ناوەڕۆکی خۆشیاندا گوزارشت

[*] سەرچاوە: ژین، بەرگی 4، ژمارە 20، ل871–872.

له هەندێك ڕاستی دەكەن. ئەگەر بە شێوەیەكی زانستی لێكۆڵینەوە لەسەر ئەم جۆرە چیرۆك‌و ئەفسانانە بكرێ، دەكرێ هەندێ زانیاری دەربارەی ڕابردووی كۆنی نەتەوەی خاوەنی ئەو ئەفسانانە دەربخرێ. بەڵام لەهەمان كاتیشدا پێویستە ئەوە بگوترێ كە هێشتا بە تەرزێكی زانستی سەردەمی ژیانی سەرەتاییی هیچ نەتەوەیەك بە شێوەیەكی گونجاو ڕوون‌و ئاشكرا نەكراوەتەوە.

مێژوو ئەوەی پیشان داوە كە تواناییەكەی لەڕووی دیاریكردن‌و ڕوونكردنەوەی بەسەرهاتەكانی سەردەمە سەرەتاییەكانەوە كەمە، بەتایبەت دوای ئەوەی كە پێویستی بە هەبوونی بەڵگە ... . لەمەش زیاتر، زۆربەی ڕووداوە مێژووییەكان ناتوانن تەواوی ڕاستیەكان ئاشكرا بكەن. بۆ نموونە، ئەوە قبووڵ بكەین كە مێژوونووسێك ڕاستیەكان لەكاتی نووسینەوەی ڕووداوەكاندا دەنووسێ، ئەوە مانای وایە باوەڕمان بەوە هێناوە كە ئەو كەسە هەموو ڕاستیەكانی هێناوەتە سەر زمان. بەڵام هەر مێژوونووسێك لە ڕوانگەی جیاوازو دیدگاو تێگەیشتنی جیاوازەوە سەیری ڕووداوەكان‌و گوزارشتیان لێ دەكات. كەواتە ناتوانین بڵێین گوتەیەك یاخود شیكردنەوەو گوزارشتی مێژوونووسێك یان كەسێك لە ڕووداوەكان، هەموو ڕاستیەكانی تێدایە. پێشكەوتنەكانی تەكنۆلۆجی بوونەتە هۆی دروستبوونی گۆڕانكاری لە تێگەیشتنی سەبارەت بە مێژوودا. ئەمڕۆ ئیدی ئەوەمان لە سایەی تەكنۆلۆجیاوە بۆ دەركەوتووە كە هەندێك لە ڕووداوە مێژووییەكانی وا تائێستا بە ڕاستمان زانیون، درۆن‌و وەها نین.

تەنانەت زۆربەی ئەو شتانەی كە دەربارەی مێژوو دەمانزانی، گۆڕاون‌و زۆربەشیان بوون بە ئەفسانەیەك بۆ داهاتوو. مێژوونووسە گەورەكانی وەك

"کیزۆ[168] تیەر، سانت سیمۆن، فۆستەل"یش وەك ڤۆلانژ ئەوەیان گوتووە کە مێـژوو قـسەی ئـەمو ئـەو و یادەوەریـەکانی کەسـەکانە، باسـی ئەوەشـیان کـردووە کـە پێویـستە هەمیـشە یەکـەم هـۆی ڕووداوەکـان دەربخـرێو ئـەوە بکرێتـە بنـەمای لێکۆڵینـەوەکان. یـانی مێـژوو ڕووداوەکـانی نـاو ژیـانی نەتەوەیـەكو پێوانـەکانی کـەوتنو پێـشکەوتنەکەیو بایەخـەکانی لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتیەکانـداو توخمـە نەتەوەییـەکانیو پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیو تواناکـانی لـە خۆگونجانـدن لەگـەڵ هەلومـەرجی دەوروبـەرداو هۆکارە سەرەکیەکانی ئەمانە ڕوونو ئاشکرا دەکاتو لێیان دەکۆڵێتەوە.

تەنیا بەمجۆرەش دەتوانرێ سوود لـە دەریـای مێـژوو وەربگـیرێ. گومـان لەوەشـدا نییـە کـە زانـست وەك بـراو هـاوڕێی مێـژوو کـەموکوڕیی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. بـۆ نموونـە، ئـارکیۆلۆجی (ئاسەوارناسـی) هێـشتا زۆر بەباشـی پێش نەکەوتووەو وەك منداڵێك وایە.

زۆرجار فەرماندەیەکی خراپ بەپێزانین یان بە هەڵە پوختەیەك لـە زوڵـمو سـتەمەکانی خـۆی وەك بیرەوەرییـەك بـۆ نەتـەوەکانی دەهێڵێتـەوە. بەرهەمـە نووسراوەکانیش لەڕووی زانستییەوە نـەیانتوانیوە تـەواو بنو باسـی هـەموو شتێك بکەن. بەڵام زانست خۆی بۆ خۆی داوای ئەوە دەکات کە هەمووڵایـەکی ڕووداوەکان ڕوون بکرێنەوە.

با بێینە سەر باسی جوغرافیا کە وەك دایکە پیرەکەی مێـژووە، بەداخـەوە ئەویش سەبارەت بە یارمەتیدانی مێژوو کارێکی زۆری ئەنجام نەداوە. مێـژوو هێـشتا لـە منـاڵێکی بێئـەزموون دەچـێ، لەگـەڵ سـەدان سـاڵ داهـاتووی

---

[168] م. ئـەمین بۆزئارسـلان: نـازانین شـێوەی نووسـینی لاتینیـی ئـەو ناوانـە چـین کـە کـەمال فـەوزی نووسـیونی، تـەنیا بـەپێی نووسـینی عوسمانیەکـەی هێناومانەتـەوە کـە ئەمـەش لەگـەڵ نـاوە ئەسڵیەکەی جیاواز دەبێ.

شارستانیدا مەسافە دەگرێ‌و دوور دەكەوێتەوەو ڕووداوە سەرەتاییەكان بە سوودوەرگرتن لە فیداكاری‌و زەحمەتی هەزاران كەسی زانا بۆ نەوەكانی داهاتووی نەتەوەیەك ڕوون دەكاتەوە. بەلاّم لەڕاستیدا ئەو ئەفسانەو چیرۆكانەی كە ئەمڕۆ لەسەر كوانوەكان بۆ خۆشی بۆ یەكتری دەیانگێڕینەوە، هەریەكە لە كۆمەلّێك ڕاستیی سەرەتایی سەبارەت بە ڕووداوە كۆنەكان دەدوێن‌و ئاشكرایان دەكەن.

ئەفسانەكانیش، وەك مێژوو، هەموویان یەك تایبەتمەندی پیشان نادەن؛ وەك چۆن لەلای نەتەوە زمان جیاوازەكان لە باروودۆخی كۆمەلاّیەتی‌و نەریتەكانیاندا هەن، نیشانەكانی لێكچوون‌و هاوشێوەیی لەنێو چیرۆك‌و ئەفسانەكانیشیاندا پەیدا دەبن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە ڕیشەی مرۆڤایەتی یەكە، بەلاّم كۆمەلّگاكان هەریەكە لە لق‌و پەلێكی جیاوازەوە گەورە بوون‌و پێش كەوتوون. بۆیە كاریگەریی ئەفسانەكان لەسەر یەكتری ڕوون‌و ئاشكرایە. حالّی حازر دەتوانین بلّێین ئەفسانەكانی عەرەب كارتێكراوی ئەوانەی عەجەمەكانن، ئەفسانەكانی یۆنانییەكانیش شوێن‌دەستی خۆیان لە ئەدەبیاتی عەرەبەكاندا داناوەو ئەفسانەكانی ڕۆژهەلاّت كاریگەرییان لەسەر ئەوانەی یۆنانییەكان هەبوە. بۆ نموونە، كاراكتەری "تیتان"ـەكان لە ئەفسانەی بۆشینانەكانی یۆنانیەكاندا هەمان كاراكتەری "دێوە حەوت سەرەكان"ـە لە چیرۆك‌و ئەفسانە كوردیەكاندا. دەتوانین زۆر بەئاسانی لافی ئەوە لێ بدەین كە بە حوكمی ئەوەی وا ئەفسانەی "بۆشینان"ـەكان ئەفسانەیەكی ڕۆژهەلاّتییە، بۆشینانەكانی كوردەكان لە هی نەتەوەكانی تر كۆن‌و ڕەسەنترن‌و گومانیش لەوەدا نییە كە هیچ یەكێك لەوانی تر كاریان تێ‌نەكردووە، بەلاّم هەندێك لێكچوون‌و هاوشێوەیی لەنێوانیاندا هەیە. كوردیش لە سەردەمە سەرەتاییەكاندا

**باوەڕی بە هەندێك شت هەبوە. هەڵبەت ئەویش "کیا"، "ڕیا"، "هیرا"، "ئاپۆلۆن"، "مینرەڤ"و "زیۆس"ی تایبەت بە خۆی هەن[169]. بەڵام شتی گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین ئەمانە لە ئەفسانە کوردیەکان دەربکەین و بیانخەینە بەر دیدەی زانست.**

**وەك هەموو شتێکی دیکە، ئەفسانە شیرینەکانی نەتەوە بێچارەکەمان لەژێر خۆڵەمێشی فەرامۆشیدا شاردراونەتەوە. من لێرەدا ئەو شتانەی کە بیستوومن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی خۆمیان لێ زیاد بکەم، وەك خۆیان بۆ خوێندەوارانیان باس دەکەم. دوور نییە ئەم ئەفسانانە بەپێی کات و شوێنی جیاواز گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێ. تەنانەت دەبێ هەمان ئەو چیرۆکانە لە شوێنێکی دیکەی کوردستاندا بە شێوەیەکی دیکە باس بکرێن. بەڵام مادام ڕیشەکانیان یەك بێ، جیاوازیەکان نابنە کێشە.**

**خوێنەرەکانم با دڵنیا بن لەوەی کە من یەك بەیەکی ئەم چیرۆکانەم لە زمانی شیرینی ئەو پیرەژنە کوردانەوە نووسیوەتەوە کە فێس و تەقلەیان بەسەرەوەیەو زۆر بە ئاووتاوەوە ئەو چیرۆکانە دەگێڕنەوە. من تەنیا کارێك کردوومە ئەوەیە کە بە تورکی نووسیومەتەوە[170]. دەمەوێ لێرەدا بەناوی کوردایەتییەوە سوپاسی و ئەو کەسانە بکەم کە یارمەتیی منیان داوە؛ ئەوانەی کە دژی ئێمەش بوون، ئیددیعای ئەوەیان دەکرد کە کورد ئەفسانەی نییەو ئەفسانە لەدوای هاتنی ئیسلامەوە هاتوەتە نێو کوردان. کوردان دینی ئیسلامیان وەك مەسەلەیکی نەتەوەیی قبووڵ کردووە. کەوابوو چۆن دەبێ لە ئەفسانەکانیاندا زیاتر باسی ناوەڕۆکی دینی بکەن و ڕوو لە مەسەلەی**

---

[169] **ئەسڵی ناوەکان ئەمانەیە:** "Khaos"– "Rheia"– "Hea"– "Hpollon"– "Minerva"– "Zeus"–: **مالمیسانژ.**

[170] **م. ئەمین بۆزئارسلان: مەبەستی تورکیی عوسمانییە، ئێمەش ئەو تورکیەمان کردووە بە تورکیی ئەمڕۆ.**

نەتەوەیی نەکەن! پێویستە زۆر بەوردی بیر لەم قسانە بکرێتەوە. تا ئەو جێگایەی کە توانیومەو ئاگادار بووم، چیرۆکە کوردیەکانم لە لاپەڕە بەنرخەکانی "ژین"دا بڵاو کردوەتەوە، بۆ ئەوەی زانایانی بواری میتۆلۆجی بیاننرخێنن. بەڵام نەمزانی کە نانکۆێرێکی دیاربەکری بێئینسافانە دەکەوێتە گۆڕینی ئەم ئەفسانە جوانە کوردیانە بە ناوێکی ساختەو دروستکراوی وەك "دەدە کورکوت"ـەوە[171]*.

کەمال فەوزی

(ئەو چیرۆکەی کە لە خوارەوە هێناومەتەوە لە ژمارەکانی 22و 23و 24ی گۆڤاری "ژین"دا بەشبەش بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا هەموویمان پێکەوە هێناوەتەوەو تەنیا ژمارەی 1و 2و 3مان لەسەر بەشەکان داناوە. لە بەشی یەکەمدا کە کەمال فەوزی بڵاوی کردوەتەوە، نووسراوە "منداڵی کاکۆڵ زێڕین" بەڵام لە بەشی دووەمو سێیەمدا کوڕی کاکۆڵ زێڕین"ی نووسیوە– مالمیسانژ)

لە ئەفسانەکانی کورد؛

منداڵی کاکوڵ زێڕین

(1)

---

[171] م. ئەمین بۆزئارسلان: مەبەستی کەمال فەوزی لەو نانکوێرە دیاربەکرییەی کە باسی دەکات "زیاگوك ئالپ"ـە کە پێشتر لەرێی کوردایەتییەوە هاتە ناو مەیدانی سیاسەت، دواتر خیانەتی لە نەتەوەکەیو لە کوردایەتی کردو بووە کەسێکی پارێزەری تورکایەتیو تۆرانچێتی.

* سەرچاوە: ژین، بەرگی 5 ، ژمارە 22، ل951–953.

پادشایەکی پیر لە باخچە بە گوڵ ڕازێنراوەکەی ناو کۆشکە جوانەکەی خۆیدا دەهاتو دەچوو. خەفەتبارو نیگەران بوو. بەهۆی دڵەڕاوکەو نیگەرانییەوە بێزار بووبوو، لە سێبەری دارەکانی کەناری حەوزی ئاوێکدا دانیشتو سەری خستە نێوان هەردوو دەستەکانیو بیری دەکردەوە. نیگا قووڵەکانی بەرەو شوێنێکی دوورو کۆشکێکی خەیاڵی ڕۆیشتبوون. لەناکاو لە دەرگایان دا.

دەرگاوانەکە وتی: پادشاکەم دەروێشێکە!

پادشا فەرمانی دا: با بێت.

دەروێشێکی ڕیش‌سپی، قژلوول، ناوشان پانو ملبەرز کە وەك شتێکی خەیالی وابوو، هاتە ژوورەوە، نزیکی پادشا بووەوە. هێشتا پادشا فەرمانی دانیشتنی پێنەدابوو، پرسیارێکی لە پادشا کرد:

– پادشام بۆچی وەها بیر دەکەنەوە؟

پادشا کە لە نیگاکانی دەروێشەکە ترسابوو، وەك ئەوەی بڵێ کاری خودایە، بەمجۆرە باسی هۆی بیرکردنەوەکەی خۆی بۆ پیرەمێردەکە کرد:

– باوکە! خۆت دەیبینی؛ لێرە لەم کۆشکەدا کە بە باشترین شێوە دەپارێزرێو لە ئەڵماس دروست کراوە، موسیقاژەنەکان لە کەناری حەوزەکانیدا هەموو شتێك لێ دەدەنو کچە جوانەکان سەما دەکەنو لە پەرداخی جواندا شەراب دەخورێتەوە. من بیر لەوە دەکەمەوە دوای مەرگی خۆم ئەم باخچە جوانەم چیی بەسەر دێتو چ کەسانێکی لێ دەمێننەوە. تۆ دەزانی چەندەی تر دەمرم؟ کەی دەچمە ناو گۆڕ؟ ئەگەر تا پێش ئەوکاتەی وا دەستی ڕەشی مەرگ دەمگرێ، منداڵێکم هەبوایە ئەم تاجو تەختەی بۆ بمایەتەوە، ئیدی خەفەتم نەدەخوارد. پادشا کاتێ ئەم قسانەی دەکرد، بووژابووەوە. خرۆشانەکەی خۆی بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرا. ئەگەر تۆزێکی تر

هەستی بە نزیکایەتی بکردایە لەگەڵ دەروێشەکەدا، یەکسەر دەگریا.
دەروێشەکە دەستی هێنا بە پشتی پادشادا، وتی: خەمت نەبێ خاوەنشکۆو گەورەم! ساڵی داهاتوو دەبیتە خاوەنی سێ منداڵ. بەڵام دەبێ یەکیان بە من ببەخشی. پادشاکە بە قسەکانی دەروێشەکە دەربارەی داهاتوو خۆشحاڵ بووبوو، یەکسەر سوێندی خواردو وتی:
– باوکە! ئەگەر قسەکەی تۆ ڕاست دەرچوو، با منداڵێکم بە قوربانی تۆ بێ، دەروێشەکە بەبێ ئەوەی دەرگای حەوشەکە بکاتەوە، وەك ئەوەی چووبێ بەناو زەویدا، دیار نەما.

ساڵێك تێنەپەڕی کە پادشا بوو بە خاوەنی سێ منداڵی بچکۆلانە. ئەو منداڵانە ڕۆژ بەڕۆژو مانگ بە مانگ گەورەتر دەبوون. دەروێشەکە دوای یەك ساڵ گەڕایەوە. پادشا پێی گوت: خۆ نابێ مناڵی شیرەخۆرە لە دایکی جیا بکرێتەوە، داوای لە دەروێشەکە کرد دوو ساڵی تر مۆڵەتی پێبداتو دواتر بێتەوە.

مناڵەکان بووبوون بە چوار ساڵان. دەروێش دووبارە هاتەوە بەر دەرگای کۆشکەکە. داوای ئەو مناڵەی دەکرد کە پادشا بەڵێنی دابوو پێی بدات. پادشاش تووشی بەزەییو سۆزی باوکانە بووبوو، نەیدەتوانی مناڵەکەی بداتێ، بۆیە بیانووی بۆ دەهێنایەوەو داوای ماوەیەکی تری مۆڵەتی لە دەروێش دەکرد. بەڵام دەروێش پێداگریی لەسەر داخوازیەکەی خۆی دەکردو بەبێ ئۆقرە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد پادشا مناڵەکەی بداتێ. دواجار بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ بە دڵی شکاوەوە دوور کەوتەوەو ڕۆیشت.

بەیانییەکی وەرزی بەهار بوو، خۆر دەرکەوتبوو. مناڵەکان لەبەردەم کۆشکدا لاسایی یاریی جریتو ڕمبازییان دەکردەوە. پیرەمێردێك لە سووچێکەوە وەستابوو، سەیری یاریی مناڵەکانی دەکرد. لەناکاو دەستی

یەکێك لە منداڵەکانی گرتو ون بوو. بەداخەوە! دەروێش منداڵەکەی ڕفاندبوو، ئەو سوارانەی کە بەدوایدا ڕۆیشتبوون، بە نیگەرانییەوە گەڕانەوە. دەروێش بە دارە سیحراویەکەی خۆیەوە لە ساتێکدا چووە ناو ئەشکەوتەکەی خۆی کە زۆر لە کۆشکەکەوە دوور بوو. لە کۆشکیشدا شیوەنو هەراو هۆریایەك دەستی پێکرد. دەروێش شازادەکەی بردە ناو ئەشکەوتەکەی خۆی کە لە شوێنێکی سەختو پڕ لە بەردو داردا بوو، چاوی شازادەکەی بەستبوو.

وتی: ڕۆڵە، بەیانی خۆشکێکت بۆ دەهێنم بۆ ئەوەی یاریی لەگەڵدا بکەیو بێتاقەت نەبێ.

کوڕە دڵکراوەکە بە بزەی سەر لێوەکانیەوە گوێی لە قسەکانی باوکە تازەکەی دەگرت، کە شەو هات، دەروێشەکە لەژێر کۆڵەکەی خۆیدا کچە بچکۆلانەیەکی نیشانی شازادەکە دا، وتی:

– ئەمەش خوشکی تۆیە.

دواتریش دەستی بەسەر هەردوکیاندا هێناو نەوازشی کردن، لەنێو ئەشکەوتەکەدا گەوڕێکی سەیری پیشان دان. ئەسپ گۆشتی لەبەردەمدا بوو، گیاش خرابووە بەردەم سەگ. وتی: هەر ڕۆژە یەکێکتان چاوەڕوانی ئەمانە دەکەنو بە دیاریانەوە دەوەستن. بەیانی زوو چووە دەرێو ڕۆیشت.

دەروێش هەر ڕۆژە خواردنێکی دەدا بە منداڵەکان، ئەو کاتانەی دەروێش دەڕۆیشتو لەوێ نەبوو، کچە بچکۆلانەکە سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ چی هەیە. ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەڵقەیەکی لە کونی دیوارێکدا دۆزییەوە، کلیلێکی شکاوی پێوە بوو. لە کلیلی یەکێك لە دەرگاکانی ژوورەکانی لای گەوڕەکە دەچوو. دەرگاکە کرایەوە. لە هەر گۆشەو سووچێکی ژوورەکەوە ڕووباری ئاڵتوونو زیو دەردەکەوتن. لە ناوەڕاستیشدا زومڕودو یاقووت هەبوو. کچە بچکۆلانەکە دەرگاکەی

داخستو چووه لای براکەی. هەموو ئەو شتانەی بۆ باس کرد کە بینیبوونی. شازادە تووڕە بوو، وتی: ئەگەر باوکە دەروێش ئەمە ببیستێ، چی بکەین؟ ئامان با نەیبستێ، پێی نەڵێین.

ئێوارەیەك كە دەروێش گەڕایەوە، ئاسمانی پڕ لە هەور دەرگای ئەشکەوتەکەی تاریك دەکرد. تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، دواتر ڕوانییە نێوچاوانی کچەکە کە شەرمی دەکرد. بەبێ ئەوەی پرسیاری لێ بکات، لە چاوەکانیەوە تێگەیشت ککچەکە چیی کردووە. گومانی لەوە کرد کە کچەکەی بێکەڵك بێ، خێری بۆی نەبێ. هەر لەبەر ئەوە بڕیاری دا جارێکی دیکە تاقیی بکاتەوە.

دەروێش کە هەموو ڕۆژێ خواردنی بەتامی دەهێنایەوە، ئێوارەیەك سەگێکی هێناو وتی بەیانی ئەمە بخۆن، کاتێ ڕۆیشت، کچەکە گۆشتی سەگەکەی دا بە پشیلە.

دەروێش ئێوارە هاتەوە؛ وتی: گۆشتەکەتان خوارد؟ کچەکە وتی: بەڵێ باوکە گیان من خواردم. دەروێش وتی تۆ کە گۆشتەکەت نەخواردووە، بۆچی بە درۆوە دەڵێی خواردوومە؟ من ئێستا لە گۆشتەکە خۆی دەپرسم، بزانم خواردووتانە یان نا.

– گۆشت! گۆشتەکە لەکوێی؟

– لەنێو ڕیخۆڵەکانی پشیلەکەدام.

منداڵە فەقیرەکان لەم حاڵەتەی دەروێشەکەو قسەکردنی گۆشتەکە زۆر ترسان. دەروێش ئیدی لە فێڵی کچەکە تێگەیشتبوو. دواتر کاتێ شازادە خەوتبوو، کچەکەی گرت بە کۆڵەوەو بردی. شازادە کاتێ لە خەو هەڵسا، خوشکەکەی خۆی نەبینی، لەدڵی خۆیدا وتی: "ئەم دەروێشە زاڵمە دیسان کارێکی خراپی کرد. خوشکەکەمی لێ جیا کردمەوە، کێ دەزانێ ئێستا

لەکویێ کردوویە بە خۆراکی مێروو و پەلەوەرێك". دواتریش تێر تێر گریا. ئەمجا چووە لای ئەسپ و سەگەکان و لە ڕقی دەروێشەکە وەك چۆن هەموو ڕۆژێك وەهای دەکرد، گیاکەی خستە بەردەم ئەسپ و گۆشتەکەشی دا بە سەگەکە.

ئەسپێکی قەڵەو کە لەم کردەوەیەی شازادە زۆر ڕازی بووبوو، ڕۆژی دوایی کاتێ شازادە هاتەوە، بانگی کردو وتی:

– ئەی شازادەی جوان! من دەتوانم لە دەستی ئەم دەروێشە خاینە نەجاتت بدەم. ئەو کلیلانەی وا لە گۆشەی دیوارەکەدا هەڵواسراون، وەریان بگرە، ئەو دەرگایەی وا ئێستا دەیبینی، دەرگای کۆشکە دەرگا شکاوەکەیە، بیکەوەو بچۆرە ناوەوە. کاکۆڵەکانت لەو کانیە ئاڵتوونەی کە لە گۆشەی ژوورەکەوە دەردەکەوێ، بشۆ. لە ژووری دووەمیشدا قاڵبێك سابوون و لەوی تریان شانەیەکی ئاسن وەربگرە. لە چوارەمین ژووریشدا لە کانیە شینەکە تەشتێك ئاو پڕبکە. لە کلکەکەی منیش دوو تاڵی درێژ دەربکە. زینەکەم لێ بکەو یەکسەر بەڕێ بکەوە. ئەگەر دەروێشەکە دوامان کەوت، یەکەمجار سابوونەکە، دواتریش شانەکە فڕێ بدە. دوای ئەوە تەشتە ئاوەکە بەتوندی بکوتە بەسەر عەرزدا. دوای جیابوونەوەشمان لەیەکتری، کاتێ تووشی تەنگانەو گرفتێك بووی، دوو تاڵەکەی کلکی من لەیەك بدە، یەکسەر دێمە لات.

شازادەی گەنج هەموو ئەو شتانەی ئەنجام دا کە ئەسپەکە پێی گوتبوو. لەنێو دارستانێکی چڕو گەورەوە تێپەڕ بوون. لەسەر تاشەبەردو دۆڵەکانەوە دەرباز بوون و گەیشتنە دەشتێکی گەورە.

دەروێشەکە لەدوایانەوە دەینەڕاندو دەهات، وەك برووسکە زوو دەگەیشت. مەودایەکی کەم لەنێوانیاندا مابووەوە. مناڵەکە سابوونەکەی فڕێ دا. ئەوناوە هەمووی بوو بە سەهۆڵ و بەستی. شازادەی گەنج لە پیرەمێردەکە

دوور کەوتــەوە. ئــەمجارەش لەدوایانــەوە نەڕەنــەڕی دەروێــشەکە دەنگــی دەدایەوە، دەروێش خۆی لەو سەهۆڵە ڕزگار کردبوو، دەهات. تۆزێکی مابوو بیـانگرێ، شـازادە شـانە ئاسـنینەکەی فـڕێ داو درك‌ودالێکـی زۆر لـەنێوان ئەوان‌و دەروێشەکەدا دەرکەوت. دوای ماوەیەك کە شازادە دوور کەوتبووەوە، دەروێش خۆی ڕزگار کردبوو. دووبارە دەهـات‌و کـۆڵی نـەدەدا. مەسافەیەکی کەمی مابوو بگاتە شازادە، کە شازادە تەشتە ئاوەکەی کوتا بە عـەرزدا. زەوی بوو بە دوو لەت‌و دەروێش کەوتە بن دۆڵەکە. ئیدی نـەیتوانی بـێ بەدوایـداو بە دڵشکاوی گەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکەی خۆی.

شازادەی گەنج لەگەڵ ئەسپەکەیدا ڕزگاریان بووبوو، گەیشتنە دەشتێکی سەرسەوز، چاوەکانی ئەسپە خۆشەویستەکەی ماچ کردو خواحافیزیی لـێ کرد، لە تەنیشت بێستانێکدا تۆزێك دانیشت‌و پشوویەکی دا. دواتر هەڵساو لـەو دەوروبـەرە پێـستێکی دۆزییـەوەو دای بـە سـەریدا، بـۆ ئـەوەی کاکۆڵـە زێڕینـەکانی دیـار نـەبن. داوای لـە کـابرای خـاوەنی بۆیـسانەکە کـرد بـە خزمەتکار قبووڵی بکات‌و وەری بگرێ. جووتیارەکە وەری گرت. لەوەوبەدوا بەرەکەتی زۆر کەوتە نێو زەویەکەی. کاتـێ ئەمەشـی بینـی، زۆر بـەخیلیی بە شازادە بردو زۆر ئەزیەتی دەدا.

شازادە زۆر لەمە ناڕەحەت بوو. دووتاڵی کلکی ئەسپەکەی لەیەك داو دوای ئەوەی ئەسپەکەی هات، داوای جلێك‌و تاجێکی ئاڵتوونی لێ کرد. دوای ئــەوەی ئەســپەکەی هێنــای، ســواری ئەســپەکە بــوو، هــەموو کیڵگەکــەو بەرهەمەکەی لە داخی جووتیارەکە تێك داو ڕۆیشتە سەر تەپۆڵکەیەك. دواتر چووە سەر دارێك‌و کاکۆڵە زێڕینەکانی دایە بەر با. پادشای ئێرانیش ئەو ڕۆژە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا هـاتبوو بـۆ نێـچیر. کـچە بـچکۆلەکەی پادشـا وەك ئەوەی خۆرێکی دیکە بەسەر دارێکەوە بێ، چاوی بـە شـتێك کـەوت بریقـەی

دەدایـەوە. چـاوی لێـی هەڵنـەدەگرتو پیـشانی دوو خوشـکەکەی خـۆی دا. دەیگـوت ئـەوەی لەسـەر دارەکـە دانیـشتووە، کاکۆڵـەکانی ئاڵتوونـە. بـەڵام خوشکەکانی بڕوایان پێ نەدەکرد.

ئەوان دەیانگوت لـەوە دەچـێ شتێك بـێ هـی دارو پەلـەکانی خۆیـان بـێ، ئاوها بریقە دەداتـەوە. لەگـەڵ خوشـکە بچووکەکەیاندا ڕێك نەکـەوتن. لـەنێو خۆیانـدا مـەرجێکیان کـردو مەسـەلەکەیان بـۆ باوکیـان گێڕایـەوە. پادشـا تێگەیشت ئیدی کاتی بەشوودانی کچەکانی هاتووە، وتی: ((کچەکانم زۆر بە ڕاشکاوی داوای شوو دەکەن)).

ئێوارە کابرای جووتیاریش گەڕایەوە بۆ کەپرەکەی خۆی، وتی:

– شاگردی هەژار (شازادە) کێ وای لەم بێستانە کردووە؟

– نازانم. سوارێك هاتو لەنێو بۆیسانەکەدا ڕمبازیی دەکرد. هەرچی گوتم وا مەکە، گوێی پێنەدام. منیش چاریم نەدەکرد تا ڕێی پێبگرم.

(3)

پێنج تا دە ڕۆژێکی بەسەردا تێپـەڕی، پادشا پردێکـی زێڕینـی دروست کـرد. سـێ دانـەی ئەڵماسیـشی دایـە دەسـتی کـچەکانی. فـەرمانی دا هـەموو کەسێك بەسەر پردەکەدا تیێپەڕێ، بە کچەکانیشی وت حـەزتان لـە کـێ کرد، ئەڵماسـەکەی تـێبگرن. کـچە گـەورەکان دانـە ئەڵماسـەکانیان بـۆ دوو شـازادە فڕێ دا، بەڵام کچی بچووك دانە ئەڵماسەکەی فڕێ نـەدا. ئیـدی کـەس نـەمابوو بەسەر پردەکەدا تێپەڕێ.

دەڵاڵەکان بەدوای کەسی تردا دەگەڕان، بێتو بەسەر پردەکەدا تێپەڕێ. کوڕێکی گەنجیان دۆزییەوە، دەستیان گرتو هێنایـان. کـچە بچووکەکە دانـە ئەڵماسەکەی بۆ فڕێ دا.

پادشا پێکەنی و وتی:

– ئەم شوانەت بەدڵە؟! لە کچەکەی دڵگران بوو. ڕێگای نەدا ئەو زاوا تازەیەی بێتە کۆشکەوەو لەگەڵ کچەکەیدا خستنیە ناو شوێنێکی تاریك. بەڵام کاتێ کچەکە هاتە ناو شوێنەکە، ئەوناوە هەموو پرشنگدارو ڕازێنراو بوو. چاوی بە قاڵیی ئاوریشمین کەوت. هەردوو شازادە وەك دوو خۆشەویستی هەمیشەیی باوەشیان بە یەکتردا دەکردو یەکتریان ڕادەمووسی و پێکەوە لاقەیان دەکردو جووت دەبوون. تەنیا جارێکیش کەس لەوانی نەدەپرسی.

*   *   *

پادشا کەوتبوە جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانیدا لەسەر سنوور. سوارەکان بەرەو مەیدانی جەنگ دەڕۆیشتن. زاوای بچووك دوو تاڵی کلکی ئەسپەکەی لەیەك دا. ئەسپە جوان و خۆشەویستەکەی هات. شازادەی گەنج شمشێرە تیژەکەی هەڵگرت کە ئەسپەکە بۆی هێنابوو. چاوەکانی ماچ کردو زینی کردو یەکسەر بەرەو مەیدانی جەنگ ڕۆیشت. بە هەر وەشاندنێکی شمشێرەکەی، چەندین کەسی دەخستە سەر زەوی. دوژمن شکستێکی چاوەڕواننەکراوی هێنا و نەیتوانی لەبەردەم سەربازەکانی پادشادا خۆ ڕابگرێ. باڵی پادشا خوێنی لێوە دەهات، زاوای بچووك بەستی. پادشا کاتێ گەڕایەوە، سەیری کرد برینەکەی چاك بووەتەوە، سەری سوڕما. تێنەدەگەیشت چی ڕووی داوە.

ماوەیەکی پێچوو، پادشا تووشی دەردێکی بێدەرمان بووبوو، پزیشکەکان دەیانگوت:

– ئەم بێکەیفی و نەخۆشییەی پادشا تەنیا بە شیری شێر چارەسەر دەبێ.

– زاواکانی کۆشك سواری ئەسپ بوون و بەدوای شیری شێردا بەڕێکەوتن، لە شوێنێکدا ڕاوەستان. لەولاوە سوارێك هات و وتی بۆ کوێ دەڕۆن؟

وتیان:

– پادشای باوکمان نەخۆشەو شیری شێری بۆ پەیدا دەکەین.

ئەویش وتی:

– ئێوە بۆ خۆتان دانیشنو ڕابواردنی خۆتان بکەن، من دەیهێنمو پێتانی دەدەم. ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنێکی پڕ لە تاشەبەردو دۆڵی گەورە. پیرەمێردێکی ڕیشسپی پێی لەسەر تاقە بەردێکی ناو دۆڵێکی گەورە دانابوو، بانگی کردو وتی:

– کوڕی گەنج بۆ کوێ دەچی؟ لێرەدا مەل نافڕێو کاروان نامێنێتەوە. ئەگەر بە هەڵە هاتووی بگەڕێرەوە. ئەگەریش دەتەوێ لەو دۆڵەدا بخنکێی، وەرە لەبەردەم منەوە بڕۆ.

– شازادەی گەنج نەترسانە خۆی نزیکی پیرەمێردەکە کردەوەو باسی دەردەکەی خۆی بۆ کرد:

وتی: باوکە! بەدوای شیری شێردا دەگەڕێم.

پیرەمێردەکە کە سەیری جوانی چاوەکانو دڵپاکیی شازادەکەی کرد، وتی:

– ڕۆڵە! زۆر کەس لەم ڕێگایەدا گیانی خۆیان داوە. چەندین قارەمان لەناو چوون. بەزەییم پێتدا دێتەوە. باش خۆت بپارێزەو گوێ لە قسەکانیشم بگرە. شێر لەو دۆڵەی بەرامبەردایە. دومەڵێك لەسەر پێی ڕاستیدایە، ئەویش بە نەڕەنەڕ دەیلێسێتەوە، نیشانی لێ بگرەو لە دومەڵەکەی بدە. هەرچی برینەکەی قووڵتر بێ، نەڕەنەڕەکەی زیاتر دەبێ. بەڵام نابێ گوێی لێ بگری. ئەگەر بانگی کردی، نابێ بچی بۆ لای. دەبێ چاوەڕوان بی. دوای ئەوەی هەوی دومەڵەکەی نەما، تۆزێك پشوو دەداتو دەڵێ: ((ئەوی لە منی داوە، بابێت بزانم چیی دەوێ)). ئەوکاتە تۆش هەڕا دەکەیو دەچیتە لایو داوای شیری لێ دەکەی.

شازادەی گەنج هەموو ئەو شتانەی کرد کە پیرەکە پێی گوت. شێرەکە کەفی سپی لە دەمی دەرهاتو وتی:

– ئەی ئەو جوانمێرە خۆشبەختەی کە منت پێکاوە، پێویستە داخوازیەکەت جێبەجێ بکەم. لەو دۆڵەی بەرامبەر دوو بەچکەی منی لێیە، بچۆ بیانبە؛ لە شوێنێکی دوور کە من گوێم لە دەنگیان نەبێ، کەوڵیان بگرەو بیانگروو، پیستەکانیان بێنە. هەوی دۆمەڵەکەی قاچم بکەرە ناو یەکێکیانو ئەوی تریشیان بدە بەر شیری ئەو مەمکانەم کە تائێستا دەستی مرۆڤیان بەر نەکەوتووە، شیرەکەم بدۆشەو دواتر بەرەو شوێنێك برۆ کە چاوم نەتبینێ.

شازادەی گەنج ئەو شتانەی جێبەجێ کردو بەرێ کەوت. لە رێگا چاوی بە پیرەمێردەکە کەوت. پیرەمێردەکە خۆشحاڵ بوو بەوەی کە شازادەی گەنج توانیویە ئەو کارە مەحاڵە ئەنجام بداتو وتی:

– کورم، من دەتوانم مۆرێکت بە خەڵات پێبدەم. لێرە دەرۆی، لەودیو چیاکانەوە هەندێك کەس کە ئێستا یاری بە مێرووله دەکەن، چاوەروانن بۆ ئەوەی تۆ بچیو شیری شێرەکەت لێ بسێننو ئەو کارە کە ئەوان نەیانکردووە، بەناوی خۆیانەوە تەواوی بکەن. لەنێو پێستی بەچکە شێرەکاندا ئەوەیان پێبدە کە هەوی قاچی شێرەکەی تێدایە. ئەوی تریشیان بەدەستی راست بگرەو مەیانەدەرێ. بەڵام لەبیرت نەچێ ئەگەر مۆرەکە لە دەستی ئەوان نەدەی، ناتوانی ئەو کارە بکەی. باش بیر بکەرەوە.

شازادەی گەنج هەوەکەی دایە ئەوانو کاتێ خواحافیزییان کرد مۆری لە دەستیان داو خۆیشی هاتەوە بۆ لای خۆشەویستەکەی. هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە کە زاواکانی پادشا شیری شێریان هێناوە. زاوا خۆشەویستەکانی پادشا خۆیان شیرین کرد، وەك بڵێی خۆیان شیرەکەیان هێناوە، پێستەکەیان

دایە پادشا. دکتۆرەکان وتیان ئەوەی کە ئەمانە هێناویانە شیری شێر نییە، ئەگەر پادشا بیخوات نەخۆشتر دەبێ.

کچی بچووکی پادشا ئەمەی بیستو چوو شیری شێرەکەی هێنا کە مێردەکەی هێنابووی. دکتۆرەکان وتیان ئەمە شیری شێرە. پادشا خواردیەوەو یەکسەر چاك بوو، نەخۆشیەکەی نەما.

زاواکانی خۆیان فش کردەوەو وتیان ئەوەش هەر ئێمە هێناومانە. بەڵام کچە بچووکەکە دڵی ڕەحەت نەبوو، وتی: نا، باوکە گیان ئەمە ئەو زاوایە هێناویەتی کە تۆ حەزت لە چارەی نەکرد، بەڵام من خۆشم ویست، ئەو بۆ خۆی هەوەکەشی داوە بە زاوایان کە زۆر پەسندیان کەی. ئەگەر بڕواناکەی بانگی کەو پرسیاری لێ بکە.

کاتێ شازادەی بچووك هاتە ژوورەوە، ڕەنگی زاواکانی تر زەرد هەڵگەڕا. بەبێ ئەوەی ڕێ بە پرسیاری پادشا بدات وتی:
خاوەنشکۆو گەورەم! ئەو قارەمانە کێ بوو لەو ڕۆژەدا وا سەرکەوتنت بەدەست هێنابوو بە دەستەسڕێك برینەکەتی بەست؟ دواتریش دیار نەما. ئەگەر ئەو جوانمێرە نەهاتبایە شکستت دەهێناو هەموولایەك وێران دەکرا. ئەوە منمو شیری شێرەکەش هەر خۆم هێناومە. ئەگەر بڕواناکەی سەیری دەستی زاواکانت بکە، شوێنی ئەم مۆرە سەیرەی پێوەیە کە بەداخی لەسەر دەستی خۆم دامناوە.

پادشا لە ڕاستیەکان تێگەیشتو لە کردەوەکانی خۆی پەشیمان بووەوە. زاواکانی تر وەك کوێلە داوای لێبوردنیان کردو ملیان کەچ بوو، سەیری زەوییان کردو بیریان کردەوە.

کاتێ شازادەی گەنج بەتەمابوو ژوورەکە بەجێبێڵێ، پادشا بانگی کردو وتی:

– وەرە ڕۆڵە! تۆ شایستەی ئەم تاجو تەختەی. تۆ ببە زیوەری وڵاتو منیش دەبمە وەزیر.

زاوای بچووك بە جەژنو خۆشییەوە برایە سەر تەختەکە. کچە بچووکەکەش بووە سوڵتانی کۆشك. شاو سوڵتانی گەنج بەخۆشی تەمەنێکی درێژیان بەسەر بردو ئامانجەکانی خۆیان بەدی هێنا.

(کۆتایی)*

**کەمال فەوزی**

**دەردی بێکۆتایی**

باسی کام ئازاری برینەکانی کۆچبەریو کام لاپەڕەی ماتەمەکانم بکەم! هێشتا هیچ کەسێك نییە لە حەسرەتەکانی کوردو هاوارو ناڵەکانی نیشتمانەکەم تێبگا! دوا ڕۆژە گەرمەکانی ئەم مانگی تەمووزە دەمخاتەوە یادی ئەو هاوشاریانەم کە لە ئورفەو مووسڵو ماردینو دیاربەکرو ئەدەنەو قۆنیە لە تینوێتیدا بەجێهێڵراون. ئەوانە کە حاڵی حازر وەك مردوویەکی گیاندارن، ماوەی پێنج ساڵ لەمەوبەر بەرەو ئەو شوێنە بێیارمەتیانە کۆچیان کردو ئێستاش دڵنیام لەوەی کە هەریەکە لە شوێنێکدا کە لە مەزار دەچێ، تووشی نەخۆشیی فەرامۆشکردن بوون. من ئێستاش لەبەر ئەوەی کە بە چل قەڵەمی خۆمەوە نەمتوانیوە گۆشەیەك لە ئازارەکانی ئەمانە بگەیەنمە کەسانی تر (کە هەستیان نییەو گوێیان کەڕە) دەمەوێ تۆزێکی دیکە بگریم.

هەر لەم مانگانەدا بوو. هەر لەم مانگانەدا کە بە گەرمایییە تووڕەکەی خۆیانەوە نەگبەتیو نەدارییەکەی زستانیان دادەپۆشی، جەماوەرێکی زۆر لە

---

* سەرچاوە: ژین، بەرگی 5، ژمارە 22، ل953–954؛ ژمارە 23، ل972–975؛ ژمارە 24، ل1002–1005.

منداڵو پیر، ژن‌و پیاو لە شاری ئورفە لەبەر قەسابخانەکەدا کۆبوبوونەوەو پاڵیان بەیەکەوە دەناو قیڕەو هاواریان دەکرد، ئەمە جەماوەری کۆچ‌و نەداری‌و نەگبەتی بوو. ژەندرمەکانی خەڵکی سونگول گەمارۆی ئەو دەورەیان دابوو، پۆلیس لەوێ بوو. ئەم جەماوەرە کێ بوون؟

ئەمانە ئەو بنەماڵە ڕەسەنە کوردانە بوون کە کاتی خۆی لە پێدەشتە سەوزو دەوڵەمەندەکاندا مەڕوماڵاتیان بەخێو دەکرد، دەڵێی هەر لە ئەزەلەوە ماتەمیان بەش دراوەو خەمبار خەمبار ڕاوەستاون!

ئەمانە ئەو بووکە بێکەس‌و بێبراو بێمێردو هەتیوانە بوون کە مێردە قارەمانەکانی خۆیان ناردوەتە مەیدانەکانی جەنگ‌و ڕێگاکانی شەهیدبوون‌و دوای ئەوەش بەزۆرو لەبەر خاتری پارووییەك نان ڕاکێشراونە سەر سینگی هەندێك بێناموس‌و بێشەرەفی هاودینی خۆیان!

ئەمانە ئەو دایك‌و باوکانە بوون کە لەبەر خاتری خەلافەت، بە نەوازشکردن‌و دەست بەسەرداهێنان، منداڵەکانی خۆیان داوە بە کوشت‌و جگەریان سووتاوەو سەرو ڕیشیان سپی بووە! ئەمانە ئەو منداڵە قاچ‌و قول ڕووتە هەتیوانە بوون کە لە ڕێگاکانی سەر سنووردا دوژمن باوك‌و براو خۆشەویستەکانیی کوشتووەو ڕێگا بەفراوییەکانیش دایکەکانیانی لێ وەرگرتوون!

پۆلیس، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەمانە، بەردەوام بە شەلاق لێی دەدان‌و ژەندرمەش سونگیەکانیی بۆ ترساندنیان بەکار دەهێنا، مومکینە؟! ئەو کۆمەڵە بۆ ساتێك بڵاوەیان لێ دەکرد، بەڵام تۆزێکی پێدەچوو دووبارە یەکیان دەگرتەوەو کۆدەبوونەوە. ئەوانەی بەزۆر گیانی خۆیان ڕزگار دەکرد، بە قاپێکی خۆڵینەوە خۆیان دەکرد بەناو ئەم جەماعەتەدا. ئەوەی کە بەشی خۆی وەردەگرت، هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی دەدا.

ئەمانە بۆ کڕینی خوێنی گەرمی ئەو مەڕو ماڵاتەی کە تازە سەر بڕابوون، ئاوها پاڵیان بەیەکەوە دەناو قیڕەو هاواریان دەکرد. بێچارە ئەوانەی کە بەدەستی خاڵی دەگەڕانەوە! قاپێك خوێن بە 25 قوروشی ئاقچەی زیوین دەفرۆشرا. ئەی ئەوانەی پارەیان نەبوایە، چییان بکردایە؟ مەترسیی مەرگ چارەیەکی بۆ ئەوانەش دەدۆزییەوە: لە کۆڵانەکاندا پارچەی ئێسقانە فڕێدراوەکان نەدەمانەوە. منداڵە بچووکەکان کە لەسەر سووچەکاندا بە قنچکە کردن لە دەوری یەکتر کۆبووبوونەوە، ئێسقانەکانیان وردو خاش دەکردو دەیانخوارد.

بەڵێ ئەمە لە ڕۆژێکی گەرمی وەك ئەمڕۆدا لە ئورفە ڕووی دا. لە شوێنە دوورەدەستو بێدەنگەکانی شاردا، کەسانێك هەبوون لەبەر سێبەری دارە ڕووتەکاندا لەبرساندا گیانیان دەدا. ئەمانە زۆربەیان هەتیوەکانو بێوەژنو بێکەسەکان بوون. هیچ کەسێکی غەریب نەیدەویست بێتە ئەم شوێنانەو پێیاندا بگەڕێ. لەم شوێنەوە ناڵەو هاوار لەدژی مرۆڤایەتیی ستەمکار بەرز دەبووەوە.

بەیانی فەرمانبەرەکانی شارەوانی بۆ دۆزینەوەی لاشەو تەرمی مردووەکان بەڕێ دەکەوتنو لاشەی دەیان مردوویان لەو جۆرە شوێنانەدا دەبینیو دەگەڕانەوە. ئەمڕۆ دەڕۆیشتن بۆ ناشتنی تەرمی ئەو کەسانەی کە دوێنێ بینیبوویانن. بەداخەوە زۆر جاریش تەرمیان نەدەدۆزییەوە. بەلام هەر ڕۆژە ژمارەی ئەو کەسانە کەم دەبووەوە کە دەهاتن لەوێ کۆدەبوونەوەو لەنێو ئەو خۆڵو خاکەدا دەکەوتنە هەوڵو تەقەلای مانەوە. ئەمەش دەبوە هۆی ئەوەی کە فەرمانبەرەکانی شارەوانی بکەونە گومانەوەو بەرەو شوێنی دوورتر بڕۆن بۆ دۆزینەوەی تەرمی مردووەکان.

ئێوارەیەکی غەریبی کە قسەی لەگەڵ مانگەشەودا نەدەکرد، سێبەرەکەی خۆی دەخستە سەر شارەکە. فەرمانبەرەکان ئەو دراوسێ بەمەراقانە بوون کە

ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد. لە چاڵێکی تاریکەوە دەنگێك دەهاتو دووکەڵێکی باریك بە هێواشی بەرز دەبوەوە. کۆمەڵێك مرۆڤیان لە چاڵەکەدا دۆزییەوە، لە دەوری ئاگرێك کۆبوبوونەوە. ئەمانە کۆمەڵێك کەسی بێچارە بوون، لە دەستی برسێتی هەڕایان کردبوو، بەناچاری پارچەیەك گۆشتیان بۆ خواردن لە لاشەی برا، خوشكو کەس‌وکارەکانی خۆیان جیا کردبوەوە.

ڕۆژی دواتر گەمارۆی ئەو بێچارانە دراو نەیانهێشت بجووڵێنەوە. دو ڕۆژ تێپەڕنەبوو، لەکاتێکدا هەموویان چاوەڕوانی مردنیان دەکرد، پێکەوە مردبوون. بەڵێ ئەمە لە ڕۆژێکی گەرمی ساڵی 333 (1917)دا لە ئورفە ڕووی دا. هەندێك تابووتی ڕزیو و کۆنیان بە عەرەبانەیەکەوە دەبرد بۆ قەبرستان. پرسیارم کرد، وتم ئەوە چی بوو؟ وتیان ((دیسان ئەوانن)).

بەڵێ ئەوان: ئەوانەی وا لە بتلیس‌و مووش‌و ئەرزڕۆمەوە کۆچیان کردووەو بەملاو ئەولادا دەچن‌و دێن، ئەمانەیان بەسەردا دێت. ئەو بێکەسانەن کە لە خاکەکانی ئورفەدا بەشوێن دوایی نەهاتن‌و ڕاوەستانی خۆیاندا دەگەڕێن. ئاخ! بەڵێ ئەوانە. ڕۆڵە پەرێشان‌و دەربەدەرەکانی وڵاتێکن کە بێوڵاتێك‌و بێدەرتان ماون‌و لەبرسان گیان دەدەن! ئەوانەن کە دەردە بێکۆتاییەکانیان وەك بیرەوەری بۆ ئێمە بەجێ‌هێشتووە. دەردێك کە قەت کۆتاییشی پێنایەت*.

کەمال فەوزی

---

* سەرچاوە: ژین، بەرگی5، ژمارە 24، ل1015–1016.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (1)

## سێ شیعری سەیید عەبدولقادر

لە 7ی حوزەیرانی 1925دا ڕۆژنامەی "وەقت" سی پارچە شیعری سەیید عەبدولقادر (1851-1925)ی بڵاو کردوەتەوە. بەمجۆرە باسی ئەم شیعرانە لە ڕۆژنامەکەدا کراوە:

((لەکاتی موحاکەمەکردنەکەی سەیید عەبدولقادرو هاوڕێکانیدا، باسی ئەوەمان کردبوو کە لەنێو بەڵگەکانی ناوبراودا کەوا دەست دادگا کەوتبوون؛ سێ پارچە شیعری هەبوون بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان نووسرابوون‌و بەپێی بڕیاری دادگاش شیعرەکان لەبەردەم دادگادا خوێندرانەوە. دوێنێ پەیامنێرەکەمان لە دیاربەکر نامەیەکی بۆ ناردووین. ئەم سێ شیعرەشی تێدایە، بە ڕێزو دوای ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕێنووسیەکانی، بڕیارمان دا بڵاویان بکەینەوە.))

من ئەم شیعرانەم بە خاڵبەندییەوە داناوەتەوە. ئەم شیعرانە وەك بەڵگەی مێژوویی قیمەتیان هەیە، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێم: لە هەمان ڕۆژنامەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەسڵی شیعرەکان بە کوردییەو لە دادگا وەریانگێڕاونەتە سەر زمانی تورکی. تێکچوونی زمانە شیعرییەکەی ئەم شیعرانەش خۆی لەخۆیدا پێسەلمێنی ئەو ڕاستیەیە. لەبەرئەوەی دەقی شیعرەکانمان لەبەر دەستدا نییە، ناتوانین بزانین ئایا ئەوەی بە تورکی نووسراوە (وەرگێڕدراوە) دەقاودەق واتای شیعرەکانی سەیید عەبدولقادر دەدات یان نا. بەڵام وەك دەبینرێ لە دوا شیعردا سووکایەتی بە تورکەکان کراوە[172].

(1)

[172] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم شیعرانە، بڕوانە: مالمیسانژ، سێ شیعری سەیید عەبدولقادر، کوردستان پرێس، ستۆکهۆڵم، ژمارە 90، 1991، ل6، 15.

**کەسانی وەك واسف[173] لە ساڵەکانی 1924و 1929دا وەزیری مەعاریف (پەروەردە)ی کۆماری تورکیا بووە. ناوبراو ئەندامێکی بنەماڵەی ناوداری بەدرخانیەکان بووە. مستەفا کەمال ئەتاتورك پاشناوی چناری پێداوە. بەگوێرەی نووسینەکانی مووسا عەنتەر، مستەفا کەمال بە (واسف)ی گوتووە ((بنەماڵەکەی ئێوە وەك داری چنار پەلوپۆی زۆرە، لەبەر ئەوە منیش پاشناوەکەت و هەموو بنەماڵەکەت لە بەدرخانییەوە دەگۆڕم بۆ چنار.)) (مووسا عەنتەر، بیرەوەریەکانم، بڵاوکراوەکانی دۆز، ئەستەنبووڵ، 1990، ل80)**

**واسف چنار، دوای ئەوەی خیانەتی کردو کەوتە خزمەتی کەمالیستەکان، لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە بەپێی بڕیارێك لەعنەتی لێ کراو لە ئەندامێتیی بنەماڵەکەیان دەرکراو حاشایان لێ کرد [محەمەد ئوزون پێی وتم: دەقی ئەو بڕیارە کە بنەماڵەی بەدرخانیەکان سەبارەت بە واسف چنار داویانە، لەلای ئەوە]. واسف، نەجائەتی[174]ی کردە هاوڕێی خۆی؛**

---

[173] **واسف چنار** (1935– ؟).

[174] **مستەفا نەجائەتی "ئوغرال"** (1892–1929)**: لە ئیزمیر لەدایك بووەو دوای ساڵی** 1919 **لە شەڕەکانی نێوان تورك و یۆنانیەکاندا گرووپی "چەتە نەتەوەییەکان"ی گرتە لای خۆی و لەدژی یۆنانیەکان شەڕی کرد. لەگەڵ واسف چناردا لە ئیزمیر ڕۆژنامەی "بەرەو ئیزمیر"یان دەرکرد. لە پەرلەمانی تورکیادا نوێنەری (ساروخان) بوو. ساڵی** 1920 **بوو بە لێکۆڵەرەوەی تایبەت لەسەر ڕێکخراوی** Pontus**ی ڕۆمەکان و لە مەحکەمەی ئیستیقلالی سامسون ئەرکی پێدرا. دواتر بوو بە سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیقلال لە دەوروبەری قەستەمۆنوو. لە پەرلەمانی دوەمدا بوو بە نوێنەری ئیزمیرو جار بەجاریش بووە بە وەزیر (نازر)ی ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێکردن و داد (عەدلییە)و مەعاریف (پەروەردە). مستەفا نەجائەتی، لەدوای ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران، ماوەی یەك هەفتە داواکاری گشتی بووە لە مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق. (ئەم زانیاریانەی تایبەت بە مستەفا نەجائەتی لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە: ئەنسکلۆپیدیای تورك، بەرگی** 25**، چاپخانەی پەروەردەی نەتەوەیی، ئەنقەرە،** 1977**، ل**167)

دواتریش شەڕی لەدژی دینی مستەفا ڕاگەیاند، نەجائەتیی گاوری خەڵکی ئیزمیری کردە وەزیری (نازر) عەدلییە. لەباتی ئەحکامی ئیلاهی، هەندێك حوکمی وەك تاعوونی دانا، یەزیدی کوڕی یەزید، واسفیشی کردە وەزیری مەعاریف. ئەو نەفرەتلێکراوە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی قوتابخانە دینیەکانی دەرکرد. لەباتی فەرمانەکانی خودا، شتی دیکەی بە ڕەوا دانا.

سەد هەزاران جار لەعنەتی لێ بێ، یا ربّ العالمین!
سیسرکەکان پەلاماری خودای تاك‌و دینیان دا
ئەگەر تۆ بڕوات بە ئەحکامی دینی مستەفا هەیە
بەرەو لای ئەحمەدی موختارو خودا وەرە؛
هیممەتێك بکە بۆ ئەوەی بێیتە سەر ڕێگای ڕاست.
ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکەی،
پێغەمبەری خوا لێتان ڕازی دەبێ.
ئەو ئامۆژگارییە دینیانە کە پێویستن من بیانکەم، ئەمانەن
هیوادارم ئێوەش بە هیممەت‌و غیرەتی
باووباپیرانتانەوە ئەمانە جێبەجێ بکەن
ئەو کەسەی بۆ پاراستنی مافی دین تێنەکۆشێ
ئەو خوێنەی لە دڵ‌و ویژدانیدایە خوێنی خۆی نییە.
ئەو ئیمانەی کە لە دڵتدایە لە باوکەوە بۆت نەماوەتەوە.
ئەو کاتەش بۆ موسڵمانەکان دەگرین
بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە
لەڕێگای هەندێ سیسرکەوە
هێرشیان کردە سەر دین بۆ ئەوەی ئەتکی بکەن

**وەك كافرەكان ئەحكامە دینیەكانیان لە دادو عەدالەت دەركرد**
**لەباتی حوكمی دینیش یاسای موشریكەكانیان دانا.**
**سەرەنجام قوتابخانە دینیەكانیشیان هەڵوەشاندەوە**
**لەباتی زانستی شەریعەت، زانستی ڕۆژئاوایان دانا.**
**بە بڕیاری هەموویان ئەحكامە دینیەكان هەڵوەشێنرانەوە**
**هەموو سیسركو موشریكەكان پێكەوە بوونە دوژمنی دین**
**عەرشی ڕەحمان لەبەر ئەم بارودۆخە كەوتە لەرزە.**
**بەسە ئیتر ئەی ئوممەتی موسڵمان لە خەوی تاریكی نەزانی ڕاپەڕن!**
**پێویستە موسڵمانەكان ناوێك لەسەر ئەم كەسە بەدمایانە دابنێن!**
**یا ربّ العالمین خۆت دینی ئەحمەد بپارێزی**
**لەم سیسركو دوژمنانی دینە.**
**خودای ربّ العالمین خۆی ئەمەی بەدڵە**
**ئەمەش ئەو قسەیەیە كە من بۆ هەموو موسڵمانانی دەڵێم.**
**چەند ئامۆژگارییەكی ئیمانداراەكانم كرد**
**بزانە ئەم سیسركانە شكستیان هێناوە.**
**چونكە خودای قەهار بۆ خۆی بەدوای ئەم مەسەلەیەدا دەچێ**
**لاجرم موجرا (؟) خودا تاوانباران سزا دەدات.**
**ئەی میللەتی موسڵمان زنجیرەی ئەسارەت بپچڕێنە!**
**میللەتەكەی خۆت لەم تاریكاییە ڕزگار بكە.**
**بەو دەوڵەمەندییەی كە سەدان ساڵە لە پێشینەكانتەوە بۆت ماوەتەوە**
**ئالأی شەرەف لە خاكی پڕ لە تاریكاییدا بەرز بكەرەوە.**
**هیچ ڕەحم نەكەی بەو سەرۆكە گەورەیان**
**چونكە لە هیچ شتێك نازانێ و كەسێكی بێدینە،**

**هەر کارێکی کە دەیکەی بۆ خودا بیکە**
**ئەگەر گیان بۆ گیان ئافەرێن‌و خودای خۆت بدەی، بەفیڕۆ ناچێ**
**با ئەو دەوڵەتەی کە لەنێوماندایە بیڕووخێنین**
**چونکە هاوڕێکانی (تەکمیلی موئمیم)یان کوشتووە،**
**لە بتخانەکاندا بەڕووتی گەڕان.**
**با هەموو کینەو دوژمنایەتیەکان پێکەوە بمێننەوە،**
**با لە جیهاندا پایەدار بێ یەکگرتوویی دینی محەمەد.**

(2)

**هەمووتان ئەم ڕێگایە بگرنە بەر.**
**با هەموو کورد کۆ ببنەوە!**
**بە چەکەوە ئامادەبن بۆ ڕۆژی دین.**
**دین دەچێ،**
**تا ڕۆژی قیامەت پارێزگاریی لێ بکەن.**
**هەموو ژیانی خۆتان فیدا بکەن.**
**هەموو سەربازەکان لە ئێمە نین،**
**مەلاکان لە ئێمەن.**
**مەبەستمان پاراستنی دینە.**
**بێدینەکان ناناسین.**
**ئێمە ئەو ڕۆژە ئاگادارتان دەکەینەوە،**
**ئەو ڕۆژە کار بۆ ئێمە بکەن.**
**بۆ ئەم دینە هەستنە سەرپێ،**
**بە گیان‌و ماڵ ئامادەی فەرمان بن،**
**گیان‌و ماڵی خۆتان فیدا بکەن.**

با ئێمە چاومان بە فیداکارانی ئەو ڕۆژە بکەوێ.
نیشتمان لە بێدینەکان پاك بکەنەوە.
ئەی سەرباز! وەك باووباپیرانتان هێرش بکەن،
بە هیممەتێکی شێرانەوە کە لە باووباپیرانتانەوە بۆتان ماوەتەوە
هێرش بەرن، هێرش بەرن!

(3)

زانایانی دینیان لەناوبرد،
قوتابخانەکانیان هەڵوەشاندەوە،
وازیان لە خوێندنەوەی قورئان هێنا.
ئێمە چۆن سەبر بکەین؟
ئەم بێدینانە شەرم ناکەن،
بێدینەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.
ئامانجەکانیان شتانی کافرانەیە،
هەموویان بوونەتە کافر.
هەموو تورکەکان بێشەرمن.
ئێمە لە ئەوان جوداین.
هەموو شێرەکان هێرش بەرن!
ئەوان وازیان لە دینەکەمان هێناوە،
وازیان لە فەرموودەی قورئان هێناوە.
تەنانەت بۆڵشەفیکەکانیش بەمجۆرە نین.
وەقفەکانیشیان خراپ کردووە.
شەریعەتیان ڕەت کردوەتەوە.
شکست بەو بێدینانە بهێنن،

چونکە پیاوەکانی خودایان لەسێدارە داوە.
ژنەکانیان ڕووت کردوەتەوە.
کافرن لە دین هەڵگەڕاونەتەوە.
ئەمانە دوژمنی کوردن.
سەربازی تورك لە ئێمە نییە،
لەگەڵ سەربازی دوژمندا بووە بەیەك.
ئەم سەربازە بێشەرمە.
وازیان لە نوێژو ڕۆژوو هێناوە.
زەکاتو ئاخیرەتیان لەبیر چوەتەوە،
موشریکەکان بوونەتە مەبعووسو نوێنەر لە پەرلەمان.
دەی، ڕەوانەی قەبرستانیان بکەن،
تەنیا یەك تورکیش نەهێڵنەوە،
ئەوانە دۆزەخین.
ئێمە لە ئەوان نین.
میللەتیان بەرەو ڕێگای تاریك بردووە،
نابووتیان بکە!
گوللەیان پێوە بنێ!
مەترسە، لەڕێی دیندا بکوژە!
ئەو مەبعووسە ڕەزیلانەش هەر وەهان.
هەمووتان ڕێك بکەون.
ئەگەر لە تۆپو تفەنگ بترسین
ئاگادار بە دۆزەخ لێمانەوە نزیکە!
بە خوێن ساردییەوە هێرشی دوژمنان بکە!

ئەوان دەڵێن؛ ((کوردەکان کەرن))
لەخۆبایی بوون،
هەموو تورکەکان دوژمنی کوردن.
ئەم پیسانە بکوژن
ڕۆژی ڕزگاریی کوردەکانە،
با ئێمە دوژمنی کوردەکان لە خەودا بگرین.
کوردەکان ئاگایان لەم بارودۆخە نییە؟
لە گەورەوە تا بچووکەکانیان هەموویان حەیوانن.
ڕەجەب[175] مەبعووسەکان دەخەڵەتێنێ.
حاشا! ئەوانە مەبعووسی ئێمە نین
ئەی شێرەکانی کورد!
ئەم تورکانە کەرن.
هەمووتان هەستنە سەرپێ.
کوردەکان و ئالی عوسمان
خزمەتکارانی دینن.

**پاشکۆی** (2)

---

[175] ڕەجەب پەکەر (1888–1950): ساڵی 1923 بوو بە نوێنەری پەرلەمان، بەر لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران وەزیری ناوخۆ بوو لە کۆماری تورکیا. سەرنووسەری ڕۆژنامەی "حاکمییەتی میللییە"و سکرتێری فیرقەی جەمهوورییەتی گەل بووە، دواتریش پۆستی وەزیری بەرگریی نەتەوەیی، وەزیری ناوخۆ، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی وەرگرتووەو لە (1946–1974)یشدا سەرۆك وەزیران بووە. ساڵانی 1935–1942 لە زانکۆی ئەستەنبووڵ و ئاکادیمیای حەربدا مێژووی شۆڕشی خوێندووە (ئەنسیکلۆپیدیای تورك، بەرگی 26، چاپخانەی پەروەردەی نەتەوەیی، ئەنقەرە، 1977، ل458).

## بەشێك لە كۆنووسی ئیفادەكانی ناو مەحكەمەی ئیستیقلالی شەرق

ئەم بەشانەی ئیفادەكانی ناو مەحكەمەی ئیستیقلالی شەرق كە لێرەدا هێناومانەتەوە، ڕۆژەكانی 15و 19ی مایسی 1925 لە ڕۆژنامەی "وەقت"دا بڵاو كراونەتەوە. ئەمانە لەلایەن پەیامنێری ڕۆژنامەكەوە "ناشیت هەقی" نێردراون.

### "مەحكەمەی ئیستیقلال دەستی بە موحاكەمەكردنی پیاوەكانی عەبدولقادری كرد"

لە دیاربەكر ئیستیقلال مەحكەمەسی، سەعات دوو لە شوێنی سینەما تازەكە سەیید عەبدولقادر ئەفەندیی ئەندامی پێشووی مەجلیسی (ئەعیان)و سەیید محەمەدی كوڕیی كە لە ئەستەنبووڵەوە هێنابوویانن بۆ دادگا، خستوەتە بەر لێپرسینەوە. لە هەمان دانیشتنی دادگادا نافیز هەولێریی سەرۆكی عەشیرەتی خۆشناوو ئەلحاج كۆر عەبدوڵڵا سەعدی بن سەعیدی پاڵۆیی‌یان لەگەڵ كەمال فەوزیی نووسەری ڕۆژنامەی "ژین"یشدا دادگایی كردووە. لە دواوەی ئەو شوێنەی كە دادوەرەكان لێی دانیشتبوون و وەك كەوانێك وابوو، ئاڵای توركیا هەڵواسرابوو.

لە قاتی سەرەوە ژنان و لە قاتی خوارەوە، یانی لە ساڵۆنەكەدا، سەدان فەرمانبەرو گوێگر دانیشتبوون. سەیید عەبدولقادر ئەفەندیی ئەندامی پێشووی مەجلیسی ئەعیان جلوبەرگی تایبەتی لەبەردا بوو، ئەوانی دیكەش پۆشاكی مەدەنییان لەبەر كردبوو.

داواكار سورەییا بەگ، كە نوێنەری پەرلەمانیش بوو، لە ئیددیعانامە (داوانامە)كەی خۆیدا باسی ئەوەی كرد كە تاوانباران بوونەتە هۆی

دروستبوونی ڕاپەڕین و خەڵکیان بۆ ئەو مەبەستە هان داوە، لەبەرئەوە پێویستە دادگایی بکرێن. داواکار لە درێژەی قسەکانیدا زانیاریی وردیشی سەبارەت بە هۆکانی دیکەی موحاکەمەکردنی تاوانباران هێنایە سەر زمان.

دوای ئەوە، ڕاپۆرتی (سەد لاپەڕەیی)ی لێپرسینەوەی پۆلیسی ئەستەنبووڵیان خوێندەوە کە بەڵگەی جۆراوجۆریشی تێدابوو. لە ڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوە کراوە کە تاوانباران بە چ شێوەیەك لە ئەستەنبووڵ ئامادەکاریی ڕاپەڕینیان کردووەو چۆن و بە چ شێوەیەك بەشدارییان لەو پیلانەدا هەبوە؛ ئەوەش ڕوون کرابووەوە کە چۆن بە هاوکاریی ئینگلیزەکان بەرنامەیان بۆ پارچەکردنی نیشتمانی پیرۆز داڕشتووەو بەڵگەی وایشی تێدا بووە کە تاوانبارانی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیاندا بەدەستەوە داوە.

مەزهەر موفید بەگ یەکەم پرسیاری لە عەبدولقادر کردووە، سەیید عەبدولقادریش لە وەڵامدا وتوویەتی: لەگەڵ سەعیدی کوردیو محەمەد عەلی بەدرخانی و وەسفی (ئەندامی فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف)و زەینەلعابدین و سەبری خۆجەدا ڕێك کەوتوون لەسەر ئەوەی کە میرنشینی کوردستان دابمەزرێنن. لە درێژەی قسەدا وتوویەتی؛ ئەم زستانە لە ئەستەنبووڵ لە گەڕەکی مەحموود پاشا لەگەڵ عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعیدی خنس ئاشناییم پەیدا کردووە. عەلی ڕەزا هەر کە منی بینی، یەکسەر هات و دەستی ماچ کردم. دوو ڕۆژ دوای ئەوەش هات بۆ ماڵەکەم، شەوێك لەوێ مایەوەو بەیانی ڕۆی. تا ئەوکاتەش شێخ سەعیدم نەدەناسی، عەلی ڕەزا جاری یەکەم کاتێ هاتبوو بۆ ماڵەکەم، نافیز هەولێریشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. بەڵام جاری دووەم نافیزی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو. هەندێك کەسی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، پرسیاری ئەوەی لێ کردم کە بۆچی نەچوومەتەوە بۆ

ڕۆژهەڵات. لە وەڵامدا پێم گوت: دەچم بۆ ماڵی خواو هەر لەوێ لە مەدینەی مونەووەرە عیبادەت دەکەم.

سەرۆکی مەحکەمە: لایەنگری کۆمارن؟

– سەیید عەبدولقادر: بەڵێ لایەنگری کۆمارم. بەڵام لایەنگری کۆماری ئیسلامیم نەك هی دیکە. پێویستە ئەرکی سەرۆك کۆماری بە شێوەی هەتاهەتایی (تا ئەوکاتەی دەژی) بدرێتە سەرکۆمار. بەگوێرەی شەریعەت پێویستە وەهابێ.

لەدوای ئەمە مەزهەر موفید بەگ شیعرێکی کوردیی بۆ خوێندەوە، ئەمانەی تێدا بوون: ((هێرش بکەنە سەر تورکەکان کە دوژمنتانن، هێرش بەرن بۆ سەر دوژمنەکانتان، ڕاوەستن ئەی شێرەکان، موشریکەکان بوونەتە مەبعووس))و دواتریش وتی: ئەمە شیعری تۆیە یان نا؟

عەبدولقادر: بەڵێ، هی منە.

عەلی صائیب بەگ: ئێوە لەکوێوە سەییدن، شەجەرەکەتان چۆنە؟

عەبدولقادر: من لە نەوەکانی عەبدولقادری گەیلانیم. عەبدولقادری گەیلانی بە ڕەگەز کورد نییە، بەڵام لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بووە.

عەلی صائیب بەگ: لە دەفتەری "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی"دا لە ڕیزی چوارەمدا ناوی کەسێکی ئەندامی جەمعییەتەکە بەناوی کەماخلی صائیب نووسراوە، ئایا ئەم کەسە هەمان صائیب بەگی نوێنەری ئەزرنجانە؟[176] صائیب بەگ کوردە؟ شێخ سەفوەت ئەفەندیی نوێنەری ئورفە کوردە، یان نا؟ ئیلیاس سامی ئەفەندی هەمان ئیلیاسی سامی ئەفەندیی نوێنەری مووشە، یان نا؟

عەبدولقادر: بەڵێ ئەوانن.

---

[176] لە دێرەکانی تردا بە کەماحلی سابیت باسی ئەم کەسە دەکرێ و م. نووری دێرسمیش هەر بە کەماحلی سابیت ناویی هێناوە.

عەلی صائیب بەگ: خوالێخۆشبو عوسمان پاشازادە خەلیل فەخری بەگی سیوەرەکلی کێیە؟[177]

عەبدولقادر: خەلیل فەخری بەگ ئێستا نوێنەری سیوەرەکە.

دوای ئەمە شیعرێکی کوردیی دیکەی سەید عەبدولقادریان خوێندەوە. عەبدولقادر لەمەدا هەندێك قسەی پڕوپووچی وەك "گاورە ئیزمیریەکە" نەجائەتی بۆتە نازری عەدلییەو ... . عەبدولقادر وتی کاتێ ئەمانەی نووسیوە، لەسەر خۆی نەبوەو بەهەڵچوونەوە نووسیونی.

لوتفی موفید بەگ نوێنەری قیرشەهرو ئەندامی مەحکەمە وتی: لەکاتی پێناسی جەمعییەتدا لە خوارەوە ڕەنگی سەوز هەیەو لە ناوەڕاستیشدا خۆرێکی زەرد، ئایا ئەمە ئالأیە؟ عەبدولقادریش بە تووڕەییەوە وتی: ((وا دیارە دەبێتە ئالأی کورد.)) ئیدی لەدوای ئەوەش کۆتایی بە دانیشتنەکە هات. لە دانیشتنی دووەمدا کۆڕ سەعید کەوتە بەر لێپرسینەوە.

لە دانیشتنی دووەمدا عەبدولقادر دانی بەوەدا نا کە شوکری محەمەدو بەدرخانی ئەمین عالیو سەعیدی کوردی پێکەوە چوونەتە باڵوێزخانەکانو داوای خودموختاریی کوردستانیان کردووە، بەڵام ئەوەشی وت کە ئەوان نوێنەری نەتەوەی کورد نەبوونو مافی وەکالەتیان نەبوە.

کوڕ سەعید لە ئیفادەکەی خۆیدا وتی: ساڵی 29 یا (1913–1914) پێشنیاری ئۆتۆنۆم بوونی کوردستانی کردووەو دوای ئەوە دوور خراوەتەوە بۆ تایفو دواتریش لە ڕێکخراوەکانی "دیموکرات، حوڕییەتو ئیئتیلاف، ئیلاهی وەتەن، موسالەمەت ئیتیفاقی، تەعالیی کورد، ئیرتیقای کورد، هێڤیی کورد،

---

[177] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مالمیسانژ، د. عەبدوڵڵا جەوددەتو نەتەوەخوازیی کوردی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، بڵاوکراوەکانی ژینا نوو، ئۆپسالا، 1986، 118–119.

کوردســتان، کـورد نەشـری مــەعاریف جەمعییــەتی"دا کـاری کـردووەو هــەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوی (کورد تەشریکی مەساعیی کومیتەسی)ی داوە.

دواتریش دانی بەمانەدا نا؛

– ئاڵا سەوزەکەی سەر کارتی پێناسی جەمعییەتی تـەعالیی کورد، بە واتـای خودموختاری کوردەو جەمعییەتەکە بۆ خودموختـاری هـەوڵی داوە. کەسانی وەك سـەیید عەبـدولقادر، ئەحمـەد ڕامیـز، د. عەبـدوڵڵا جـەودەت، ئەنـدامی جەمعییەتی کوردیش بوون. مەبەستم لـە یادداشتکردنی نـاوی وەهیـب پاشا لە دەفتەرەکەمدا ئەمەیە؛ بە نیاز بووین بە هاوکاریی وەهیب پاشا نامەیەك بۆ فیرقـەی حوڕییـەت و ئیئتـیلاف بنووسـین و ئامـادەییی تێدا پیشان بـدەین بـۆ دژایەتیکردنی جەمعییەتی ئیتیحادو تـەرەقی، ئەو دەیویـست ببێتـە ئەندامی جەمعییەتەکـە، نـاوی کەسـانی لـە وێنـەی شـێخ ئەسـعەدی هـەولێری، مـەلا عیـسمەت، شـەریف یـەحیا و عـەدنانم پێشنیار کـرد بـۆ ئـەوەی وەحیـدەددین بیانکاتە (شێخول ئیسلام).

کاتێ هاتمە ئەنادۆڵ، گومانی سیخوڕییان لێ کردم و دەستگیریان کـردم و مـاوەی 35 ڕۆژ لـە زینـدان مامـەوە. کاتـێ گەڕامـەوە، لەبـەر نیگـەرانیی خـۆم نامەیەکم بۆ سەدری ئەعزەم نووسی، ((من بکـەن بـە موتەسـەڕیفی جانیك، بـە پێنجسەد کەسەوە هێرش دەکەمە سەر قووای میللییە)).

عـەلی صـائیب بـەگ: بۆچـی لـە لیستەکەی خۆتانـدا نـاوی کـازم قەرەبـەکر پاشاو عەلی ئیحسان پاشاتان نووسیوە؟

کۆر سەعید: ئەم لیستانە لەکاتی دامەزراندنی (جەمعییەتی ئیلاهـی وەتـەن)دا لەلایەن پاسەوانەکانەوە برابوون.

پـێم وانییـە نـاوی ئەوانـە بـە ڕاسپاردەی کەسـێك نووسـرابێ، بـۆ ئـەوەی بدرێتە پادشا.

عەلى صائیب بەگ: ئێوە داواتان کردبوو لێپرسراوێتیی قونسوڵخانەتان بدەنێ، زمانی بیانی دەزانن؟

کۆر سەعید: بەڵێ داوام کردبوو، زمانی بیانی نازانم، بەڵام وەرگێڕ هەبوو.

(پێکەنین دەستی پێکرد)

عەلى صائیب: لە ڕووداوەکانی عیلمی ڕەمل تێدەگەن؟[178]

کۆر سەعید: بەڵێ تێدەگەم. دەتوانم نوشتە بنووسم، بیخوێنمەوەو فوو بکەم.

عەلى صائیب: لە گۆڤاری "کوردستان"دا کەسێك بەناوی عیزەت مەلیح بابەتێکی نووسیوە، پەسنی سەیید عەبدولقادری تێدا داوە، کێ نووسیویە؟ [م؛ لێرەدا باسی بابەتێك کراوە کە لە ژمارەی سێیەمی گۆڤاری "کوردستان"دا کە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، بڵاو بووەتەوە]

– نازانم.

– کازم وەهبی ئەرغەنیلی کێیە کە لە ڕۆژنامەی "ژین"دا شیعری نووسیوە؟ ئایا هەمان کازم وەهبی ئەرغەنیلیی نوێنەری ئەرغەنییە؟

– نازانم.

لوتفی موفید بەگ: کێ گۆڤاری "کوردستان"ی دەردەکرد ؟

کۆر سەعید: پارێزەر میهری ئەفەندی دەری دەکرد[179].

– مۆرێك لەسەر کارتی پێناسی گۆڤاری "کوردستان"ەکەتان هەیە، جەمعییەتی کوردستانی لەسەر نووسراوە، ئایا ئەمە وا ناگەیەنێ کە گۆڤارەکە ئۆرگانێکی شاراوەی جەمعییەتەکە بووە؟

---

[178] جۆرێك لە خوێندنەوەی فاڵە لەسەر زیخ و لم.

[179] لێرەدا مەبەست "محەمەد میهری هیلاڵ"ـە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. عەبدوڵلا جەوەدەت و جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، ل70–73.

– تاوانبار وەڵامی نەدایەوە.

– سەعید ئەفەندی: ئێوە نەڕۆیشتوونەتە جەمعییەتی دکتۆرەکان. هەروەها سەردانی (تورك ئۆجاغی)شتان نەکردووە [و؛ تورك ئۆجاغی ڕێکخراوێکی تایبەتی نەژاد پەرەستە تورکەکانە]. لەسەر کارتەکەشتان نووسیوتانە: لە بنەماڵەی قاجارەکانن کە ئێستا دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوەیە. ئێوە ئاگاتان لەوە هەیە کە بنەماڵەی قاجارەکان بە ڕەگەز تورکنو بنەماڵەیەکی کۆنی تورکن؟ بۆچی نەچوونەتە ناو تورك ئۆجاغی؟

– تاوانبار دووبارە وەڵامی نەدایەوە.

دواتر تاوانبار باسی وردەکاریەکانی دیدارەکەی خۆی کرد لەگەڵ میستەر "تەمپالین"ی بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی بریتانیاو ئەوەشی وت کە پێکەوە ڕێککەوتننامەیان مۆر کردووە.

دادوەر باسی ئەوەی کرد کە پۆلیس هەنگاو بە هەنگاو بەدوای تاوانبارانەوە بووەو ئاگای لە خیانەتەکانیان هەبوە. دوای ئەوەش دانیشتنەکە بۆ ڕۆژی یەکشەممە دواخرا.

[مالمیسانژ؛ وەك پێشتریش وتمان، ئەو میستەر تەمپالینەی کە لەسەرەوە باسی کرا، لە ڕاستیدا کەسێکی ئینگلیز نەبوەو فەرمانبەرێکی شارەوانی بووە، پۆلیسی تورکیا بۆ خستنە داوی کوردەکان ئەرکی پێداوە.]

### لە جەمعییەتی کورددا چ کەسانێك لایەنگری ئۆتۆنۆمی بوونو چ کەسانێك داوای سەربەخۆیی‌یان دەکرد

مەحکەمەی ئیستیقلال لە سالۆنی سینەماکەی دیاربەکر ئەمڕۆ دووبارە دەستی بە موحاکەمەکردنەوەی سەیید عەبدولقادرو هاوڕێکانی کرد. شوێنی گوێگرەکان پڕبووبوو، جێگەی کەس نەدەبوەوە.

سەرۆك لەپێشدا سەیید محەمەدی کوڕی سەیید عەبدولقادری خستە بەر لێپرسینەوە. محەمەد وتی: لەم ڕۆژانەی دواییدا عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید، سۆفی محەمەدی نەقشبەندی، نافیزی سەرۆکی عەشیرەتی خۆشناو هاتنە ماڵمان. کلووبی کوردستان تەیر (پەلەوەر)ی عەنقایە. تەنیا نیزامنامەیەکی هەڵنەبژێردراو و مۆرێکی هەڵکەندراوی هەبوو.

لە سوعادییە، دراوسێیەکی بیانیمان هەبوو بەناوی "میستەر تاکەر"ەوە، لە سەردەمی شەڕدا ئەفسەری ئینگلیزەکان بوو. ڕۆژی 12ی نیسان بۆ کڕینی ماتۆڕێك چوومە ماڵیان. لە کلووبی کورددا بەدرخانی ئەمین عالی، خەلیل ڕەحمی، کامەران (بەردخان)و مەولانزادە ڕفعەت[180] و کەمال فەوزی لایەنگری سەربەخۆیی بوون، باوکم "سەیید عەبدولقادر"و سەیید شەفیق داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد.

ئەو شفرانەمان بەکار نەهێناوە کە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتەکانی شەرقدا دروستمان کردبوون. عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید لە 12ی کانوونی یەکەمدا هاتە ماڵی ئێمەو شەو لەوێ مایەوە. کاتبی عموومی (نووسەری گشتی) زەینەلعابدین ئاڵا سەوزەکەی سەر کارتی پێناسی جەمعییەتی دروست کردووە[181]. ئاڵای عوسمانی کوژایەوە. ئاڵای کوردستانیشمان لەباتی ئەو دروست کرد، بۆ ئەوەی وەك خۆر بدرەوشێتەوە. ئەمە بەختێکی گەورەیەو خێری تێدایە.

---

[180] ئەندامێکی مەرکەزی گشتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بوو.

[181] بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە، زەینەلعابدین کە مەکتەبی حقووقی خوێندووە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە (بڕوانە: عەبدولعەزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو، ل68). بە ئەسڵ خەڵکی ڕەواندوز بووە، بەڵام بە ئەدەنەیی زەینەلعابدین دەناسرێ. نووسەری گشتیی فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلاف بووە (بڕوانە: ئیلهامی سوسیال، 150 کەسەکە، ل149).

**عەلی صائیب بەگ: بە ڕای ئێوە کۆر سەعید بۆچی گەڕایەوە؟**

**محەمـەد: بـۆ ڕاسـپاردنی نوێنـەرەکانی ... بـاوکم دەیگـوت لـە جەژنـدا نوێنەرەکان دێن، سەبارەت بە کۆر سەعید ڕایاندەسپێرین.**

**عەلی صائیب بەگ: لەنێو ناوی ئەو ئەندامانەی کلووبەکەدا کە لە دەفتەردا نووسراون، کێ لایەنگری سەربەخۆیی و کێ لایەنگری خودموختاری بوو؟**

**لەسەر ئەم پرسیارەی عەلی صائیب یەکێك لە تەنیشتی محەمەدەوە وەڵامی دایەوە:**

**– شاکر (ڕاستەکەی شوکرییە) محەمەد سەربەخۆییخواز بوو. ساڵح سەرۆك بوو، لە سیاسەت حاڵی نەدەبوو، لەگەڵ ئێمەدا بوو. جان بەگ زادە سولەیمان نووری چۆنە؟[182]**

**– نایەتە بیرم.**

**– عوسمان پاشا زادە خەلیل فەخری بەگ لایەنگری چییە؟**

**– نایناسم.**

**– مولکیزادە [دروستەکەی یامولکی زادەیە؛ مالمیسانژ] عەزیز بەگ کێیە؟**

**– نایناسم.**

**– مەولانزادە دەناسرێ، سەدرەدین، موتەسەڕیفی پێشووی ئوسکودار کێیە؟**

**– نایناسم.**

---

[182] وا دیارە ئەو فەرماندە سەربازییەی کە ناوی سولەیمان نوورییەو لە ژمارەی پێنجەمی گۆڤاری "کوردستان"دا سوپاسی کراوە، هەمان جان بەگ زادە سولەیمان نوورییە. سوپاسنامەکە بەمجۆرەیە:

((ئەو یارمەتیەی کە سولەیمان نووری ئەفەندیی یەکێك لە سەرۆك خێڵەکانی ئیزۆلی لە مەلاتیەوە بۆ گۆڤارەکەمانی ناردووە، شایستەی پلەو ناوەکەی خۆیەتی و هاوئاهەنگە لەگەڵ شەرەفی ڕەگەزو هەستیارێتیی نەژادیانەی خۆیداو لەبەر ئەوەش (لەلایەن خۆمانەوە) بەئاشکرا سوپاسی دەکەین))– کوردستان

– ئەحمەد حەمدی پاشا کێیە؟

– دەیگوت کوردم، هەڕای کرد. وەزیری بەرگریی پێشوو "حەربیە نازری" بووە.

– جەمیل پاشازادە ئەکرەم بەگ ئەندامی شەریعەی دیاربەکر چۆن بیر دەکاتەوە؟

– نازانم.

– ئیلیاس سامی بەگ کێیە؟

– نوێنەری مووشە. نازانم بۆچوونی ئەویش چۆنە. پێشتر سەری لە کلووب دەدا، بەڵام دواتر نەدەهات.

– شێخ سەفوەت ئەفەندی کێیە؟ کاری چییە؟

– نازانم.

– کەسی ژمارەی چوار لە لیستی دامەزرێنەکانی جەمعییەت کەماخلی سابیت ئەفەندییە، ئەو لایەنگری چییە؟[183]

– نازانم، نایناسم.

– ناوی سێیەم بەدیعوززەمانە، ئەو چۆن بیردەکاتەوە؟

– کەسێکی دیندارە، زانایە، هەر لەبەر ئەوەش لایەنگری سەربەخۆیی نییە.

– پارێزەر سۆفی محەمەد کێیە؟

– پێموایە خەڵکی ئەرزڕۆم بێ. سۆفی عەبدوڕەحیمە کە ئەویش بۆ خۆی یەکێك لە خەلیفەکانی نەقشبەندیی باپیرمە.

– عەبدوڕەحیم کێیە؟

– خەڵکی ڕەواندوزە؟

– برای شێخ سەعیدە؟

---

[183] سەیری یادداشتی ژمارە 196 بکەن.

– نازانم. کەسێکی باڵا بەرزی لاوازە. هەمیشە لە حاڵدایەو هۆشی بەدنیاوە نییە.

– سۆفی محەمەد کەی هات؟

– پێموابێ سێ مانگ بەر لە ئێستا.

محەمەد وتی:

نافیز یەکێك لە سەرۆك خێڵەکانی خۆشناوە بۆ دەرمان و تیمارکردن هاتوەتە ئەستەنبووڵ و لە ماڵی سەیید میوان بووەو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، سەری لە باڵوێزخانەی ئینگلیزەکان داوەو لە ڕێگای کاواس ئیحسانەوە وەڵامی داواکاریەکەی هاتووەتەوە بۆ ماڵی سەیید عەبدولقادرو ماوەیەك لە قووای میللییەی ڕەواندزدا کاری کردووە.

[لەبەر ئەوەی درێژەی نووسراوەکە لەمەبەدوا لە بەشی تایبەت بە "کەمال فەوزی"دا باس کراوە، بە پێویستم نەزانی دووبارە دای‌بنێمەوە-مالمیسانژە]

### دواین زانیاری دەربارەی موحاکەمەکردنەکە

خۆجە عەسکەری هاتە دادگاوە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە گەیشتوونەتە شارەکەمان، موحاکەمەکردنەکە بەمجۆرە بەردەوام بووە:

"کەمال" فەوزی وتی:ك ئەو نامەیە هی من نییە.

سەرۆك: بەڵام ئیمزای ئێوەیەو حکوومەتیش ئەوەی پشت ڕاست کردوەتەوە.

دادگا لەسەر ئەوەی کە سەعدی لە ڕێکەوتننامەکانیدا لەگەڵ بیانیەکاندا نوێنەری دەسەڵاتداری سەیید عەبدولقادر بووەو بەر لەوەی حکوومەت ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات، پێویست بوو سەیید عەبدولقادر بچێتە ئەو ناوچەیە، کۆنووسی وەردەگرت. هەروەها باسی ئەوەشی تۆمار دەکرد کە

سەیید عەبدولقادر کاریگەرییەکی زۆری لەو ناوچانەدا هەبوەو کاتی خۆی کە باوکی سەفەری ئێرانی کردووە، زیاتر لە سەد هەزار کەس هێزی کۆکردوەتەوە. لەبەر ئەوەش جەمعییەت بە پێویستی زانیوە عەبدولقادر بە نیو ملیۆن لیرەی ئینگلیزو بڕێك چەك‌و تەقەمەنییەوە بچێ بۆ ناوچەکە. بۆ ئەوەی بەلەمێك ئامادە بکرێ بۆ بردنی سەیید عەبدولقادرو فەرمانی ئەوەشیان لەڕێی نافیز بەگەوە ناردووە کە لەوێ میوان بووە. تەئکیدیش کراوە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر قالێك بە قوویە بقۆمێ، 133 لقی جەمعییەت ئامادەی کارو چالاکی بن.

سەعدی وتی بەهەڵەدا چووەو دانی بەوەشدا نا کە هەموو بەیاننامەکانی لە پالۆ و شوێنەکانی دیکە بە هاوکاریی خۆجە عەسکەری چاپ کردووە. ئیدی پەردەی نهێنیەکانی ڕێکخراوەکە دڕاوە.

داواکار داوای ئەوەی کرد کە حاجی عەسکەریش دادگایی بکرێ. هەیئەتی مەحکەمە، دوای تاووتوێکردنی مەسەلەکە، بڕیاری دا حاجی عەسکەریش دادگایی بکرێ‌و دانیشتنەکەی بۆ کاتێکی دیکە دواخست.

**پاشکۆی** (3)

**ئـەو نووسـراوەی کـە لێـرەدا بـڵاوی دەکەینـەوە، بابـەتێکی "ناشیت هەقی"یە کە 9ی مایسی 1925 لە ڕۆژنامەی "وەقت" بڵاوی کردوەتەوە.**

## زمانی ماردین تورکییە یا عەرەبی؟

**پێشتر ئـەوەم نووسـیبوو کـە لـە پـشوەکانی جەژنـدا هاتوچـۆی مـاردین دەکـەین. مـاردین دوو دیمـەنی جیـاوازی هەیـە؛ یـەکیان کاتێـك لـە دەشـتەوە سـەیری مـاردین دەکـەی، ئـەوی دیکەشـیان کاتێـك لـە ماردینـەوە دەڕوانیتـە دەشت. لە هەردوو دیمەنەکەشدا ئەوە بەرچاو دەکەویٚ کـە تـورك شارسـتانیی لـەو شـارەدا دروسـت کـردووەو تایبەتمەندیـەکانی ئـەوەش بـەزەقی بەرچـاو دەکەون ...**

**... ماردین شارێکی کۆنە. بەگوێرەی قسەو باسـی ئەفسانەیی و بێمایـە، ئەو شارە 25 سەدە، یانی 2500 ساڵ، بەر لە ئێستا دروست کـراوە. بـەپێی ئەو قسەو باسانە کـچی نازانم چ پادشایەکی ئێرانـی نـەخۆش بووەو لەبـەر باشـبوونی ئاووهەواکـەی هێناویانـە بـۆ ئێـرەو لێـرە چـاك بووەتـەوە. نـاوی کـچەکە مـاردین بـووەو لەوەبـەدواش بـەم شـوێنەیان وتـووە مـاردین. یـاخود بـەپێی قسەیەکی تـر، دەڵـێن نـاوی ئـەم شـارە لـە "ماردینۆس"ی فەرمانـدەی سەربازیی یۆنانەکانەوە وەرگیراوە ...**

**... مــاردین بــە مێــژوو و خــاك و داروبــەردی خۆیــەوەو بــە ژیــان و شارستانێتیی خۆیشیەوە، شارێکی تورکە: ماردینیەکان سەرەڕای ئەوەی وا هەندێك تایبەتمەندیی نـەژادییان هەیـە کە نیشانی دەدات هـەر لـە سـەرەتاوە**

تـورك بـوون، ئێـستا كـڕین‌و فرۆشـتن‌و دەمەتـەقێ‌و قـسەكانی خۆیـان بـە زمانێكی عەرەبیی دروستكراو ئەنجام دەدەن. ئەم بارودۆخە نالـەبارو خراپـە لەكاتێكـدا كـە بـاوەڕی نەتـەوەخوازی‌و نیـشتمانپەروەری لـەم سـەدەیەدا باڵادەستە، لە وڵاتێكی وەك توركیادا كە دوای ئەو هـەموو هێرشـەی كراوەتـە سـەری، توركایـەتیی خـۆی لەسـەر پێـی هێـشتووەتەوەو ئـازاری زۆری چێشتووە، واز لـەوە بێنـە كـە بـە سـنگێكی فراوانـەوە پێـشوازیی لێ بكـرێ، بەڵكوو بە تاوان‌و جینایەت لەقەڵەم دەدرێ.

لەوە دەچێ خەڵكی ئێرە لەبەر ئاسانكاری بۆ ئیشی بازرگانی‌و كڕین‌و فرۆشتنی خۆیان لەگەڵ بازرگانە عەرەبەكاندا كە لە چیاكانی عەبدولعەزیزەوە شتومەكەكانی خۆیـان دێننـە ئێـرە، فێـری عـەرەبی بـوون، بـەڵام بـەكارهێنانی ئەم زمانـە بەشـێوەیەكی فـراوان لـە بـازاڕو كـۆڵان‌و دوكـان‌و قسەی ڕۆژانـەداو بەراوردكردنی لەگەڵ زمانی شیرینی توركدا مرۆڤ تووڕە دەكات.

ماردینییەك دەڵێ:

((لا تەقارش)) واتای ئەمـە ((خۆتی تێوەرمـەدە)) یـان ((تـۆ كـارت نـەبێ))یـە، چـاوگە توركیـەكانیان هێنـاوەو "لا"یـەكیان لێ زیـاد كـردووەو فرمـانێكی سەیریان پێك هێناوەو بەوجۆرەش زمانی جوانی توركی لە زمانی ئەمانـەدا تێك دراوەو خراپ بووە.

لەڕاستیدا، عەرەبـەكانی ماردین تـا مـاوەی نیـو سـەدە بـەر لـە ئێـستاش هـەموویان بـە تـوركی قـسەیان كـردووە. ئـەم زمانـە دروسـتكراوەش لـەكاتی حكوومەتی عوسمانیەكاندا، كاتێك فەرمانبەرەكان لەم ناوچانەدا دوای كـاری خۆیان كەوتوون، پێش كەوتووەو زمانێكی بێبناغەیە.

پێویستە كۆمار هێزی خۆی دیاری بكات‌و لە ڕێگای یاسای توندەوە گوشار بخاتە سەر ئەو توركانـەی كـە سـەدان ساڵە لـە ئازەربایجان دابڕاون‌و

هاتوونەتە ئێرە، بۆ ئەوەی ئاگایی و هۆشیاریی نەتەوەیییان پێ فێر بکات. ئەمەش تا کاتێك بەردەوام بێ کە بناغەی گەورەترین شارەکەی سەر سنوورمان پتەو بێ و ببێتە سەنگەرێك بۆ دژایەتیکردنی خواست و ویستی خاینەکان. پێویستە زۆر بایەخ بدرێ بە بواری کەلتوور لە ماردین و دەبێ ئەو بایەخ پێدانەش بە زووترین کات ئاشکرا بکرێ.

... یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیە جیاوازەکانی ماردین، ئەوەیە کە خەڵك عەنتاری دەکەنە بەریان و بەوەوە دەچنە کۆڵان و دەچنە بەڕێوەبەرایەتیەکان. ئەمەش جۆرە جلوبەرگێکە کە ڕواڵەتی شاری ماردین وەك شارێکی عەرەب لێ دەکاو پێویستە پۆشینی ئەو جلە قەدەغە بکرێ و یاسای توندیش لەوبارەیەوە دەربکرێ.

ماردین سەرەڕای ...[184] کاری بەم ڕاپەڕینەی دوایییە نەبوەو ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. گومان لەوەدا نییە کە هەرچەند فاکتەری جۆراوجۆر ڕۆڵیان هەیە لەم بارەیەوە، بەڵام "تەوفیق هادی بەگ"ی والیی ماردین لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی تایبەتی هەبوەو نەیهێشتووە شتی وا ڕووبدات. بەکورتی، پێویستە بایەخ بدرێ بە ماردین و ڕێگا نەدرێ لەدەست بچێ.

**ناشیت هەقی**

---

[184] وشەیەك نەخوێندراوەتەوە.

## سەرچاوەکان:


Aegleton, William; 1946 Mehabad Kürt Cumhuriyeti, Türkçesi: M. Emin Bozarslan, Koral Yayınları, İstanbul, 1976

Anter, Musa; "Babasının Oğlu", 2000'e Doğru, no: 51 (10 Aralık 1989), s. 20

Anter, Musa; Hatıralarım, Doz Yayınları, İstanbul, 1990

Arvas, İbrahim; Tarihi Hakikatler, Ankara, 1964

Atatürk, Gazi M. Kemal; Söylev, Türkçeleştirerek basıma hazırlayan: Ord. Prof. Dr. Hıfzı Veldet Velidedeoğlu, c. 3

Bedîl, Se'id; Tarixçeyê Conbişhayê Milliyê Kord Ez Qernê Nuzdehom Ta Payanê Cengê Cîhanê Dovvom, Ez Êntêşarat û Teblîxatê Hizbe Demokratê Kordestanê Îran der Xarîc Ez Kêşver, 1363 [1984]

Beşikçi, İsmail; Bilim-Resmi İdeoloji Devlet-Demokrasi ve Kürt Sorunu, Alan Yayıncılık, İstanbul, 1990

Beşikçi, İsmail; Kürtlerin Mecburi İskanı, Komal Yayınları, İstanbul, 1976

Beşikçi, İsmail; Orgeneral Muğlalı Olayı Otuzüç Kurşun, Belge Yayınları, İstanbul, 1991

Beşikçi, İsmail; Tunceli Kanunu (1935) ve Dersim Jenosidi, Belge Yayınları, İstanbul, 1990

Beysanoğlu, Şevket; Bütün Cepheleriyle Diyarbakır, İstanbul, 1963

Bitlis 1973 İl Yıllığı, Ankara, 1973, s. 166

Büyükkaya, Necmettin; Kaleminden Sayfalar, APEC Tryck-Förlag Yayınları, Stockholm, 1992

Cemal, Behçet; Şeyh Sait İsyanı, Sel Yayınları, İstanbul, 1955

Cemil Paşa, Ekrem; Muhtasar Hayatım, Brüksel Kürt Enstitüsü Yayınları, Brüksel, 1989

Cıvaoğlu, Güneri; Sabah, 16 Mayıs 1989'dan aktaran: Burhan Bozgeyik "Kardeş Katli", Yeni Nesil, 21 Mayıs 1989.

Çalışlar, Aziz; Türk ve Dünya Edebiyatçıları, c. 1, Remzi Kitabevi, İstanbul, 1987

Çay, Prof. Dr. Abdülhaluk M. - Kalafat, Yaşar; Doğu ve Güneydoğu Anadolu'da Kuva-yı Milliye Hareketleri, Türk Kültürünü Araştırma Enstitüsü Yayınları, Ankara, 1990

Dersimi, Vet. Dr. M. Nuri; Hatıratım, Roja Nû Yayınları, Stockholm, 1986

Dersimi, Dr. Vet. M. Nuri; Kürdistan Tarihinde Dersim, Ani Matbaası, Halep, 1952

Develioğlu, Ferit; Osmanlıca-Türkçe Ansiklopedik Lûgat, Ankara, 1970

Edmonds, Cecil John; Kordha Torkha 'Erebha, Farsçaya çeviren: İbrahim Yunusî, Êntêşaratê Rûzbehan, Tahran, 1367 [1989]

Ehmed, Dr. Kemal Mezher; Çend Lapereyek Le Mêjûy Gelî Kurd,

Bağlar, 1965
Erdeha, Kâmil; Millî Mücadelede Vilâyetler ve Valiler, Remzi Kitabevi, İstanbul, 1975
Göldaş, İsmail; Kürdistan Teali Cemiyeti, Doz Yayınları, İstanbul, 1991
Gündoğan, Cemil; "1924 Beytüşşebap Ayaklanması ve Şeyh Sait Ayaklanmasına Etkileri", Rewşen, İstanbul, no: 7 (Ilon-Cotmeh 1992), s. 5-28
Gürsel, Dr. İbrahim Ethem; Kürtçülük Gerçeği, Ankara, 1977
Hanioğlu, Dr. M. Şükrü; Bir Siyasal Düşünür Olarak Doktor Abdullah Cevdet ve Dönemi, Üçdal Neşriyat, İstanbul, 1981
Hasratyan, Prof. M. A.-Dr. K. M. Ahmad, M. Cîwan-: 1925 Kürt Ayaklanması, Jina Nû Yayınevi, Uppsala, 1985
Hemîn, M. Ş.; "Mehkemey Menbaisi İstiqlal", Nîştîman (Blawkirawey birî Komeley J[iyanewey] K[urd]), Xezelwerî 1322 [1943], no: 2, s. 13
Hilmi, Refiq; Yaddaşt, c. 1 ve 2
Hizanîzade Kemal Fevzi, "Keder Sayfaları: Gözler Kör, Kulaklar Sağır mıdır?", Jîn, c. 3, no: 14
İsmail Reşid, "Kürtlerde Efkâr-ı Umûmiyye", Kurdistan (dergi), İstan-bul, no. 6 (2) Receb 1337/3 Nisan 1335 [1919], s. 58-60
Jîn, Kürdçe-Türkçe dergi, Arap harflerinden Latin harflerine çeviren ve dilini sadeleştiren: M. Emin Bozarslan, Deng Yayınevi, Uppsala, 1985-1988, c. 1-5, no. 1-25
Karabekir, Kazım; İstiklâl Harbimiz
Kemal Fevzi, Ordudan Bir Ses, Kader Matbaası, İstanbul, 1333 [1917]
Kemal Fevzi, Elem Çiçekleri, Necm-i İstikbâl Matbaası, İstanbul, 1335 [1919]
Koçgiri Halk Hareketi, Komal Basım-Yayım-Dağıtım, Ankara, 1975
Kurdo, C[emşîd]; "Ehmedê Xanê Üzerine", Armanc (dergi), Stockholm, no: 57 (Çirya Paşîn 1984)
Kutlay, Naci; İttihat Terakki ve Kürtler, genişletilmiş 3. basım, Beybûn Yayınları, Ankara, 1992
Küçük, Yalçın; Aydın Üzerine Tezler, c. 3, Tekin Yayınevi, Ankara, 1985
Malmîsanij, Yüzyılımızın Başlarında Kürt Milliyetçiliği ve Dr. Abdullah Cevdet, Jina Nû Yayınları, Uppsala, 1986
Malmîsanij, Said-i Nursi ve Kürt Sorunu, Doz Yayınları, İstanbul, 1991
Malmîsanij, "Seyid Abdülkadir'in Üç Şiiri", Kurdistan Press, Stockholm, no. 90 (18 Aralık 1991)
Malmîsanij ve Mahmûdê Lewendî; Li Kurdistana Bakur û li Tirkiyê Rojnamegeriya Kurdî (1908-1981), Jina Nû Yayınları, Uppsala, 1989
Memduh Selim Beg, "Hawar! İmdad!", Jîn (Kürdçe-Türkçe dergi), İstanbul, no: 19
M[emduh] S[elim], "Millî-İçtimaî Mebahis: İstanbul'da Kürd Amelesi", Jîn (Kürdçe-Türkçe dergi), İstanbul, no: 25, s. 1-3
Melis, Daniel; "1. Dünya Savaşı Sonrası Constantinople'da Kürt

Örgütlenmeleri Üzerine Bazı Belirlemeler", Studia Kurdica, Paris, yıl: 2, no: 1-3, s. 38-48

Mikaeli, Mela Xidiri Ehmedi Şaweysi; Diwani Nali. Lêkolînewe w lêkdaneweyî: Mela 'Ebdulkerimî Muderris, Fatih 'Ebdulkerim, Mihemedî Mela Kerim, İntişaratê Selahedînî Eyubî, Urmiye [Urmiye], 1364 [1986]

Minayi. 'Ewla; Mela Aware, 1358 [1979]

Mumcu, Uğur; Kürt-İslam Ayaklanması 1919-1925, Tekin Yayınevi, İstanbul, 1991

El-Neqşibendi, Ebdurrehman 'Elaeddin; "Xetîbun Erbe'în Fi Hayati'l-Merhûm ed-Doktor Muhemmed Nûri ed-Dersimi". Karwan, Hewlêr [Erbil], yıl: 4, no: 37 [1985]

Noel, E. W. C. (Noel'in bir raporunun Fransızca bir tekstinden)

Olson, Robert; The Emergence of Kurdish Nationalism and The Sheikh Said Rebellion. 1880-1925. University of Texas Press, Austin, 1989

Öke, Doç. Dr. M. Kemal; İngiliz Ajanı Binbaşı E. W. C. Noel'in "Kürdistan Misyonu" [1919], Boğaziçi Yayınları, İstanbul, 1989

Le Petit Robert-2, Dictionnaire universel des noms propres, Paris, 1984

Quataert, Donald; "Osmanlı İmparatorluğunda İşgücü Politikası ve Siyaset: Hamallar ve Babıali, 1826-1896". Çeviren: Ali Kartal, Tarih ve Toplum, İstanbul, no: 33 [Eylül 1986], s. 4247

Roja Nû. "Selihe", Beyrut, no: 41 (13 Adar 1944), s. 2

Sabis, General Ali İhsan; Birinci Dünya Harbi, c. 1. Nehir Yayınları. İstanbul. 1990

Sasuni, Garo; Kürt Ulusal Hareketleri ve Ermeni Kürt İlişkileri (15. yy'dan Günümüze), Türkçeye çevirenler: Bedros Zartaryan ve Memo Yetkin. Orfeus Yayınevi. Stockholm. 1986

Seccadî, 'Elaeddin; Şorişekanî Kurd û Kurd û Komarî Iraq. Çapxaney Me'arif, Bağdat, 1959

Sekban, Dr. Şükrü Mehmet; Kürt Sorunu. Menteş Basımevi, 1970

Sertel, Zekeriya; Hatırladıklarım, 2. basım, Gözlem Yayınları, İstanbul. 1977

Silêyî, Zuar; Dıza Kurdıstan, Sewr Basımevi. Beyrut (?), 1969

Sosyalizm ve Toplumsal Mücadeleler Ansiklopedisi, İletişim Yayınları, 1988. c. 6

Soysal, İlhami; Kurtuluş Savaşı'nda İşbirlikçiler, Gür Yayınları, İstanbul, 1985

"Suret-i İrade-i Aliye-i Hükümdar-i Kurdistan". Bangi Kurdistan, Silêmani [Süleymaniye], no: 10 (3 Ağustos 1922), s. 5

Şahiner, Necmeddin; Bilinmeyen Taraflarıyla Bediüzzaman Said Nursi, 8. baskı, Yeni Asya Yayınları. İstanbul, 1979

Toker, Metin; Şeyh Sait ve İsyanı. Akis Yayınları, Ankara. 1968

Tunaya, Tarık Zafer; Türkiye'de Siyasal Partiler, c. 1. Hürriyet Vakfı Yayınları, 1984

Tunaya, Tarık Zafer; Türkiye'de Siyasal Partiler, c. 2, Hürriyet Vakfı Yayınları, 1986

Tunçay, Mete; Türkiye Cumhuriyeti'nde Tek-Parti Yönetimi'nin Kurulması (1923-1931), Yurt Yayınları, Ankara, 1981

Türk Ansiklopedisi, Milli Eğitim Basımevi, Ankara, 1972, c. 25, 26, 28, 31, 33

Uluğ, Naşit Hakkı; Tunceli Medeniyete Açılıyor, İstanbul, 1939

Vakit gazetesi, İstanbul, Nisan-Haziran 1925 aylarında çıkmış olan değişik sayılar

Xal, Şêx Muhemmedi; Cizmî Sêhem Le Ferhengi Xal, Çapxaney Kamerani, Silêmani, 1974

Xebati Geli Kurd Le Yaddaştekani Ehmed Teqi da

Yakın Tarih Ansiklopedisi, Yeni Nesil Yayınları, İstanbul, 1989, c. 10


Yalman, Ahmed Emin; Yakın Tarihte Gördüklerim ve Geçirdiklerim, c. 3, Yenilik Basımevi, İstanbul, 1970

Yamulki, Abdülaziz; Kürdistan ve Kürt İhtilâlleri, Bağdat, 1947

Zeki, M. E.; Kürdistan Tarihi, Komal Yayınları, İstanbul, 1977



**کەمال فەوزی  بە کەلەپچەکانی مەچەکیەوە** (1925)



# ألم چیچکلری

استانبول — نجم استقبال مطبعه‌سی

۱۳۳۵

1919

**کتێبی (الم چیچکلری)**



ژین

No 36 — 2e année 21 Juin 1920

JINE


( La vie )

Journal hebdomadaire kurde

Adresse, Sublime porte—rue Eboussouda.

صلح مجلس عالیسی طرفندن تورکیه‌یه تبلیغ ایدیلن معاهدهٔ صلحیه‌نك کوردستانه متعلق موادی

یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەی "ژین"، ژمارە 36.



**لاپەڕەیەك لە كتێبی (الم چیچكلری) كە دەگوترێ دەستخەتی كەمال فەوزی خۆیەتی و لە دەستخەتخانەدا پارێزراوە**



کەمال فەوزی بە کەلەپچەکانی دەستیەوە کە پێش ئیعدامکردن، بەقسەی پارێزەر باقێ تووژۆ (حاجی ئاختی، محەمەد تەوفیق)، هاواری کردووە ((بژی بیروباوەڕی کورد، بژی کوردستان)).



مەمدووح سەلیم لەپشتی ئەم وێنەیەوە نووسیویە: ((لە 1917دا لە شاركی قەرەحیسار (شەبین قەرەحیسار) گیراوە. ئەفسەرانی ئیحتیات پاڵتۆلەبەری تەنیشتم كە نزیكترین هاواڵمە عوسمان موەفەق، خاڵی خوالێخۆشبووم عاسم بەگ لە ئەستەنبووڵ دیویە. بەتەنیشتیەوە ڕوشتوو قۆنیەیی، پاشان محەمەد ئەمینە. كێ دەزانێ ئێستا لەكوێن. براكەم، با ئەم وێنەیە وەك بیرەوەریی ژیانی سەربازیم بپارێزرێ. برای تۆ مەمدووح)).



**سەيید عەبدولقادری شەمزینی**
(1925)



**سەيید محەمەدی سەيید عەبدولقادری شەمزینی** (1925)




لەڕاستەوە: 1- شێخ سەعیدی پیران
2- ناشیت حەقی، پەیامنێری ڕۆژنامەی "وەقت"



**دەستەی مەحکەمەی ئیستیقلالی شەرق** (1925/5/12)



**یووسف زیا بەگ نوێنەری پێشووی بتلیس‌و**
**لە بەڕێوەبەرانی جەمعییەتی ئیستیقلالی کورد،**
**کە لە 1925دا ئیعدام کرا**



**لەچەپەوە: 1-مستەفا پاشا یامولکی 2-شێخ قادری بەرزنجی 3-عەبدولموحسین ئەلسەعدوون 4- ئەدمۆندز 5- گۆردن**